# زانیاری گشتی

# ئاژەڵان

بەشی یەکەم :- زانیاری دەربارەی ئاژەڵان

بەشی دووەم :- نەخۆشیەکانی ئاژەڵان

بەشی سێیەم :- زانیاری گشتی ئاژەڵان

ئامادە کردنی :- هەڵگورد حمد ڕەسوڵ

چاپی یەکەم..........2019

## پێشەکی

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان سەرەتا من وەکو خوێندکارێکی زانکۆ بۆیە بیرۆکەی ئەو کتێبەم بۆ هات لەبەر ئەوەی  زانکۆ کردنەوەی دەرگاکانە بەسەر خوێندکاراندا، ئێمە نابێت تەنیا چاوەڕێی دەستی مامۆستا بکەین، خوێندکار ئەبێ خۆی بە دوای زانیاریدا بگەڕێ و خۆی بنیات بنێ. بە پشت بەستن بەو بوارەی منیش تێیدا دەخوێنم، وام بیر کردەوە نوسینی کتێبێک کە زۆربەی ئەو زانیاریانەی تێدا بێت کە خوێندکارێک لەم بوارەدا پێویستیەتی. ئەم کتێبە بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بەش پێک دێت. بەشی یەکەم زانیاری دەربارەی ئاژەڵان. بەشی دووەم ناساندنی نەخۆشیەکان و چارەسەرەکانیان و هەندێ نەخۆشی کە لە ڕێگای ئاژەڵەوە مرۆڤ توشی دەبێت، بەشی سێیەمیش هەندێ زانیاری لە هەموو بوارێک دەربارەی ئاژەڵ لە خۆدەگرێت.وە زۆر سوپاسی ماڵەوەمان ئەکەم کە پاڵپشتیان کردمو هانیان دام  وە سوپاسی یاریدەدەری دکتۆری ڤێتەرنەری کاکە ساڤیۆ ئەکەم وە سوپاسی ئەو هاوڕێیانەش ئەکەم  (هاوژین , خالید , گلێنە  , هاوکار , حاجی)

ناوی کتێب : زانیاری گشتی ئاژەڵان

ئامادەکردنی:هەڵگورد حمد ڕەسوڵ

دیزاین : هەڵگورد حمدڕەسوڵ

نۆرەی چاپ :

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

# پێڕست


| بەشی یەکەم :- زانیاری دەربارەی ئاژەڵان | | |
|---|---|---|
| | ناوی بابەت | لاپەڕە |
| | پێشەکی | (7-1) |
| 1 | شانشینی ئاژەڵان | 9 |
| 2 | مەڕ | 12 |
| 3 | مانگا | 17 |
| 4 | بزن | 27 |
| 5 | ماسی | 36 |
| 6 | مریشك | 43 |
| 7 | کە لە شیر | 51 |
| 8 | قەل | 59 |
| 9 | قاز | 64 |
| 10 | مراوی | 68 |
| 11 | کەروێشک | 71 |
| 12 | کەو | 77 |
| 13 | هەڵۆ | 81 |
| 14 | کەو | 84 |
| 15 | کە ناری | 86 |
| 16 | کۆکتێل | 88 |
| 17 | هەوێردە | 91 |
| 18 | هەنگ | 93 |
| 19 | وشتر مر | 98 |
| 20 | ئەسپ | 100 |
| 21 | سەگ | 104 |
| 22 | پشیلە | 107 |
| 23 | بە راز | 109 |
| 24 | سمۆرە | 110 |
| 25 | ژوشک | 113 |
| 26 | شێر | 115 |
| 27 | گورگ | 119 |
| 28 | مار | 121 |
| 29 | دووپشک | 124 |
| 30 | فیل | 127 |
| 31 | زەڕافە | 130 |
| 32 | حوشتر | 133 |

## بەشی دووەم :- نەخۆشیەکانی ئاژەڵان


| | ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 33 | نەخۆشی | 136 |
| 34 | ناساندنی دەرمان و شێوەکانی | 141 |
| 35 | چۆنێتی نوسینی یان تێگەیشتن لە دەرمان | 143 |
| 36 | نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان | 146 |
| 37 | نەخۆشیە هاوبەشەکان | 147 |
| 38 | نەخۆشی نیوکاسڵ | 149 |
| 39 | نەخۆشی گەمبۆرۆ | 151 |
| 40 | نەخۆشی دانکە | 153 |
| 41 | نەخۆشی میرگ | 155 |
| 42 | دیاردەی ئاوسانی سەر لە باڵندە | 156 |
| 43 | نەخۆشی ڤایرۆسی جگەر ئەستوربون | 158 |
| 44 | کۆلیێرای مریشک | 160 |
| 45 | کیسی ئاوی جگەر | 162 |
| 46 | نەخۆشی کۆسیدیا | 164 |
| 47 | نەخۆشی ئێسکەنەرمە | 167 |
| 48 | سەرمابردن | 170 |
| 49 | نەخۆشی دانکە | 171 |
| 50 | هەڵوەرینی پەڕە لە باڵندەدا | 172 |
| 51 | پڕبون و تەقینی چیکلدانۆچکەی باڵندە | 174 |
| 52 | شەلەلی قەڵەز | 176 |
| 53 | نەخۆشی هێلکە گیربون | 178 |
| 54 | هێلکەی تویکڵ تەنک | 180 |
| 55 | جیقەی پێ (مێخەک) | 182 |
| 56 | نەخۆشی دیاردەی چەوربونی جگەرو گورچیلە | 184 |
| 57 | لێکترازانی ژێ | 186 |
| 58 | دەردە بزن | 188 |
| 59 | سکچونی ڤایرۆسی مانگا | 190 |

| | | |
|---|---|---|
| 60 | لیکی سەگ کاریگەری لەسەر مرۆڤ | 192 |
| 61 | تای سێ رۆژە | 193 |
| 62 | نەخۆشی دەردەگا | 199 |
| 63 | ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندە | 201 |
| 64 | نەخۆشی شێتی مانگا | 205 |
| 65 | نەخۆشی حمەی ماڵتا | 208 |
| 66 | دەردە پشیلە لە مرۆڤ | 211 |
| 67 | نەخۆشی rotavirus infection | 213 |
| 68 | نەخۆشی دەردە رێوی لە مرۆڤ | 216 |
| 69 | نەخۆشی ئیبۆلا لە مرۆڤ | 217 |
| 70 | نەخۆشی سەگە ناز | 219 |
| 71 | نەخۆشی تەبەق | 223 |
| 72 | نەخۆشی ثایلریا ئەنیۆلاتا | 225 |
| 73 | نەخۆشی شەکرە | 227 |
| 74 | نەخۆشی مافەتە | 230 |
| 75 | زەردووی و خوێن میزک | 233 |
| 76 | نەخۆشی کرمی جگەر | 238 |
| 77 | نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لەبارۆکەی گۆشتدا | 241 |
| 78 | ئەو نەخۆشیانەی ئاژەڵ توشی کوێر بون دەکەن | 244 |
| 79 | نەخۆشی گوان ئێشەی مانگا | 245 |
| 80 | نەخۆشی پزوو یاخود کرمی لووت | 248 |

| بەشی سێیەم :- زانیاری گشتی ئاژەڵان | | |
|---|---|---|
| | ناوی بابەت | لاپەڕە |
| 81 | کشتوکاڵ | 251 |
| 82 | مەرج و پێداویستیەکانی دانانی کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە | 253 |
| 83 | خۆراک | 261 |
| 84 | مەرجەکانی قوربانی کردن | 263 |
| 85 | بۆچی جوتیاران کون لە سکی مانگا دەکەن؟! | 265 |
| 86 | پەینی ئاژەڵی | 266 |
| 87 | توخمە کانزاییە خۆراکیەکان | 267 |
| 88 | پرۆتینProtein | 269 |
| 89 | ماسی بەستوو بە بەراورد بە ماسی تازە و ناسینەوەیان | 272 |
| 90 | دۆلی | 275 |
| 91 | چەند هەڵسوکەوتێکی سەیروسەمەرەی ئاژەڵان | 277 |
| 92 | زیرەکترین ئاژەڵەکانی سەر زەوی | 279 |
| 93 | زانیاری سەیری و سەمەرە دەربارەی ئاژەڵان | 281 |
| 94 | خێراترین ئاژەڵی ووشکانی | 284 |
| 95 | خێراترین ئاژەڵی ئاوی | 290 |
| 96 | خێراترین باڵندەی جیهان | 292 |
| 97 | تەمەنی ئاژەڵان بە شێوەیەکی گشتی | 294 |
| 98 | ماوەی سک پری | 295 |
| 99 | ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی ئاژەڵان | 296 |
| 100 | پرسیارو وەڵام: دەربارەی ئاژەڵان | 297 |
| 101 | پە پولەی گوشت چی یە | 299 |
| 102 | چۆن بزانین باڵندەکەمان تەندروستە؟ | 300 |
| 103 | تەندروستی بارۆکەی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەریدا | 301 |
| 104 | گەشەو پێکهاتەی هێلکە لەمێینەکانی باڵندە | 304 |
| 105 | مریشك هێلکەی خۆی دەخوات | 307 |
| 106 | هۆکارەکانی کارئەکەنە سەر ڕێژەی هەڵێنانی هێلکە | 308 |
| 107 | هەلهێنەری هێلکە | 311 |
| 108 | هێلکەی پیتێندراو | 312 |
| 109 | چۆنیەتی هەلگرتنی هێلکە بۆ دانانەوە لە هەڵهێنەر | 314 |
| 110 | سودەکانی بەخێوکردنی پەلەور لەناو  باخ | 315 |

| | | |
|---|---|---|
| 111 | جۆرو پێکهاتەی شیر  و سودەکانی شیر | 316 |
| 112 | لەلەشی بارۆکەVitamin | 320 |
| 113 | ڤیتامین_K | 324 |
| 114 | ڤیتامین D | 326 |
| 115 | ڤیتامین C | 327 |
| 116 | فیتامینD3 | 328 |
| 117 | ڤیتامین B1 | 329 |
| 118 | ڤیتامینB12 | 331 |
| 119 | ڤیتامین B7 | 332 |
| 120 | ڤیتامین  E | 333 |
| 121 | کۆلیسترۆڵ | 334 |
| 122 | خشتەی خۆراکــــی بۆ جوجک تا مریشک و کەڵەشێر | 336 |
| 123 | هەنگاوەکانی ئامادەکردنی مریشک پێش سەربڕین | 340 |
| 124 | پێداویستیەکانی بەخێوکردنی جوجکە و زوو گەشەکردنیان | 342 |
| 125 | هۆیەکانی مردنی جوجەڵە یاخود کۆرپەلە لە دوو قۆناغ دا | 344 |
| 126 | ڕێگاکانی دەست نیشانکردنی ئاوسی | 346 |
| 127 | سەرچاوەکان | 355 |

# بەشی یەکەم

# زانیاری دەربارەی ئاژەڵان

## شانشینی ئاژەڵان



پێک دێت لەو ئاژەڵانەی کە ئێستا زیندوون یاخود لەناوچوون , و دەکرێنە دوو گروپ ئاژەڵە بڕبڕەییەکان (واتا ئەو ئاژەڵانەی بڕبڕەی پشتیان هەیە ) و ئاژەڵە نا بڕبڕەییەکان (واتا ئەو ئاژەلانەی کە بڕبرەی پشتیان نییە).

ئاژەڵە بڕبڕەییەکان دەکرێنە چەند بەشێک لەوانە ئاژەڵە شیردەرەکان , ئاژەڵە خشۆکەکان , ووشکاوییەکان , ماسی , و باڵندەکان .

ئاژەڵە نا بڕبڕەییەکان دەکرێنە چەند بەشێک لەوانە ,ئیسفەنج , وحیدە الجوف , شوکی الجید (ژوژگی دەریا), کرمەکان , الرخویات .

### ئاژەڵە شیردەرەکان:

ئەو جۆرە ئاژەڵانەن کاتێک بێچوەکانیان دەبێت شیری پێدەدەن، ئاژەڵە شیردەرەکان لەجۆری ئاژەڵە خوێن گەرمەکانن، واتا پلەی گەرمی جەستەیان جێگیرە و ناگۆڕێت بە گۆڕانی پلەی گەرمی دەوروبەریان، جەستەیان بە موو داپۆشراوە و جۆرە غودەیەکیان هەیە کە عارەقە دەردەدات...

ئاژەڵە شیردەرەکان لەسەرجەم کیشوەرکان و زەریاکان بوونیان هەیە، ورچەکان لە جەمسەرەکان لەناوچە زۆر ساردەکان دەژین، ووشتر لەناوچە زۆر گەرمەکان دەژیت، مشکی ژێر زەوی (الخلد) لە ژێر زەوی دەژیت، و دەشفرێت، هەروەها دۆلفین لەناو زەریاکان دەژیت، ماوەی ژیانی ئاژەڵە شیردەرەکان لەنێوان ساڵێک تا 100 ساڵ دەبێت .

**ژمارەی هەندێک لە ئاژەڵان بەپێ پۆلێنەکانیان:**

خشۆکەکان 6000 جۆریان هەیە لە جیهاندا.

جاڵجاڵۆکەکان 73 هەزار جۆری هەیە لە جیهاندا.

ئەسپێ نزیکەی 3 هەزار جۆری هەیە.

شیردەرەکان 4600 جۆری هەیە لەسەر رووی زەوەی.

باڵندەکان 9 هەزار جۆریان هەیە.

**باڵندەکان:**

گیانداری بڕبڕەیین و خاوەن دوو قاچن و بەخوێن گەرمەکان ناسراون و لەرێگەی هێلکە دانانەوە زیاد دەکەن، باڵندەکان دەندوکێکی ڕەقیان هەیە و ئێسکیان ووشکە و بەپەڕ داپۆشراون و باڵیان هەیە بەمەبەستی فڕین یاخو جوولە کردن، جەستەییان بە پەڕ داپۆشراوە ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ پارێزگاری کردن لە پلەی گەرمی جەستەییان، باڵندەکان قەبارەیان جۆراوجۆرە وەک (تەنان) کە بچووکترینە و (نەعامە) گەورەترینیانە.

ئەو باڵندانەی توانای فڕینیان نییە، تەنها پێلوی خوارەوەی چاویان هەیە، بەڵام ئەو باڵندانەی توانای فڕینیان هەیە وەک کۆتر هەردوو پێلوی سەروو و خواروویان هەیە ئەمەش لەکاتی داخستنی چاوەکانیان سودی لێ دەبینن.

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی باڵندەکان:

• باڵندەکان هەستی بینین و بیستنیان زۆر بەهێزە، بەڵام هەستی تامکردنیان (چێژ) لاوازە، زۆرینەی باڵندەکان لە کاتی ڕۆژدا چالاکییەکانی ڕۆژانەیان ئەنجام دەدەن و هەندێکیان تەنها بەشەو کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و هەندێک تەنها لەکاتی خۆرهەڵاتن چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن و دواتر دەگەڕێنەوە هێلانەکانی خۆیان.

## زیندەوەری بچووک (الحشرات):

- قورسترین جۆری زیندەوەرەکان (حەشەرات) خاڵخالۆکەی گەورەیە ... چونکە کێشی دەگاتە 3.5 ئونسە ..
- زیندەوەرەکان (حەشەرات) زەبەلاح لە دێر زەمانەوە لەسەر زەوی ژیاون ..
- سیسرکە دەتوانێت بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ بەبێ سەری بژییت ...
- لە 40% زیندەوەرەکان (حەشەرات) لە فەسیلەی خاڵخالوکەن و زۆربەی خاڵخالوکەکان توانای فڕینیان هەیە .

# مەڕ

## Sheep

ناوی زانستی (Ovis aries)



لەوەتەی مرۆڤ هەیە ، مەڕیش هەیە مەڕ یان پەز ، ئاژەڵێکی گوا نداری ماڵیە ، مەڕیش وەك زۆربەی ئاژەڵەکانی تر لە ســـەرەتای پایز بە بەران دێت ،لە کۆتایی مانگی 2 (شوبات) دەزێ .

ئەو بێچووەی دەیبێ لە تەمەنی 1 رۆژی تا 6 مانگی پێی دەڵێن بەرخ .

ئەو خوریەشی کەپێی وەیە پێی دەڵێن لوا ، کە لەتەمەنی 6 مانگی لێی دەبڕێتەوە ، دوای ئەوە هیچی تر پێی ناڵێن بەرخ .

لە تەمەنی 6 مانگی تاکو یەك ساڵی ، پێی دەڵێن کاوڕ ، ئەگەر نێر بوو ، پێی دەڵێن کاوڕە نێر ، ئەگەر مێش بوو پێی دەڵێن کاوڕە مێ .

لەتەمەنی یەك ساڵی تا دوو ساڵی ئەگەر نێر بێت ،پێی دەڵێن (شەك) بەڵام ئەگەر مێ بێت پێی دەڵێن (بەردیل).

بەردیل ئەگەر لەپایزدا هاتە بەران دواتریش زا ، پێی دەڵێن (بەردیلەزا) ، ئەگەر نەشزا پێی دەڵێن (بەربوارد).

هەندێ جاریش کاوڕەمێ بە کاوڕی دێتە بەران و ، پێی دەڵێن (کاوڕەزا).

لەتەمەنی دوو ساڵی تا سێ ساڵی ئەگەر نێر بێت پێی دەڵێن (خرت) ، بەڵام ئەگەر مێ بێت ، پێی دەڵێن مەڕ ،لەدوای تەمەنی سێ ساڵی ، ئەگەر نێر بێت پێی دەگوترێ قەیرە ، دواتریش دەبێتە بەران و قەیرە ، بەزەحمەت لێك جیادەکرێنەوە ، تەنها شوانەکان و ، ئەوانەی ئیشیان بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتە لێکیان جیادەکەنەوە، مەر دوای تەمەنی سێ ساڵی چ نێر بێت یان مێ بەناوی تایبەتی خۆی بانگ دەکرێ ، وە مەڕ چەند بزێ بەوە دەژمێردرێ بۆ نموونە دەڵێن مەڕی یەک بەرخە زا و دووبەرخە زاو.

بەرانیش کەبووە قەیرە بەگوێرەی ساڵەکان حیسابی بۆ دەکرێ ، بۆنموونە دەڵێن بەرانی یەك قەیرە و دووقەیرە ، واتە ئەوەندە ساڵە بەسەرقەیراتیەکەی داڕۆیشتووە .

مەڕی کوردی کە **پێنج جۆری هەیە**، دوویان لەنێوچوون و سێیەکەی دیکەش مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

مەڕی ~~دزەیی~~ و مەڕی ~~هەرکی~~ لەناو چوون .

لە عێراقدا سێ جۆر مەڕی ناسراو هەن (عەواسی، عەرابی و کوردی ) کە یەکەمیان 60%ی مەڕی عێراق پێکدێنێ و لە ناوەڕاستی عێراق بەخێودەکرێت، دووەم و سێیەمیشیان هەریەکەیان 20%ی مەڕی عێراق پێکدێنن. مەڕی عەرابی لە خوارووی عێراق و مەڕی کوردیش زیاتر لە باشووری کوردستان بەخێودەکرێت.

بەپێی ئامارێك کە لە ساڵی 2011دا کراوە، 7 ملیۆن و 722 هەزار و 372 مەڕ لە عێراقدا هەبووە کە 20%یان مەڕی کوردی بوونە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر **د.یوسف بەرزنجی**، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "مەڕی کوردی کە لە عێراق ناوەکەی تەعریب

کراوە و بە کەڕڕادی ناودەبرێت، هەموویان بەیەك جۆر دانراون، بەڵام لە بنەڕەتدا 5 جۆرن (کوردی، جافی، حەمدانی، دزەیی و هەرکی) هەریەکەشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە".

**حەمدانی باشترینە**




مەڕی حەمدانی زیاتر لە ناوچە دەشتاییەکانی وەك دەشتی هەولێر و موسڵ بەخێودەکرێت.
مەڕی جافی لە سلێمانی و مەڕی کوردیش لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی و کوردستان و کەرکووك و مووسڵ بەخێودەکرێت.

د.یوسف دەڵێت "لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە، باشترین جۆری مەڕ لە کوردستان و عێراق مەڕی حەمدانییە، چونکە قەبارە و کێشی لە هەموو مەڕەکانی دیکە زیاترە، کێشی بەرخەکەی لە تەمەنی سێ مانگیدا دەگاتە 22 کیلۆ، لەتەمەنی شەش مانگی دەبێتە 40 کیلۆ و کە دەبێتە مەڕێکی پێگەیشتوو کێشەکەی دەبێتە 60-70 کیلۆ، نێرەکەشی (بەران) دەگاتە نزیکەی 90 کیلۆ. شیریشی لە هەموو مەڕەکانی دیکە زیاترە".

ئەو پرۆفیسۆرە کە 40 نموونەی DNAی مەڕی کوردی بۆ توێژینەوەکەی وەرگرتووە، باسی تایبەتمەندییەکی دیکەی حەمدانی دەکات و دەڵێت "تەنیا مەڕی حەمدانی خاوەن سیفەتی بۆماوەیی (بۆهێڵ)ی تایبەتە کە بەسروشتی 18%یان دووانەیان دەبێت". هەروەها دەڵێت "ئەم بۆهێڵەی لە مەڕی حەمدانیدا هەیە، لە مەڕی تورکی و ئێرانی و عێراقیدا نییە، بۆیە

ئەگەر پەرەی پێبدەین دەتوانین دەستکەوتێکی ئابووریی گرنگ بەدەست بهێنین، چونکە ئەمە جۆرە بازدانێکە تەنیا لە بۆهێڵی مەڕی حەمدانیی کوردیدا روویداوە".

لە جیهاندا 863 جۆر مەڕ هەن کە سەرجەمیان لەلایەن رێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی توێژینەوە تۆمارکراون، لەنێوشیاندا مەڕی کوردی هەیە، بەڵام بەیەك جۆر تۆمارکراوە و ناوەکەش بەکەرڕادی هاتووە.

حاجی قادر عوسمان، 70 ساڵ، ئاژەڵدارێکی گوندی سۆربەشی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، زیاتر لە 2000 مەڕی کوردیی هەیە. ئەو ئاژەڵدارە دەڵێت "مەڕی کوردی زیاتر لە مەڕی عەرەبی ئالیکی دەوێت و بەهۆی گرانیی نرخی ئالیك و تەلبەندکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە پاوان و لەوەڕگا کەم بووە، بۆیە خەڵك زۆر حەزی لە بەخێوکردنی مەڕی کوردی نییە".

**چەوری دوگی مەڕ**

سەرەتا خوای گەورە و پێغەمبەرمان ﷺ هەواڵیان پێدابیـن بە هەر شتێک هیچ گومان لەوەدا نیــە کە ڕاستە سودی هەیە بۆمان،بۆیە یەکێک لەو شتانەی ئاماژە دراوە لە فەرمایشتی پێغەمبەرمان ﷺ چەوری دوگی مەڕە،پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی(شفاء عرق النسا ألية شاة أعرابية تذاب ثم تجزأ ثلاثة أجزاء ثم تشرب على الريق كل يوم جزء)صحيح الجامع.

واتە:چارەسەرە بۆتان چەوری دوگی مەڕی دەشتەکی،دوای ئەوەی لە پیسی پاک کراوە بەکاربهێنرێت بە سێ جار بەکاربهێنرێت،پاشان بخورێتەوە هەموو ڕۆژێک بەشێکی.

بۆیە چارەسەری نەخۆشی ئازاری جومگەکان چەوریەی مەڕ کە هەیەتی کە دەکەوێتە دواوەی مەڕەکە پێی دەوترێت (دوگ) کە چەوریەکی تیایە بۆ نەخۆشی و ئازار چارەسەرە یان بۆ

فەقەڕاتی پشت و ئازاری ڕان و نەخۆشی کۆڵێن و ئینزیلاق..هتد،وە زانای پایەدارمان ابن القیم الجوزی رحمه الله دەڵێت(مەبەست لەو مەڕەیە کەوا لە دەشت دەلەوەڕێت و گژوگیا دەخوات نەوەک ئەو مەڕە بگرێتەوە کە ناچێتە دەشتەوە)وە مەرج نیە زۆر بچووک بێت یان گەورە بێت بەڵکو مەڕێکی پێگەیشتوو مامناوەند بێت،وە شێخ الباني رحمه الله فەرموویەتی مەڕەکە ڕەش بێت و زۆر گەورە و بچووکیش نەبێت واتە مامناوەند بێت،وە ئەو مەڕەش دەگرێتەوە کە لە ناوچە گەرمەکان بژیەت و گژوگیای ناوچە گەرمەکان بخوات،چوونکە جۆرە گژوگیایەکی لێ یە لێرە نیە،بۆیە مەڕەکە مەڕی عەرەبی بێت باشترە،وە گەر دەستیش نەکەوت هەر جۆرێکی تر بێت سودی خۆی دەبێت،وە لەڕووی زانستی سەردەمەوەش سەلمێنراوە کە سودی هەیە،وەکو دکتۆر جویل کریمر مامۆستای زانکۆی ڕۆماتیزم لە نیۆرک لەساڵی 1998 کتێبێکی دەرکرد بەناوی(الدهون الطبية والإلتهابات)سەلماندوویەتی ڕۆن و چەوری مەڕ سودی زۆری هەیە،وە چەندان کرێم و نڤیاش لەم چەوریە دروست دەکرێن .

## مانگا

## Cow

ناوی زانستی (bos Taurus)



ئاژەڵێکی گوانداری شیردەرە , 6000 ساڵ پێش زاینی لە لایەن مرۆڤەوە ماڵی کراوە .

قەبارەی : بەرزیەکەی دەگاتە 140 سم .

کێش : دەوری 650 کیلۆگرام بۆ چێڵ .

دەوری 1000 کیلۆگرام بۆ گا .

خۆراک : گژوگیا و کاو ئالیک و تۆ و دەنکۆلەکان .

شوێن : هەموو جیهان .

مێیەکان پێیان دەگۆترێت چێڵ .

نێرەکان پێیان دەوترێت گا.

بێچووەکان پێیان دەوترێت گۆڵک .

چێڵی شیری ڕۆژانە بەیانی و ئێواران شیر دەدات لەڕێگای گوانەکانی.

چێڵی شیری واتا ئەگەر تایبەت بێت بە شیر ڕۆژانە زیاتر لە (20) لتر شیر دەدات.

**باشترین مانگا شیردەرەکانی جیهان:**

1ـ فریزی  یان فریزانی هۆڵندی   جۆرە مانگایەکی گەورەیە لە بنەچەدا, ڕەچەڵەکی هی باکوری خۆرئاوای ئەڵمانیایە بە گشتی ناوی ناوچەی فریزلاندی هۆڵنداوە ناوی بە دنیا ڕۆشتوە  ئەم مانگایە ڕۆژی 30 کیلۆ شیری چەور دەدات ناودەبرێت بە مانگای فریزی  و مانگای هۆڵندی

ڕەگەزی مانگا بەهۆی گۆشت و شیرەکەیەوە جیا دەکرێتەوە.

لەلای خۆمان پێی دەڵێن مانگای ئەلبان.

ڕەنگی ڕەش و سپیە و هەندێجار سورو سپیشی هەیە لە کەش و هەوای مامناوەند دەژی بەرگەی سەرما زیاتر دەگرێت لەگەرمای زۆر بەرگە ناگرێت لەهەموو جۆرەکانی تر  زیاتر بڵاو بۆتەوە بەدنیادا قەبارەی گەورەیەو کێشی لەنێوان 600 بۆ 800کگم دایە گای فریزیان کێشی 800بۆ 1000کگم.

مانگایەکی هێمن و لەسەرخۆیە و بەباشترین مانگای شیر دادەنرێت ئەگەر لەوەڕگای دەشت هەبێت توانای لەوەڕانی هەیە لەدەرەوە بەرهەمی شیری 5500 لیترە لەوەرزێکی شیردانداا وەهەندێ جار تا12000لیتر دەڕوات لە یەک وەرزی شیردانداا

کە یەک وەرزی شیر واتە 305 ڕۆژ.

ڕێژەی چەوری شیرەکەی لەنێوان 5.3%بۆ 8.3% وە ڕەنگی شیرەکەی سپیە چونکە کارۆتین دەگۆڕێت بۆ ڤیتامین A لەتەمەنی 18بۆ 24مانگی یەکەمجار کەڵدەدرێت وە لەنێوان 13بۆ15  مانگ جارێک دەزێت.

ئەم مانگایە لە کوردستان بەخێودەکرێت بەڵام فریزیانی ئەسڵی نیەو لێکدراوە لەگەڵ مانگای تر بەجۆرێک بتوانێت لە کوردستان هەڵبکات بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت فریزیانی

ئەسڵی لە کوردستان بەخێو بکات پێویستە کەشو هەوایەکی فێنکی بۆ بڕەخسێنێت لەهاویندا بەڵام بۆسەرما کێشەی نیە لەهەمووی گرنگتر ئەگەر ناتوانی عەلەفی سەوزی بەزستان و هاوین بۆ دابین بکەی بیرلەوە مەکەوە بەکای وشک و عەلەف بەخێوی بکەیت چونکە مانگای شیر واتە عەلەفی سەوز بەتایبەت (وێنجەو سیلاج )چونکە لەدنیادا ( کـــا ) نادرێت بەمانگای شیردەر تەنها لەکوردستان بەداخەوە لەپڕۆژەکانی مانگای شیریش کا دەدەن بەمانگا .



| | نێر | مێ |
|---|---|---|
| | گا | مانگا / چێر ـ چێل ـ چێڵ |
| بەچکەی تازەزاو | گوێلک / گوێرەکە ، چێڵەك، چیپۆك | |
| یەك ساڵان | گوێر( بەمانگایرک دەگووترێت پێش دۆشینی بۆ ئەوەی شیرەکەی بەباشی ڕۆبدات) | |
| دووساڵان | گوێلپار / پارگوێر، پارێن، | |
| سێ ساڵان | جوانەگا / بەرجووت، جونەگا، جەل | نوێنگوون / بەرکەڵ |
| چوارساڵان | چەفتەکەڵ ـ چەوتەکەڵ، | |

**ئەو بەرهەمانەی لە مانگا وە دروست دەکرێن بە پێی بەشە جیاوازەکانی لەشی:**

**پاشەڕۆکەی**
**Manure**

پەین

نایترۆجین

فۆسفۆر

**چەورییەکەی Fat**

بنێشت
مۆم
خاوێنکەرەوە
کوتاڵ نەرمکەرەوە
بۆن بڕ
کرێمی ڕیشتاشین
بۆن
جوانکاری
کرێم
مەرهەم
بۆیە
چەورکەر
پلاستیک
ماددەی دژەتەڕبوون
سواغ
سیرامیک
تەباشیر
تەقەمەنی
یاری ئاگرین
شقارتە

**ئەندامەکانی ناوەوەی Internal Organ**

ئامێرە ژێدارەکان

ژێی ڕەکتەی تێنس

هۆرمۆن

ئەنزیم

ڤیتامین

**شیرەکەی**
**Milk**

ماددەی لکێنەر

پلاستیک

بابەتی جوانکاری

**خوێنەکەی**
**Blood**

هێلکەی دەستکرد

تێکەڵە بۆ کێک

بۆیەو حبر

ماددەی لکێنەر

کانزاکان

دەرمانی پزیشکی

لێکۆڵینەوەی تاقیگە

**مێشکی Brain**

کرێمی دژەپیربوون

دەرمانی پزیشکی

**پێستەکەی**
**Skin**

جەلاتین

تامپێدەر

بەستنی دیوار

ماددەی لکێنەر

دەرمانی پزیشکی

قەمسەڵە

چەرمی سەیارە

شیرینی و جەلی

**سمەکەی و شاخەکەی**
**Hooves/ Horn**

ماددەی لکێنەر

پلاستیک

خواردنی ئاژەڵی ماڵی

خواردنی ڕووەک

شریتی کامێرا

شامپۆ

کۆندیشنەر

جیاکەرەوە

Ankole watusi




Braford




Brangus



Braunvieh




Brown swiss




Brahman



Beefmaster




Piedomontese




Gelbvieh



Charolais cattle




Chainina




Romagnola



Red poll




Zulu




Salers



## بزن

## Goat

ناوی زانستی (capra aegagrus hircus)



بزن ئەچێتە سەر هۆزی ئاژەڵە مەمکدارەکان بەشی ئاژەڵە سم هەڵقلیشاوەکان بەشی ئاژەڵە کاوێژکەرەکان گەدەی لەچواربەش پێک هاتوە ئەچێتەسەر خێزانی مانگا.

پێگەیاندنی سێکسی (باڵغ بون) لەنێوان (8--9)مانگیە.

خولی بەتەڵەب هاتنی لەنێوان 17--21 ڕۆژە .

ماوەی ئاوسی 151 ڕۆژە واتە لەساڵێکدا ئەتوانێ دووجار بزێت واتە نزیکەی ماوەی ئاوسی پێنج مانگە.

* لەکوردەواری خۆمان بە بە بەچکەی تازە زاوی کار یان کاریلەی پێ دەگوترێ ، کاتێک لە شیر دەبڕدرێتەوە گیسک و کاتێک دوو بەهار تێپەڕدەکات بەمێیەکەی دەڵێن چوێشتیر ئەوجا بەرپارڕ ، پاشان کە بەتەواوی پێگەیشت پێی دەڵێن بزن، بە نێرەکەشی دەگوترێ کور، ئینجا گرێ ،پاشان کە بەتەواوی پێگەیشت پێی دەڵێن قەیرە ،

جیاکاریەکانی پەروەردەکردنی بزن لە ئاژەڵەکانی تر:

1-بزن توانایەکی زۆری هەیە بۆ زاوزێ بەمەش جیائەکریتەوە کە بەزۆری دوانەیی ئەبێ.

2-بزن گونجاوە بۆ کەش و هەوای جیاواز شێدار نیمچە شێدار گەرم یان ناوچە شاخاویەکان نیمچە بیابانەکان کە توانای بزن نیشان ئەیات .

3-بزن بەمەناسراوە بەرگریەکی زۆر بەهێزی هەیە دژی نەخۆشیەکان .

4-بزن بەوە ناسراوە کە بەرهەمی شیری زۆر زۆرە وە بەرهەمی هەمە جۆریشی هەیە وەک شیر پێست فەروو گۆشت بەچکەو زۆربون.

5-پەروەردەکردنی بزن جیاکارە بەوەی بە کەمترین تێچوون باشترین بەرهەم بەدەست دێت.

**مەبەستەکانی پەروەردەکردنی بزن:**

1-شیر 2-گۆشت 3-پێست 4-موو یان فەروو

بەرهەمی لاوەکیشی وەکو پەینی ئۆرگانی کە بەسودە بۆ خاک بەخێرایی شی ئەبێتەوە.

بزن یەکێکە لە ئاژەڵەماڵیەکان ، لەدێرین زەمانەوە مرۆڤ بەخێوی کردوە و سودی لێ بینیوە لەشیرو گۆشت و موو و پێستە و شاخ و ڕیخۆڵە و پەینەکەی ، توانای گوزەرانی هەیە لە کەشو هەوای زۆر نالەباردا ،ئەمەش وای کردوە کە لەجیهاندا بەئاسانی بڵاو بێتەوە.

**جۆرەکانی بزنی شیر :**

**بزنی ئاڵپ** کەلەشاخەکانی ئاڵپی فەرنسا دەژی جۆرێکە لەبزنی خۆماڵی شیر ،کە گوێی بچوک و بێ شاخە ، قۆچ(کۆڵە) توکی زۆر کەم و کورتە و لەشی سافە ،دەمو قەپۆسی کەمێ

قوپاوە و چاڵە،کێشی بزنی پێگەیشتو نزیکەی 57 کیلۆ دەبێ ،شیرەکەی بۆ خواردن و پەنیرو سابون بەستەنی بەکار دەبرێ.

**بزنی ئەنجلۆنۆبیان:** بزنێکی وڵاتی بەریتانیایە ولە تێکەڵ کردنی بزنی ئینگلیزی و بزنی باکوری ئەفریقای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست،گوێیان گەورەیە ،ئیستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاون ،لەئەمریکا پێان دەڵین بزنی نۆبی،بەرهەمی شیریان زۆرە، قەبارەیان گەورەیە نزیکەی 60 کگم دەبن.

**بزنی ڕەشی ئەنادۆل:** بۆ شیرەکەی و هەروەها موەکەی سودی لێ وەردەگیرێ،

**جۆرەکانی بزنی گۆشت:**

ئەم جۆرانە بۆ مەبەستی سود وەرگرتن لە گۆشتەکەیان بەخێو دەکرێن،وەک بزنی شامی،بزنی ڕەشی بەنگالی،بزنی ئیسپانی،بزنی سۆماڵ. هەروەها سود لە موەکەیان وشیرەکەشیان وەردەگیرێ.

**جۆرەکانی بزنی موو:**

بزن دو جۆر موی هەیە : موی زبر:موی زبر لە دروستکردنی ڕەشماڵ و گوریس و بەن بەکار دەبرێ لەکوردستان.

موی نەرم :کە پێ دوترێ مەرەز .

**یەکەم: بزنی مەرەزی کوردی Kurdish mohair goat**:بزنی مەرەز لە ناوچە کوێستانیەکانی کوردستانی گەورە بەخێوەدەکرێ، یان لەشاخەکانی زاگرۆس دەژی ،دەکرێ بوترێ زێدی ئەسڵی بزنی مەرەز، واتە کوردستان زێدی بزنی مەرەزە، مویەکی نەرمی هەیە.هەروەها شیرەکەشی زۆرە، لەئیستادا بزنی مەرز بەهۆی تێکەلاوی لەگەڵ نەژادەکانی تردا خەریکە بونی لە مەترسیدایە .مەرەز (موهیر) لەدروست کردنی ڕانک وچۆغە،،کڵاو

دەسکێش وکلێتە ،گۆرەوی، پوزەوانە،شاڵ و سەرشان و زۆر پۆشاکی تردا بەکار هاتوە لەکوردستان .خوری مەرەز بەهۆی مەحکەمی ،تێکە نەچونی ڕەنگ،زۆر زەحمەت ئەسوتێ،درەنگ تێک دەچێ،ناسکو نەرمە ، زوو ئاو هەڵ ئەمژێ و درەنگ وشک دەبێتەوە،کێشی سوکە...،هتد بەهۆکاری ئەمانەوە سەرنجی بەکار هێنەرانی راکێشاوە .درێژی تاڵی موی (تیسک) مەرەزی کوردی نزیکەی 14-18 سم درێژە،هەروەها تیرەکەی نزیکەی 25مایکرۆمەترە،هەتا تالە موی مەرەز باریکترو درێژ تر بێت، پەسەند ترە .

ڕەنگەکانی مەرەز( سورقاوەی، خورمایی،ڕەش،شینکی ،پوشی،سپی،،)هەروەها چەندین ڕەنگی تریش دەکرێ دەسمان بکەوێ لەتێکەڵ کردنی هەمو ڕەنگەکان، مەرەز پاش هەورێن یان برینگە ( پاچینەوە) ی لە وەرزی نەمانی سەرمادا واتە بەهاران لەکۆتایی مانگی نیسان تاکو کۆتایی مانگی مایس دەکرێ واتە لەساڵێکدا یەکجار بزنێک 2-5 کگم مەرەز بەرهەم دەهێنێت لەیەک وەرزدا ، ڕەنگی بزنی مەرزی کوردی زۆربەی سوری خورماییە، قاوەیی، هەروەها ڕەنگەکانی تریشی هەیە سپی و ڕەش و شینکی و هتد....تائیستا بەخێوکردنی بزنی مەرەز هەر بەشێوە کۆنەکەی جارانی باو باپیرانمانە، هەندێ خاوەن ئاژەڵ تەنیا بزنی مەرزی هەیە ،بزە گەل،یان چەن دانەیەک بزنی مەرەزو بزنی ڕەشۆکی هەیە لەگەڵ رانە مەرەکەیدا دەروات، بزنی مەرەز سەرەڕای موەکەی شیرێکی زۆریش بەرهەم دێنێ بۆیە گرنگی پێدراوە لەهەورامان بۆ بەخێوکردنی واتە سود لەشیرەکەی و مەرەزەکەی بینراوە، بزن ئاژەلێکی زۆر گورج و گۆلە ،ئازایە زیرەکە هەردەم لەپێش رانەوە دەڕوات، هەرچی لەوەڕی باشو پاک و ناسک هەیە دەیخوات بۆ خۆی،هەروەها زۆر جار سەرگولی گیاو درەتەکان بۆ خۆی دەبات،بەتایبەت گەڵای دار بەڕوو کە خواردنی سەرەکی بزنی مەرەزە لەکوردستان و هەورامان،بەتەڕی و بە وشکراوەیی،لەچاو مەڕدا کەمتر نەخۆش دەکەوێ،گوشت و شیرەکەی لەلای خەڵکی کوردستان جێگەی تایبەتی هەیە و لەدوای مەڕ پەسەندی هەموانە،شیرەکەی زۆر بەئاسانی هەرس دەکرێ بۆ هەموان گەنج و ساوا و پیر بەکەڵکە.

**دووەم:بزنی ئەنگۆرا** Angora goat : دەگەڕێیتەوە بۆ تورکیا ،ئەنکارا، چەند هەوڵێک دراوە کە بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا ،بەڵام سەری نەگرتوە،بەڵام گواستنەوە و بەخێوکردنی لەئەمریکا سەرکەوتوو بوو کە ئیستا زۆر گەشەی سەندوە و چونکە ژینگەو لەوەری باشی هەیە،

**سێیەم: بزنی نیگۆرا nygora goat** :لە بزنی ئەنگۆرا و بزنی قەزەمی نایجیری بۆ مەبەستی موەکەی و شیر لێکدراوە crosse breeding ،قەبارەیان بچوکە،لەسالی 1989 بەدواوە ئەم بزنە لەدایک بوە و بە ئەسڵ ئەمریکی هەژمار دەکرێ.

**چوارەم :بزنی پیگۆرا** pygora goat :بە لێکدانی نێوان بزنی پیگمی لە کامیرۆن ڕۆژئاوای ئەفریکا لەگەڵ بزنی ئەنگۆرای تورکی، لەئەمریکا کراوە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانی مووی بزنەکە .

**پێنجەم: بزنی کەشمیر ( cashmere goat)** :یان بزنی پەشمین ،وەچەیکی تایبەتە لەبزن کە بۆ بەرهەم هێنانی مەرەز ( خوری کەشمیر) بەخێوەدەکرێ لە شاخەکانی هیمالایا دەژی ئیستا لە وڵاتی ئوستراڵیا و چین هەیە ، ڕێک لەبزنی مەرەزی کوردستان دەچێ شێوە و قەبارەی بچوکە هەروەها سود لەشیرەکەشی دەبینرێ، بە موەکەی دەگوترێ خوری کەشمیر،تایبەت مەندی ئەم بزنە لەوەدایە کە بەزستانان ژێر بەرگێکی موی تازە دەرئەچێ بۆ خۆپاراستن لەو سەرمایە ،واتە دوو توێژ مووی هەیە ،،گەورەکان لەروی دەروەیەو لەژێر ئەوانیشەوە چینێکی نوێ لەمویی نەرمو جوان دەرئەجی ئەمە وای لێکردوە کە زۆر بەهادار بێت بۆ بەرهەم هێنانی خوری کەشمیرلەوڵاتی چین لە سالی 1994 دا بەمەزندەی 123 ملیۆن سەر بزنی کەشمیر هەبوە ،بەرهەمهێنەرێکی گەوەرەی خوری کەشمیر بوە .بۆ یەکەمجار بزنی کەشمیر لەلایەن کەسایەتی فارسی عەلی هەمەدانی دۆزرایەوە لە شاخەکانی کەشمیر لەکاتێکدا کە موی بزنەکەی بۆ دروست کردنی شاڵی سەرشان و

گۆرەوی و مل پێچ بەکار هێناو بەدیاری بردی بۆ پاشای کەشمیر و داوی لێکرد کە لەم بزنانە بەخێوە بکەن تاکو سود لە خوریەکەی ببینن .بزنی کەشمیر چەند وەچەیەکی هەیە کە ئەمانەن :

1- بزنی کەشمیری سپی ئالا شان زوکی Alashanzuoqi white cashmere goat: لە ناوچەی ئالاشان لە خۆرئاوای بانی مەنگۆلیا یە،جۆرێکی نەرم و سپی و تیسک درێژ لە مەرەزی سپی بەرهەم دێنێت،بزنی مێنگە 251 گرام موو بەرهەم دەهێنێ ،تیرەی هەر تالە مویەکی 15 مایکرۆمەترە .

2-بزنی کەشمیری ئوسترالی Australian cashmere goat:لەئوستراليا بەخێوە دەکرێ و گرنگی زانستی پێدراوە لەبۆ بەرهەم هێنانی خوری کەشمیر،250 گرام بەرهەم دێنێ کە پانتایی تیرەکەی 15 مایکرۆمەترە .

3- بزنی پەشمینە pashmina یان Changthangi cashmere goat:بزنی جانگ سانگی کەشمیر کە لەدو ناوچەی وڵاتی کەشمیر هەیە ڕەنگی سپی و ڕەشی هەیە،تیسکی درێژە. بۆ بەرهەمهێنانی مەرەز و گۆشت و هەروەها بۆ گوستنەوە بار بەکار دێت،

4- بزنی هیکسی کەشمیر : Hexiلە دەشتو پێ دەشتەکاندا دەژی،زۆر بەیان ڕەنگیان سپیە، 184 گرام بەرهەمی مەرزی هەیە تیرەکە 15مایکرۆمەترە .

5- بزنی کەشمیری ناوخۆیی مەنگۆلی : Inner Mongolia cashmere goatبزنی ناوخۆیی مەنگۆلیایە لە دەشت و پێدەشتەکان دەلەوەری، بۆ مەبەستی خوریەکەی و گۆشت بەکار دەێت،ئەم بزنانە چەند جۆرێکیان هەیە و تیسکی مەرەزەکەیان زۆر درێژە، 240 گرام بەرهەم دێنێ تیرەکەی 15 مایکرۆمەترە ،لەسالی 1994 دا سەرژمێری کراون ژمارەیان دەگاتە 2.3 ملیۆن سەر بزن.

6-بزنی کەشمیری لیۆنینگ Liaoning cashmere goat:جۆرێکی نایابە لەبزنی کەشمیر لەوڵاتی چین هەیە ،قەبارەی گەورەیە و لەگەڵ ئاوهەوای نالەبار هەڵدەکات،بەرهەمی زۆرە 326گرام خوری ،تیرەکەی 15 مایکرۆمەترە .

7- بزنی لیچینگ داکینگ Licheng Daqing goat:لەوڵاتی چین دەژی و بۆ هەردو مەبەستی مووەکەی و شیرەکەی بەخێوە دەکرێ ،ڕەنگ خورمایی قاوەییە،بڕی 115 گرام مەرەز بەرهەم دێنێ ،تیرەکەی 14 مایکرۆمەترە .

8-بزنی ڕەشی لولیانگ Luliang black goat: لەناوچەی لاولینگ هەیە و مەرزی ڕەشە .

9- بزنی مەرەزی تیبتی : Tibetan Plateau goat نزیکەی حەوت ملیۆن سەر دەبن لە زۆر شووێنەکانی چین بڵاو بونەتەوە ،هەروەها لەنیپاڵ و هیندستان دا هەن .

10-بزنی وژو موکین  Wuzhumuqin:جۆرێکە لەبزنی خۆماڵی مەنگۆلی لەم دوایەدا ناسروە لەساڵی 1994 وە .

11- بزنی ژۆنگوی کەشمیر  Zhongwei cashmere goats لە پێ دەشتەکانی ولاتی چین دەژی لەپاریزگای ژونگۆی .سەرەرای سودەکانی بزن کەباسمان کردن لەسەروە بۆ گۆشت و شیرو مەرەزەکەی یان مووەکەی،هەروەها سودیش لەپێستەکەی بینراوە لەدێر زەمانەوە بۆ دروستکردنی کونەی ئاو و هیزەی ڕۆن لەکوردستان،هەروەها بۆ دروست کردنی جەندین بابەتی تر وەک پێلاو ،،جونکە پێستی سابرین زۆر ئەستورە،هەروەها شاخی بزن لەدروست کردنی دەسکی چەقۆ و خەنجەرو ،شتی جوانکاری بەکار هاتوە، لەم دوایەشدا سود لە ریخۆڵەو ئێسقان و خوێن و پەینەکەشی دەکرێ.

بزنی سانین:



جۆرێکە لە بزن لەبنەڕەتدا لە وڵاتی سویسرا هەبووە ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا هەیە و جۆری ئەڵمانی بە باشترین هەژمار ئەکرێت لەبەر بەرهەمی زۆری شیری....

ڕەنگی سپی یە و مووی کورتە و گوێی بەرەو سەرەوەیە و بێ شاخە یان شاخێکی بجووکی هەیە گوانێکی گەورەی هەیە....

کێشی کارەکانی 3 بۆ 3،5 کگم دەبێت

کێشی بزنەکانی 50 کگم و نێری نزیکەی 70 کگم دەبێت ڕێژەی جمگ تێدا 180 بۆ 250..%

بەرهەمی شیری 1000 بۆ 1250 کگم لەیەک موسمدا کە 250 ڕۆژە و ڕێژەی چەوری لە شیرەکەیدا 3،5%....

لە کەش و هەوای گەرمدا ناژی و هەستیارە بۆ تیشکی هەتاو..

## شیری بزن بدرێت بە منداڵی ساوا؟

شیری دایک باشترین سەرچاوەی مادە خۆراکیەکانە بۆ منداڵەکەت کە پێویستە بەلایەنی کەمەوە لە شەش مانگی یەکەمدا منداڵ شیری دایک وەربگرێت بڕی تەواوی هەموو ئەو مادە خۆراکیانەی تێدایە کە پێویستە بۆ گەشەی منداڵ و گەورە بوونی ، هەرچەندە ئەگەر دایک نەتوانێت شیر بدات بە منداڵەکەی لە شەش مانگی یەکەمدا،ئەوا شیری بزن شوێنگرەوەیەکی گونجاوە چونکە هەموو ئەو مادە خۆراکییانەی تێدایە کە لە شیری دایکدا هەیە، جۆری شیری بزن کە ڕێخۆلەی منداڵ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەرسی بکات، دەوڵەمەندە بە گشت فیتامینەکان ، کانزاکانی تێدایە ، بڕی تەواوی پێکهاتە سەرەکیەکانی ترشە چەوریە ناتێرەکانی (DHA & AA) ی لەگەڵ هەموو پرۆ بایۆتیکەکانی لە خۆ گرتووە ، ئەم سێ پێکهاتەیە یەکێکن لە هەرە مادە گرنگاکانی کە لە شیری دایکدا هەیە لەهەمان کاتتدا لە شیری بزن دا هەیە کە پێویستن بۆ گەشەی دەماری و بەرزبونەوەی ئاستی زیرەکی منداڵ.هەروها مادەی هەرسکەری (OPO) ی تێدایە کە پێویستە بۆ هەرسکردنی چەوری ناو شیرەکە،شیری بزن دڵنیات دەکاتەوە کە بەرخۆلەکەت هەموو ئەو پێکهاتە و مادە خۆراکیانە وەردەگرێت کە پێویستە بۆ گەشەکردن و درێژ بونی باڵا ،ڕێژەی کالیسیۆم لە شیری بزندا زیاترە لە ڕێژەی کالیسیۆم لە شیری مانگادا بۆیە بۆ ئەو کەسانە بەسودە کە کێشەی ئێسقانیان هەیە ،هەروەها دەوڵەمەندە بەسۆدیۆم و پۆتاسیۆم و 12B، پەرداخێک شیری بزن 35% کالیسیۆمی تێدایە، شیری بزن ڕێژەیەکی باش ڤیتامین ئاسن و سلینیۆمی تێدایە بۆ پاراستنی کۆئەندامی بەرگری بەسودە، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی جومگەکان بەسودە.هەروەها ئەو منالانەی هەستیاری یان هەیە بەرامبەر شیری مانگا و پرۆتینی شیری مانگا شیری بزن بەکار بێنن چونکە ئاسان هەرس دەبێت زۆر سود بەخش و تەندروستە.

## ماسی

## Fis



ماسی لە بڕبڕە دارە ئاویەکانە دوو شەویلاگی هەیە هەناسە وەرئەگرێ بەتەنها لەرێگەی ڕیشوەدارەکان یان بەکەوانە ڕیشە دارەکان و سی ، پەیکەری ناوەوەی پێک هاتوە لە کرکڕاگەیی ئەمانیش ئەچنە سەر چینی ماسیە کرکڕاگەییەکان هەندێکیشان ئەچنە سەر چینی ماسیە ئێسکدارەکان کە پەیکەری لەشیان لە ئێسک پێک هاتوە.

لەشیان زۆر پەرەسەندنی بەخۆوە بینیوە لەشێوە جیا جیاکانی ماسی ئەبینرێت کە زیاتر لە بیست هەزار جۆری ماسی هەیە ئەمەش تابتوانێ بگونجێ لەگەڵ شوێنی ژیانیان زیاتر گۆرانیان بەسەردێت .

چاوی ماسی لە قوڵایی ئاو بەدریژایی 30 مەتر ئەبینێ بۆ دۆزینەوەی خۆراک و گیا ..

### چینی ماسیە کرکڕاگەدارەکان:

ماسیە کرکڕاگەدارەکان لەناو دەریادا ئەژین 800 جۆریان هەیە بەناوبانگترین جۆری کە خوازیاری زۆرە ئەمیش (درنە ماسی قۆبەع).

زۆرینەی ماسیە کرکڕاگەدارەکان درندەن نیچیرەوانن شەویلاگی بەهێزیان هەیە یارمەتیان ئەدەن بۆ قوت دان .

## چینی ماسیە ئێسکدارەکان:

ماسیە ئێسکدارەکان لە ژینگە ئاویە جیاوازەکاندا ئەژین لەئاوی ئاسز و ناساز و نیمچە ساز ئەم ئێسکدارانە قەبارەیان بچوکترە بە بەراورد بە کرکراگەدارەکان بەڵام جۆری زۆرتریان هەیە.

## تایبەتمەندیەکانی ماسی ئێسکدارەکان:

1-پەیکەری ناوەوەیان ئێسکیە لە ماسی پێگەیشتودا.

2-لەشیان بۆ سێ ناوچە دابەش بوە سەر قەد کلک.

3-لەشیان بە پەڕی ئێسکاوی داپۆشراوە ناسراوە بە توێکڵ.

4-بەزۆری دەمییان لاییە ددانی تیداییە.

5-کەوانە ڕیش دارەکان داپۆشراون بە قتپاغێکی ڕیش داری.

6-تورەگەی هەوایان هەیە بەکاری دێنن بۆ هەڵمژینی هەوا .

7-پەرەکانی ناوەندی قەدیان دوانەیین تیشکە پەڕیشیان پێوەیە.

8-جۆری ئێسکدارەکان لەخوێن ساردەکانن واتە پلەی گەرمی لەشیان جێگیر نیە .

**پێستی ماسی لەڕوی شێوە و پێکهاتەیی چۆنە؟؟**

پێستی ماسی بەپولەکە داپۆشراوە بەمەش پارێزگاری لەخۆی ئەکات لە دوژمنەکانی.

ماسی پەڕەکەی هەیە لەجیاتی پەلوپۆ  یان تووک ،جوتێ پەری هەیە لەسەر لا سنگی جوتێکیش لەسەر لا سکی پەرێکیش لەسەر پشتی هەیە لەگەڵ کلک کە یارمەتی ئەیات بۆ مەلەکردن وخێرایی جوڵەکردن و هاوسەنگی جوڵەی خێرا.

**خۆراکی ماسی چیە؟؟**

هەندێ لە ماسیەکان گیا و ڕوەکی دەریا ئەخۆن  هەندێکی تریان ماسی بچووک ئەخۆن هەندێکی تریشیان هێلکۆکە و کرم زیندەوەرە بچوکەکان ئەخۆن.

**سودەکانی ماسی**

ماسی بڕێکی کەم لەچەوری تیایەو ڕێژەیەکی بەرز لەپرۆتین لەپێکهاتەکەیدا هەیە لەگەڵ ئەوەی بەسەرچاوەیەکی نایابی ترشە چەوری ئۆمیگا3 دائەنرێت.

ئەگەر ماسی لەهەندێک لەژەمەکاندا بونی هەبێت تاڕادەیەک لەم نەخۆشییانەی خوارەوە دەتپارێزێت:

1- **ڕەبۆ**: نەخۆشیەكی درێژ خایەنی كۆئەندامی هەناسەیە كە كەسی توشبو بەردەوام پێویستە پەمپی تەنگەنەفەسی پێبێت بو فراوانكردنی بۆرییەكانی سی، ئەگەر لەتەمەنی منالدالیدا ماسی بخورێت ئەو منالە ئەگەری توشبونی بەم نەخۆشییە زۆر كەمە.

2- **مێشكو چاو**: لەبەرئەوەی ماسی بڕێكی باش لەترشە چەوری ئۆمیگا 3 ی تیایە یارمەتی تەندروست ڕاگرتنی مێشكو توێژاڵی ناوەوەی چاو دەدات.

3- **شێرپەنجە**: بەهۆی بونی مادەی ترشە چەوری ئۆمێگا 3 ئەگەری توشبون بەهەموو جۆرەكانی شێرپەنجە بەتایبەت شێرپەنجەی قوڕگ و سییەكانو كۆلۆنو پرۆستاتو هێلكەدان كەمدەكاتەوە بەڕێژەی 50٪.

4- **نەخۆشییەكانی دڵ**: خواردنی ماسی هەفتانە ئەگەری توشبون بەنەخۆشییەكانی دڵو جەڵتە كەمدەكاتەوە بەشێوەیەك كە ئەگەری تۆپەڵە بونی خوێن هەوكردن كەمدەكاتەوە، هەروەها بۆرییەكانی دڵ چالاك ئەكاتو پەستانی خوێن دادەبەزێنێتو ڕێژەی كۆلێسترۆڵی بەسود لەخوێندا زیاددەكات.

5- **نەخۆشییە دەرونیەكانو مێشك**: خواردنی ماسی هەفتانە ئەگەری نەخۆشییەكانی مێشك كەمدەكاتەوە بۆ نمونە نەخۆشی ئەلزایمەر كە لەبەتەمەنەكان زیاتر دەردەكەوێت بەشێوەیەك كە توشبوەكە هیچ شتێكی بیرنامێنێت.

6- **دڵتەنگیو قەلەقی**: خواردنی ماسی بەرێژەیەكی باش حاڵەتی قەلەقی ناهێڵێت، چونكە یەكێك لەهۆكارەكانی توشبون بەدڵتەنگی كەمی ماددەی ترشە چەوری ئۆمیگا3 یە لەمێشكدا كە ئەم مادەیە لەماسییەوە سودی لێوەردەگیرێت.

7- **نەخۆشی شەکرە:** خواردنی گۆشتی ماسی ڕێژەی شەکر لەخوێندا ڕێکدەخات

8- بینینی چاو: ئەو دایکەی شیری مەمکی دەدات بەمناڵەکەی. ئەگەر ماسی بخوات نەک تەنها خۆی بەڵکو مناڵە شیرەخۆرەکەیشی لەداهاتودا ئەگەری توشبوونی بەنەخۆشی چاو زۆر لاوازە.

9- **نەخۆشی ڕۆماتیزمو سەوەفان:** خواردنی ماسی یارمەتی کەمکردنەوەی ئازارو هەوکردنی ئەم دوو نەخۆشییە دەدات.

**سودەکانی ماسی لە کەنار دەریا یان ڕووبار یان لە کێلگە دەستکردەکان:**

1- ماسی بەگرینگترین سەرچاوەی پرۆتینی ئاژەلی هەژمار ئەکرێت بۆ مرۆڤ گۆشتی ماسی جیاکارە بەبونی ڕێژەیەکی بەرز لە پرۆتین وخوێی کانزایی بەتایبەت فۆسفۆر.

2- هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی بەرهەمی کشتوکاڵی وپارێزگاری کردن لەجۆریەتی ماسی.

3- بەکارهێنانی پاشماوەی ئاوی کێلگە ماسیەکان بۆ (پەین کردنی زەوی کشتوکالی و دەواجن)

4- بەکارهێنانی ئەم زەویەی بەکەلک چاندنی بەروبومی کشتوکاڵی نایەت وەک زەوی خوێیاوی ولماوی یەکان.

5- بارکردن ئەژمارکردن بۆ بەروبومی ماسی بۆسەر هەندێ بەروبومی کێڵگەیی وئاوی وەک قازو مراوی لەچینی سەرووی ئاوەکە.

مەبەست لەداچاندنی ماسی زۆرکردنی لەناو حەوزدا یان لەگۆماو لەتوانایان نەبی برۆن لەگەڵ دابین کردنی خۆراکی پێویست بۆگەشەو زۆربونیان پاشان کۆکردنەوەو بەدیهێنانی

**ســـــــــــوره ماسی ئاسایی :**

ئەم ماسیانە بەرگریەکی بەهێزیان هەیە دژی نەخۆشی بەشێوەکی هەمیشەیی زۆربون ئەکەن خێران لەگەشەکردن بەرگەی پلەی گەرمی جیاواز ئەگرن ڕەنگیان یان سوره یان رەشکاریە.

**مارماسی** :-لەماسیە ئیسکدارەکانە لەناو زێو دەریاچەکاندا ئەژی لەشی لولەیی وڕاکێشراوە لەشێوەی ماری ئاسایی بەڵام قەبارەی بچوکە ئەتوانێ لەهەموو ژینگەیەک بژیەت.

**بۆچی ماسی کاتێک بە گروپ مەلە دەکەن بەر یەکتری ناکەون؟**

زۆرینەی ماسیەکان ئارەزوو دەکەن بەیەکەوە مەلە بکەن جا چ بە گروپی بچووک بێت یاخود بە کۆمەڵی گەورە، هەرچەندە ژمارەی ماسیەکانیش زۆرە و هەندێک جار کۆمەڵەیان هەیە دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن ماسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە نزیک یەکتری مەلە دەکەن و بەشێویەکی رێک و سەر سوڕهێنەر بێ ئەوەی بۆ جارێکیش بێت بەر یەکتری بکەون، ماسییەکان پەیوەندیەکی هەستیاریان بەیەکەو هەیە و وایان لێدەکات بە خێرایی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەریان بگونجێنن، هەستی بینینش لەلای ماسیەکان زۆرترین جار بەکاردێت بۆ ئەوەی هەست بە جولەی دەوروبەری بکات لە ماسیەکانی گروپی خۆی، هەروەها توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو ماسیانەی نابینان ناتوانن لە نێو گروپەکان جولە بکەن، هەروەها هەندێک لە ماسییەکان پشت بەهەستی بیستن دەبەستن بۆ ئەوەی هەماهەنگی پەیدا بکەن لەگەڵ دەنگەکانی دیکە لەهەمان گروپی خۆیان، هەروەها ماسیەکان ئەندامێکی دیکەیان هەیە کە پێی دەگوترێت (Sideline Organ) کە هەستاریەکەی زۆر بەرزە و بەهۆیەوە دەتوانێت وورترین جولە لەنێو ئاو هەست پێبکات وەک ئەو گێژەنانەی کە ماسیەکانی دیکە دروستی دەکەن و ئەم ئەندامە لە زنجیرەیەک کونی بچووکی وورد پێک دێت کە دەکەوێتە لا تەنیشتەکانی ماسی و لای سەری، لەرێگەی

ئەو کونە بچوکانەش ئاو دەگاتە کەناڵی هەستیار کە لەکۆتاییەکەی دەماری هەستەوەری هەیە و بەهۆیەوە هەست بەهەموو جولەیەک دەکات یاخود هەر پاڵەپەستۆیەک کە لەناو ئاو رووبدات، ئەم ئەندامانە ئاماژە بۆ مەڵبەندی سیستەمی دەمارەکان دەنێرن بۆ ئەوەی جولەی خۆی رێک بخاتەوە، هەر ماسیەکیش لە گروپەکە پارێزگاری لە بوونی خۆی لە نێو گروپەکە دەکات، چونکە ئەمە دوو سوودی بۆ ماسیەکە هەیە لەلایەک یارمەتی دەدات بۆ دەستکەوتنی خواردن و لەلایەکی لەهێرشەکان خۆی دەپارێزێت، رەفتاری گروپەکە ماسیەکان دەکات بە رێک و پێکی جولە بکەن وەک ئەوەی یەک جەستە بن، ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانتر و لەمەودایەکی فراوانتر بە دوای خواردن بگەڕێن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەتەنیا بن، هەروەها مانەوەی ماسیەکان لەنێو یەک گروپ وا دەکات دوژمنەکانیان لێیان بترسن چونکە وەک جەستەیەکی گەورە و زەبەلاح بەدەردەکەون، بەتایبەتی ئەگەر گروپەکە هەستیان بەمەترسی کرد ئەوا هەموویان بەیەکەوە و بەیەک ئاڕاستە و جولە مەلە دەکەن و وادەکەن دوژمنەکەیان هەست بەمەترسی بکات، هەروەها گروپەکە شێوەی خۆیان دەگۆڕن بەپێی پێداویستی بۆ جولە و رووبەڕووبوونەوەی شتەکان، بۆ نموونە ماسیە کۆچبەرەکان کاتێک کۆچ دەکەن خۆیان وەک تیر نیشان دەدەن کە دەیانەوێت ئاوەکە ببڕن، بەمەش ووزەی کەمتر سەرف دەکەن لە کاتی مەلە کردن..



## مریشک

## Hen

ناوی زانستی (gallus gallus domesticus)



یەکێکە لەو باڵندانەی کە زۆربەمان ئاشنایەتیمان لەگەڵی هەیە، چونکە یەکێکە لە خواردنە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان، ئەم باڵندەیە بە ئاسانی ماڵی دەکرێت و بەخێو دەکرێت و مرۆڤ سوود لە هێلەکەکە و گۆشتەکەی دەبینێت و زۆرینەی خێزانەکانی دانیشتووی گوندەکان مریشک بەخێو دەکەن.

بنەچەی مریشک و چۆنیەتی ماڵی بونیان :- هەندێ لەئەندازیارانی بواری بەخێوکردنی باڵندە ئاماژە بەوە ئەدەن کە مریشک ماڵی بوو لەجۆری کێویەوە هاتوە کە ئەڵین مریشکی دارستانی ڕەنگ سور یش سوک لە ئەسڵا ماڵی نەبوە دواتر ماڵی کراوە و پەرەی پێ دراوە دواتر چەندین بنەچەی لێ دروست کراوە چەندین شێوەی ناوازەی بەخۆوە بینیوە کە فیرعەونەکان یەکەمین کەس بونە هەڵساون بەماڵی کردنی  و بەخیوکردنیان.

پێگەیاندنی سێکسی باڵغبون جۆری کێش سوک 4--6مانگ یە.

بەڵام کێش قورسەکان 8--10 مانگیە.

ماوەی هەڵێنانی هێلکە 21 ڕۆژە ئەمیش بە دوو قۆناغە یەکەم دروستبوون 19 ڕۆژ تروکان 3 ڕۆژ .

**جیاکاریەکانی مریشک:**

1-مریشک گونجاوە بۆ هەموو ناوچەیەک کە توانای خۆگونجانی هەیە لەهەموو بارودۆخێک دا.

2-پەروەردەکردنی مریشک تێچونی کەمی پێویستە.

3-سیفاتی گۆشتەکەی باش و خوازراوە لەلایەن مرۆڤەوە.

4-سیفاتی هێلکەی باش و خوازراوە لەڕوی تام و چێژەوە.

5-خوێن و پێستەکەی سودبەخشە لە کارگەی دروستکردن و بەرهەم هێنان سودی هەیە بۆ تاقیگەکان.

6-توکەکەی سودبەخشە لە دروست کردنی زۆر شت وەک سەرین پێخەف.

7-ڕیقنەکەی بەسودە وەک پەینی ئۆرگانی سودی لێ ئەبینرێت لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان یاخود هەندێ سەرچاوە باس لەوە ئەکەن ڕیقنەکەی تێکەڵ بەکا ئەدرێ بە ئاژەڵە شیردەرەکان.

مریشک توانای هەیە مرۆڤ بناسێتەوە، هەروەها لەنێو خۆشیان لەنێو 100 مریشک بێت دەتوانن یەکتر بناسنەوە هاوشێوەی مرۆڤ و ئاژەڵە شیردەرەکان، مریشک  لەکاتی نووستن

چاوەکانی جووڵە دەکات و ئەم جوولەیە پێی دەگوترێت (REM Slep)  و پەیوەندی بە خەون بینین هەیە.

مریشک لەنێوان خۆیان لەرێگەی دەرکردنی 30 دەنگی جیاوازەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتری دەبەستن و هەر دەنگێک پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەک بانگکردنی جوجکەکان یان بۆ خواردن و ئاگادارکردنەوەی گروپەکە لە مەترسی، بەم شێوەیەش گەر گروپەکە هەستیان بە مەترسی کرد ئەوا ئامادەکاری خۆیان دەکەن.

مریشک هەست بە تامی خواردن دەکات، بەتایبەتی ئەگەر سوێر بێت ئەوا نایخوات .

لەرووی نزیکیەوە مریشک نزیکی لە رەچەڵەکی جۆرێکی دەیناسۆر کە ناسرابوو بە (Tyrannosaurus Rex) .

مریشک هاوشێوەی دایکی مرۆڤ، هەست و سۆز بەرامبەر بە بێچووەکانی دەنوێنێت و سەرپەرشتیان دەکات تا گەورە دەبن.

## مریشکی هێلکە



پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مریشک بەگشتی و مریشکی هێلکە بەتایبەتی سودێکی گرنگی ئابوری و خۆبژێوی زۆری هەیە جا بۆ هەڵهێنان بێت یان بۆ خواردن که وەک گۆشت سەرچاوەیەکی باشی پرۆتین و چەوری و کانزاکان و هەندێک لە ڤیتامینەکانن..

### باشترین جۆرەکانی بەرهەمهێنی هێلکە:

لیگهۆرن کە باشترینیانە لە جیهاندا بۆ زۆری بەرهەمی هێلکە لەگەڵ هەندێک جۆری تر

وەک و ئەنکۆنا و ئەندەلوسی.

ئەو جۆرانەی بۆ بەرهەم هێنانی هێلکەی **توێکڵ سپی** بەکاردێن:-

ئێڵ ئێس ئێڵ ،رۆز ،های سێکس و شیڤەری سپی.

ئەو جۆرانەش کەبۆ هێلکەی **تویکل قاوەی** بەکاردێن وەک:-

ئایسای قاوەیی و شیڤەری قاوەیی و بابکۆک...هتد

جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە بەلام ئارەزوی و بەکاربەر و تایبەتمەندێتیەکی کەم نەبێت .

1 -رۆستەرز ناسراو بە مریشکە ڕووتە.

ئەم مریشکانە بە مریشکی قەبارە گەورە ناسراون تەمەنیان زیاتر و کێشیان زیاترە تەمەنیان لەناو هۆڵ دا لە (10--16)هەفتەیە کێشیان لەنێوان 2,7--3,6 کیلۆ گرامە.

برۆیلەرز Broilers ئەم مریشکانە قەبارەیان بچوکتر و خرپنترن بچوکن تەمەنیشیان لەنێوان (5--6) هەفتە ئەبێ لەناو هۆڵی دەواجن یاخود کەمتریشە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیەی کێشی لەنێوان (1,5---2,5)کیلۆگرام ئەبێ پێستیشی تەنک و لوسە ئێسکی سنگیان کرکراگەییە.

مریشک و تیرەکانی بەرهەمی هێلکە لەهۆڵەکانی دەواجن:

1-لوهمان 2-سیڤەر

3-هۆیارد 4-ئیزا

5-های سیکس 6-دیکالب ئێکس

7-ناچاندان 8-هیبکۆ

**سودەکانی پەروەردەکردنی مریشکی هێلکە:**

1-سەرچاوەی داهاتی کەسی و کۆمەڵگان و ئەبێتە هۆی بەشێک لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک.

2-سەرچاوەی دەوڵەمەندی توخمە خۆراکیەکانن وەک پرۆتین و چەوری و کانزاکان و ڤیتامینەکان.

3-خواردنی هێلکە مێشک و خانە و پەیکەری لەش بەهێزدەکات و ووزەیەکی باش بە لەش دەدات.

4-پرۆژەکانی هێلکە زیاتر تەواوکاری ترن و کارمەند و ئەندازیاری زیاتریان ئەوێت بەمەش دەستی کاری ناوخۆی چالاکتر ئەبن.

5-هێلکەی خواردن زووتر ئەفرۆشرێت و کاری دوای فرۆشتنی ئاسانترە وەک هەڵهێنان و پرۆژە گۆشتیەکان گرانتر نییە.

6-لە ڕووی پاراستنی بۆماوەی مریشکەکانەوە کاریگەریەکی زۆریان ئەبێت لەکاتی پرۆژەی هەڵهێناندا.

**گرانی و هەندێک لە خراپیەکانی ئەم پرۆژانە:**

1-سەرمایەیەکی زیاتریان پێویستە.

2-لەبەر ئەوەی مریشکی هێلکە ماوەیەکی زۆرتر بەخێوئەکرێن زیاتر نەخۆشی ڕویان تێ ئەکات.

3-کاری ڕۆژانەی ناو کێڵگەکان زیاترە و جۆر و گۆڕین و پاکردنەوەی ئاو و شوێنی ئالیکیان زیاتر پێویستە .

4-شوێنیان زیاتر ئەوێت لەچاو پرۆژەکانی مریشکی گۆشت.

**پلانی دووەمی و ڕێگا چارەی هەندێک لە کێشەکان :**

1-لەکاتی خراپی تەرزی دایکانەکان هەوڵبدرێ بیان گۆڕن بە تەرزە بەرهەم زۆرەکان.

2-لە کاتی بوونی نەخۆشی و مرداربوونەوەی زۆر دوور بخرێنەوە و بسوتێنرێن و بە زووی ڤێتەرنەریەکان لە نیشانەکان ئاگاداربکرێنەوە.

3-لەباری خراپی و کەمی ئالیک ئەندازیاران هەوڵبدەن پێکهاتەیەکی دووەمی و باش دابنێن.

4-لە کاتی خراپی ڕاخەر و خراپبوونی ئامێرەکان بەزووی چارەیان بکەن.



## تیرەکانی مریشکی بەرهەمی گۆشت لەدەواجن















# کەڵەشێر

## rooster

ناوی زانستی (Gallus Gallus domesticus)



### جۆرەکانی کەڵەشێر:

1-تیرەی کەڵەشێری براهما:

ئەم تیرەیە لە هیندستان سەری هەڵداوە بەهۆی گەورەیی قەبارەکەی ئەم ناوەیان لێناوە کە لەئەسڵدا لە هیندستان گایەکی گەورە و کۆپاردار بەناوی براهما بوە لای هیندۆسەکان بە خوا ناسراوە بۆیە ناوی ئەم کەڵەشێرەیان ناوە براهما بەڵام دواتر لەئەمریکا گرینگی پێ دراوە ئێستا لەبازاڕەکانی جیهان بە ئەمریکی ناسێنراوە زۆر ڕەنگی لێ هەیە گرینگترینیان سپی و ڕەشە.

---



### 2-تیرەی کەڵەشێری کۆشین :

بەهەمان شێوە شوێنی ژیانی هیندستانە بەڵام ڕاگویزراوە بۆ چیین و فرنسا هەریەک لەم وڵاتانە ئەڵێن هی ئێمەبوە سێ ڕەنگی لێ هەیە سپی ڕەش سوور .

Cochin



### 3-تیرەی کەڵەشێری لانجیشان :

ئەم کەلەشێرە لە ئەسڵا لە وڵاتی چیین سەریهەلداوە کە قەبارەکەی تارادەیک بچوکە پەڕی قاچی هەیە پۆپینەیەکی بچوکی هەیە سێ ڕەنگی هەیە کە ڕەنگی ڕەش باوترینیانە سپی وە شین.

Langshan



## 4-تیرەی کەڵەشێری لیکهۆڕن:

ئەم تیرەیە لەئیتالیا سەری هەلداوە حەوت جۆری لێ هەیە جۆرێکیان بە دووڕەگ چاککراوە بە مەبەستی بەرهەمی هێلکە پەروەردە ئەکرێت ڕەنگی سپی و بۆری هەیە.




## 5-تیرەی کەڵەشیری ئەنکۆنا:

ئەم تیرە کەڵەشێرە هی وڵاتی ئیتاڵیایە بەڵام دواتر تایلەند گرینگی پێ داوەو وەک یاری و پاڵەوانیەتی کێ برکێ بەکاری هێناوە لەئیستادا بەتایلەندی ناو بانگی دەرکردوە ئەم ترەیە قەبارەی وەسەتە سەری بچوکە قاچیان باریکە کێشیان سوکە توانای جەمپ و بازدانیان هەیە بەخێرایی جوڵە بەناوبانگن زۆر ڕەنگیان هەیە گرینگترینیان ڕەنگی سوورە .



**6-تیرەی کەڵەشێری ئەندەنوسی ڕەش پۆش:**

ئەم تیرەیە لە ئەندەنوسیا سەری هەلداوە بەڵام دواتر ڕاگوێزراوەتە وڵاتی ئیسپانیا لەوێ گرینگی پێ دراوە کە مریشک کەڵەشێری ئەسل ئەبێ رەش پۆش بن دەمووچاو و قاچ و گوێچکە و هێلکە تەنانەت گۆشتیشیان هەر ڕەش بێ.



**7-تیرەی کەلەشێری ڕۆد ئیلاند:**

بەناوبانگ ترین تیرەی کەڵەشێری ئەمریکیە بەشێوەیەک زۆر بەربڵاو لەجیهانا هەیە ڕەنگی ئەم کەڵەشێرە سووری بریسکەدارە بەڵام قاچی پەڕوتوکی نیە، هەیە کێشی مام ناوەندە کلک و سەرپشتی ڕێکو و ڕاستە.

Rhode Island Red



8-تیرەی کەڵەشێری بیلامۆس ڕۆک:

ئەم تیرەیەش هەمان شتە ئەمریکیە حەوت جۆری هەیە ڕەنگیان سپی و شین زیاتر بەمەبەستی هێلکەکردن بەکار ئەهێندرێن شێوەی گشتیان لاکێشەییە.




9-تیرەی کەڵەشێری بریتانی:

ئەم تیرەیە بەناوبانگە بە گۆشتن و خرپن و قەڵەو **کەڵەشێری ساسکس**:-بەناوبانگترین جۆری بریتانیە کە لەڕواڵەت لە براهاما ئەچێ تەنها پەری قاچی نیە بەڵام هەمان هەیکەلیان هەیە .



## 10-تیرەی کەڵەشێری ئۆربیجتۆن:

ئەم تیرەیەش بریتانیە بەکێش قورس و بەناوبانگە ڕەگی جیاکاری ڕەش زەرد سپی خاڵ خاڵ زەردە.

Orpington



## 11-تیرەی کەڵەشێری پۆڵش:

ئەم تیرەیە لەهۆڵەندا سەری هەڵداوە بەجوانی و ناوازەیی ناوبانگی دەرکردوە ئەم تیرەیە ڕەنگی هەموو لەشیان ڕەشە تەنها وتەنها کڵاوی سەریان سپیە کلکیکی گەورەشیان هەیە.

Polish



## 12-تیرەی کەڵەشێری هامبۆرگ:

ئەم تیرەیە ئەڵمانیە لەئەڵمانیا سەری هەڵداوە زۆر ڕەنگی لێ هەیە دیارترینیان ڕەشە کەیە بەڵام دوو ڕەنگی هەیە واتە سپیە بەڵام هەردووباڵی قاوەیە یاخود ڕەشە .



Mojar classes of chicken:

American class

English class

Mediterranean class

Asiatic class

Continental class

**Mediterranenn class**

Leghorn

Minorca

Ancona

Andalusian

Catalana

**Continental class**

Houdan

Polish

Hamburg

Welsummer

Campine

Crevecoeur

Faverolie

Lakenvelder

**Junglefowls (ancestors)**

Red junglefowl

Grey junglefowl

Ceylon (sri lanka) junglefowl

Javan (green) junglefowl

**English class**

Audtraloap

Cornish

Dorking

Orpington

sussex

**Asiatic class**

Cochin

Langshan

sumatra

**Gindian chicken breeds**

Kadaknath

Aseel

Naked neck

Nicobari

Punjab brown

Ankaleswar

Kashmir

**American class**

Rhode island red

New hampshir

Wyandotte

Jersey giant

Buck eye

Delaware

Plymoth rock

Scillan buttercup

Dominique

**batnam chicken(fancy breeds)**

Booted batnam

Belgian mille fleur

Belgian d"anver

Belgian d"uccle

Japanese

Sebright

Silkie

**قەل**

**gobbler**



قەل یان عەلەشیش :لە ئەمریکای باکور یەکەم جار سەری هەڵداوە لە مەکسیک زۆر بەخێوئەکرێت ئەمان یەکەم کەس بون قەلیان ماڵی کرد پاشان بڵاوبۆوە بە جیهان بە تایبەت ئیسپانیا.

**توخمە پێگەیشتنی قەل :**

نێرەکان لە تەمەنی (4--5) مانگی پێ ئەگەن.

مێینەکان لە تەمەنی (6--8) مانگی پێ ئەگەن.

ماوەی هەڵێنانی هێلکە قەل **28ڕۆژە** .

قەل لەدوای مریشک دێت بۆ بەخێوکردن و گرینگی لە ڕووی ئابوریەوە بەهۆی تامو چێژی گۆشتەکەی لە جیهان زۆر پەسندە و خوازیاری لەسەر زۆرە .

بەشی کۆشگیرە لە مەفقەس بۆ هێکەی قەل 24ڕۆژ و بەشی هەلێنان یان تروکان 4ڕۆژە .

پلەی گەرمی بۆ هێلکەی قەل پێویستە 37.5---37.8بێت.

ڕێژەی شێ پێویستە وەک مریشک 55--60%بێت.

هەڵگێرووەڵگێر ڕۆژی 4--5جاربیت بەلام بەشی تروکان پلەی گەرمی دابەزینی بۆ 37 پلە رادەی شێی بەرزبێتەوە بۆ 80%.

**چاودێری گرینگ لەکاتی هەلێنانی هێلکەی قەل:**

1-جوجکی قەل پاش تروکان جیائەکرێتەوە بەهۆی ئەوەی چاوی لاوازترە لەبالندەکانی تر پێویستە ڕووناکی زۆری بۆدانرێت چونکە ئاو خواردن بەزەعمەت ئەبینێت.

2-نقوم کردنی دەنوکی جوجەلە لەئاو خۆراک تاکو فێری خواردن ئەبێت .

3-پارچە پارچەکردنی خۆراکەکە و بەبۆن کردنی چونکە قەل بۆنی بەهێزە وەک پیاز تاکو جوجک راکێشن بۆ لای خۆراکەوە.

4-بەکارهێنانی گڵۆپی فلۆریسنت ڕوناکی بەهێزی هەیە.

5-دانانی خۆراکی رەنگدارو بریقەدار وەک زەردێنەی هێلکە .

6-جوجکی قەڵ پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر لەپرۆتین هەیە لەماوەی دووهەفتەیی سەرەتادا تا ئەگاتە 28ڕۆژ لەبەر ئەوە زۆر لە بەخێوکاران هێلکەی کولاو بەکاردێنن بەتێکرای 4-5هێلکە لەهەر هەفتەیەک بۆ 10 جوجەلە.

**سیفاتی گۆشتی قەل :**

1-گۆشتی قەل جیاکارە بە کەمی چەوری لەناویدا .

2-گۆشتی قەل ڕێژەیەکی بەرز پرۆتین و ڤیتامینی تیایە بەتایبەت ڤیتامین .B12

3-قەل توانایەکی باشی هەیە بۆ لەوەڕین یان بەکاربردنی پاشماوەی کێڵگەکان .

4-قەل بەدیمەنی جوانی شۆخ و شەنگ ناسراوە.

**مەبەستەکانی بەخێوکردنی قەل :**

بۆ بەرهەم هێنانی هێلکە.

بۆ بەرهەم هێنانی گۆشت.

بەشێوەکی گشتی قەل بەرهەمی هێلکەی کەمە

**تیرەکانی قەل** :-بەگوێرەی کێشیان دابەش ئەکرێت بۆ ئەمانە:

1-تیرەی کێش سووک

2-تیرەی کێش مام ناوەند

3-تیرەی کێش قورس

**تیرەی کێش سوک :**

کێشی نێرە لە نێوانی 8- 11کیلۆدایە.

کێشی مێیە لە نێوانی 5—6 کیلۆییە.

بەرهەمی هێلکە لەمێینەی پێگەیشتو 100-120هێلکە لە ساڵێکدا.

**تیرەی کێش سوک وەک:**

1-بەڵتەسفیلی سپی: ئەمریکیە ئەمجۆرەیان ڕەنگیان سپی و تۆزێ ڕەشە.

2-تیرەی شیشی خۆماڵی عێراقی و جیهانی عەرەبی هەیە ڕەنگی ڕەشە.

**تیرەی کێش مام ناوەند:**

کێشی نێرە14-16کیلۆیە.

کێشی مێیە 7-9کیلۆیە.

بەرهەمی هێلکەیان 100 هێلکە لەساڵێکدا لە قەلی پێگەیشتو واتە سەرە.

نمونەیی تیرەی مام ناوەند:

1-هۆڵەندی سادە سپی رەنگی سادە سپیە.

2-ئینگلیزی رەش سادە رەشە لەبریتانیایە.

**تیرەی کێش قورس:**

کێشی نێرە 20--22 ئەبێت.

کێشی مێیە 8--10ئەبێت.

بەرهەمی هێلکەیان 70--80هێلکە لەسالێکدا.

**نمونەی تیرەیان:**

1-برۆنزی توچی لە ئەمریکا سەری هەڵداوە ڕەنگی ڕەشی بریسکە دارە .

2-برۆنزی توچی سینگ پان ئەمیش هەرئەمریکیە.

**کوتانەکانی سەرەتای تەمەن:**

1- لە سێهەم رۆژ دژی نیوکاسل.

2-لە 10 رۆژی دژی گەمبۆرۆ.

3-لە دوومانگی دژی دیاردەی ئاوسانی سەر.

4-لەتەمەنی سێ مانگی دژی هەوکردنی درمی بۆری هەوایی.

5-لەتەمەنی چوارمانگی دژی ریقنە سپیلکە و لیکۆزیس marek.

6-تەمەنی پێنج مانگی دژی دانکە و جگەر ئەستوربون.

7-تەمەنی شەش مانگی دژی ئەنفلۆەونزای بالندە.

**پەروەردەکردنی دروست:**

لەسەرەتای رۆژ پێدانی شەکراو تاکو 3رۆژ.

لەتەمەنی 5—10ڕۆژی پێدانی زەردێنەی هێلکە لەگەڵ عەلەفی ورد ڕەقەم یەک دەوڵەمەندە بە پرۆتین گەشەی خیرائەکات ..

لەتەمەنی 25—50ڕۆژ پێدانی ڤیتامین Aو ڤیتامین Eو B12.

لەتەمەنی 50—70ڕۆژی پێدانی دەرمانی کرم وەک ئەمە

Asce ndis Endo +lint -Internal -parasite

وە پێکردنی گلۆپی زەرد وەک سەرچاوەی ڤیتامین .

# قاز

## Goose

ناوی زانستی ( anserini )



قاز:-هەموو جۆرێکی قازی ماڵیکراو ئەچێتەوە سەرجۆری خۆڵەمیشی کێوی Goose wild میسریە کۆنەکان یەکەمین کەس بون ئاشنای قاز بون و پەرەیان پێداوە بەجیهان بڵاویان کردۆتەوە قاز باڵندەیەکی خۆشەویستە لە لایەن مرۆڤەوە ، دڵخۆشە بەبونی گیا سەوزایی و ئاو و شوێنی شێدار.

توخمە پێگەیشتنی (باڵغ بون) لە (30--35)هەفتەییە نزیکەی 7مانگ ئەخایەنێت .

ماوەی هێلکە هەڵێنانی قاز (30--36)ڕۆژ ئەبێت.

پلەی گەرمی لەهەڵێنگا (مەفقس) دا بۆهێلکەی قاز 37--37.5

ڕێژەی شێ لەهەڵێنگا (مەفقس)دا لەسەرەتا 60% بەڵام لە 3ڕۆژی کۆتایی ئەبێتە 80--85%.

قاز پێویستی بە ڕادەی شێی بەرز یان زۆر بەرز هەیە پێویستیشە هێلکەی قاز لە سەرەتادا بە گازی فۆرماڵین یان فۆرماڵدیهاید یان بە ئاو بشۆردرێت تا تویکلەکەی تەنک بێتەوە کە یارمەتی بەرزبونی ڕێژەی هەڵێنان ئەدات هەم ڤایرۆس و بەکتریا بکوژێت چونکە بیرمان نەچێ تویکلی هێلکەی قاز ئەستورترە لەهی مریشک .

هەڵگێر و وەرگێڕ وەک زانراوە ئەبی رۆژی 4جار ئەنجام بدرێت .

**تایبەت مەندیەکانی قاز:**

1-قاز لە هەمو باڵندەیە کی تری ماڵی بەرگری دژی نەخۆشیەکان هەیە زۆر بەکەمی توشی نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان و بەکتری و مشەخۆری و نەخۆشی CRDمایکۆپلازمی ئەبن

2-ئەتوانرێت قاز لە هەموو شوێنێک پەروەردە بکرێت ئەگەر کەم خزمەتیش بێت وەک لەوەرگا و پاوانەکان چونکە ئەتوانێ زۆر بە ئاسانی بگونجێت لەگەڵ ژینگە.

3-ددانەکانی وەک مشار وایە توانای خواردنی هەموو جۆرە دانەوێڵەیەک و توانای خواردنی ڕیخۆڵەی پەلەوەر و هەندێ لە حەشەڕاتەکانی کە لە ناو ئەرز هەیە.

4-بەڵام زۆر ترسنۆکە هەنێ جار بەشێوەی کۆمەڵ ئەقیرێنن لەکۆندا وەک پاسەوان بەکاریان هێناون .

5-قاز کاتێ بەهێلکە دێت بەردەوام دەبێ لە بەرهەم هێنانی هێلکە تاکو تەمەنی 10 --12ساڵی.

6-لەزۆر وڵات توانای خۆگونجاندنی هەیە بەئاسانی لەوانە فەرەنسا بولغاریا ئەلمانیا .

7-قاز یەکێکە لە هەرە جۆرە باشەکانی پەلەوەر چونکە مەناعەی بەرزە و بەرگەی مانەوەی هەیە لە ژیاندا.

8-گۆشتی قاز چەوریەکی زۆری هەیە بەبەراورد بە قەل و پەلەوەرەکانی تر.

**مەبەستەکانی پەروەردەکردنی قاز.**

1-بەرهەم هێنانی هێلکە و گۆشت .

2-لە هەندێک ولات پەڕ و توکی سوودی لێ دەبینرێت.

3-بەرهەم هێنانی چەوری.

4-قاز لە ولاتی چین بەکاردێ بۆ پاککردنەوەی کێڵگە ئاویەکانی وەک برنج و نیسک وە وەک پەین ریقنەکەی سودی لی وەرئەگیرێت .

5-لە هەندێک شوێن بۆ مەبەستی جوانی بەخێوەکریت.

**بەشێوەکی گشتی قازی خۆمالی:**

کێشی نێرەکان 4 -- 6.5 کیلۆئەبێت.

کێشی مێیە 3.5 -- 5.5 کیلۆ ئەبێت.

بەرهەمی هێلکەیان (30--40)هێلکە ئەکات لەسالێکدا.

لە ماوەی هەر کڕکەوتنێکدا ( کورک بوون) ێکدا 12 بۆ 20 هێلکە ئەکات.

کێشی هێلکەی گونجاو بۆهەڵێنان 150 گرام بێت ...

## سودەکانی گۆشت قاز

1_بۆ ئەو کەسانەی گرفتی لاوازی و کەمی کێشیان هەیە ئەوا خواردنی باڵی قاز بەسوودە.

2_زۆرترین بڕی وزە دەبەخشێتە جەستە و بۆ ئەو کەسانەی کاری گران یان وەرزش دەکەن بایەخەکەی چەند قات دەبێتەوە.

3_جگەر و باڵی قاز یارمەتی دروستبوونی خوێن دەدەن و بۆ کەم خوێنی بەسوودن و لێدانی دڵ ڕێک دەخەن.

4_ڕۆنی قاز بۆ گورچیلە، چارەسەری کۆکە، گرپی دەنگ و سووتانەوەی گەدە بەسوودە.

5_خواردنی گۆشتی قاز بۆ چارەسەری کۆ ئەندامی هەناسە و تەنگەنەفەسی باشە.

6_خواردنی هێلکە قاز بۆ بۆ زیادبوونی کێش و کۆئەندامی هەناسە بەسوودە و ئەگەر بکرێت بە هێلکەو ڕۆن و ڕۆنی قازیش بەکار بهێنرێت ئەوا کاریگەریەکەی چەند قات دەبێتەوە.

7_بۆ ئەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک تووشی خوێنبەربوون دەبن خواردنی گۆشتی قاز پێشنیار دەکرێت.

**مراوی**

**Duck**

ناوی زانستی (anas platyrhynchos)



مراوی لە هەربالّندەیەکیتر جیا ئەکرێتەوە بەوەی زۆر زۆر حەزی بەئاوە ئاوی زۆر خۆشەوێت شێوەی دەرەکی مراوی لە بالّندەکانتر جیاوازە.

هەموجۆریکی مراوی ئەچێتەوە سەر جۆری کێوی ناسراو بە ناوی (مالارد) .

توخمە پێگەیشتنی مراوی لە (280--300)ڕۆژی ئەکاتە 9--10 مانگی.

ماوەی هەلّێنانی هێلکەی مراوی (28--35)ڕۆژە .

**دەربارەی هەلّێنانی هێلکەی مراوی:**

1-خاوێنی هێلکە چونکە وا باوە مراوی پیسە بۆیە پێویستە هێلکەی بشۆردرێت بەر لە دانانەوەی لەمەفقەس چونکە پیسی هێلکە بە ریقنە کونیلەکان دائەخات بەمەش ڕێگر ئەبێ لە هەواگۆڕکێ و هەلّماندن بەمەش کاریگەری نێگەتیفی ئەبێت.

2-قەبارەی هێلکە کێشی هێلکە لە تیرەی گەورە و مامناوەند 65--70غرام بێت .

3-دورکەوتنەوە لە هێلکەی شێوە نارێک ناوازە چونکە ئەگەری جۆری نەخۆشی لێی ئەکرێت یاخود نابی هێلکەی دوزەردێنە دانرێتەوە.

4-جۆری توێکل ئەستور هۆکارکە بۆ دواکەوتنی هەڵێنان ئەممەش وا باوە هێلکەی قاز+مراوی توێکڵیان ئەستورترە بەبەراورد بە مریشک ئەممەش کاریگەری خراپی هەیە بۆ جوجک لەکاتی تروکان ڕەنگە جوجک نەتوانێ لەکۆتا ڕۆژ بیشکێنێت لەم کاتە جوجک ئەخنکێت .

5- لەشێوەی سروشتی باشترین بری هێلکە بۆ دانانەوە (14--18)هێلکەیە .

6-پلەی گەرمی بۆ مەفقەس بۆهێلکەی مراوی (37.5--38).

7-ڕێژەی شێ بۆ هێلکەی مراوی  لە سەرەتا 60%لەکۆتایی 80% بەرزبێتەوە .

8-پاکژکردنەوەی هێلکە بەم مادانە :گازی فۆرماڵین -پرمەنگناتی پۆتاسیۆم فۆرمالدهاید.

**تایبەت مەندی باڵندەی مراوی:**

1-توانایەکی بەرزی گۆرینی خۆراکی هەیە بۆ گۆشت تێکرای ئەبێتە دوو کیلۆو نیو بۆ هەر یەک کیلۆ خۆراکی چاک .

2-توانایە کی زۆر زۆر بەرزی هەیە لە بەرگەگرتنی کەشوهەوای سارد و گەرم .

3-گەشەکردنی زۆر خێرایە بە بەراورد بە قاز یان جوجکی مریشک.

4-بەرگەی جۆرەها نەخۆشی ئەگرێ بەرگری هەیە دژی نەخۆشی ڤایرۆسی و بەکتری.

5-بەخێوکردنی ماوەیەکی کەمی دەوێ و خێرایە لە زۆربون .

**تیره جیاوازەکانی مراوی:**

1-تیرەی ڕەوان :-شوێنی ڕەسەنی فرنسایە ڕەنگی پەڕی نێرەکان سەوز و شینە کەمێک بۆریش ،هەیە نێرە بە بونی پەڕەی سپی جیائەکریتەوە کە لەسەر سینگی تارادەیەک ئەسمەرە .پەڕی مێینەکانیشان بۆرە یان قاوەییە هێڵداری بەسەر باڵەکانی زاڵە .

**2-تیرەی مراوی مەسکۆفی:**

شوێنی ڕەسەنی ئەمریکای باشورە ڕەنگی پەری سپی و ڕەشو شینە لەنێرە و مێیەدا نێرەکانیش جیان لەمێینە بەهۆی بونی چەند زیادە گۆشتێکی ڕەنگ سوور لە ڕووی یان دەموچاویدا.

**3-تیرەی مراوی کایۆجا:**

ئەم تیرەیە مراویە لە دەریاچەی کایۆجای وڵاتی ئەمریکاوە هاتوە ڕەنگی پەڕەکانی سەوزێکی تێری بریسکەدارە .

**بەناوبانگترین تیرەکانی مراوی:**

1-تیرەی زیقاوڵە ڕاکەری قیتوقۆزی هیندی وەک مرۆڤ وەستاون ڕەنگی پەڕیان سپی یان ئاردیە ڕەنگی نێرەی قورقوشمیە.

2-تیرەی مراوی کاکی کامبۆل شوێنی ڕەسەنی ئینگلتەرایە  ڕەنگی پەڕی بۆرە کراوەیە.

**تیرەی جوانی :**

تیرەی مراوی(کـــــــاڵ)شوێنی بریتانیایە ڕەنگی نێرە سپیە مێیەش سپیە تیرەی مراوی سپی سەربەکلاو شوێنی بریتانیایە نێر و مێیە سپین.

**کەروێشک**

**Rabbit**

ناوی زانستی (oryctolagus cuniculus)



یەکێکە لە ئاژەڵە بچووکە شیردەرەکان ، لەخێزانی کەروێشکیەکانە (Leporidae Family) ، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوە ، لە بنەڕەتدا ئاژەڵێکی کێوی بووە ، مرۆڤ ماڵی کردووە بۆ سوود وەرگرتن لەگۆشت و فەروەکەی ، هەروەها وەک ئاژەڵێکی جوانیش ڕاگیر دەکرێ ، بەهۆی توانای فرە زاوزێ یەوە جیا دەکرێتەوە لەئاژەڵە شیردەرەکانی تر.

بەخێو کردن و ڕاگرتنی کەروێشک پێویستی بە گرنگیدان و چاودێری زۆر وورد هەیە چونکە زۆر هەستیارە بۆ نەخۆشی و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان ، کەروێشک زۆر وریا و هەستیار و خێرایە لە جوڵە و ڕاکردن دا، بەرەبەیان و ئێواران زۆر چالاکە، کەروێشکی کێوی لەلایەن هەڵۆ و باڵندە گۆشت خۆرەکانەوە هەمیشە دەکرێتە ئامانج ، هەروەها لەلایەن ڕاوچیەکانیشەوە بە تفەنگ و تانجی ڕاو دەکرێت

**شووێنی ژیان و نیشتە جێ بوونی کەروێشک:**

بە شێوەیەکی گشتی کەروێشکی کێوی لە کون و ژێر زەوی دا ئەژی ئەو کونانە خۆیان دروستی دەکەن ، بەزۆری بڵاون لە دەشت و دەرو شاخەکان دا ، دارستانەکان ، بیابانەکان ، هێلانە و کونەکانیان هەر لەوێ دروست دەکەن ، کونەکان بۆ چەندین کەناڵ و کەلەبەر دابەش دەبن و چەندین دەرچەیان هەیە تاکو لەکاتی ترس و هەڕەشە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن لەهێرشی مار و هەڵۆکان. بەڵام کەروێشکی ماڵی بەئاسایی لەناو کولانە و جێگای

تایبەتی خۆیان دەژین. کەروێشک بەشێوەی کۆمەڵ دەژین (گەلە کەروێشک) ، دەڵێن ئەسڵی کەروێشک لە باکوری کەرتی ئاسیا بووە ئینجا بڵاو بۆتەوە بۆ تەواوی کەرتی ئاسیاو ئەفریقا، دواتر براوە بۆ ئەوروپا، پاشان ئینگلیزەکان بردویانە بۆ ئوستراليا، بەهۆی زۆربوونی خێراوە لە ئوستراليا زیانی زۆریان بەکێڵگە کشتوکاڵییەکان گەیاند ، لەم دواییەدا لە ئەوروپا و ئاسیاوە گەیشتە کەرتی ئەمریکای باکوور ، لەئێستادا ژمارەیەکی زۆرو زەبەند کەروێشکی لێیە ، بەڵام بەشی خوارەوەی کەرتی ئەمریکای باشوورکەروێشکی تیا نیە، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن ئەسڵی کەروێشکی ماڵی لە ئیسپانیا و پورتوگالەوە بڵاو بۆتەوە بە جیهان دا ،دەگوترێ لە سەدەی شانزەهەمەوە بەخێو کردن و ماڵی کردنی کەروێشک دەستی پێ کردووە.

**زانیاری لەسەر ژیانی کەروێشک:**

نێرەی کەروێشک پێ دەوترێ (Buck) هەروەها بە مێیەکەی دەوترێ (Doe) و کەروێشکی گەنجیش پێی دەوترێ ( Kitten ،Kit) ، (کەروێشک ، أرنب، خرگوش ، هەوریشە ، Bunny ) (Rabbit).

کەروێشک چەندین ڕەنگی هەیە ( سپی، خاکی، خۆڵە مێشی ، ڕەش ، ڕەش و سپی، بەڵەک ، خورمایی).

کەروێشک چوار پەلی هەیە، هەردوو پەلی دواوە(قاچ) گەورە و بەهێزترن لە هەردوو پەلی پێشەوە (دەست)، وەک ئاژەڵەکانی تر لە سەر چوار پەل ڕێناکات ، بەڵکو هێزی ڕۆشتنی دەخاتە سەر دوو پەلی دواوە، هەردوو پەلی پێشەوەی یارمەتی دەردەبن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەکاتی ڕۆیشتن و ڕاکردن دا ، بۆیە لەکاتی ڕاکردن دا دەتوانێت بازی زۆر گەورە بدات و بەخێرایی (30) کم لەکاتژمێرێک دا بڕوات و خۆی لە دوژمنەکانی قوتار بکات .

دووگوێی درێژی هەیە، کە نیشانەی بەهێزی هەستەوەری بیستنە، واتە تا گوێچکەی گەورەتربێ هەستی بیستنی زیاترە، ددانەکانی پێشەوەی گەورە و بەهێزو زۆر تیژن بۆ قرتاندنی گیا و سەوزی و میوە و ئەو خۆراکانەی کە دەیان خوات، هەندێك جار بە ئاژەڵی قرتێنەر ئەژمار دەکرێ ، بەڵام کەروێشک چوار ددانی بڕەری هەیە لەکاکیلەی سەرەوە کە دووانی پێشەوە زۆر گەورەن و دوانی دواوە بچوکترن لێوی سەرەوەی هەڵقڵێشا و دەرئەکەوێت ، لەکاتێکدا ئاژەڵە قرتێنەرەکان تەنیا دوو ددانی قرتێنەریان هەیە (مشک، جرج، ....هتد) ، هەروەها هەستی بۆنکردنیشی زۆر بەهێزە، بەڵام هەستی بینینی لاوازە،

بەشێوەیەکی گشتی کەروێشک گیا و سەوزی و میوە ، گەنم ، جۆ، نانە ڕەق، شەوەر و یۆنجە، گێزەر هەندێ جۆری تری گیا دەخوات.

کەروێشکی کێوی پێ گەیشتوو نزیکەی (20-50) سم درێژە، کێشی زیاترە لە

(1-2.5)کگم ، کەروێشکی مێنگە کێشی قورسترە تا نێرەکەی ، هەندێک جۆری کەروێشک هەیە کێشی دەگاتە (7-12) کگم، کەروێشک نزیکەی (9) ساڵ یان زیاتر دەژی ،ئەگەر لەلایەن دوژمنەکانیەوە ڕاو نەکرێ، کەروێشک زۆر جار دەبێتە هۆی زیان بە کێڵگەکانی کشتوکاڵ بەهۆی خواردنی سەوزە و میوەی کێڵگەکە (کاڵەک، ترۆزی، خەیار...هتد)

کەروێشک لە هەڵبەزین و دابەزین بە شاخدا سستە، بەڵام لە دەشتایدا زۆر خێراو چالاکە، کاتێ دەخەوێ چاوی کراوەیە ، پلەی گەرمی لەشی (37-39.4)ە ، تێکڕا (38.3) پلەی سەدییە.

کەروێشک دووجۆر (پاشەڕۆ) دەکات، یەکەم پشقل و دووەمیش پیسییەکی شلە و لەلایەن خۆیەوە دەخورێتەوە، ئەم پاشەڕۆیە بەیانیان زوو یان ئێواران دەیکات و بەزمان دەی لێسێتەوە کاتێک لە کۆمی دێتە دەرەوە واتە نا کەوێتە سەر ئەرز، بەسەرچاوەیەکی گرنگی ڤیتامین دائەنرێت بۆ خودی خۆی، کەروێشک لەکاتی ئەزیەت دان بۆ خۆپاراستن چڕنوک و قەپ دەگرێ و دەزریکێنێ.

## کەروێشک لە کەلتووورە جیاوازەکانی مرۆڤدا:

کەروێشک بەهۆی خۆشەویستی و جوانیەکەی لەلایەن مناڵانەوە دەیان چیرۆک و فلیم کارتۆنی لەسەر دروست کراوە، هەروەها ئەگەر کەسێک یان بنەماڵەیەک مناڵی زۆریان بێت ، دەوترێ ئەوە چییە ئەڵێی کەروێشکن ئەوەندە زۆرن. گۆشتی کەروێشک لە ئاینی جولەکەدا خواردنی حەرام کراوە، گوایە دەڵێن ئەمە گیانەوەرێکی کاوێژکەری درۆزنە تەنها دەمی دەجوڵێنێت واتە وەک مانگا و مەڕ کاوێژ ناکات، پاشەڕۆکەی خۆی دەخوات وەک سەرچاوەیەکی دروستکردنی ڤیتامین دی و هەروەها ئاژەڵی دووسم نیە وەک مانگا و مەڕ و کاوێژکەرەکانی تر بەڵکو چڕنوکی هەیە.

هەروەها ئاشکرایە کە هەڵگرانی مەزهەبی شیعە گۆشتی کەروێشک ناخۆن، بەهۆکاری ئەوەی دەڵێن گوایە سوڕی مانگانەی(حیض) هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەروێشک بەردەوام سک و زا دەکات ، گەلێ هۆرمۆن بەشداری دەکات لە سک پڕی و زاین ، بە شێوەی زانستی

ئیسپات نەبووە کە کەروێشک سوڕی مانگانە واتە (حیض) و خوێنی هەبێت ئەوەندەی من ئاگادار بم خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان گۆشتی کەروێشک دەخۆن.

**مەرجی پێوست بۆ راگیرکردن و بەخێوکردنی کەروێشک :**

کەروێشک وەک هەر ئاژەڵێکی ماڵی کە ڕاگیردەکرێ، بەپێی پێویست و زۆری و کەمی کولانە یان هۆڵی بۆ درووست دەکرێت، ئەوەی پێوستە لێرەدا چەند خاڵێک ئاماژە پێ دەکەین وەک بنەما بۆ ڕاگیرکردن و بەخێوکردنی کەروێشک یان قەڵەوکردنی بۆ مەبەستی گۆشت و بواری ئابوری:

1- شێوازی دروستکردنی کولانەکە یان ژورەکەیان دەبێ زۆر باش بێت تا لەگەرما و سەرما پارێزراوبن، هەروەها لەوەرزی سەرمادا ئاوی باران نەچێتە کولانەکەیان و دڵۆپە نەکات، بەهەمان شێوە لەهاویندا نابێت تیشکی خۆرو گەرمایان زۆر بێت ، واتە لەزستان دا کولانەی گەرم وگوڕ و لەهاویندا سێبەر بێت .

2- دابین کردنی هەواگۆڕکێ (تهوية) لە شوێنی بەخێوکردنەکەیان تاکو بەئاسانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئامۆنیا بچێتە دەرەوە و تەڕی و شێداری شوێنەکە نەهێلێ.

3- دابین کردنی ڕۆشنایی پێویست لە هەموو وەرزەکانی ساڵ، چ سروشتی بێت یان بەهۆی گڵۆپەوە بێت، ڕۆژانە دەبێت لانی کەم 14 کاتژمێر ڕووناکی هەبێت.

4- پاراستنی کەروێشک لە دوژمنە سروشتیەکانی وەک ( مشک و جرج، ڕێوی، چەقەڵ، گورگ، سەگ، پشیلە، هەڵۆ ....هتد).

5- پاراستنی لەدزی لەلایەن مرۆڤەوە.

6- هەندێک دەنگۆ هەیە دەڵێت نابێ گیای مەعدەنوس بدرێ بەکەروێشک ، چونکە دەیکوژێت ،هەندێکیش ڕەتی دەکەنەوە، گوایە ئەگەر بەتەڕی بیخوات کاریگەری خراپی هەیە ، بەڵام بەووشکی هیچ کاریگەری نییە، گوایە پەنکریاسی لاوازە و توانای دەردانی ئەو جۆرە ماددەیەی نیە کە مەعدەنووس هەرس بکات.

7- بەردەوام ڕاگرتنی پاکو تەمیزی شوێنی بەخێوکردنەکەیان.

8- دابین کردنی ئاوی پاکو خواردنی پاک.

9- دابینکردنی شوێنێکی تایبەتی هێمن و ئارام بۆ دایکانە و بەچکەکانی، تاکو نێرەکان نەتوانن ئازاری دایکانەکان بدەن لە ماوەی شیردان دا.

10- ئەگەر کەروێشکەکان لە قەفەس دا بەخێوبکرێن پێوست دەکات لەژێریەوە حەوزێکی لەوح دابنرێت تا پاشەڕۆکە یان کۆبکرێتەوە و بەئاسانی فرێ بدرێ و پاکو تەمیزیان رابگیرێت.

11- ڤاکسین کردنی سالانە ی کەروێشکەکان.

12- چاودێری کردنی ددانی کەروێشکەکان، ئەگەر ددانەکانی خراپ بوون پێوست بە چارەسەرو سەربڕینە یان فرۆشتنە.

13- پێویست دەکات زوو زوو کەروێشکە نێرەکان بگۆڕین ، دوای (٢-٣) مانگ لە پەڕین ، تاکو توانای وەچە خستنەوەیان بەهێز بێت.

**خواردنی کەروێشک:**

کەروێشکی کێوی جۆرەها گیا دەخوات، سەوزە و میوە، بەڵام کەروێشکی ماڵی یان ئەوانەی لە کێڵگە و شوێنی تایبەت بەخێو دەکرێن بەمەبەستی قەڵەوکردن و گۆشت پێویستیان بەخواردنی زیاترە لە جۆر و بڕدا وەک (گیا، یۆنجە، گێزەر، ترۆزی خەیار، زرک ، گەنم و جۆ و نانە ڕەق وچەندین جۆری تری دانەوێڵە) بۆیە ئالفی تایبەت ئامادە کراوە بۆ بەخێوکردنیان کە ڕێژەی پرۆتین دەبێ (16%) بێت ، هەروەها ڕێژەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، نموونە لەکاتی قەڵەوکردنی کەروێشک دەبێت ڕێژەی پرۆتین (18%) بێت، بۆ کەروێشکی ئاوس (16% - 18%) بێت، بۆ کەروێشکی نێرە (18%) پرۆتینە، بۆ مێنگەی ئاسایی (14%) . ئینجا ڕێژەی چەوری لە ئالفەکە دا بۆهەموو بارەکان دەبێ (2% - 3.5%) بێت، هەروەها بۆ هەموو بارەکان ڕێژەی ڕیشاڵ

(10% - 14%)بێت. ڕۆژانە دووجار خواردن دائەکرێت بۆ کەروێشک بەیانیان خواردنی جۆری هاڕاوەی دانەوێڵە و نانەڕەق ، بە نیوەڕوان دەکرێت گیای سەوز و یۆنجە و توێکڵی پەتاتە و گێزەرو ..هتد ، دەبێت بەڕێژەی (50) گرام خواردن بۆ یەک کیلۆ کێشی کەروێشک ڕۆژانە دابین بکرێ ت، شوێنی ئاوخواردن دەبێت خۆدکار بێ تاکو ئاوە کە پیس نەبێ.

## گۆشتی کەروێشک :

گۆشتی کەروێشک سووری کاڵ مەیلە و سپی و ناسک و پڕ ماددەی خۆراکییە (بەگۆشتی سوور ئەژمار ناکرێت) ، ڕێژەی پرۆتینی (20% - 21%) ە، ڕێژەی چەوری (8.5%)، و کاربۆهیدرات (5%) و خۆڵەمێش (5.1%) و چەوری کۆلیسترۆڵی زۆر نزمە بۆیە کەسانی گەورە و بەتەمەن دەتوانن بێ ترس بیخۆن، ڕێژەی خوێی کانزایی تەواوی تێدایە، ڕیشاڵی کەم و ناسکە و بەئاسانی هەرس دەکرێت، لەدوای کوڵاندن ڕەنگی گۆشتەکەی سپی دەبێت وەک گۆشتی مریشک، باشترە ئەو کەروێشکانە بەکار بێن بۆ سەربڕین و خواردن کە تەمەنیان لە (6-9) مانگ بێت، یان لەساڵێک زیاتر تێ نەپەڕێت.

مرۆڤ دەتوانێ سوود لە گۆشتی کەروێشک ببینێت وەک سەرچاوەیەکی پرۆتین شان بەشانی گۆشتی مریشک و مەڕو مانگا، چونکە ڕێژەی پرۆتین لەگۆشتی کەروێشک ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە لەوانی تر، هەروەها دەکرێ بە تێچونێکی کەمتر و بە نرخێکی هەرزانتر ئەو گۆشتە بەرهەم بهێنرێت .

وەک وتمان ئەو جۆرە چەورییەی لە گۆشتی کەروێشکدایە سووکە (ناتێرە) کاردەکات بۆ گۆڕینی چەوری تێر لەجگەردا بۆچەوری سووک ، هەروەها ترشی لانۆلینک ی تێدایە، لەگەڵ بڕێکی باش لە کالسیۆم و ئاسن، لەکاتی هەڵگرتنی گۆشتی کەروێشک لە بەفرەگرە دا هەندێک جار ئەو چەورییەی کە لەناوسکیدایە ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ مەیلە و زەرد بەهۆی بوونی ترشە چەوری لانۆلینک ، بۆیە ڕێنمای دەکرێت کە لە ژەمەکانی خۆراک دا گۆشتی کەروێشک بخورێ لەبەر ئەم سوودانە.

- ڕێنمایی دەکرێ کە ئافرەتی سک پڕ گۆشتی کەروێشک بخوات بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سک پڕیدا چونکە هەرسکردنی سوک و ئاسانە، هەروەها گەدەی ئافرەت لەو کاتەدا پەستانی لەسەرە بچوک دەبێتەوە.

- بەهەمان شێوە پێویستە منالیش گۆشتی کەروێشک بخوات، چونکە ناسکە و بەئاسانی دەجورێت و هەرس دەکرێت، وەک پێشتر باسمان کردووە بۆ کەسانی بەتەمەنیش گرنگە

لەئێستادا لە زۆرێک لەوڵاتانی ئەوروپا سوود لە گۆشتی کەروێشک دەبینن (کێوی ، ماڵی) و بە خێوی دەکەن ، ساڵانە لەئەمریکا بڕی (20) ملیۆن کیلۆ گۆشت دەخورێت، بۆیە بەهیوام لە کوردستانیش بەشێوازی زانستی گرنگی بدرێت بە بەخێوکردنی کەروێشک تا وەک سەرچاوەیەکی گۆشت سوودی لێ وەربگرین.

# کۆتر

## Pigeons

ناوی زانستی(Columbidae)



هەموو جۆرەکانی کۆتری ماڵیکراو ئەچنە سەر کۆتری (ڕۆکی کێوی) هەر لەکۆنەوە کۆتر ماڵیکراوە وێنەشی لەسەر بەردتاشی فیرعەونەکان بینراون ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی کۆتری نامەبەر ماڵیکردن لەم سەردەمە زووەدا.

کۆترجیاکارە بەوەی لەهەموو جیهان بڵاوبۆتەوە جیاوازیەکانی کەشوهەواو باری جوگرافیش هەروەها بەشی زۆری دانیشتوانی جیهان ئارەزووی پەروەردەکردنی ئەکەن پەرەی پێ ئەدەن ئەمەش وایکردوە ببێتە باڵندەیکی میللی لەسەر ئاستی جیهاندا کۆتر بەهیمای ئاشتی هەژمار ئەکرێ لە چەرخی نوێدا کۆتر بەمەجیائەکریتەوە کە زۆر زوو زاوزێ ئەکات گەشەیان زۆر خێرایە.

### جیاکاریەکانی بەخێوکردن یان پەروەردەکردن کۆتر:

1-زۆر حەزەکات لەشی بە ئاو پاکبکاتەوە خۆی لە ئاو هەڵکێشێت.

2-تەنها خواردنی پاک ئەخوات خواردنەکە پاک نەبێ پیێ ڕازی نابێ .

3-نێر و مێیە بەسەرە لەسەر هێلکە کڕ ئەکەون تاکو جوجک هەلدێنێ بەیەکەوەش بەخێوی ئەکەن لەهەندێ حاڵەت مێیەکە نەمێنێت نێرەکە بەتەنها بەخێویان ئەکات.

4-کۆتر چەندین جۆرو ڕەنگی ناوازەی هەیە جوانترینی لەدونیا سەلمێنراوە ئەمیش سپی مل زەرد یان سوور یان خۆڵەمێشی واتە کۆتری ئیرانیە.

5-کۆتر بەمە جیائەکریتەوە کە سۆزێکی زۆری بۆ بەچکە هەیە بەجۆرێک ئامادەیە بەچکەی خۆشی نەبێ هەر بەخێوی بکات.

6-کۆتر بەهای سەربازی وجەنگی بەناوبانگە لەزۆر بوار بەکارهاتوە گرینگترینیان نامە بردن .

7-کۆتر بەمە جیاکارە کەم توشی نەخۆشی ئەبێ بەتایبەت نەخۆشیە نادرمیەکان واتە نەگوێزەرەوەکان ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە زۆر جوڵە ئەکات وەرزش ئەنجام ئەیات.

8-کۆتر بەوەجیائەبێتەوە کە زۆر بەکەمی بێچوەکانی ئەمرن بەتایبەت لەماوەی کۆشگییرەیدا.

## مەبەستی پەروەردەکردنی لەبواری بازرگانیدا:

1- پەروەردە ئەکرێ بۆ مەبەستی گۆشت و بەچکەی زیاترِ وقەڵەوکردن.

2-پەروەردە پەکرێ بۆمەبەستی جوانی و کات بەسەر بردن کێ برکێ ومنافەسەی سەرسەختانە.

3-پەروەردە ئەکرێ بەمەبەستی نامە و سیخوڕی کردن .

سەرەڕای ئەو هەموو جیاکاری و سودە گرینگەی کۆتر سودێکی تریشی هەیە ئەمیش ڕیقنەی کۆتر لەیەکیک لەبەناوبانگترین جۆری پەین هەژمار ئەکرێت وەک پەینی ئۆڕگانی بەهۆی بەها بەرز و ناوازەکەی بۆ کشتوکاڵ بەڕێژەیەکی بەرز ماددەی ئازۆتی تیایە .

## تیرەکانی کۆتر:

1-تیرەی خۆماڵی.

2-تیرەی ماڵتی .

3-تیرەی زاجل.

4-تیرەی کۆتری یەمەنی.

5-کۆتری هاقوو مل هەزە.

6-کۆتری تەقلەباز عەمبەری.

## تیرە بەناوبانگ وجیهانیەکان

### 1-کۆتری کەنج مەلیک یاخود کینگ:

مەلیک شوێنی ڕەسەنی ئەمریکایە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە فرینیشی هیواش ولەسەرخۆیە .لەبەر گەورەیی قەبارەکەی لەشی پەروەرد ەئەکرێ بەمەبەستی بێچو و جوانی.

### 2-کۆتری کارنۆ:

شوێنی ڕەسەنی ئەم تیرەیە فەرەنسا و بەلجیکایە پێی ئەوترێ لەچک لەبەر چونکە پەڕێکی زۆر دریژ و ئاڵۆزی هەیە لە ناوچەی سەرو مل هاتۆتەوە ناو چاوی زۆرینەی ڕەنگەکانی سوور و سپین بەڵام شینو رەشیشی هەیە بەخێوئەکرێ بە مەبەستی جوانی و بەچکە.

### 3-کۆتری مۆندین:

شوێنی ڕەسەنی فەرەنسایە لەشی گەورەیە قاچی ڕووتە بێ پەڕە کلکی کورتە ملی درێژە بەخێوەکرێت بە مەبەستی جوانی و بێچوو.

### 4-کۆتری یەعقوبی:

شوێنی ڕەسەنی یەعقوبی هیندستانە ئەمیش لەچک لەسەرە بەڵام قەبارەی بچوکترە لە کارِنۆ بەهەمان شێوە توکی سەرو ملی درێژ بۆئاراستەی پێشەوە هاتۆتەوە ناو چاوی لەم کاتەی کەهەست بەترس بکات ماسولکەکانی مل گرژ ئەبێ .

**5-کۆتری خۆماڵی:**

کۆتری خۆماڵی ڕەنگی تێکەڵە وەک خۆڵەمێشی و سپی سەر دانەدانەی شین یان رەش یاخود سوروسپی سەر خاڵ خاڵ یاخود چەندین ڕەنگ سەرباڵ ڕەش بەکورتی تاری عیراقی کۆتری خۆمالی ناسراوە.

**6-کۆتری زاجل:**

کۆتری نامەبەر ناسراوە ماسولکەکانی لەشی لەهەرکۆترێکی ئاسایی شەش هێندە بەهێزترن ئەمەش وای لێ ئەکات توانای فرینی بۆ مەودایەکی زۆری هەبێ واتە زیاتر لە 20 کاتژمێر تاکو 38 کاتژمێر بەسەر یەکەوە بەبێ وەستان.

چاوەکانی گەورەو سەرێکی زل ملێکی درێژ و شانەکانی گەورە و کلێنجەی بچوک کلکی بچوک قاچەکانیش درێژن یارمەتی فرینێکی خێرای ئەدات بەخێودکرێت بەمەبەستی پێشبرکێی مەودای کات بڕین ونامە بردن.

**7-کۆتری یەمەنی:**

ئەم جۆرە ناوازەی کۆترە جیاکارە بەدەنگی خۆش وسەرنج ڕاکێشەکەی قەبارەی بچوکەو بەقەبارەی کۆختیەك ئەبێت بەزۆری ڕەنگی شینە.

**8-کۆتری هاقو یان هەزار مڵ هەزە:**

کوترێک تەواو ئاساییە لەشێوە لەکۆتری خۆماڵی ئەچێ تەنها جیاکارە بە مڵ هەزە هەندێکیشیان بونەتە شێوەیەکی دیارو سەرنج ڕاکێش کلکیان وەک تاوس وایە ئاراستەی پشتە سەری تاکو سەر کلینجەی دێت باڵەکانیشیان لەعەرز ئەخشێێت سینگیان بەرزە.

**9-کوتری تەقلەباز:**

ئەم جۆرە کۆترە ناوی عەمبەری و وەرگیراوەکانی ئەم جۆرە کۆترە زۆرترین ڕەنگی خۆڵەمیشی وتاریک شینە بەڵام رەنگی ڕەشیشی هەیە زیاتر بەمەبەستی تەقلە لیدان و کات بەسەربردن بەخێودەکرێت بەڵام ئاستی فرینی نزمە لە عەمودی کارەبا زیاتر لەسەر ماڵ بەرزنابێتەوە بەڵام توانایەکی ناوازەی هەیە لە یاریکردن سەماکردن هەلسوران کە سەرنجی بەخیوکار بەلای خۆی ڕائەکێشێت بەجموجۆڵی جوان ناوازەکانی.

## هەڵۆ

## Saker

ناوی زانستی (falco cherrug)



یەکێکە لە بەهێزترین ئاژەڵەکانی سەر زەوی و توانای هەیە کێشێک هەڵگرێت کە چوار ئەوەندەی کێشی خۆی بێت.

هەڵۆ چەندین جۆری جیاوازی هەیە و هەریەکەیان جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دیکە بەپێی شوێنی جوگرافی ژیانیان.

هەڵۆ جەستەیەکی بەهێزی هەیە، هەروەها چاوەکانی زۆر دروو‌بینن و ئاسایی نین و نزیکەی یەک ملیۆن خانەی رووناکی تێدایە، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ بینینی نێچیرەکانی و راوکردنیان.

مرۆڤ سێ رەنگی سەرەکی دەبینێت، بەڵام هەڵۆ پێنج رەنگی سەرەکی دەبینێت.

**هەڵۆی ئازاد:**

پێی دەڵێین هەڵۆی ئەفسانەیی، لەلای زۆربەی خەڵکی ناسراوە، ئەم جۆرە هەڵۆیە ڕەنگی زۆرە و جیاوازی هەیە، لاشەی گەورە و پڕە، یەکێکە لە هەڵۆیە هەرە جوانەکان کە بەزۆری لە ناوچەکانی بەلقان و پاکستان دا هەیە، لەلای زۆربەی خەڵکی کەنداوی عەرەبی خۆشەویستە، باشترین جۆری پێی دەڵێن فارسی.

## 2 ـ هەڵۆی قسڵ (الجیر):

ئەو جۆرە هەڵۆیە بەناوبانگە بە ڕەنگی سپی و ڕەش و قاوەیی و خۆڵەمێشی، بە زۆری لە ناوچە جەمسەریەکاندا هەیە، بۆیە ئەم جۆرە لە ناوچە عەرەبیەکاندا ناسراو نیە، تایبەتمەندی ئەم هەڵۆیە ئەوەیە کە زۆر بێ بەزییە بۆ نێچیرەکەی و خێرا و ئازایە بۆ ڕاوکردن. ئەم جۆرە هەڵۆیە بە هەڵۆیە دەگمەنەکان دادەنرێت بۆیە دەست کەوتنی زۆر ئەستەمە، لە وولاتە عەرەبیەکاندا نیە، یەکێک لە خراپیەکانی ئەوەیە کە خاوەنەکەی لە بیر دەکات، بۆیە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم جۆرە هەڵۆیە زۆر ناخۆشە. بۆیە پێی دەڵێن قسڵ لەبەر ئەوەی لە چیای قسلی لەدایک بووە،.

## 3 ـ هەڵۆی پیس (فالکۆن):

پێی دەڵێین هەڵۆی پیسی ئازاد، زۆربەی جار جیادەکرێتەوە بە ڕەنگی سوور، لاشەی بچووکە، خێرایە و بە جووڵەیە.

## 4 ـ هەڵۆی ئاسک:

هەڵۆی ئاسک لە هێزدا بە هەڵۆی شاهین دەچێت، بەڵام لە خێرایدا ناگاتە هەڵۆی شاهین، هەڵۆی ئاسک لە شوێنە بەرزەکان نافڕێ، مریشکی کێوی و مراوی وقاز ڕاو دەکات.

## 5 ـ هەڵۆی هەنگوینی :

بە بچووکی قەبارەی دەناسرێتەوە هەڵۆی هەنگوینی لەکاتی فریندا زۆر بەرز نابێتەوە بەزۆری لەسەر زەوی دەڕوا، بۆیە پێی دەڵێن هەڵۆی هەنگوینی چونکە بە زۆری هەنگی خورما و مێروولە و کرمۆکە و هێلکە دەخوات.

## 6 ـ هەڵۆی شاهین:

هەڵۆی شاهین یەکێکە لە هەڵۆیە هەرە بڵاو و ناسراوەکان لە وڵاتانی عەرەبی و لە هەموو جیهانیش، هەڵۆیی شاهین بە زۆری ڕەنگ و قەبارەی جیاواز دەناسرێتەوە، خێرایەکی زۆریشی هەیە، وە هەروەها ئەم جۆرە هەڵۆیە خێزان و نەوەی زۆرە چونکە زۆر کۆچ دەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

7 ـ **هەڵۆی کوبح:**

ئەو جۆرە هەڵۆیە خاوەنی سەروچاو و شانێکی بچوکە، قەبارەشی بچوکە، ڕەنگی  سوور و زەردی کاڵی هەیە.

**8 ـ هەڵۆی لانەر (الوکری):**

بچووکترین جۆری هەڵۆیە، کلاوێکی سووری لەسەریدا هەیە، هەڵۆی لانەر (وکری) ڕەنگی ڕەشە لە ڕەنگدا بە هەڵۆی شاهین دەچێت.

**9 ـ هەڵۆیی قرموشی:**

بە هەموو ڕەنگەکان بەردەستە، بەڵام خوازراو (داواکراو) نیە لەلای خۆشەویستانی هەڵۆ، لەبەر ئەوەی شێوەی زۆر ڕێک و تەواو نیە، سەری بچووکە و دندوکی درێژە.

**10 ـ هەڵۆی ئاڵا (الیۆیۆ):**

بە بەهێزی و بە تووڕەی بەرامبەر نێچیرەکەی دەناسرێتەوە، دەتوانێ چاودێری نێچیرەکەی بکات تاکو ڕاوی دەکات، ئەگەر هەست بە مەترسی بکات ئەوا هیچ دوو دڵ نابێت لە پەلاماردانی مرۆڤ.

**کەو**

**chukar**

ناوی زانستی (alectoris chukar)



کەو باڵندەیەکی شاخیەوماڵیش ئەکرێت ,کەو بەژنوو باڵایەکی بچوکی هەیە درێژیەکەی (15-20)سم دەبێت سەری کەو (1-2) سم دەبێت چاوی خڕو سوورە دەنوک و قاچی سوورە لە کوردستان کەو زۆر هەیە ، کەو بە پێی سروشتی ئەو شوێنەی تیایدا دەژی ڕەنگی دەگۆڕێت بەتایبەتی ڕەنگی بەردی ئەو ناوچەیە دەگرێت کە لێی دەژی, زۆر بە کەمی لەسەر دار دەنیشێتەوە و خاوەنی دەنگێکی زۆر خۆشە و نرخێکی گرانی هەیە ,لە (10-15) مانگ جوت دەبن کەوی وا هەیە 24 هێلکە دەکات.

**کەو بە پێی تەمەن پۆلێن دەکرێت بەم شێوەیە:**

باڕ= کەوی یەک ساڵە.

شاباڕ =کەوی دوو ساڵە.

خرت=کەوی سێ ساڵە .

سەرە=کەوی (4-5) ساڵ.

پیرە=کەوی پێنج ساڵ زیاتر.

کەو باڵندەیەکی کێویە، ناوە زانستیەکەیەتی (Alectoris Chukar)، خەتێکی ڕەش بەدەوری چاوەکانیەوەیەتی و دەنوکو قاچەکانی سورن، لەخوارەوەی سکو سنگیەوە چەند خەتێکی ڕەش بەدی دەکرێت.

لەسەر نەخشەی جیهان لەچەند شوێنێکی دنیادا بوونی هەیە، بەڵام بەزۆری لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بەربڵاوە، دەنگێکی خۆشی هەیە، بەتایبەت لەبەیانیانێکی زوودا لەگەڵ ئەوەی دەستدەکات بە خوێندنو خۆیشی نمایش دەکات، وە لای شاعیرانی کلاسیکو هونەرمەندانی میللیو ڕەسەن قاسپەی کەو و جوانیەکەی وێناکراوەو ڕەنگی داوەتەوە.

باڵندەی کەو لەناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستانو سەرسنوورەکان هەیە، وەک قەندیلو چۆمانو باڵەکایەتیو شاربازێڕو دۆڵی جافایەتیو پێنجوێنو تەواوی ناوچەشاخاوییەکان.،،

کەو یەکێکە لەو باڵندە کێویانەی کە کەسانێکی زۆر هەن وەک خولیا لەبەخێوکردنی وهەم لەڕاوکردنی چێژ دەبینن، لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لەنێو پەلەوەرەکان مامەڵەی کڕینو فرۆشتن بەباڵندەی کەوەوە دەکرێت، نرخی باڵندەی کەویش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو بەگوێرەی نەوعیەتی باڵندەکە دەگۆڕێت، لە15هەزارەوە دەست پێدەکات تا نزیک ملیۆنێک دینار.

شوێنێک کە بەفرێکی زۆر دەگرێتو ژیانی مرۆڤ دوور بێت لێی، هەروەها هەندێکجار لە پێدەشتو دەشتاییەکانیشدا دەبینرێت، باڵندەی کەو ماڵی دەبێت، بەخێوکردنی ئاسانە، جگە لەوەش ڕاوچیانیش چێژێکی تایبەت لەڕاوکردنی دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگە جوانو ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستان سیمایەکی جوانتریان وەرگرتووە بە بوونی باڵندەی کەو .

**کەناری**



لە ساڵی 1400 زاینی کۆمەڵێک دەریاوانی ئیسپانی لە زەریایی ئەتڵەسی لە دورگەیەک بەناوی کەناری ئەم باڵندەیان دۆزییەوە و هەر بەناوی دورگەکەشەوە ناویان نا کەناری و دواتر بە ئەوروپا و جیهانە بڵاو بوویەوە..

باڵندەی کەناری :- زیاتر لە 200 جۆری هەیە .

کەناری باڵندەیەکی بچوکی زۆر جوانە درێژیەکەی لە نێوان (10-13,5 سم) ئەبێت و

(12- 20 ) گرام قورسە.

♂نێرەی کەناری :- توانای هەیە بخوێنێت و بە دەنگە خۆشەکەی بەناوبانگە و جوڵەی زۆرە و عەجولە.

♀مێیەی کەناری :- کەمتر ئەخوێنی و زیاتر جیکەجیک ئەکات و جوڵەی لە چاونێرە کەم ترە

✓بەگشتی کەناری دابەش ئەکرێ بۆ **سێ** گروپی سەرەکی کە ئەمەش پشت ئەبەستێ بە

1-ڕەنگی کەناری -: کەناری ڕەنگ زەرد ،قاوەیی ، برۆنزی ... , . هتد

2-جۆری کەناری -: شێوەو قەبارەی کەناری.

3-دەنگی کەناری -:بە پێی ئەو ناوچەیەیە کە کەناری یەکەی لێیە وەک ئیسپانی . ئیتاڵی , ڕووسی و ئەمریکی.

☮کەناری کێوی رەنگیان سەوزی زەردباوە

**خواردن:**

سەوزە/میوە / کەتان/هەرزن/شێلم/شادانە/تۆی کاهوو/گێزەر/هێلکەی کوڵاو تەنها سپێنەکەی.

**شوێنی بەخێوکردنی کەناری** :- پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە پاک و خاوێنی شوێنەکە و لەگەڵ پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ  باش وایە پلەی گەرمی یەکەی لە(25 -29) پلە ☀بێت وە ڕێژەی شێ یەکەی 70-50%.

ئەوەی سەرەوە بەشێوەیەکی گشتیە چونکە هەندجار بەپێی جۆری کەنارییە کە ئەگۆڕێ

↩سەبارەت بەتوولەک کردنی کەناری  - :کەناری زوو زوو تولەک ئەکات کە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە بەڵام باش وایە لە کاتی توولەک کردنا باش خزمەت بکرێ و گرنگی تەواوی پێ بدرێ .

کەناری ئەتوانێ لە (1-8) هێلکە بکات.

ماوەی 10 - 15 ساڵیش بژی ئەگەر بارو دۆخەکەی گونجاو بێت بۆی.

**کۆکتێل**

**Cockatiel**

ناوی زانستی (Nymphicus hollandicus)



ئەم باڵندەیە نیشتمانی ئوسترالیایە بەشێوەیەکی کۆمەڵ دەژین و لە کەش و هەوایەکی فێنک دەژین و قەبارەی بەنزیکەی بەقەد کۆترێک دەبێت.

کە درێژی جەستەی،30بۆ 32 سم.

کێشی نزیکەی 95 بۆ 100 گرام.

تەمەنی لە سروشتدا 25 ساڵە بەڵام لە قەفەز تەمەنی کەمتر دەکات.

**خواردن:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەرزن | کەتان | شادان | گەنمە شامی |
| گوڵە بەرۆژەی ڕەش و سپی | | پەتاتە و هێلکەی کوڵاو | |
| گەنمی کوڵاو و گەنمی خوساو | | نانی خوساو | |

میوەو سەوزە وەك:

سێو خاس کەلەرم خەیار جەرجیر سلّق

برۆکلی کێزەر سپێناغ کەرەوز پرتەقاڵ شوتی

*زۆربەی گەڵای دارەکان دەخوات

-------------------------------- شێوازی بەخێوکردن --------------------------------

بەکۆمەڵ و بە تاک بەخێو دەکرێت.

-پێویستی بە شوێنی گەورەیە.

-پێویستە قەفەزی 1مەتر مرەبەع بێت.

ـ دەبێت سیمی قەفەزەکەیان ئەستور بێت چونکە بە دەنوک دەیقرتێنێت.

ـ دەبێت زستان شوێنی گەرم بێت و هاوینان شوێنی فێنک بێت بۆ ئەوەی تەندروست بێت و نەخۆش نەکەوێت.

دانانی ئاو بۆ مەلەکردن لە هاویناندا.

دابینکردنی ڤیتامینات و کالیسیۆم .

حەفتەی دوو جار هێلکەی کولاّویان پێبدات.

پێدانی کەرەوز بۆ حازر بون زۆر پێویستە.

پاک ڕاگرتنی قەفەز بە بەردەوامی و گۆڕینی ئاوی خواردن و ئاوی مەلەکردنیان.

## ------------------------ شێوازی جوتکردن ---------------

تەمەنێک کە گونجاو بێت بۆ جووت بوون لە 10مانگ زیاتر بێت هەشە بەپێی خزمەت دەگۆڕێت هەندێ لە تەمەنێکی زووتر حازر دەبن واتە 7مانگ بەرەو سەرەوە وەک وتمان دەکەویتە سەر خزمەتکردن بەباشترین شێوە.

.جووت بوون لەنێوان خوشک و برا باشنیە،

هەندێ جار کێشەیان نابیت بەڵام باشترە تۆ جوتیان نەکەیت.

مێیە لە 3هێلکەوە بۆ8 هێلکە دەکات.

مێیە لەسەر هێلکە ماوەی 21بۆ 25ڕۆژ لەسەر هێلکە دەنیشێت.

دایک و باوکەی کۆکتێل پێکەوە خزمەتی بێچوو دەکەن.

پێویستە هێلکەی کولاو لەم ماوەیەدا پێیان بدەیت تا بێچووەکان بە زوویی گەشە بکەن.

زۆر سەیر نەکردنی هێلانە و تەماشا نەکردنی هێلکەکان.

دەنگە دەنگی بەرز دەبێتە هۆی ئیزعاج کردنی و نەکردنی هێلکە.

چوار بۆ پێنج حەفتە بێچوو لە هێلانە دێتە دەرەوە.

لەتەمەنی بیست ڕۆژی بۆ ماڵی کردن گونجاوە.

## هەوێردە

## Quail

ناوی زانستی (coturnix cournix)



ئەو باڵندەیە کە کێشی کەمتر لە 500 گرامە و لە تەمەنی 42 ڕۆژیدا دەست دەکات بە هێلکەکردن و نزیکەی بۆ ماوەی شەش ساڵ دەژیت و لە کۆی ئەو تەمەنەشدا ماوەی 3 ساڵ توانای هێلکەکردنی هەیە و لە کۆی 365 ڕۆژی ساڵدا توانای نزیکەی 300 هێلکەی هەیە، وەک توێژینەوەکانی پزیشکی ئاماژەی پێ دەکەن کە هێلکە و گۆشتی هەوێردە لە ڕووی تەندروستییەوە بەسوودە دەوڵەمەندە بە پرۆتین و ڤیتامین و کانزاکان.

ئەگەرچی هەوێردە بە پلەی یەکەم لە وڵاتانی ئەفریقیا و ئەسیوپیا بەخێو دەکرێت بەڵام ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستانیش بیرۆکەی بەخێوکردنی ئەم باڵندەیە هەیە و خاوەنی پرۆژەکەش ئاماژە بە هۆکارەکانی بەخێوکردنی ئەم باڵندەیە دەکات.

**هەوێردە** :باڵندەیەکی بچوک و خنجیلانەیە، سەر بە خێزانی قرقاوڵە (واتە ئەو باڵندانەی لەسەر زەوی هێلانە دەکەن) کەواتە ئەمیش لەسەر زەوی هێلانە دەکات.

.

45جۆری جیاوازی هەیە !!، کە لەهەموو شوێنێکی گۆی زەوی دەژین بێجگە لە (Antarctica) بەستەڵەکی باکور ، بەڵام زیاتر حەزیان بەوشکانییە وەک ئەفریقیا و ئەسیوپیا ، بە ناوبانگترین جۆرەکانی هەوێردەی ئاسایی و ژاپۆنی.

ناوەکەی بە ئینگلیزیQuail .

ناوەکەی بە عەرەبی. السمان ، السلوی.

ناوەکەی بە فارسی. بلدرچین.

ناوەکانی تری لە کوردەواریدا (بەتەک،سەمانەک،فیلەگێژە،قورقرۆک،گیراسو،هەیال، شەلاقە، بەڵام باوترینیان هەوێردەیە وەلە ناوچەی سلێمانی کوڵەفرە .

کێشی کەمتر لە 500 گرامە و باڵای 17 سانتیم دەبێ، پەڕوباڵی بۆر یان قاوەییە

وخەت خەتی سپی لە لەشی هەیە بەتایبەت چاوی هەروەها هەندێ جۆری بەتەواوی

سپییە، لەتەمەنی 42 ڕۆژی دەکەوێتە هێلکە و بەنزیکەیی بۆ شەش ساڵ دەژی ، خواردنی بریتییە لە تۆوی گژوگیاو مێرووەکان.

بەگشتی نێرەو مێیە بەوە جیا دەکرێتەوە کە لەسەر سنگی مێیەکە پەڵەی ڕەشی بچوک هەیە (speckle)نێرەکەش خوار دەنوکی سپییە، وەک وتمان جۆری زۆرە بەڵام چەند دانەیەکیان زۆر جیاوازن وەک هەوێردەی چینی کە ڕەنگاوڕەنگە هەروەها هەوێردەی کالیفۆڕنیا کە پەرێکی تایبەت بەسەرییەوەیەتی و بەرەو پێشەوە هاتووە .

**دکتۆر یوسف بەرزنجی:** "ساڵانە هەر هەوێردەیەک توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی 300 هێلکەی هەیە و بەو پێیەش لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 7 بۆ 8 هەزار هێلکەمان لێی فرۆشتووە و ژمارەی باڵندەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت".

**هەنگ**

**bee**

ناوی زانستی (anthophia)



هەنگ شەش قاچی هەیە لەگەڵ هەوائیەک و لەتواناى دا هەیە 20 ئەوەندەی کێشی خۆی هەڵبگرێت .. هەروەها مێشکی هەنگ لە 250،000 خانە پێک دێت ..

هەنگ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە .. لەنێو کۆمەڵەیەک دەژی کە شاژن حوکمی تێدا دەکات .. خۆراکی سەرەکی هەنگ بریتیە لە شیلەی گوڵ .. کە دواتر دەیکاتە هەنگوین ..

هەنگ یەکێکە لە زیندەوەرە باڵدارەکان کاری سەرەکیان بریتیە لە بەرهەم هێنانی هەنگوین و زیاتر لە 20 هەزار جۆری جیاوازیان هەیە و لەسەرجەم کیشوەرەکانی جیهان بوونیان هەیە تەنها لە جەمسەری بەستەڵەکی باشوور نەبێت، زۆرینەی هەنگەکان بە شێوەی کۆمەڵ دەژین تەنها چەند جۆرێکیان نەبێت کە بە تەنها دەژین و رەفتاریان جیاوازە.

**هەنگوینی هەنگ:**

هەنگ بەیەکێک لە باشترین و گرنگترین زیندەوەرەکانی سەر گۆی زەوی دادەندرێت، چونکە دەبێتە هۆی کوتانی گوڵەکان وبەرهەم هێنانی هەنگوین و سوودێکی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە بەهۆی ئەو هەنگوینەی بەرهەمی دەهێنێت کە خۆراکێکی پێویستە بۆ مرۆڤ و وەک چارەسەریش بەکار دێت بۆ هەندێک نەخۆشی.

## چەند زانیارییەکی سەرنج راکێش دەربارەی هەنگ:

- بەرهەمی هەنگوین دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 150 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا.
- تا گەیشتنی ئینگلیزەکان بۆ ئەمەریکا دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمەریکا هیچ زانیاریەکیان لەسەر هەنگوین نەبوو.
- هەنگی بەرهەمهێنەری هەنگوین لە یەک خولەک 11400جار لە شەقەی باڵەکانی دەدات.
- هەنگ تونای هەیە بۆ ماوەی 12 میل لە یەک کاتژمێر بفڕێت.
- بۆ بەرهەم هێنانی نیو کیلۆ هەنگوین، هەنگەکان دەبێت سەردانی دوو ملیۆن گوڵ بکەن.
- لە هەر گەشتێکی هەنگ سەردانی زیاتر لە 50 بۆ 100 گوڵ دەکات.
- چالاکی شاژنی هەنگ لە هاوینان زیاتر دەبێت و ڕۆژانە زیاتر لە هەزار تا هەزار و پێنج سەد هێلکە دەکات.
- هەنگی کارکەر لە وەرزی زستان گەشتی مەودا کورت دەکات ئەمەش بەمەبەستی خۆ پاککردنەوە.
- خۆراکی هەنگ لە وەرزی زستان بریتیە لەو هەنگوینەی پێشتر بەرهەمیان هێناوە .
- هەنگ لە کاتی سەرما لە دەوری یەکتری کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی گەرمی بە شاژن و بەخۆیان بدەن.
- شاژنی هەنگ تاکە هەنگی مێینەیە کە هاوسەرگیری دەکات و یەکێک لە نێرەکان هەڵدەبژێرێت و تاکە مێینەیە کە هێلکە دادەنێت.
- درێژی گەورەترین هەنگ نزیکەی 20 ملیمەترە و ئەم جۆرەش ناسراوە بە هەنگی زەبەلاح .
- بچووکترین جۆر هەنگ درێژیەکەی لە یەک ملیمەتر تێپەڕ ناکات و بە هەنگی کورتە باڵا ناسراوە .
- قەبارەی شاژنی هەنگ دوو ئەوەندەی هەنگی ئاساییە

**سودەکانی هەنگوین**

هەنگوین بە سەروەری خواردن و خواردنەوەکان دادەنرێت

سوودەکانی هەنگوین چین:

1-یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەرە بە ( 5 ) لیتر شیر.

2- یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەرە بە (26) کیلۆ مۆز.

3- یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەرە بە (60) کیلۆ پرتەقاڵ.

4- یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەە بە  (50) هێلکە.

5- یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەرە بە (11) کیلۆ گۆشت.

6- یەک کیلۆ هەنگوین بەرامبەرە بە (12) کیلۆ سەوزە.

هەنگوینی ئەسڵ تا (2000) ساڵ تێک ناچێت.

***سودەکانی هەنگوین***

1- بۆ مێشک و عەقڵ و زراو و دەمارەکان و کەم کردنەوەی نیشانەکانی پیری بە سودە.

2- بۆ هەوکردن و برینی گەدە و سوتان و هەستیاری ( حەساسیەت) بەسودە.

3- بۆ پرۆستات و میزەڕۆ و ڕۆماتیزم و ئازاری جومگە بەکاردێت.

4- بۆ کردنەوەی ئیشتیهای خواردن باشە.

5- بۆ ڕیخۆڵەو گەدە و مایسیری و کۆلۆن بەسودە.

6- بۆ کەم خوێنی و کەمی ئاسن بەسودە.

7- بۆ ڕێک خستنی سوری مانگانەی ئافرەت بە سودە.

8- بۆ نەخۆشی شێرپەنچە بەسودە.

**وشتر مر نەعا مە**

**ostrich**

ناوی زانستی (Struthio camelus )



جۆرێکە لە باڵندەی گەورە کەناتوانێ بفڕی،زێدی ئەسڵی ئەفریقا یەو ڕۆژهەلاتی ناوەراست،بەلام ئیستا لە زۆر شووێنی سەرزەوی بڵاو بۆتەوە،بەهۆی ڕاوکردنی بێ ویژدانەوە ژمارەیان زۆر کەمی کردوە،جۆرێکی تر لە وشتر مر لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسایا هەیە.

نێرەی وشتر مر نزیکەی 100-150 کیلۆگرام دەبێت، و بەرزی لە (2.4 تا 2.5 ) مەتر زیاترە،وشتر مر بەوە ناسراوە کە قاچی زۆر بەهێزە و دەتوانێ بەخێرایی 60کیلۆمەترزیاتر لە کاتژمێرێکدا رابکات و خێرایەکەی بۆ ماوەی نیوسەعات بەردەوامبێ بەهەمان گوڕ،تەنها باڵندەیە کە دو پەنجەی هەیە لەقاچەکانیدا، دریژی پەنجەکانی 18 سم دەبێ.

ژێر پێ وەک سمی ئاژەڵی لێهاتوە تاکو یارمەتی ڕاکردنی بدات، لەکاتی شەڕدا وەک تاکە چەک بەکاری دەهێنێ بۆ بەرگری لەخۆی ،باڵەکانی نزیکەی دوو مەتر درێژن بۆ کاتی زاوزی و جوت بون سودیان لێ دەبینێ هەروەها بۆ پاراستنی بێچوەکانی لەگەرما و تیشکی هەتاو هەروەها تاکە باڵندەیە کە میزی بەجیا دەکات و تێکەڵ بە ڕیقنەکەی نابێت.

**خواردن:**

خواردنی وشتر مر بریتیە لە سەوزی ، گژو گیاو ، گوڵ بەری دار ،هەندێ جار خشۆکەکانیش دەخوات (مشک ،مارمێلکە،بۆق،،هتد)،هەروەها بەشیوەیکی زۆر زیخ و لم و بەردی ورد دەخوات بۆ یارمەتی هاڕین و هەرسکردنی خۆراکەکەی،جاری واهەیە نزیکەی یەک کیلۆ زیخ لە گەدەی وشتر مراد هەیە، جۆرێکی دەگمەن لە وشتر مر ی ئەفریقی ددان و کەڵبەی هەیە و گۆشت خۆرە بۆیە زۆر بەترسناک دائەنرێ بەرامبەر هەموو زیندەوەرەکانی تر،

بەڵام لەکاتی بەخێوکردنی لە کێڵگەدا پێکهاتەی خۆراکی وشتر مر پێوست دەکات بەم چەشنە بێت هاوسەنگ و تەواو خۆراکی ( شەوەر، گەنمەشامی .هاڕاوەی فول سۆیا 44% ی پرۆتینە،فۆسفاتی کالسیۆم.بەردی جیری،تێکەڵەی خوێی کانزایی و ڤیتامینەکان (پریمیکس)، مولاس و میپایۆنین و ڕیشاڵی خاو 10% ،کالسیۆم 2.25% ئەمە دەبێتە هۆی قەلەو بون و بەرهەم هێنانی گۆشتو هێلکە و هتد.

**زۆربوون:**

نێرە لەگەڵ چەندین مێینەدا ژیان بەسەردەبات ،نێرە لەسەر زەوی هێلانەیەک دروست دەکات کەمێک جاڵ دەبێت، ئینجا چەندین مێینە هێلکەی تێدا دائەنێن ( سێ تا پێنج مێینە) هەر مێینەی نزیکەی 10 هێلکەی تێدا ئەکات،،کێشی هەر هێلکەیەک دەگاتە

1-1.5 کیلۆگرام،( 25 ئەوەندەی هێلکەی مریشکە ) تیرەکەی بەباری درێژیدا 15 سم دەبێت بەباری پانیدا 13 سم ە، ڕەنگیان زەرد باوە ، شێوەی بازنەیی دەرئەکەوی ،توێکلی ئەستورە و کونی هەوایی گەورەی تێدایە، نێرەو مێینە بە نۆرە لەسەری کڕ دەکەون،( نێرە بەشەوان و مێینە کانیش بەڕۆژدا) تاکو هێلکەکان گەرم بن و سارد نەبنەوە بۆ ماوەی (5-6) هەفتە واتە دەگاتە چل ڕۆژ زیاتر .

پاش هەڵهێنانی بەچکەکان ،و تەمەنیان گەیشە مانگێک دەتوانن بەخێرایی رابکەن وەک دایکو باوکیان.

لەوەرزی زستاندا وشتر مر بەتەنیا یان بەجوتە دەبینرێن، زۆربەی کات لەگەڵ پۆلی ئاژەلاندا دەگەڕێ و کۆچ دەکات،بەڵام لەوەرزی زاوزێو زۆربوندا تێکەل بە هاو رەگەزەکانی دەبێت و بەشێوەی گەلە وشتر مر دەبینرێن

وشتر مر زو زوو سەری دەکات بە ژێر خۆڵ و لمدا ،بەمەبەستی دڵنیا بون لە هێلکەکانی کاتێ دایان ئەنێ دەیان کات بەژێر خۆلەوە یان لمەوە.تاکو دڵنیا بێت لە مانیان

.بەلام هەندێ کەس وا لێک ئەدەنەوە کە وشتر مر لەکاتی ترسدا سەری دەکات بەژێر لمەوە.

دەڵێن ڕادەی بیستنی وشتر مر لەژێر زەویدا زیاترە لە سەر زەوی و کەهەوادا خوا ئەو هەستەی پیداوە کە دەزانێ دەنگ زووتر لەناو مادە رەقەکاندا دەگوازرێتەوە تا لەهەوادا و ئەمەش بەکار دەهێنێ بۆ کاتی ترسو هێرش کردنی دڕندەکان بۆ سەریان،بۆیە دەتوانین بڵێن لەکاتی ترسدا زۆر خێرا رادەکات و بە پەنجەکانی قاچی بەرگری دەکات و نێرەی وشتر مر دەنگێکی ترسناکی هەیە لەکاتی ترسو جەنگدا لە زاری دێتە دەر وەک نەڕەی شێر وایە.

هەروەها کاتێ ملی دەکات بەناو خۆڵ و لمدا شێوەی دەگۆڕێ دەڵێی جۆرە درەختێکە ئەویش بۆ سەرلێشێواندنی دوژمنەکانیەتی.

سەرەرای بەرزی وشتر مر، مەودای بینینی زۆر کورتە بۆ سەروە ،،بەلام هەستی بیستنی زۆر بەهێزە ، هەر بۆیە هەست دەکات بە لەرینەوەی زەوی کاتێ کەسێک یان گیان دارێکی دڕندە بەرو رووی بێت ،بۆیە یەکسەر دەس دەکات بە هەڵهاتن بەرو ئەو ئاراستەیە کە دور دەکەوێتەوە لە خەتەر و هەڕەشە.

**بەخێوکردنی وشتر مر:**

بەخێوکردنی وشتر مر دەرکەوتوە کە زۆر سود بەخشە و قازانج هێنە،ئێستا لە زۆربەی دەولەتان بە شێوەی کێڵگەی وشتر مر بەخێو دەکرێ بۆ مەبەستی بەدەس هێنانی (گۆشتەکەی،،پەڕ،تویکلێ هێلکە ،خوێن، ئیسقانەکەی و پێستەکەی ) پێستەکەی زۆر بەهێزە و لەزۆر بواری ئابوریدا بەکار دەهێنرێ،گۆشتەکەی تامی گۆشتی گوێرەکەی هەیە و چەوری و کۆلیسترۆڵی کەمە،

سێ جۆر وشترمر ماڵی بەخێوە دەکرێن هوانیش(وشترمری ئەفریقی مل ڕەش ،و مل شین و مل سور)

1-وشتر مری ئەفریقی مل سور ،زۆر گەورەیە و درەنگ باڵغ دەبێ بۆ زاوزی جاری وا هەیە دەگاتە 5-6 ساڵ و هێڵکە کەم دەکات (15-20 هێڵکە) و ڕێژەی هەڵهێنانی بەچکەکانی زۆر کەمە (6-8) بەچکە هەڵ دێنێ لەساڵێکدا،

زۆر عەسەبیە  و هارو هاجە کاتێ مرۆڤ دەبینێ ،خۆی دەدات
بەهەمو  بەربەستێکدا،بۆیە  بەکەمی ماڵی کراوە  و  لەکێڵگەکاندا بەکەمی بەخێو دەکرێ

2- وشتر مری مل شینی ئەفریقی  بچکۆلەیەوە بۆ کاری لێکۆڵینەوە زاوزێ بەکاردێ

3 -وشتر مری جۆری ئەفریقی  مل ڕەش  لەو جۆرانەیە کە ماڵی دەکرێت و لەکێڵگە دا بەخێو دەکرێ و سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەم هێنانی گۆشتە لەزۆربەی ولاتانی ئەفریقی،زوو بالغ دەبێ ( مێینە کان بەتەمەنی 18 مانگ  پێ دەگەن و دێنە هێلکە، لەساڵێکدا نزیکەی 50 -100 هێلکە دەکەن)  ڕۆژی نا ڕۆژێ  هێڵکە دەکەن و ماوەی چل ڕۆژ بەسەریەکەوە،پاشان لەهێلکە دەجێتەووە  دوای ماوەیەک دەس پێ دەکاتەوە  ئەگەر ژیانی و خواردنی باش بێت، نێرەکان بەتەمنی 24 مانگ پێدەگەن دەتوانن بپەڕن،  وشتر مر باڵندەیەکی تەمەنداره  واتە تەمەنی بەرهەم هێنانی دەگاتە 40 -50 ساڵ،، وە نزیکەی 75 ساڵ دەژی.

**پەڕی وشتر مر بڵاوترین و نایابترین پەڕە لەسەرئاستی جیهان، بەکاردێ بۆ پاکردنەوەی تەپوتۆز پێش بۆیاخکردنی شوێنەکان هەروەها بۆ پاکردنوەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان  لەتەپو تۆز پێش داخستنیان،بۆ جوانکردنو ڕازاندنەوە ی شوێنە راقیەکان، جاران بەکار دەهێنرا بۆ ڕازاندنەوەی کڵاو ی  دەوڵەمەندان،لەساڵێکدا دوجار دەتوانی پەڕی لێ بکەینەوە،

لەئێستادا بازرگانی بە پەری وشتر مر کەم بۆتەوە چونکە ئەو جۆرە جلو بەرگ و کلاوانە بەکار نایەت، وشتر مر لەساڵێکدا (1.8-2.5) کگم  پەڕ بەرهەم دەهێنێ  کە دەکرێ بەسێ جۆر پەر پۆلێنیان بکەین   (پەرێ درێژ کە نزیکەی 40سم دەبێت...پەڕی مامناوەندی کەدرێژیەکەی نزیکەی 22 سم زیاتری هەیە،،پەڕی کورت کە لە 20سم کورترە)،باوترین پەڕی وشترمر پەڕە سپیەکەی کلک وباڵی نێرەیە

**بەڵام پێستەی وشتر مر  بە  نایابترین  و گرانترین پێست ئەژمار دەکرێ  لەسەر ئاستی جیهان زۆر نەرمو شلە،بۆیە بەکار دەهێنرێ لە دروستکردنی جلو بەرگ،دەسکێشی پیاوانەو ژنانە،،جانتای ژنان،پێڵاو

**ئەسپ**

**Horse**

ناوی زانستی (equus ferus caballus)



یەکێکە لەگیاندارە شیردەرەکان، کە لەزۆربەی وڵاتاندا گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەیەو بۆ کاری ڕۆژانەبەکاردێت وەك گواستەوەی کەسەکانو ڕاکێشانی شتومەك.

ئەسپەکانی جیهان هەمەجۆرن و لەشێوەو خێرایی و تواناادا جیاوازیان هەیە، نزیکەی 400 جۆر دەبنو لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

ئەسپ بەیەکێك لەکۆنترین گیانلەبەرەکانی سەرزەوی دادەنرێت، یەکێك لەو شتانەی ئەسپ لەگیاندارەکانی تر جیادەکاتەوەو سەرنج ڕادەکێشێت بەژنو باڵاو شێوەی لەشییەتی، هەروەها مووەکەشی  درێژو خاوە ئەمە جگە لەچاوەکانی، کە گەورەو ناوازەن گلێنەی چاوی قەبارەی نۆ گلێنەی چاوی مرۆڤی هەیە.

هەروەها کێشی لەنێوان 380 بۆ 550کگم دەبێت، تەمەنی ئەسپ لەنێوان 25 بۆ 30ساڵ دەبێتو خێراییەکەی 64 کیلۆ مەترە لەسەعاتێکدا

قەفەسەی سنگی ئەسپی عەرەبی بە بەهێزترو پانتر دادەنرێت لەچاو ئەسپی وڵاتانی تر، بۆیە بەباشترین جۆری ئەسپی جیهان دادەنرێت.

ئەسپەکان لەژێر شەویلگەی خوارەوەیاندا ئامێرێکی ساردکەرەوەیان هەیە، کە دەکەوێتە ئەملاو ئەولای سەروەو لەدوو بۆری پێکدێن بۆ ساردکردنەوەی مۆخی ئەسپەکە لەکاتی ڕاکردنێکی زۆردا ئەمەش بەڕادێتەری سەیارە دەچوێنرێت کاتێك هەوای بەردەکەوێك لەکاتی جوڵەی ئەسپەکەدان.

خاوەنی پێنج دڵەو لەبەشەجیاوەزەکانی لەشیدایە، کە قەبارەی نزیکەی 10 پاوند(4.53kg) دەبێت، هەروەها بڕبڕەی پشتی بەشێوەیەکی زۆر وردو بەهێز دروستکراوە، کە توانای هەڵگرتنی بارێکی قورسی هەبێتو سەری نێرەکانیان بەشێوەیەکی گشتی لەمێیەکان گەورەترەو ئەگەر کلکی ئەسپەکە ببڕدرێت ئەوا دەبێتە هۆی مردنی، لەمەش سەیرتر کاتێك ئەسپەکە بەتەمەندا دەچێت زیاتر ددانی سپی دەبێتەوە، هەروەها قەبارەی دەماخی ئەسپ لەقەبارەی ددانی بچووکترە.

**بە شێوەیەکی گشتی:**

قەبارە : درێژی نزیکەی 1.6 مەترە ( هەتا شانەکانی).

کێش : لەدەوری 700 کیلۆگرامە.

خۆراکی: گژوگیا و چەوەندەری تەڕ و وشک و گەڵاکان و تۆیەکان دەخوات.

شوێنی بڵاوبوونەوی: لە هەموو شوێنێکی جیهان.

لە ڕابردوودا مرۆڤەکان ئەسپیان بەکاردەهێنا بۆ هەموو جۆرێکی کشتوکاڵ، لەو کاتەدا پێویستیان بە ئەسپانێک بوو کە بەهێزبن و توانای ڕاکێشانی گالیسکە و کەلوپەلی کوشتوکاڵیان هەبێت. بەڵام ئێستا لە کێڵگەکان ئەسپی چالاک و مایین و بێچووەکانیان دەبینین کە تەنها بۆ سوارچاکی و پێشبڕکێ بە کاردێن. مێیینە پێی دەگوترێ مایین، وە نێرینەش پێی دەگوترێ ئەسپ، وە بێچووەکانیان پێیان دەگوترێ جوانوو، وا گوتراوە کەوا ئەسپی عەرەبی لە باشترین ئەسپەکانن بۆ پێشبرکێ.

## چاودێریکردنی ناڵەکان:

ناڵەکانی ئەسپ پێک هاتوون لە ماددەیەکی ئێسکی کە وەکو نینۆکەکانی مرۆڤ گەشە دەکات، بۆیە دەبێت لەکاتی خۆیدا پاک بکرێنەوە و قەڵەم بکرێنەوە، ناڵەکان دەپارێزرێن بە بەکارهێنانی ئاسن چونکە زۆر هەستیارن.

## جوانوو :

زۆربەی جار مایین تەنها یەک جوانووی دەبێ دوای هەر سکپڕیەک، بێچووی ماینەکە هەر دوای لەدایک بوونی هەوڵی ئەوە دەدات کە لەسەر قاچەکانی بووەستێت، بەڵام هەندێک جار لەو کارەی سەرکەوتوو نابێت، تەنها دوای چەند کاتژمێرێک لە لەدایک بوونی دەتوانێ ئەوە بکات و دوای دایکی بکەوێ، بۆ ماوەی شەش مانگ دایکەکە شیری پێدەدات، وە

هەروەها بێچووەکەش دوای سێ مانگ لە لەدایک بوونی هەڵدەستێت بە خواردنی گژوگیا

**ئەگەر ئەسپ توورە بێت** :ئەوا گوێیەکانی بەرەو پشتەوە دەبات وە لێوەکانی دەچەمێنێتەوە تاوەکو ددانەکانی دەردەکەوێت.

بەڵام ئەگەر دلخۆش بوو ئەوا کلکی بەرە و سەرەوە بەرز دەکاتەوە.

### ئایا ئەسپ بە راوەستان دەخەوێت؟

یەکێکە لەو پرسیارانەی کە بە مێشکی مرۆڤ دادێت، بەڵێ ئەسپ لە توانای دا هەیە بە وەستاوی و پاڵدانەوە بخەوێت، ئەمەش بۆ ئەوە حاڵەتە تایبەتە دەگەڕێتەوە کە ئەسپ هەیەتی ئەویش بوونی تۆڕێکی ماسولەکەیی و ئێسک یە کە وەک سیستەمێک کاردەکەن بۆ هەڵواسینی کێشی جەستە بێ ئەوەی ماسولکەکان تووشی پاڵەپەستۆ یاخود ماندووبوون بێن، لەو کاتەی ماسولکەکانی پێشەوە پشوو دەدەن بەتەواوەتی ئەوا دەمارەکانی رانی قاچی پشتەوە ڕێگە دەگرن لە خۆ نووشتاندنەوە، هەروەها ئەسپەکان هیچ هێزێکی ئەوتۆ سەرف ناکەن لە کاتی نووستن، چونکە قاچەکانی بەشێوەی داخراو دەمێنێتەوە تا کاتی خەوەکەی تەواو دەبێت، زۆرینەی ئەسپەکانیش بە راوەستان دەخەون، پزیشکانی ڤێتەرنەری دەڵێن شتێکی ئاسایی نییە ئەسپەکان بۆ ماوەی یەک مانگ بە وەستاوی بە بێ جوولە بمێننەوە، چونکە کێشیان زۆرە و ئێسکەکانیان هەندێک لاوازە، هەرەها گەر بۆ ماوەیەکی زۆر بەیەک شێواز مایەوە ئەویش تەنها وەستان بوو ئەوا تووشی گرژی ماسولکەکان دەبێت، هەروەها بەرای پسپۆران بواری ئەسپ، ، چونکە یارمەتی ئەسپەکان دەدات، بە پێچەوانەوەی مرۆڤەکان ئەسپەکان پێویستیان بەخەوی زۆر درێژ نییە، بەڵکو رۆژانە چەند جارێک دەخەوێت و هەر جارەی بۆ ماوەی 15 خولەک زیاتر نابێت، رۆژانەش ئەسپەکان زیاتر لە 15 کاتژمێر بە وەستانەوە دەبەنە سەر .

## سەگ

## Dog

(canis lupus familiaris) ناوی زانستی



یەکێکە لە دیارترین ئەو گیانلەبەرانەی لەگەڵ مرۆڤدا تێکەڵاوی هەیە و لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا دەژی، سەگ بە ئاژەڵێکی وەفادار دادەندرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیرەک و بەتوانایە، ئەمەی خوارەوە هەندێک لە تایبەتمەندیەکانیەتی.

توێژینەوەکان سەلماندویانە کە سەگەکان بەتوانان لە خوێندنەوەی هەستی کەسەکان لەڕێگەی دەربڕینی ڕوخسارەو و دەنگ و زمانی جەستەوە، هەربۆیە کەسێک بترسێت یان مەبسەتێکی خراپی هەبێت یاخود باش ئەوا لای خۆیانەوە دەزانن و پێشتر ئامادەگی بۆ وەردەگرن.

سەگ ئاژەڵێکی زیرەکە و زانیاریەکان وردەگرێت و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت بۆی، دەتوانێت زیاتر لە 200شتی جۆراوجۆر بناسێتەوە و لە مێشکیدا بیهێڵێتەوە.

– توێژینەوە نوێکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو سەگانەی ماڵین و لە ماڵاندا دەژین تەمەڵترن لە سەگەکانی دەرەوە، چونکە مرۆڤەکان کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەن و لەسەر ئەوە ڕادێن، نەک ئەوەی خۆیان هەوڵی چارەسەری بدەن.

ژمارەی سەگەکان لە جیهاندا زیاترە لە 900میلۆن کە نزیکەی 24٪ی ئەو ژمارەیە سەگی کێوین و لەگەڵ مرۆڤدا ناژین.

سەگەکان بونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و حەزدەکەن لەگەڵ گروپدابن. هەر بۆیە زۆر بە وەفان بۆ خاوەنەکەیان چونکە نایانەوێت ئەو گروپە لەدەستبدەن، بەهۆی ئەو وەفا زۆرەی کە بۆ خاوەنەکەیان هەیانە لە کلتوری ڕۆژئاوادا بە "باشترین هاوڕێی مرۆڤ" ناودەبرێن.

سەگ کلکی بەکاردەهێنێت بۆدەربرینی هەستەکانی.

- ئەگەر دلخۆشبێت، کلکی دەجولێنێت (جولە جولی پێدەکات).

- ئەگەر گومانی لەشتێک کرد یان بەگرنگی و بەوردی چاودێری شتێکی کرد کلکی ڕێک رادەگرێت.

- ئەگەر بترسێت کلکی دەخاتە ژێر خۆی.

- ئەگەر خاوەنەکەی ببینێت، کلکی دەخاتە سەر پشتی.

ئەگەر تووڕە بوو کلکی بەشێوەیەکی ڕێک لەپشتەوە درێژ دەکات.

سەگ و پشیلە خەون دەبینن، جاری واهەیە سەگ نالە دەکات یان هاوار دەکات لەکاتێکدا نووستووە، جاری واهەیە کلکی دەجوڵێنێت و جولە بە پێیەکانی دەکات هەروەکو چۆن بلێیت دەروات، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کەوا شەردەکات یان یاری دەکات. سەگە بێ کەلکەکان زۆر دەخەون، بەڵام لەکاتی گوێبیست بوونی دەنگێکی نامۆ ئەوا بەهێزێکی زۆرەوە پاز دەدەن.

### سەگی هاوشار(سەگی پشدەر):




سەگی هەوشار لەبەهێزترینو ڕەسەنترین ئەو سەگانەیە، کە لەکوردستان بەخێودەکرێن، ڕەچەڵەکەکەیان بۆ ناوچەی "پشدەر" دەگەڕێتەوە لەباکووری خۆرهەڵاتی سلێمانی، هەر لەبەر ئەووشە هەم سەگی پشدەرو هەم سەگی هەوشار-یشیان پێدەوترێت ئەم سەگە زۆر بەهێزەو باڵایەکی بەرزی هەیەو یەکێکە لەسەگە دڕەکان، زۆربەی کات بۆ کاری شوانی بەکاردەهێنرێت لەبەر ئەوەی بەئاسانی دەتوانێت ڕووبەڕووی گورگ ببێتەوە، هەرچەندە ئێستا لەزۆربەی شارەکانی کوردستان هەیە، بەڵام پشدەر نیشتمانی راستەقینەیەتیو جۆرە زۆر دەگمەنو تایبەتەکەیان هەر لەوێ ماون بەڵام هەندێك لەم سەگانە توخمیان زۆر تایبەتە خاوەنەکانیان ئامادە نین بەهیچ نرخێك بیانبەخشن.

هەندێك وەك خولیاو هەندێکی تر بۆ پارە پەیداکردنو بەشێکیش بۆ شەڕپێکردن ئەم سەگانە بەخێو دەکەن.

## پشیله

## Cat

ناوی زانستی(felis catus)



یەکێکە لە ئاژەڵە شیردەرەکان و ناسراوە بە جوانی و نەرمی تووکەکانی و دوو جۆری سەرەکی هەیە، پشیلەی کێوی و پشیلەیماڵی .

لە ئێستاشدا لە ناو کۆمەڵگەی خۆشمان خەڵک ڕووی لە بەخێوکردنی ئاژەڵی پشیلە کردوە بەهۆی ئەوەی قەبارەی بچووکە و شێوەی جوانە، پشیلە ئارەزوی لە یاری کردن و ڕاکردن هەیە و کەشێکی خۆش لەماڵەوە دروست دەکات و پاسەوانێکی باشە بۆ ڕاوکردنی مشک

پشیلە یەکێکە لە ئاژەڵانەی کە ڕۆژانە دەیبینین و جاری واش هەیە لەسەر بانی ماڵەکەمان چەند بێچوویەکی دەبێت و زۆربەمان لێیان نزیک دەبینەوە سۆزێکمان بۆ بێچووەکانی هەیە و هەندێک کەسیش پشیلە وەک ئاژەڵی ماڵی بەخێو دەکات، .

**دووگیانبوونی پشیلە:**

ماوەی دوو گیانبوونی پشیلە دوو مانگ و چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و لەنێوان 62 تا 63 ڕۆژ دەبێت، و لەماوەی ساڵێکیش پشیلە بۆ چەند جارێک زاوزێ دەکەن .

پشیلە لە چەند ماوەیەکی دیاریکراوی ساڵ زاوزێ دەکەن و ئەم کاتانەش نێرە و مێینەی پشیلە ئارەزوویان بۆ یەکتری زیاتر دەبێت و ئەم کاتانەش بریتین لە سێ مانگی یەکەمی ساڵ و ئەوە ماوەیەی پێی دەگوترێت (شەبەق) و سێ رۆژ تا دوو هەفتە دەخایەنێت، هەروەها زۆرینەی پشیلەکان لە مانگی تەمموز زاوزێ دەکەن .

پشیلە لە کاتی دوو گیانبوونی لە دوای شوێنێکی هێمن دەگەرێت و کاتێ دەزێت ژمارەی بێچووەکانی لە نێوان 3 تا 5 بێچوو دەبێت .

بۆ ماوەی دوو مانگ یا زیاتر پشیلەی دایک سەرپەرشتی بێچووەکانی دەکات و دواتر پشت بەخۆیان دەبەستن.

ئەگەر پشیلە توورەبێت یان بترسێت ئەوا پشتی دەچەمێنێتەوە (قوس)، تاوەکو قەبارەکەی گەورەتر دەربکەوێت.

بەڵام ئەگەر دڵخۆش بوو پشتی جێگیر دەکات.

پشیلە زمانی بە مووەکانی دادەهێنێت (دەیلێسێتەوە) ئەمەش تەنها بۆ ئەوە نیە کە خاوێنی بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاوەکو ڤیتامین (Bو ماددەی لیسیتین) بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش هاوسەنگی گرژی دەمارەکانی بۆ دەپارێزێت.

رادەی بینین لەلای پشیلە زۆر بەهێزە بەتایبەتی لەشەوان , هەروەها لەتوانای دا هەیە گوێ لە دەنگەکان بێت لە مەودایەکی فراوان , هەتا ئەو دەنگانەی کە لەسەرووی ئاستی بیستنن.

**بەراز**

**Pig**

ناوی زانستی(Sus scrofa)



بەراز گیانلەبەرێکی شیردەرە کە لە دەشت و دەر و زەڵکاوەکاندا دەژیین. مێیەی بەراز پێی دەوترێت ماڵۆزە یان مالۆس و نێرەکەی پێی دەوترێت یەکانە .نێرینەی بەراز گیانلەبەرێکی دڕە و زۆر جار خەڵکی بە هۆی پەلاماری یەکانە تووشی برین دەبێت. هەروەها بەراز زیيان زۆر دەگەیێنێت بە باخەوانان چونکە ئەچێتە ناو باخ و ڕووەکی ناو باخەکە تێک دەدات و هەڵی دەکەنێت و زۆری لێ دەخوات بۆیە باخەوانان پێیان خۆش نیە ئەگەر بەراز لە نزیک باخەکانیان پەیدابێت.

**زیانەکانی گۆشتی بەراز:**

- بەراز گۆشتی وەک گۆشتی مرۆڤ وایە ،واتە ناتوانرێت ببرژێنرێت چونکە دەتوێتەوە،تەنهالەڕێگەیی کولاندنەوە ئامادەدە دەکرێت ئەویش لەپلەیەکەیی گەرمی زۆر بەرز

.لەشوێنی پیس بەخێو دەکرێ،ئەمەش دێتە هۆیی ئەوەیی کە گۆشتەکەشی لەماددەیی زۆر زیان بەخش پێک بێ

## سمۆرە

## squiirrel

ناوی زانستی (sciuridae)



سمۆرە گیانلەبەرێکی شیردەری قرتێنەرە، بەزۆری لەسەر درەختەکان دەژی (سمۆرەی درەخت)، کلکێکی درێژ و مووداری هەیە، چاوی ڕەش و فراوانە گوێی کەوانەی یە، لاشەیان باریک و درێژکۆڵەیە، هەندێکیان لەسەر درەخت ناژین پێان دەوترێ سمۆرەی زەوی، کلکیان کورتە، هەندێ لە سمۆرە درەختییەکان دەتوانن لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر باڵ بگرنەوە بفڕن و ، نزیکەی 500 مەتر هەڵ دەفڕن.

سمۆرە لە کەرتی ئاسیا، ئەمریکای باکور ، ئەمریکای باشور و ناوەراست، کەرتی ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، هەروەها لە ئەفریقاش هەیە بەڵام بە جۆری جیاوازتر.

### خواردن:

خواردنی سمۆرەکان بریتیە لەگوێز وبندق، بەڕوو ، جۆرەها میوە، هێلکەی باڵندەکان، دارکی درەخت، چرۆی درەخت، گوڵ و بەری دارو درەخت (تووا) ، گوڵەبەڕۆژە، هەموو جۆرەکانی تۆم (تۆو) ،مێروو، کرم، سمۆرە ناسراوە بە گوێز خۆر، هەموو جۆرەکانی تواناى گوێز شکاندنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا جۆرەها خواردن دەشارنەوە لە کلۆری دار و ژێر زەوی دا، وە بیرەوریەکی زۆر بەهێزیان هەیە و دەتوانن بچنەوە سەر خواردنە شاراوەکە، دەتوانین بڵێن هەموو جۆرەکانی سمۆرە لەم جۆرە خواردنانە دەخۆن کە باسمان کردووە زیاتریش، تێبینی دەکرێت زۆر جار سمۆرە کان لەو دارستانەن دا بونیان هەیە کە نزیکن لە دانیشتوان، تا بەئاسانی خواردنیان دەست بکەوێ.

## مێملّی سمۆرەکان:

زۆر جار دەبێتە نێچیری واشە و هەلّۆ، بایەقوش ، ڕێوی، بەوەرز، بۆنکە، مار، سەگ، پشیلە ، مرۆڤ، لە دێر زەمانەوە سمۆرە لەلایەن مرۆڤەکانەوە ڕاو دەکرێ بۆ گۆشتەکەی و جوانی فەروەکەی ، سەرباری نەخۆش کەوتنی.

هێلانەی سمۆرە لە کلۆری دار، یان لەسەر چلّی درەختەکان بەچیلکە و گەلّا هێلانە دەکات، هەندێ جاریش کۆنە هێلانەی باڵندەکان بەکار دەهێنێ، سمۆرە لەو گیانەوەرانەیە کە لەگەڵ مرۆڤدا هەڵدەکات و مالّی (لینی) دەکرێت.

سمۆرەکان ڕەنگی(خۆڵەمێشی، بۆر، سوری خەنەیی، ڕەش، سپی، ڕەنگاوڕەنگ) هەیە، بەپێی جۆرو شوێنی ژیانیان ڕەنگەکان دەگۆڕێن. سمۆرە چرنووکی زۆر تیژ و ماسولکەی بەهێزی دەست و قاچ و سکی هەیە ، یارمەتی هەڵبەزین و دابەزین و زۆر بەئاسانی هەڵسوراندنی لاشەی ئەدات لەسەرچلّی درەختەکان و شوێنە بەرزەکان دا، هەروەها هەندێ سمۆرە توانای مەلەکردنی هەیە، توانای بینین و بیستن و بۆنکردنی زۆر بەهێزە، کۆمەڵێ هەستەوەر لەسەر دەمووچاویەتی (مووی لووت) لەخوار و سەرووی چاوی،لەسەر گوێی ، لوتی، وە لەسەر باسکەکانیەتی ، بۆ هەستی بەرکەوتن.

سمۆرەکان دەتوانن لە سەر زەوی و درەختەکان باز بدەن و بەهۆی چنگیانەوە خۆیان بەدرەختەکاندا هەڵواسن، لەسەر زەوی دەتوانێت بەدرێژایی (15-20) پێ باز بدات، هەروەها کلکی یارمەتی هاوسەنگی ئەدات لەکاتی بازدان لە چلّێکەوە بۆ چلّێکی تر، هاو کات وەک پۆشاکێک بۆ گەرمکردنەوەی لەشی و پشتی بەکار دێت. ووشەی (Sciurus) گریکیە، پێک دێت لە دو برِگە (skiasci سکیا واتا کلک ) و (ئۆرا oura بەواتای سێبەر) واتە گیانلەبەرێک لەژێر سێبەری کلکیدا دائەنیشێ .

سمۆرە گیانەوەرێکی ڕۆژ گەڕە ، یان دەتوانین بڵێن بەیانیان زوو و ئێواران چالاک دەبێت، خۆی لەگەرمای نیوەڕۆ دەپارێزێت و دەرناکەوێ، هەندێکیشیان لە زستاناندا دەچنە باری متبوونەوە و دەرناکەون.

سمۆرە بەعەرەبی پێ دەلێن (سنجاب) بە فارسی ( سنجاب ، سردە) ، ناوی زانستی Sciurus سکیورس یان سکیورێل squirrel

## زۆربون و زاوزێی سمۆرەکان:

زۆربەی سمۆرەکان لە سەرەتای مانگی یەک یان کۆتایی دوانزە (زستان) جوتگیری دەکەن (Mating) و لە وەرزی بەهاردا دەزێن، بەچکەی بێ تووک و کوێریان دەبێ، ساڵانە یەک جار زاوزێ دەکەن، هەندێ جاریش دوجار زاوزێ دەکەن، بەتایبەت ئەو دایکانەی کە شارەزاو لێهاتوو قاڵبوی ژیان بێت، دووەم زاین دەکەوێتە وەرزی هاوین مانگی (تەمووز،ئاب) ، خواردنی باش و ژینگە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زاوزێ، ماوەی سک پڕی نزیکەی (44-45) ڕۆژە، بەچکەی سمۆرەی ماڵی "10" هەفتە شیر دەخۆن، بەڵام سمۆرەی کێوی (6) هەفتەیە، دوای دوانزە "12" هەفتە لە هێلانە دێنەدەرەوە خۆیان دەگەڕێن.

بە لانەی سمۆرە دەوترێ (Drey) سمۆرەی مێینە لەدوای ساڵێک زیاتر(ساڵێک و سێ مانگ) پێ دەگات و سکوزا دەکات، هەندێکیشیان کەمترە لەساڵێک واتە بە پێی جۆری سمۆرەکان جیاوازە ، مێینە سێ جوت (6) دانە چڵ گوانی هەیە نێرەی سمۆرە لە نیوان (1-2) ساڵ پێ دەگات بۆ پەڕین ، لەکاتی وەرزی زاوزێ مێینەکان جۆرە بۆنێکیان هەیە کە سەرنجی نێرەکان رادەکیشێ، بەوجۆرە هەر نێرەیەک دڕ و ئازابێت دەتوانێ مێینەکە بۆ خۆی ببات دوای ڕاکردنێکی زۆر بەشووێنی دا ، نزیکەی یەک کاتژمێر دەخایەنێ تا کۆنترۆڵی دەکات و لەگەڵی جووت دەبێت ، سمۆرەی ماڵی(20) ساڵ دەژی ، یان ئەوانەی لە قەفەزدان، بەڵام سمۆرەی کێوی کەمتر دەژی بەهۆی مەترسی ڕاوکردنی لەلایەن دوژمنەکانیەوە. سمۆرەکان بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتردا کۆمەڵێ دەنگی جیاوازیان هەیە، لەکاتی تووڕە بوون وشەڕدا دەنگی تایبەتیان هەیە وەک مرەمرِی سەگ، یان لەکاتی ترس و ئازاردا وەک کەروێشک دەزریکێنن، هەندێ دەنگی تریان هەیە لەکاتی جوت بون و زاوزێ ، یان دایک بانگی بێچووەکانی دەکات کە دەنگێکی نەرمە، یان دەنگی تایبەت بە کاتی ئاگاداربوونەوە و خۆ پاراستن لە مەترسی........هتد

## ژوژک

## Hedgehog

ناوی زانستی (erinaceinae)



یەکێکە لە ئاژەڵەکانی گرووپی شیردەر، بێچووی دەبێت و و شیریان پێدەدات و قەبارەشی بچووکە.

دوو گوێی بچووکی هەیە لەگەڵ دەمێکی بچووکی لاکێشەیی و ملی زۆر کورتە و بە چاو نابیندرێت و قاچەکانی زۆر بچووکن.

بەشی پشتی ژوژک بە هەزارەها دڕک داپۆشراوە ئەمەش دەیپارێزی لە دوژمنەکانی، ئەم دڕکانەش بریتین لە مووی ووشک کە داپۆشراوە بە مادەیەک پێی دەگوترێت (کیراتین).

لەکاتی وەرزی زستان ژوژک پەنا دەباتە بەر نووستن و لەو ماوەیەش چەوری لەشی خۆی بەکار دەهێنێت وەک خۆراک.

لەوەرزی بەهار جارێکی دیکە دێتە دەرەوە لە شوێنی خۆی و لە وەرزی هاوین دەست دەکات بەگەڕان بە دوای خۆراک و زاوزێ کردن، هەرچەندە ژوژک لە دەشتەکان دەژییت بەڵام توانای مەلەکردنیشی هەیە و بەسەر دارەکانیش دەکەوێت بۆ ئەوەی بگاتە خۆراک.

ژوژک ئاژەڵێکی بچووکە و کێشەکەی بەشێوەیەکی گشتی لە 700 گم تێپەڕ ناکات، بەڵام قورسترین جۆری ژوژک، ژوژگی رۆژئاوای ئەوروپایە کە کێشەکەی دەگاتە1,1کگم. درێژییەکەشی لە نێوان 14-30 سم دەبێت.

ژوژگ لە زۆرینەی کیشوەرەکانی جیهان بوونی هەیە .

## خۆراکی ژوژگ:

ژوژگ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی چالاکییەکانی بەشەو ئەنجامدەدات و لە کاتی رۆژدا لە ژێر گەڵای رووەکەکان خۆی حەشار دەدات و هەندێک جاریش پەنا دەباتە بەر کەلێنی بەردەکان.

کاتێـــک شـــەو دادێـــت ژوژگ لە شـــوێنەکەی خـــۆی دێـــتە دەرەوە و بەدوا خـــواردن دەگەڕێـــت، خواردنەکانیشـــی بـــریتین لە کرمـــی ژێـــر زەوی و ســـەر زەوی و سیســـرکە و قـــــالۆچە، هەروەهـــــا هەنـــــــدێک جـــــۆرە رووەکـــــیش دەخـــــوات .

ژوژگ لە توانای دا هەیە ڕێژەیەکی زۆر ژەهر بخوات بێ ئەوەی کاریگەری لەسەری دروست بکات و هەندێک جاریش ژوژگ دووپشک و مارمیلکە و بۆق و ئاژەڵە خشۆکەکان دەخوات.

جگە لەمانەش ژوژگ مشکی بچووکیش دەخوات لەگەڵ هێلکەی هەندێک باڵندە و رووەک و بەرهەمی جۆراوجۆر.

# شێر

## Lion

ناوی زانستی (panther leo)



ئاژەڵێکی گەورەیە لە بنەچەی پشیلەکانە و یەکێکە لە پشیلە گەورەکان کە دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی پڵنگ ، کێشی نێرەی شێر نزیکەی 250کیلۆگرامە، زۆربەی شێرەکانی جیهان لە کیشوەری ئەفریقیا دەژین هەندێکیشیان کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە لەکیشوەری ئاسیا دەژین لە ویلایەتی گۆجرات لە باکووری خۆرئاوای هیند . لەکۆنەوە شوێنی ژیانی شێر زۆر فراوان بوو بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکووری ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، و خۆرئاوای ئاسیا، بەڵام چەند سەدەیەکە مەترسی لەناووچونی لەسەرە، شێر لە گرنگترین شیردەرەکانی سەرزەوییە لە دوای مرۆڤ، چونکە لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفریقیا بەدی دەکرا هەروەها ناوچەکانی ئۆراسیا و خۆرئاوای ئەوروپا تا دەگەیشتە هیندستان هەروەها لەهەردوو کیشوەری ئەمەریکا.

تەمەنی شێر بەگوێرەی ڕەگەزەکەی جیاوازی هەیە، مێینەی شێر کە لە دارستانە پارێزراوەکان دەژین وەک دارستانی کرۆگەری نیشتمانی تەمەنیان دەگاتە نزیکەی 12 تا14 ساڵ، بەڵام نێرەی شێر تەمەنی لە 8 ساڵ تێپەر ناکات مەگەر بەدەگمەن نەبێت. بەڵام هەندێک بەڵگەنامە هەیە دەریدەخات کە مێینە شێر تەمەنی گەیشتووتە 20 ساڵ .

شێر بەشێوەیەکی گشتی لەناوچە گیاییەکانی ساڤانا دەژیت بەڵام هەندێک جاریش لە دارستانەکان بەدی دەکرێت، شێر ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگە گەر بەراورد بکرێت بە جۆرەکانی دیکەی رەگەزی پشیلەیی، ئەو شێرانەی پێکەوە دەژین پێیان دەگوترێت (دەستە یا کۆمەڵە) و پەیوەندی نزیکایەتیشیان هەیە زیاتر لە لایەنی مێیەکانەوە ئەوانیش پێکهاتوون لە ( خوشکەکان، دایکەکان، پوورەکان، داپیرەکان) و هەندێک لە بەچکە شێر و نێرەکانیان.

شێوازی راوکردنی شێر زیاتر بەکۆمەڵە، کاری سەرەکی راوکردنیش زیاتر مێیەکان دەیکەن وزیاتر بەدوای ئاژەڵی گەورە دەگەڕێن و کەمتر راوی بچووک دەکەن، شێر لە دڕندە بەهێزەکانە و سەرەکییەکانە و هیچ ئاژەڵێکی دیکە ناتوانێت راوی بکات هۆکارێکیشە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئاژەڵەکان، هەرچەندە شێر مرۆڤ بەنێچیری خۆی دانانێت و زۆرجاریش خۆ لێ بەدوور دەگرێت بەڵام هەندێک وا روویداوە شێر مرۆڤی راوکردووە ئەمەش بەدەگمەن بووە.

شێر یەکێکە لەو ئاژەڵانەی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە چونکە ژمارەیان بەرێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە تا وای لێهاتووە لەماوەی 20 ساڵی رابردوو رێژەی کەمبوونەوەیان بگاتە 30 تا 50 %، ئەوانەی ئاواتی مانەوەشیان هەیە زیاتر لەو جۆرانەن کە لەناوچەی دارستانە پارێزراوەکان دەژین، بەڵام هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی ژمارەی شێرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو ململانێیە دەگەرێتەوە کە لەنێوان مرۆڤ و شێردا هەیە .

لە کۆندا و لەسەردەمی ئمپراتۆریەتی رۆمانی شێر لە پێشانگای دڕندەکان نمایش دەکرا و تائێستاش ئەم کارە بەردەوامە تا وای لێهاتووە شێر بووەتە ئاژەڵی سەرەکی لە زۆربەی باخچەی ئاژەڵانی جیهان، ئێستا زۆربەی باخچەکانی ئاژەڵان لە جیهان هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ زۆرکردنی ژمارەی شێرەکان بەتایبەتی جۆرە ئاسیاییەکەی کە مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێت لەڕێگەی زاوزێکردنی زۆرەوە.

زۆر بەئاسانی دەتوانی مێینەی شێر لە نێرەکەی جودا بکەیتەوە تەنها لەڕێگەی بینینەوە چونکە نێرەی شێر سەری بە تووک داپۆشراوە بەڵام مێینە ئەم جۆرە توکەی نییە، سەری نێرەی شێر لە بەناوبانگترین دروشمەکانی ئاژەڵانی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە چونکە لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی و پەیکەرەکان و وێنەکان و ئاڵایەکان بەدەرکەوتووە بەم دواییەش لە فیلمە بەناوبانگەکان بەدەردەکەوێت، زۆرجاریش وێنەی نێرەی شێر بەکار دەهێندرێت و مەبەستیش لێی رەگەزە سەرەکییەکەیە.

جگە لەنێرەی شێر زۆرجاریش مێینەی شێر لە نووسینەکان بەدەردەکەوێت بەتایبەتی سەرەتاکانی دەرکەوتنی وێنە و نووسین و زۆرجاریش ئاماژەی پێکرابوو وەک نموونەی ئازایەتی لە راوکردن و هەندێک جاریش وەک دایکی جەنگاوەر کە خاسیەتەکانی نەرم ونیانی بەرامبەر بە بەچکەکانی و توانای لە ناوبردنی دوژمنە گەورەکانی لەیەک کاتدا تێدا کۆدەبووە، زۆربەی کارەکانی راوکردنی بە کۆمەڵ، مێینەی شێر ئەنجامی دەدات و هاوکارییەکی بەتین و داڕێژراو لەنێوانیان هەیە بۆ گەیشتن بەنێچیرەکان و زۆربەی جاریش رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پرۆسەی ڕاوکردندا.

هەزاران ساڵ بەر لەئێستا ئاماژە بە مێینەی شێر کراوە کە بە کۆمەڵ راودەکەن و دێرینترین نووسراو و وێنە لە ئەشکەوتی لاسو و شوفی لە فەرنسا دۆزرانەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆتایی چاخی بەردینی دەگەڕێتەوە.

زۆرجار لەدەقە دێرینەکانی پشیلە گەورەکان ئاماژەیان پێکراوە کە ئەمانە پڵنگن بەڵام دوای ووردبوونەوە لەم دەقانە دەرکەوتووە ئەمانە مێینەی شێرن چونکە کلکیان بە موو بووە ئەمەش لە بنەماڵەی پشیلەکان تەنها شێر هەیەتی بۆیە کاتێک لەو وێنانە ئەو جۆرە ئاژەڵانە بەدەردەکەون و تووکی سەریان نییە ئەوا بێگومان ئەو ئاژەڵانە مێینەی شێرن، و بوونی خاڵیش لە سەر پیستەی ئەم پشیلانە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەمانە پڵنگن، چونکە بەچکە شێریش هەندێک خاڵی لەسەر پێستەی هەیە.

# گورگ

## Wolf

ناوی زانستی (canis lipus)



گورگ یەکێکە لە بەهێزترین گیانداری شێوە سەگ, درێژی گورگ نزیکەی 2 مەتر دەبێ و کلکی نیومەترە, بەرزی هەردوو شانی نزیکەی 60 تا 80 سم دەبێ کێشی لە نێوان 12 تا 80 کگم دەبێ و شەویلکەکانی زۆر بەهێزن بەپێی لێکۆلینەوەکان توانای تیکشکاندنی 1500پاوەند بۆ هەر سم2 یەو 42 ددانی هەیە بەکەڵبەکانیەوە. لەنێوان 16 تا 20ساڵ تەمەنیەتی و دەژی, زانا و پسپۆرانی بواری گیانداریی وای باس دەکەن، کە سروشتێکی دڕندانەو ترسناکی هەیە توانای خواردنی مەرو مالات و گاو گۆتال و تەنانەت مرۆڤیشی هەیە .لەنێوان 16 تا 20ساڵ تەمەنیەتی و دەژی, زانا و پسپۆرانی بواری گیانداریی وای باس دەکەن، کە سروشتێکی دڕندانەو ترسناکی هەیە توانای خواردنی مەرو مالات و گاو گۆتال و تەنانەت مرۆڤیشی هەیە. دەڵە گورگ یا مێینەی گورگ 63 تا 65ڕۆژ ئاوس دەبێ و لە نێوان 3 تا 8 توتلەی دەبێ زۆر لە گورگی نێر درترو ترسناکترە بە عەرەبی، چەند ناوێکی هەیە وەک (سەرحانە, عەسقەلەو سنداوە)ی پێدەڵێن. یەکێکی تر لەسیفەتەکانی گورگ زۆر خێرایە لە ڕاگردن و توانای ڕاکردنی زۆرە بۆ چەند کاتژمێرێک بەپێی زانیاریەکان

هەربۆیەشە لەکاتی پەلامارو هێرشەکانی توانای 20 هەلگرێ و لەکاتی ڕاودا خێراییەکەی دەگاتە 65کم/ لەکاتژێرێک و ڕۆژانە 12 تا 16 کاتژمێر چالاکی دەنوێنن.

گورگ هەرگیز کەلاکی بۆگەنیو ناخوات ..

لە بنەماڵەی شێرەکانە و بەپاشاکان بەناوبانگن ..

.لەنێو گورگەکان هاوسەرگیری مەحارم نییە , واتا گورگی نێرە هاوسەرگیری لەگەڵ دایک و خوشکی خۆی ناکات .

گورگ لەنێو خۆیان زۆر بە وەفان ،چونکە نێرەی گورگ تەنها یەک جار هاوسەرگیری دەکات و قەت ناپاکی لە هاوسەرەکەی ناکات ،هەروەها گورگ هەموو منداڵەکانی خۆی دەناسێتەوە , چونکە ڕەچەلەکیان دیارە و لەیەک دایک و باوکن ..

لەکاتی مردنی یەکێک لە دوو هاوسەرەکە ،ئەو گورگەی ماوەتەوە ، ماتەمینی دادەنێت بۆ ماوەی سێ مانگ تا ساڵێک و زۆربەی جارەکانیش خۆی دەکوژێت ..

کوڕی گورگ پێی دەگوترێت کوڕە باشەکە،چونکە یەکێکە لەو ئاژەڵانەی زۆر لەگەڵ دایک و باوکی باشە تا دەگەنە قۆناغی پیری و ئەو کاتەی دایک و باوکەکە توانای ڕاوکردنییان نامێنێت ،لەو کاتەدا بێچووەکانیان کاری ڕاو کردن دەکەن و خواردن بۆ دایک و باوکیان دەهێنن ..

کاتێک نێرە یان مێینەی دەگاتە قۆناغی هاوسەرگیری ،پێویستە لەسەری مێگەلەکەی خۆی بەجێ بهێلێت و بچێت لە شوێنێکی دیکە هاوسەر بۆ خۆی بدۆزێتەوە و خێزان پێک بهێنێت ،چونکە دایک و باوکەکە ڕێگە نادەن لەنێو مێگەلەکە حاڵەتی هاوسەرگیری ڕوودات ..

## مار

## Snake

ناوی زانستی (serpentes)



لەو جۆرە خشۆکانەیە کە پێیان نییە و جەستەیان بەشێوەیەک لە پولەکە داپۆشراوە , پولەکەکانی بەشی خوارەوەی جەستەی دەیپارێزی لەکاتی خشینی و یارمەتیدەر بۆ جووڵەی , مار بەشێوەیەک تواناى ئەوەی نییە گوێبیستی ئەو دەنگانە بێت کە بەهەوا تێپەڕ دەبن بەڵام دەتوانێ لەرەلەری دەنگەکانی بە چەناگە و خانەکانی بۆنکردنی سەر زمانی وەربگرێت ...

نزیکەی 3000 جۆر مار هەیە لەسەر تاسەری جیهان , مارە گەورەو زەبەلاحەکان کە درێژییان دەگاتە نزیکەی 7 مەتر لەتواناى دا هەیە گۆلکێکی گەورە بکوژێت و قووتی بدات , هەروەها مار هەیە درێژیەکەی لەقەلەم دارێک تێپەڕ ناکات , هەندێک لەمارەکان لە دەریاکان دەژین و هەندێکیان لەسەر زەوی هێلانە لەناو ناخی زەوی بۆ خۆیان دروست دەکەن , هەروەها هەندێکیان لەسەر دارەکان دەژین .

وەک خشۆکەکانی دیکە مار پشت بە تیشکی خۆر دەبەستێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی پلەی گەرمی جەستەی رابگرێت, ئەمەش وایکردووە زۆربەی مارەکان لەناوچە گەرمەکان و کەمەرییەکان بژین بەتایبەتی ئەو ناوچانەی شێدارن.

- مار ددانەکانی بۆ جووین خواردەن بەکارناهێنێت تەنها بۆ گرتنی نێچیرەکانی بەکار دەهێنێت..

- مار زمانێکی درێژی هاوشێوەی چەنگاڵی هەیە , بەکاری دێنێت بۆ بۆنکردنی شتەکان..

- ماری کۆبرا لەتوانای دا هەیە بە یەک گەزە , ژەهر لەنێیرەکەی بکات کە ئەو ژەهرە توانای هەیە لەیەک کات 20 کەس بکوژێت .

ماری (الاێلە) Snake pythons یەکێکە لەدرێژترین مارەکانی جیهان، ئەم جۆرە مارانە زیاتر ئاژەڵی بەقەبارە گەورە راودەکەن کە قەبارەیان دەگاتە قەبارەی پشیلەی ماڵان ...

.............................

- هەندێک جۆرە مار وەک ماری گیایی دەتوانێت خۆی دەرباز بکات بەوەی خۆی وانیشان دەدات کە مردووە ..

- مار پێلوی چاوی نییە، بەڵام چاوەکانی دەپارێزرێن بە رووپۆشێکی شەفاف ..

- زۆربەی مارەکان جۆرە هێلکەیەک دەکەن کە خۆراکە بۆ بێچووەکانیان..

................................................

ماره ژەهراوییەکان:

کۆبرا لەماره ژەهردارەکانه و لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی پان بوونەوەی سەریتی و ئەو پێستەی دەیپارێزی لەگەڵ ئەو ماسولکانی پشت سەری

مارەکانی کالبوا و بایسونی گەوره دەتوانن بۆ ماوەی یەک مانگ بەرگەی بێ خۆراکی بگرن

.



**دووپشک**

scorpion

ناوی زانستی (scorpiones)



بەشێوەیەکی گشتی دووپشک بەرپرسە لە کوشتنی 800 تا 2000 کەس لە ساڵێکدا، لەبنەڕەتدا دووپشک لە بنەماڵەی جاڵجالۆکەییەکانە و لە ئێستاشدا زیاتر لە 1200 جۆری جیاوازی هەیە و تەنها لە وڵاتی میسر زیاتر لە 376جۆری هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی دووپشک لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە و هەشت قاچی هەیە و غودە رژێنەکەی (ژەهرەکەی) دەکەوێتە کلکی کە لەشێوەی دەرزییەکە و بەم شێوەیەک بە قوربانیەکە وەدەدات .

**نیشانەکانی پێوەدانی دووپشک :**

ئاوسانی زمان، بەزەحمەت قسەکردن، هاتنە خوارەوەی لیک و چڵم بەشێوەیەکی بەردەوام لە دەم و لووت، نیوەی جەستە تووشی ئیفلیجبوون دەبێت .

**چۆنیەتی خۆپاراستن:**

زۆربەی چالاکیەکانی دووپشک لە شەودایە و بەرۆژ جموجۆڵیان کەمە، لەبەر ئەمە گەر گومان هەبوو ئەو شوێنەی لێی دەژی دووپشکی هەیە ئەوا پێویستە شوێنی نووستنەکەت خاوێن بکەیتەوە و ئەو شتانە کە لەسەر زەوییە بە وریایی بەکاری بهێنی .

یەکێک لەو حاڵەتانەی رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە بە تایبەتی لەناوچەی دەشتەکان و شاخاوییەکان و لەهەندێک لەگەڕەکە نوێیەکانی شارەکان ئەوەیە دووپشک پێیان وەدەدا، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە شارەزایان دەڵێن پێوەدانی دووپشک زۆر مەترسیدار نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەسانێک هەن بەهۆی ئەم پێوەدانە گیانیان لەدەستداوە لەبەر ئەمە دەبێت مرۆڤ بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتە بکات و بەخێرایی چارەسەر وەربگرێت، لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر نیشانەکانی پێوەدانی دووپشک دواتر لە بابەتی داهاتودا باس لە چۆنیەتی خۆ پاراستن لە پێوەدانی دووپشک دواتریش لە کۆتا بابەتدا باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە دەخەینە روو.

**نیشانەکانی پێوەدان دووپشک :**

1.ئەو مرۆڤەی دووپشک پێی وەداوە ترسێکی زۆری لێ دەنیشێت و رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت.

2. بەشێوەیەکی گشتی جەستەی لاواز دەبێت و هەناسەدانی خێرا دەبێت.

3. رشانەوە و لەرزینی بەردەوام.

4. چاوەکانی تووشی کێشە دەبن لە بینین.

5. مرۆڤەکە تووشی سک ئێشە و سکچوون دەبێت.

6. لێدانی دڵی خێرا دەبێت و ماسولکەی دڵی لاواز دەبێت.

7. شوێنی پێوەدانەکە وەک گرێیەکی گەورەی لێدێت.

8. ئەندامانی جەستەی مرۆڤەکە بە شێوەیەکی گشتی لاواز دەبن.

9. پێستی مرۆڤەکە شین و مۆر دەبێتەوە .

10. پاڵەپەستۆی خوێنی مرۆڤەکە زۆر دادەبەزێت و هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکات.

## چۆنیەتی چارەسەرکردنی پێوەدانی دووپشک:

1.پێویستە ئەو کەسەی دووپشک پێوەی وەداوە هێور بکرێتەوە و شڵەژانەکەی کەم بکرێتەوە، هەروەها نابێت زۆر جوولە بکات بۆ ئەوەی ژەهرەکە لەتەواوی جەستەی بڵاونەبێتەوە.

2. پێویستە شوێنی پێوەدانەکە خاوێن بکەینەوە بە ئاوی سارد و پاککەرەوەی پزیشکی(معقم).

3. کاربکەین لەسەر ڕێگری کردن لە گەیشتنی ژەهرەکە بەناوچەی دڵ .

4. نابێت شوێنی پێوەدانەکە بریندار بکرێت بۆ دەرهێنانی ژەهرەکە.

5. نابێت ژەهرەکە بمژیت بۆ ئەوەی نەچێتە لەشی کەسی دیکە.

6. پێویستە بە زووترین کات کەسە تووشبووەکە بگەینیتە نەخۆشخانە بۆ وەرگرتنی چارەسەری.

7. دوای پێوەدانەکە وا باشترە سێو بخۆیت بۆ ئەوەی باری تەندروستیت باشتر بێت.

8. دەتوانی ئەو پێکهاتەیە دروست بکەیت و لە شوێنەی برینەکەی بدەیت پێکهاتەکەش بریتیە لە (خوێ و شەکر و دوو دەنکە خورما) و تێکەڵی یەکتریان بکەیت بۆ ئەوەی ژەهرەکە بمژێت.

**فیل**

**Elephant**

ناوی زانستی (loxodonta)



شیردەرێکی گەورەیە و لەبنەماڵەی فیلەکانە و خەرتومدارە، فیل دوو جۆری هەیە ، فیلی ئەفریقی و فیلی ئاسیایی، هەرچەندە هەندێک بەڵگە دەڵێن فیلی دارستانەکانی ئەفریقیا و فیلی ناوچە گیاییەکان دوو جۆری جیاواز لەیەکترین، زۆربەی فیلەکانی جیهان لە ئەفریقیا بڵاوبوونەتەوە بەتایبەتی لە باشووری بیابانی گەورە و هەروەها لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، فیلە تاکە رەگەزی خەرتومدارەکانە کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، جۆرە لە ناوچووەکانیش وەک مامۆس و سەناجات، فیل گەورەترین ئاژەڵە کە لەسەر رووی زەوی دەژی، چونکە نێرەی فیل بەرزییەکەی دەگاتە نزیکەی4 مەتر (13 پێ) و کێشەکە دەگاتە 7000 کگم (15000) رەتل و ئەم ئاژەڵە چەندین تایبەتمەندی هەیە وەک ئەو خەرتومە درێژەی هەیەتی و بۆ چەندین کاری گرنگ بەکار دێنێت، هەروەها ددانەکانی درێژ دەبن تا وەک کەڵبەی لێ دێت، فیل دەتوانێت خەرتومەکانی وەک کەرستەی قوڵ کردن و یاخود وەکو چەکێک لە دژی دوژمنەکانی بەکاری بێنێ، هەروەها فیل دوو گوێی گەورەی هەیە و ئەمەش یارمەتی دەدات لە پارێزگاریکردن لە پلەی گەرمی لەشی، فیلی ئەفریقی پشتیان

چەماوەیە و گوێیان گەورەیە بەڵام فیلی ئاسیایی گوێیان بچووکترە و پشتیشیان زیاتر ڕاستترە.

فیل ئاژەڵێکی گیا خۆرە و لەچەندین ژینگەی جیاواز دەژی وەک ناوچەکانی ساڤانا و دارستانەکان و بیابانەکان و زۆنگاوەکان، هەروەها فیل ئارەزوو دەکات لەو ناوچانە بژیت کە ئاوی تێدایە، فیل یەکێکە لەرەگەزە سەرەکییەکانی ئاژەڵان و کاریگەری لەسەر دەوروبەری خۆی هەیە، پارێزگاری لەناوچەی خۆی دەکات و هەروەها ئاژەڵەکان پارێزگاری لە دووری خۆیان لەگەڵ فیل دەکەن، هەروەها فیل لەو ناوچانە دووردەکەوێتەوە کە ئاژەڵە مەترسیدارەکانی لیێیە وەک شێر و پڵنگ و کەمتیار و سەگی بەرەڵا هەرچەندە ئەم ئاژەڵە گۆشت خۆرانە زیاتر پەلاماری بەچکە فیلەکان دەدەن، هەروەها مێیەی فیل ئارەزوو دەکات لە کەشێکی کۆمەڵایەتی بژییت وەک ئەوەی مێیەک لەگەڵ بەچکەکانی دەژی یاخود لەگەڵ چەند مێیەک و بەچکەکانیان دەژین، هەروەها ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن مێینە بەتەمەنەکە سەرکردایەتی دەکرێن ئەویش ناسراوە بە (دایکە حاکم)، فیل ئارەزوو دەکات لەگەڵ چەند گروپێک بژییت و ئەو گروپانە ئاوێتەی یەکتری دەبن لە یەک کۆمەڵە، نێرەکانی لەکاتی باڵغ بوون کۆمەڵەکە جێدەهێڵن و دوور دەکەونەوە لە گروپەکە یاخود لەگەڵ چەند نێرەیەکی دیکە دەژین، دواتر ئەو نێرانە لەگەڵ گروپی دیکە تێکەڵ دەبن و بە دوای زاوزێ دەگەڕێن کاتێک دەکەونە ناو حاڵەتی هۆرمونی تستوستیرون و شەرانگێزی کە ئەویش بە بۆگەن بوون ناسراوە، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ زاڵ بوون و سەرکەتن لە کرداری زاوزێ کردن، بەچکەکان جێگەی بایەخی گروپە خێزانیەکەنن و پشت بەدایکەکانیان دەبەستن بۆ ماوەی سێ ساڵ، فیل نزیکەی 70ساڵ دەژیت لە دەشتەکان، فیل لەرێگەی بەریەک کەوتن و بینین و دەنگەوە پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن، چونکە ئەوان شەپۆلی ژێر دەنگ بەکاردێنن بۆ پەیوەندییە درێژەکان، کاتێک بەراوردی زیرەکی فیل کراوە بە شیردەرەکانی

دیکە دەرکەوتووە فیل زیرەکییەکی خۆرسکی هەیە و هەست و سۆز دەردەبڕن لە کاتی مردنی یەکێک لە ئەندامەکانیان.

فیلی ئەفریقی پارێزبەندی بۆ نەکراوە لەلایەن یەکێتی نێو دەوڵەتی پارێزگاری لە سروشت، لەکاتێکدا فیلی ئاسیایی یەکێکە لەو جۆرە ئاژەڵانەی مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، راوکردنی نایاسیی فیل زیاتر بۆ عاجەکەیەتی ئەوەش گەورەترین مەترسییە لەسەر ژیانی ئەم کارەش لە کیشوەری ئاسیا بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووتەوە، لەکاتی خۆی فیل بۆ شەڕکردن بەکاهێندراوە، بەڵام ئێستاکە زیاتر لە نمایشەکان وەک سێرک و باخچەی ئاژەڵان نیشان دەدرێت، فیل لە زۆربەی چیرۆک و فۆلکلۆری دێرین و رۆشنبیری گەلان بەدەرکەوتووە.

# زەڕافە

## Giraffe

ناوی زانستی (giraffa camelopardalis)



زەرافە تەنها لە کیشوەری ئەفریقیا هەیە، هەروەها بەرزترین ئاژەڵیش نییە وەک لەناو خەڵکی باوە بەڵکو کرمی بۆتلاس درێژترین زیندەوەرە، زەرافە گوێی زۆر سووکە و زۆر تیژ بینە و خاوەن بەهێزترین دڵە لە نێو شیردەرەکان، بەڵام زەرافە دەنگی زۆر نزمە کە مرۆڤ ناتوانێت گوێ بیستی بێت، بۆیە خەڵکی پێیان وایە لاڵە، خێرایی زەرافە دەگاتە 48کم لە یەک کاتژمێر و ماوەی20 تا-25 ساڵ دەژیت بەڵام ئەگەر لەباخچەکانی ئاژەڵان بێت ئەوا تەمەنی دەگاتە 28 ساڵ، زەرافە سەر بە پۆلی (زەرافیاتە ) لە نێو ئەوپۆلەش تەنها زەرافەی ئەلاکاب ماوە .

### تویکاری و پێکهاتەی زەرافە :

هەرچەندە کێشی زەرافە 536 کیلۆگرام یا زیاترە بەڵام بەرزییەکەی دەگاتە 18 پێ، زەرافە 7 بربڕەی هەیە لەملی و ئەوەش هەمان ژمارەی بربڕەکانی شیردەرەکانە وەک مرۆڤ، دڵی زەرافە خوێن ڕەوانەی سەری زەرافە دەکات لەو کاتەی سەری نەوی دەکات بۆ ، ئەگەر زەرافە

ویستی خۆراک لەسەر زەوی بخوات یا ئاو بخواتەوە پێویستە لەسەری قاچەکانی پێشەوەی لەیەک دوربخاتەوە، زەرافە زۆر خێرایە و لەکاتی پێشبرکێ ئەسپیش ناتوانی رکابەری بکات، بەڵام بەهۆی بچووکی سییەکانی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر رابکات، قاچەکانی زەرافە درێژن بەڵام بەهێزن ئەوەش یارمەتی داوە بۆ ئەوەی خێراییەکەی بگاتە 48کم لە یەک کاتژمێر.

زەرافە توانای هەیە 68 کیلۆگرام پەلک و لقی دارەکان بخوات، خۆراکی سەرەکی بریتیە لە لق و پۆپی داری ئەکاسیا و زەرافە بەهۆی بەرزی بالای بەئاسانی دەگاتە بەرزی دارەکان بۆ بەدەست هێنانی خۆراکی، زمانی زەرافە نزیکەی 18 گرێیە و بەهۆی ئەو زمانەوە دەتوانێت بەئاسانی رووخساری خۆی لە مێشوولە پاک بکاتەوە.

## زاوزێکردنی زەرافە:

نێرەی لەتەمەنی 4 ساڵی و مێیەی لەتەمەنی 3ساڵی دەگەنە تەمەنی بالغ بوون، ماوەی سکپڕی زەرافە دەگاتە 14 تا15 مانگ و تەنها یەک بێچووشی دەبێت، زەرافە بەوەستانەوە دەزێت و بێچوەکەی بە تورەگەوە بەردەبێتەوە سەرزەوی هەر کاتێک تۆرەگەکە تەقی منداڵەکەش دێتە دەرەوە بەرزیەکەی نزیکەی یەک مەتر و8 سم دەبێت، دوای چەند کاتژمێرێک بێچووەکە توانای هەستانەوەی دەبێت و بۆماوەی یەک ساڵ شیری دایکی دەخوات بەڵام دواتر دەست دەکات بە خواردنی گەڵا و لق و پۆپی دارەکان، بێچوەکە زۆربەی کاتەکانی لە ژێر پارێزگاری دایکی دایە کە دەیپارێزی لەهێرشی دڕندەکانی وەک شێر و پڵنگ و کەمتیار .

## بەرگری و شەڕانگێزی زەرافە:

زەرافە یەکێکە لەو گیاندارانەی توانای هەیە بەرگری لەخۆی بکات و بەهێزترین دوژمنی زەرافە شێرە و زەرافە توانای هەیە بەسەر شێر زاڵ بێت بەتایبەتی لەرێگەی لێدانی جووتە

کە دەبێتە هۆی شکاندنی کەلەی سەر و بڕبڕەی پشتی شێر یا هەر ئاژەڵێک هەوڵبدات هێرشی بکاتە سەر، بەڵام زەرافە لەنێو خۆیاندا یاسایەکیان هەیە ئەویش لەکاتی شەڕی زەرافەکان لەنێو خۆیاندا نابێتە بە جووتە لێک بدەن چونکە دەبێتە هۆی مردن، بۆیە لەکاتی شەڕی نێوخۆیان تەنها بەجەستە لێک دەدەن.

**نووستنی زەرافە:**

زەرافە کورتترین ماوەی نووستنی هەیە لەنێو شیردەرەکان، ئەویش ماوەی 20 خولەک تا دوو کاتژمێرە، و لەماوەی 24 کاتژمێر سێ جار دەخەوێت.

**چۆنیەتی پەیوەندیکردن:** زانایان وایانلێکدابووەوە کە زەرافە هیچ دەنگێک دەرناکات و بەڵام بەپێی توێژینەوە نوێیەکان دەرکەوتووە، زەرافەکان لەنێو خۆیاندا پەیوەندیی بەیەکتری دەکەن لەرێگەی شەپۆلی ژێرەوەی دەنگ و مرۆڤ ناتوانێت گوێبیستی ئەم دەنگە بێت.



**حوشتر**

**camel**

**ناوی زانستی** (camelus)



**قەبارە : درێژیەکی دەگاتە نزیک 3,40 م**

**بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی 2,30م**

**کێش : نزیکەی 1000 کیلۆگرام**

**خۆراک: گژوگیا پەلکی دارو گەڵاکان، بەهۆی بوونی لە بیابان جاری واهەیە جگە لە رووەکی درکاوی هیچی تر نادۆزێتەوە بۆ خواردن.**

**شوێن : ئاسیا و باکوری ئەفریقیا**

**زانیاری: حوشتری عەرەبی (هەجین) یەک تەپۆلکەی هەیە**

**فالج ( فرعوس ) دوو تەپۆلکەی هەیە**

**دوو چین برژانگی هەیە تاوەکو لە تۆزی بیابان چاوەکانی پارێزراوبێت.**

دەتوانێت کونەکانی لووتی دابخات لەکاتی زریانە تۆزاوییەکان

دەتوانێت چەندین ڕۆژ بێ خۆراک و خواردنەوە بەرگە بگرێت

تەپۆلکەکانی کۆگایەکی خۆراکە، چەوری و خۆراک لەوێ کۆدەکاتەوە بۆ کاتی پێویست.

دوای ڕۆشتنی لە بیابان قەبارەی تەپۆلکەکانی بچوک دەبنەوە بەلایەک دادەکەون، ئەمەش لەکاتێک ئەگەر بێتو خۆراکی پێویستی بەدەست نەهێنا.

ئاو لە گەددەی پاشەکەوت دەکات دەتوانێت بەیەک جار 150لتر ئاو دەخواتەوە .



# بەشی دووەم

# نەخۆشیەکانی ئاژەڵان

# نەخۆشی

## Diseases




بریتیە لەبارێکی تایبەت کە ناهاوسەنگی لە فەرمانەکانی هەندێک کۆئەندام و ئەندامەکانی لەش ڕوودەدەن بەهۆی هەندێک هۆکاری بایۆلۆجی و نائاسایی

**جۆرەکانی نەخۆشی دابەش دەکرێن :**

**نەخۆشی درمی و هاوبەشەکان:**

بریتیە لەو نەخۆشیانەی هۆکارەکەیان زیندەوەرە بایۆلۆجیەکانە وە توانای گواستنەوەیان هەیە لە نەخۆشەوە بۆ ساغ وەک بەکتریاکان و ڤایرۆسەکان و کەڕووەکان و مشەخۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی لەش و مایکۆپلازما و ڕکێسیا.

**نەخۆشیە نادرمیەکان:**

لەئەنجامی کاریگەری دەرەوە یان ناوەوە دروست دەبن کە دەبنە هۆی نالەباربون لە فەرمانە سروشتیەکانی لەش وەک بەدخۆراکی و کەمی ڤیتامینەکان و میتاڵەکان و ژەهراوییبوون بە مادەی کیمیای و گازەکان یان بەرەو ڕوو بوونەوەی شکست و سوتان.

**نەخۆشیەکان بەپێی ماوەی توشبوون دابەش دەبن :**

1- نەخۆشیە سەروتوندەکان Peracute.

2-نەخۆشیە توندەکان Acute.

3-نەخۆشیە ژێرتوندەکان Subacute.

4 -نەخۆشیە درێژخایەنەکان Chronic.

**هۆکارە یاریدەرەکانی توشوون بەنەخۆشی:**

**1.تەمەنی ئاژەڵ:**

هەندێک نەخۆشی توشی تەمەن بچوکەکان دەبێت وەک ستیکە کۆلۆنیەکان

Escherishiacoilو نەخۆشی سەقاو Strangles.

هەندێکیش تووشی تەمەن گەورەکان دەبێت وەک سەقاو و رعام و شیرەتا .

**2.توخمی ئاژەڵ:**

هەندێک نەخۆشی توشی مێیەکان دەبێت وەک هەوکردنی گوان و منداڵدان هەندێکیش توشی نێرە دەبێت وەک هەوکردنی تۆ پەتک بەربەخ.

**3.هۆکارەبۆماوەیەکان:**

ئەو ئاژەڵانەی کەم ئەندامن یان فەرمانەکانیان تێکچووە زیاتر دووچاری توشبون بەنەخۆشی دەبن .

**4.خۆراک و ئاوی خواردنەوە:**

خۆراک و ئاوی ناتەواو و پیس بەرگری لەش کەم دەکەنەوە و ئاژەڵ دووچاری نەخۆشی دەکەن .

**5.نەخۆشی:**

ئەو ئاژەڵەی نەخۆشی هەیە زیاتر دووچاری تووشبون دەبێت بەنەخۆشی تر .

**6.کەش:**

بەرزی و نزمی لەپلەی گەرمی و شێ دەبنە هۆی نەخۆشی .

**7.شوێنی داکردن گەورەکان:**

قەرەباڵغی ئاژەڵەکان لەگەورە یان تەوێڵە یان کێڵگە دەبێتە هۆی کەمی هەواگۆڕکێ و پیس بوون و بڵاوبونەوەی نەخۆشی .

**سەرچاوەکانی نەخۆشی:**

1.خۆراک و ئاوی پیس .

2.هەوا زۆر لەهۆکارەکانی نەخۆشی دەگوازێتەوە لەئاژەڵی نەخۆش بۆ ئاژەڵی ساغ هەروەها بۆ شوێنی دوور .

3.خاک سەرچاوەی تەنینەوەی نەخۆشیە چونکە سپۆرەکان توانای مانەوەی هەیە لە خاکدا بۆماوەیەکی زۆر .

4. مێش و مەگەز و مێروو دوو ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە گواستنەوەی نەخۆشی ئەویش میکانکی و بایۆلۆجی .

5.ئەو ئاژەڵانەی هەڵگری نەخۆشین ئەمانە بەئاسانی نەخۆشیەکان بڵاودەبنەوە لە ڕێگای و شیر و پاشەڕۆ و میز .

**دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان:**

1.پشکنینی فیزیاوی بە تێبینی کردنی گۆڕانکاریەکان لەسەر لەشی ئاژەڵە نەخۆشەکە بەچاو .

2.دیاریکردنی شوێنی دەردەکە بەهۆی دانە بەرتیشک یان هاوێنە .

3.پێناسەکردنی جۆری دەردەکە ئایا هەوکردنە یان گرێیە ....هتد بەپشکنینی تایبەت بەوەرگرتنی نمونەیەک لەدەردەکە یان شلەکان و شیکردنەوەیان لەتاقیگە

4. لەکۆتایی زانینی هۆکارە ڕاستەقینەکە دەردەکە لەڕێگای ناردنی نمونە بۆ تاقیگە وەک شیر و خوێن و دەردراوەکان و پاشەڕۆ و ئالیک و خاک و مشەخۆرەکان ...... هتد .

**چارەسەرکردن:**

لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشیە درمیەکاندا بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئەم دوو لایەنە سەرەکیە ڕەچاو بکرێت .

1.زاڵبوون بەسەر هۆکارە بایۆلۆجیەکەی نەخۆشیەکە یان ڕاگرتنی زۆر بوونەکەی بە لایەنی کەمەوە و ڕێگاگرتن لەزیاتر وێرانکاری لە لەشی ئاژەڵەکەدا .

2.بەرزکردنەوەی توانای بەرگری لەشی ئاژەڵەکە .

**ئەرکەکانی پاراستن:**

1.دابینکردنی ژینگەی گونجاو بۆ ئاژەڵەکان وەک پاک و خاوێنی گەورەکان و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی بەتایبەتی بۆ ئاژەڵەکانی کێڵگە هەروەها نەچنە ئەو شوێنانە نەخۆشیان تێدایە .

2.پێدانی خۆراکی هاوسەنگ بۆ دوورکەوتنەوە لەنەخۆشیەکانی بەدخۆراکی.

3.جیاکردنەوەی ئاژەڵە نەخۆشەکان و لەناوبردن و سوتاندنی ئاژەڵە دەردەدارە ترسناکەکان و بەچاڵکردنیان و داپۆشینیان .

4.تاقیکردنەوەی سوری بکرێت بۆ ئاژەڵەکان و جیاکردنەوەی نەخۆشەکان .

5.بەکارنەهێنانی کەل و پەلی ئاژەڵە نەخۆشەکان بۆساغەکان .

6.تێکەڵاو نەکردنی ئاژەڵی نوێ ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەوانی تر تەنها لەدوای دڵنیابوون لەساغی.

7.لەبەرچاوگرتنی ڕێنمای پێویست بۆ بڵاونەبونەوەی نەخۆشی لەرێگای خۆراک و ئاو و لەوەڕگا .

8.بەکارهێنانی پاکەرەوە و قڕکەرەکان .

9.بەکارهێنانی کوتاوەکان بۆ پاراستنی ئاژەڵەکان لەنەخۆشی .

10.ئاگادارکردنەوەی بەرپرسە بەیتەریەکان لەکاتی دەرکەوتنی نەخۆشی .

# ناساندنی دەرمان و شێوەکانی




**دەرمان :ـ** دەرمانەکان پێکهاتەی کیمیاین ، کە کاریگەریان لە ئاستی گەردیلەیدایە، دەرمانەکان کاردەکەنە سەر وەرگرە تایبەتیەکان خۆیان لەسەر دیواری خانەکانی لەش ، بەو شێوەیە کاریگەری خۆیان دروست دەکەن ، وە دەرمان لە ناو لەشدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری 4 پرۆسەوە.

1/هەڵمژین.

2/بڵاوبوونەوە.

3/زیندەچالاکی.

4/دەرهاویشتن.

## شێوەکانی دەرمان:

**تابت (حەب) :ـ** شێوەیەکی ڕەقی دەرمانە کە لە ژێر پەستان لە شێوەی قاڵبدا دروست دەکرێ .

**تابلێتەکانی جووین :ـ** ئەوانەش هەر حەبن بەس دەتوانرێ بهاڕدرێن لە دەمدا.

تابلێتەکانی گازدار و هەڵچوو ئەو حەبانەن کە دەبێ لە ئاودا بتوێنرێنەوە .

**حەبەکانی ژێر زمان** :ـ ئەو حەبانە بە زۆری بە شێوەی هێلکەیی و پان دروست دەکرێن ، لە ژێر زمانەوە هەڵدەمژرێن بۆ لەش .

**کەپسول** :ـ کەپسولەکانیش هەر شێوەی ڕەقی دەرمانن ، کە لێرەدا مادە دەرمانیەکان وەک تۆز دەخرێنە ناو توێکڵی جەلاتینی ،

(تێبینی:ـ لێرە کە دەڵێین شێوەی ڕەق واتە تەنها لە گەدەدا دەتوێنەوە)

**شڕوب** :ـ شڕوبەکان بە شێوەی گیراوە دروست دەکرێن ، کە بە گشتی گیراوەی سوکەڕۆز (دۆشاوی شەکر) وەک توێنەری دەرمانەکان بەکاردەهێنرێت .

**مەرهەم** :ـ بەرهەمی نیمچە ڕەقن ، دەرمان دەخرێتە ناو بنچینەیەکی گونجاو .

**کرێم** :ـ کرێمەکانیش بەرهەمی نیمچە ڕەقن، چەوری کریمەکان لە چەوری مەرهەمەکان زیاترە .

**شاف** :ـ شافەکانیش شێوەی ڕەقی دەرمانن کە لە کاتی بەکار هێناندا دەخرێنە ناو بۆشایی لەشەوە وە بە گشتی لە ڕیگای کۆم و وەلە ئافرەتاندا بە ڕیگای زێش بە کار دێ.

**ئەمپول** :ـ بتڵ یان دەفری شووشەی بچوکن گیراوەی خاوێنی دەرمان لە خۆ دەگرن .

**ڤیاڵ** :ـ بە شێوەی پاودەر (تۆز) لە ناو دەفرێکدا دروست دەکرێن ، لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت و دەگیرێتەوە ئینجا بە کار دەهینرێ .

**سپرا** :ـ جۆرێکە لە گیراوەی ئاوی، کە لە کاتی بە کار هێنانیدا دەگۆڕدرێت بۆ دڵۆپی زۆر بچوک .

# چۆنێتی نوسینی یان تێگەیشتن لە دەرمان



سەرەتا ناوی دەرمانەکە ئەنوسرێ

بۆ نمونەvoltaren

دوواتر ئەنوسێ کە چەن مگم

بۆ نمونە

Voltaren 50 mg

)AMP,,یان vial) دوواتر ئەنوسێ کە ئەم دەرمانە بەچی شێوەیەک یانی یان دەرزی

یان بەشێوەی حەب tab یان کەپسول Cap یان شافsuppository

یان جێلّ gell یان کرێم cream,, یان مەرهەمointment یان گیراوە powdrer

یان قەترە drop

دوواتر ئەنوسی کە چۆن بەکاردێت بۆ نمونە

1⁎1

یانی ڕۆژی یەکجار یەک دانە وەربگرێت

1⁎3

واتە ڕۆژی 3 جار یەک دانە وەرگرێ یانی 8 سەعات جارێ

2⁎3

واتە 8 سەعات جارێ 2دانە(ڕۆژی سێ جار هەرجارێک دوو دانە)

بۆ نمونە

Voltaren 50 mg tab 1⁎2

ئێستا ئەمە (حەبی ڤۆڵتارین 50 مگ ڕۆژی دوو جار هەر جارێک یەک دانە)

ئەمانەش هەندێک دەستەواژەیە یاخود کورتکراوە کە بەکاردێ...

1 - IV = Intra Venous _____واتە لە خوێنهێنەر

2 - IM = Intra Muscular __ واتە لە ماسولکە

3 - SQ = Sub cutaneous __ واتە لە ژێر پێست

4 - IA = Intra Articular __ واتە لە جومگە

5 - IL = Intra Lesional __ واتە لە شوێنی ڕووداوەکە

6 - d = daily __ واتە ڕۆژانە

7 - q.p.m = every day afternoon-واتە دوای نیوەڕۆیان

8 - q.i.d = four times aday __ واتە ڕۆژانە چوار جار

9 - b.i.d , b.d = twice daily __ واتە ڕۆژانە دوو جار

10 - p.r.n = as needed _ واتە لەکاتی پێویست

11 - q.6.h = every six hours __هەموو شەش سەعاتێك

12 - t.i.d = three times aday __ واتە ڕۆژانە سێ جار

13 - q.d = every day _ واتە هەموو ڕۆژێ

14 - q.h = every hour _ واتە هەموو سەعاتێك

15 - q.h.s = every night at bedtime_ هەموو شەوێك

16 - stat = immediately _ واتە یەکسەر ، دەستبەجێ

17 - a.c = before meals _ واتە پێش نان

18 - p.c = after meals _ واتە پاش نان

19 - p.o = by mouth , orally __واتە لەڕێگەی دەم

20 - gtt = drop _ واتە دڵۆپ یان قەترە

21 - q.s = quantity sufficient __ واتە بڕی پێویست

22 - a.m = morning , befor noon__واتە کاتی بەیانیان

23 - p.m = evening , after noon __ واتە کاتی ئێواران

24 - amp = ampule _ جۆرێکی دەرزییە

25 - cap = capsule _ کەپسول

26 - cf = with food _ واتە لەگەڵ خواردن

27 - crm = cream _ کرێم

28 - h.s = at bedtime _ واتە پێش نووستن

29 - Inj = Injection __ دەرزی

30 - Noct. = At night __ واتە لە شەودا

31 - oint. = ointment __ مەرحەم

32 - ss. = one-half __ واتە نیو سەعات

33 - syr = syrup __ شرووب

34 - susp. = suspention ___شێوەیەکی دەرمانە

35 - tab. = tablet _ واتە حەب

36 - top. = Topical _ واتە ڕووی دەرەوەی

37 - IS = Intra spinal _ واتە لە دڕکە پەتك

38 - IC = Intra caridal _ واتە لە سکۆڵەی دڵ

39 - IO= Intra Osseaus _ واتە لە ئێسک

40 - u.d = as directed _ واتە ڕاستەوخۆ

## نەخۆشیە

## ڤایرۆسیەکان



نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان لە نەخۆشیە هەرە ترسناکەکان چونکە چارەسەرکردنێکی سەرکەوتوی نیە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ نەخۆشیەکانی تر ، توانای دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە بۆ نیشانەکانی لەسەرەتای دەرکەوتنی زۆر گرنگە بۆ زاڵبون و لەناوبردنی لەبەر ئەمە ئەو کارمەندەی کاردەکا لەناو کێڵگەی مانگا یان مەڕ دەبێ زانیاری تەواوی هەبێ لەسەر نەخۆشیەکان و ڕێگەی بڵاو بوونەوەی و پاراستن لەم یەکە باسی نەخۆشیە ڤایرۆسیە هەرە گرنگەکان دەکەین وەک:{دەردەگا و دەردەکاوێژکارە بچوکەکان و دانکە و سک چووی ڤایرۆسی مانگا تەبەق و هاری سەگ و تای سێ ڕۆژە و پێست هەڵدانی درمی و فلەوەنزای باڵندە و فلەوەنزای بەراز و شێتی مانگا }

### ئامانج_لەنەخۆشیە_ڤایرۆسەکان:

1.ڕێگاکانی پاراستنی ئاژەڵ دژی نەخۆشیەکان .

2.شارەزای گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان کە توشی مانگا و مەڕ دەبن .

3.شارەزا دەبێ لە ڕێگاکانی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکان .

# نەخۆشییە هاوبەشەکان

# Zoonotic Diseases




☑ ئەو نەخۆشییانەیە کە لە نێوان مرۆڤ وئاژەڵەوە ئەگوازرێنەوە ئەمەش بە هۆی هۆکارە تووشکەرەکانەوە ڕوودەدات وەکو (بەکتریا ، ڤایرۆس ، کەڕوو ، مشەخۆری دەرەکی و ناوەکی).

**ڕێگاکانی گواستنەوەی نەخۆشییە هاوبەشەکان :**

1- تووشبون بە نەخۆشییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەوە .

2- پیس بوونی خۆراك بە هۆکارە تووشکەرەکان لە ڕێگەی پیسایی ئاژەڵەوە یاخود لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە.

دەرکەوتنی نیشانەکان بە گوێرەی هۆکارە توشکەرەکەیە .

**لە باوترین نەخۆشییە هاوبەشەکان :**

1- نەخۆشی دەردە پشیلە.

2- نەخۆشی هاری سەگ.

3- نەخۆشی گەریی پێست.

4- نەخۆشی کرمی تورەکەیی ئاویی جگەر.

5- نەخۆشی کرمی شریتی ڕەشەوڵاخ.

6- نەخۆشی ئەنفلۆنزایی باڵندە.

7- نەخۆشی تولیرمیای کەروێشك.

8- نەخۆشی سیل.

9- نەخۆشی لیشمانیایی پێست.

10-نەخۆشی گرانەتا و حەمەی ماڵتا.

**خۆپاراستن و قەدەغەکردنی:**

1- ڕۆشنبیری و زانیاری دەربارەی نەخۆشییەکان .

2-ڕاگرتنی پاك و خاوێنی (دەست شتن).

3- کوتانی ئاژەڵان.

4-کوڵانی شیر و گۆشتەمەنییەکان و شردنەوەی سەوزە و میوەکان.

5-بەخێوکردنی ئاژەڵەکان بە ڕێگایەکی تەندروستیانە.

6- بەکارهێنانی قرکەری مێش و مێشولە.

7- فرێدانی خۆڵ و خاشاك و پاشماوەی ئاژەڵ لە شوێنی گونجاو.

# نەخۆشی   نیوکاسل

# Newcastle disease




نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توشی هەموو جۆرە پەلەوەر و باڵندەیەک دەبێت . وە بە بەربلاو ترین نەخۆشی ڤایرۆسی هەژمار دەکرێت . وە بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە

ئەم نەخۆشیە تووشی کۆئەندامی هەرس و هەناسەو دەرمار دەبێ .

**هۆکارەکانی :**

هۆکارەکەی ڤایرۆسە کە جۆرێکە لە ڤایرۆسەکانی (پارامکزوفیرس) نۆ جۆری هەیە و نیوکاسڵ لە جۆری یەکەمیانە کە بە ناودەبریێ(PMV)

کە بۆ سێ جۆر پۆلین دەکریێ:

جۆری لاواز ، جۆری مامناوەند ، جۆری بەهێز.

## ڕێگاکانی گواستنەوەو و توش بوون بەنەخۆشیەکە.

- هەوا.
- ئاو و خواردنی پیس بوو بە ڤایرۆسەکە لە ڕێگای دەردراوەکانی.
- جیقنەو پاشەڕۆی پەلەوەری هەڵگری ڤایرۆسەکەن.
- کەل و پەلی بەخێوکەری پەلەوەرە.

**نیشانەکانی نەخۆشیەکە:**

نیشانەکانی هەناسەدان : وەک تەنگە نەفەسی ، لرخەلرخ ، پژمین ، ماندوویی ، دەردانی دەردراوە لینجەکان لە لووت بەتایبەتی لە جوجەڵە.

نیشانەکانی سک چوون : لەشێوەی کەسکی ئاوی ( سەوزی ئاوی).

نیشانەکانی دەمار : وەک ئیفلیج بوون ، لەرزین و باڵشۆری ، لەنگی لە کاتی ڕۆیشتن مل سوران.

سور هەڵگەران و پەنماوی پێڵووی چاو.

کەم بوونی بەرهەم هێنانی هێلکە لەپەلەوەرە هێلکەکەرەکان.

**سیفەتی توێکاری :**

لەکاتی توێکاری و شیکردنەوەی لەشی پەلەوەرەکە لەگەدە و ناوپۆشی ڕیخۆلە برینی خوێن لێبەربوو بەدی دەکرێ . وە پربوونی لووت و قورگ و بۆری هەوا لە دەردراوی ئاوی یان لینج . وە هەندێ جار ناوپۆشی بۆری هەوا سوور هەڵدەگرێ.

**چارەسەرکردن :**

ئەم نەخۆشییە چارەسەری نیە

**پاراستن و ڕێگری کردن:**

کوتان (تلقیح ، ڤاکسین ) کەباشترین پاراستنە بۆ ڕێگری و دژایەتی کردنی ئەم نەخۆشییە ئەویش بە دوو ڕێگا دەکرێت یەکەم بەکوتان لەڕێگای دەرزی دەکرێ کە لە بن پێست دەدرێ و سێ مانگ جارێ دووبارە دەبێتەوە.

دووەم ڕێگا بە ڤاکسینی زیندوو کە دەتوانی لە ڕێگای ئاوی خواردنەوە یان ڕشاندن یان دلۆپاندن لەلووتی یان لە چاوەکانی بەکاری بێنی . وەئەم جۆرەیان بەم شێوەیە دەبێ و تاقی کراوەتەوە کەسوود بەخش بووە جووجەلە لە تەمەنی (7 ڕۆژی تاکو 10 ڕۆژی ) ڤاکسین دەکرێ وە دوبارەدەکرێتەوە پاشی (10) ڕۆژ بەسەر کوتانی

یەکەمدا.

## نەخۆشی گەمبۆرۆ

## Gumboro Disease

(Infection bursal Disease)



نەخۆشی گەمبۆرۆ نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توند و تیژە بەشێوازێکی زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە کار دەکاتەسەر کۆئەندامی بەرگری لەشی بارۆکە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرگری لەشی بارۆکە.

Gumboroتوشی مرۆڤ نابێت هیچ مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ نیە.

بارۆکە بە تووشبوون بەنەخۆشی گەمبۆرۆ رێگا خۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی هەندێ نەخۆشی وەک:

هەوکردنی تورەگەی هەواو ، هەروەها کار دەکاتە سەر گورچیلەکانی بارۆکەی گۆشت

.

### رێگای بڵاوبونەوەی نەخۆشی gumboro :

- مێش و مەگەز
- کەلوپەلی پیس.
- ئاو و ئالیکی پیس بوو بە پاشەڕۆ.
- لە رێی هەوا وە دەگوازرێتەوە.

## نیشانەکانی نەخۆشیgumboro :

لەتەمەنی یەک ڕۆژی تا 21 ڕۆژی هیچ نیشانەیەک لەسەر لەشی جوجکە دەرناکەوێت بەڵام ئەم نەخۆشیە وا لە جوجک دەکات کە لەتەمەنی سەرەتای ژیانیدا وردە وردە لەشی باڕۆکە دووچاری تێکدان و کەمبونەوەی ژمارەی خانەکانی لەشی جوجک دەبێت و دابەزینی کۆئەندامی بەرگری لەشی باڕۆکە.

## لەدوای تەمەنی 21 ڕۆژی نیشانەکان دەردەکەون:-

- باڵندەی تووشبوو لەخواردن دەکەوێت ؛ کزبونی باڕۆکە و لەرزینی.
- ڕێژەی لەناو چون دەگاتە 30%.
- تووشی سک چونی بەهێز دەبێت و جیقنەی ڕەنگی سپی دەبێت.

## نیشانەکانی نەخۆشی Gamboro لەدوای مردار بوونی :-

لەشی باڕۆکە بەتەواوی وشك دەبێتەوە , دیاربونی پەڵەی سوری خوێناوی لەسەر ماسولکەکانی ڕان و سنگی ,سور بون و گەورەبونی گورچیلەکانی , هەروەها گەورە بونی کیسی زراو جگەر و سپڵی باڕۆکە.

نەخۆشیGamboro چارەسەری نیە

خۆپاراستن لە سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشی:

پێویستە جوجک کوتانی بۆ بکرێت بۆ بەرگری کردن لەسەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە.

وا باشە بەم شێوەیە بێت پرۆگرامیvaccination بەکار بهێنرێت.

- کوتان لەتەمەنی 12 ڕۆژی.
- کوتان لەتەمەنی 24 ڕۆژی.
- کوتان لەتەمەنی 34 ڕۆژی .

# نه خۆشی دانكه

# Fowl pox disease



دانكه نەخۆشيەكی ڤايرۆسيە تووشی هەموو جۆرەكانی پەلەوەرێك ئەبێت

ئەم نەخۆشييە بەهۆی ڤايرۆسی

Avipox virus

له خێزانی

Pox viridae

ئەم ڤايرۆسە تواناى توشكردنی هەموو تەمەنە جياوازەكانی هەيە لە باڵندەيە واتا تايبەت نيە بە تەمەنێكەوە.

دانكەی پەلەوەر بۆ مرۆڤ ناگوازرێتەوە.

❀ **نەخۆشيەكە بە دوو شێوەيە :**

1- **دانكەی وشك** :- لەسەر پێست بەشێوەی گرێی دومەڵی ڕەنگ زەرد دەردەكەوێت بەتايبەتی لە و جێگايانەی كە كەمتر پەڕيان پێوەيە.

2- **دانكەی تەر** :- توێژاڵێكی پەنيری لە دەووبەری دەم و چاوی وناو قورگ و بۆری هەوايی كۆئەبێتەوە.

## ڕێگای بڵاوبونەوەی دانکە:

- برین و شەرە کەڵەشێر.
- مێشو مەگەز و قرتێنەرەکان.
- ڕوشانی دەوروبەری دەم.
- بەریەک کەوتن ڕاستەوخۆ.
- لە ڕێگەی هەواوە ئەگوازرێتەوە.

## خۆپاراستن :

❁ خۆپاراستن لەڕێگەی ڤاکسینەکردنەوەیە بەپێکوتە.

❁ جیاکردنەوەی نەخۆشەکان.

❁ پاککردنەوەی شوێنەکەیان بە بەکارهێنانی دەرمانی تایبەت.

## ⚜ چارەسەرکردن

1- لێکردنەوەو و پاککردنەوەی دانکەکە.

2- بەکارهێنانی مەڵهەم بۆجێگای دانکەکە.

3- وەرگرتنی دەرمانی دژە بەکتریا بەشێوەی حەپ یان پاودەر بۆ ناو ئاوەکەیان.

## نەخۆشی میرگ

## Marek disease



نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توشی باڵندە ئەبێت بەتایبەت مریشک ئەبێتە هۆی ئیفلیج بون و کەوتن شەلەل بونی باڵندە بەجۆرێک جیایی ئەکاتەوە لە هەریەک لەنەخۆشیەکانی وەرزی گەمبۆرۆ ونەخۆشی نادرمی لێکترازانی ژێ و نقرسی هەناو جومگەکان ....نەخۆشی میرگ بەهۆی ڤایرۆسێک توشی باڵندە دەبێت لەهەرکات بەڵام نزیکترین کات گونجاوترین کات تەمەنی (4--5)مانگیە.

### رێگای بڵاوبونەوەی:

- هەوا ڤایرۆسە لەرێگەی هەواوە ئەگوزرێتەوە.
- جیقنە وپیسبونی شوێنی بەخێوکردن.
- لیکاو لەکاتی ئاوخواردنەوە.
- مێشومەگەز .

### نیشانەکانی نەخۆشی:

توشبونی چاو دەبێتە هۆی پوکانەوەی چاو لە یەکلا بەچاوەماسی ناودەبرێت.

توشبونی دەماری قاچ و ئەستوربونی دەبێتە هۆی گۆجەی.

توشبونی قاچەکانی یەکێ بۆپێشەوە درێژئەکات یەکێ بۆ دواوە.

شەلەلی باڵندە بەتەواوی و مل سورانی باڵندە. سکچون نەمانی ئارەزوی خواردن.

## دیاردەی ئاوسانی سەر لە باڵندە



نەخۆشیەکی درمی توندە توشی لای سەرەوەی کۆئەندامی هەناسەیی باڵندە ئەبێت سەری ئەپەندمی و دەئاوسی ئاو لە چاوی دێتەخوارەوە ئەبێتە هۆی ئاوسانی گیرفانە هەواییەکانی سەر ژێرناوچەوان فرمێسکە ڕژێن.

هۆکارەکەی ڤایرۆسێکە بەناوی نیمۆڤایرۆس هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەمەشدا نەخۆشیەکی لاوەکی توش ئەبێت کەبەکتریایی ئیرشیشایی کۆلۆنە توشی ئەبێت.

### ڕێگای بڵاوبونەوەی ئاوسانی سەر:

- بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی باڵندەکان لەگەڵ یەکتری.
- ئاوی پیس خواردنەوە لەلایەن باڵندەکە وە یان کەوتنی فرمێسکی چاوی بۆ مەنهۆلی ئاوی خواردنەوە.

**نیشانەکانی نەخۆشی دیاردەی ئاوسانی سەر:**

- بەکتریایی ئیرشیشا هێرش ئەکاتە سەر شانەکانی ژێرپێست لەناوچەی سەرو روو ئەبێتە هۆی ئاوسانی سەر دەموچاو وەک لەوینەکەش دیارە بەروونی ئەبیتەهۆی فرمیسک رژین لەچاوی .
- دابەزینی بەرهەمی هێلکەی بەرێژەی 5%--20%.
- گیڤ بونی پەروباڵی باڵندەکەو بێتاقەتی وبێهێزی گشتی.

**نیشانەیی توێکاری کاتی هەڵدرینی باڵندەکان:**

- بونی مادەیەکی جەلاتینی لە ژێر پێست لەناوچەی ئاوسانی سەردا.
- هەوکردنی جگەر و دل پەردەیەکی تەنک لەسەر جگەر ودل دروست ئەبێت.

**پاراستن لەم حالەتە :**

- بەکارهێنانی دژە زیندەگی بۆ رێگری کردن لەبڵاوبونەوەی زیاتر وەک (لینکۆمایسین -ئەسیرۆمایسین)بۆماوەی 3—5رۆژ
- لەهەندێ حالەت بەهۆی کەروو توشی باڵندە ئەبێت ئەوا پێویستە دژە کەروو بخرێتە خۆراکی باڵندە.
- بەکارهێنانی پێکوتی

N.T.R  Nobilis.RT

- یان بەکارهێنانی پێکوتی زیندو .

لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بۆی تێکەل ئەکرێت لەتەمەنی (10--12)هەفتەیی پێی ئەدرێت.

- پێدانی پێکوتی مردو بەشێوەی دەرزی لەژێر پێست و ژێرباڵی لەتەمەنی 16--18 هەفتەیی دا .

# نەخۆشی ڤایرۆسی جگەرئەستوربون

Avian Leucosis virus in chicken



نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توشی جگەری باڵندە ئەبێت و ئەبێتە هۆی ئەستوربون و هەوکردن و دەرکەوتنی چەن نیشانەیکی ئاشکرا لەسەر جگەری باڵندە ئەم نەخۆشیە توشی باڵندەکانمان ئەبێ لەتەمەنی پێنج بۆ شەش مانگی لەتەمەنی باڵندەکە نەک لە 5--6 مانگی وەرزی ساڵ.

جۆرێکی ڤایرۆسە

Retrovirus

سەربەکۆمەڵەیAvian leucosisa

## رێگای بڵاوبونەوەی نەخۆشی جگەرئەستوربون:

- بڵاوئەبێتەوە بەهۆی لیکی دەم و پاشەڕۆ ودەردراوەکانی باڵندە.
- لەرێگەی هێلکەی دایکانە بۆ جوجەڵەکانی دوای خۆشی ئەگوازرێتەوە.

## نیشانە دیارەکانی نەخۆشی جگەرئەستوربون ناسراو بە لیکۆزیز:

- لاوازی گشتی ورەنگ زەردهەڵگەرانی پۆپینەی باڵندە ودەموچاوی کەم خوێنی.
- تەنک بونی توێکڵی هێلکەو کەمبونی بەرهەمی هێلکە لەتێکرای ساڵێک دا.
- ئەستوربونی جگەر و سپڵ وگورچیلە لەکاتی توێکاری کرنی دا.

- قاچەکانی توشی گرڕێی زیادە ئەبێ لەشێوەی زیادە گۆشت یاخود پێستی ڕەق بەتایبەت ئێسکی قاچی بەرنامەیکی پوختو تۆکمەیی کوتانەکان دژی هەر 12 نەخۆشیە کوشندە.

لەیەکەم ڕۆژی تروکان یەکەم کوتانی دژی

- یەکەم کوتان لە 3رۆژی بکرێت دژی نیوکاسل .

--دووەم کوتانی نیوکاسل دوای 28ڕۆژی دوبارە بکرێتەوە .

--سێهەم کوتان دژی نیوکاسل دوای 38ڕۆژی واتە دە ڕۆژی تر تێپەرێت .

- لەتەمەنی 1,5مانگ ونیوێک دژی هەلامەتی درمی بکوترێت .
- لەتەمەنی 4مانگی ماریک دوبارە کرێتەوە.
- هەر لەتەمەنی چوارمانگی دژی دانکە بکوترێت .
- دژی گەمبۆرۆ لە تەمەنی دوومانگی یان دوونیو بکرێت.
- لەتەمەنی 5مانگی دژی جگەر ئەستوربون کوتان بکرێت.
- کوتان دژی هەوکردنی درمی بۆری هەوایی لەتەمەنی 3--5مانگی بکرێت گونجاوترینیان لە 3مانگیە .
- --هەر لە شەش مانگی نێوانی دە ڕۆژ بێ دژی ئەنفلەوەنزا بکرێت.
- دیاردەی ئاوسانی سەر لەتەمەنی یەک مانگی بکوترێت .
- لەتەمەنی 3-4مانگی دژی کۆلێرا بکوترێت.
- ڕیقنە سپیلکە جارێک بکوترێت لەهەر تەمەنێک بێت.
- کوتان دژی ئیرشیشای کۆلۆن لەهەر تەمەنیک بێ جارێک بکوترێت.

## نەخۆشی بەکتریایی

## (کـــــــــۆلێرایی مریشک)

## Fowl cholera Muto cida




کۆلێرا نەخۆشیەکی بەکتریە زۆر بڵاوە توشی هەموو جۆرە باڵندەیەک ئەبێت ئەم نەخۆشیە لەمریشک دا دووجۆرە 1-جۆری توند 2-جۆری درێژخایەن لەهەموتەمەنێک بۆی هەیە توش باڵندە بێت بەڵام زیاتر واباوە لەتەمەنی ( 4 ) مانگی باڵندە توشیان ئەبێت.

**هۆکاری_نەخۆشیەکە:**

Pasteurella Multo Cida

لەبەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسەیی جێگیر ئەبیت.

**ڕێگای گواستنەوەی کۆڵێرا:**

- خۆراکی پیس بو بە دەردراوەکانی باڵندەی توشبو.

- باڵندەی کێوی و قرتێنەرەکان .
- کەلوپەلی پیس جل و بەرگی مرۆڤ هەڵگری بەکتریایەکەیە.
- برینەکانی پێست لەکاتی شەرە کەلەشێر .
- تەپوتۆز خۆڵ لە هاوینان و تەنگ و تەسکی شوێن .

**نیشـــــــــانەکانی نەخۆشی کۆلێرای باڵندە:**

- گفبونی توک و پەری باڵندە .
- سکچونێکی سەوزی ئاوی کەم خواردنی باڵندە.
- شین هەڵگەرانی پۆپینە-(پۆپیتە) ئەستوربونیان.
- گرانی هەناسەدان هاتنەخواری دەردراوی چلمی لە لوت.
- جیق کردنی چاو بونی پەڵەیەکی زەرد لەگۆشەی چاو یان لەسەر گلێنەی چاو.
- ئەستوربونی جگەرو هێلکەدانی مریشک.
- ئاوسانی ژێرچەناگە (بەڵغەبابە)وگوارە و سەرچاوی باڵندە.
-

**چارەسەری نیە**

خۆپاراستن کوتانی باڵندە بەر لە تەمەنی چوار مانگی بەتایبەت مریشک +قـــــەڵ بەپێکوتی دژە کۆلێرا fowl cholera

# کیسی ئاوی جگەر

# Hydatid Cyst of Liver




ئەم نەخۆشیە بەهۆی مشەخۆری کرمی شریتی Echinococcus Granulosus وە توشی مرۆڤ دەبێت. جگە لە جگەر ئەگەری هەیە لە چەند شوێنێکی تری جەستەی مرۆڤ ڕوو بدات وەک( سییەکان و مێشک و ناوسک)

هۆکارەکانی توشبوون بەم نەخۆشیە بریتین لە خواردنی سەوزە و میوە کە بە باشی نەشۆرابێتەوە، بەرکەوتن و **دەست لێدانی سەگی تووش بوو بەم نەخۆشیە** .

**نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :**

- زۆربەی کات هیچ نیشانەیەکی نیە .
- بوونی ئازاری ناو سک بە تایبەت، لای ڕاستی سک .
- هەندێک جار ئەم کیسە تووشی هەو کردن دەبێت و لەرز و تا دروست دەکات .
- لەکاتی بوونی پەیوەندی لە نێوان کیسەکە و جۆگەکانی زراو، و هەندێک جار تەقینی کیسەکە بۆ ناو جۆگەکانی زراو.. نەخۆش تووشی زەردووی دەبێت .
- چەندین نیشانەی تریش وەک: ئاوسانی سک، دابەزینی کێش .
- هەندێک جار لە کاتی تەقینی کیسەکە دەبێتە هۆی شۆکی هەستاری .(Anaphylactic Shock)

**دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکە:**

دواى وەرگرتنى هیسترى و تاقیکارى سەرجێی، پەنا دەبرێت بۆ تاقیکارى تیشکى و ڕادیۆیى وەک سۆنەر (US)، اشعەى کۆمپیوتەرى (CT-scan )و چەند شیکارییەکى سیرۆلۆجى.

## نەخۆشی کۆکسیدیا

## Coccidiosis



له پەلەوەر و باڵندە چیە؟ چۆن چارەسەر دەکرێت؟

کۆکسیدیا یەکێکە لە نەخۆشییە کوشندەکان، کە بەهۆی زیندەوەرە بەراییەکان دروستدەبێت، لە باڵندە و پەلەوەردا.

ئەم نەخۆشیە لەڕێگەی ڕیقنەی باڵندەکەوە دەگوێزرێتەوە، کە هێلکەی زیندەوەرە بەراییەکەی تێدایە. ئەبێتە هۆی بریندار بونی ریخۆڵەی ئاژەڵەکە کە مشەخۆرەکە هەڵدەستێت بەمژین و برینی ڕیخۆڵەی ئاژەڵەکە بەو هۆیەوە ئاژەڵەکە ناتوانێ خۆراک هەرس بکات ماسولکەی گەدە بێهێزو بێ توانا ئەبێ لەگەڵیشی دا خوێن ئەبینرێت لەپاشەڕۆی و ئاژەڵ زۆر ئاو ئەخواتەوە بەم هۆیەوە حاڵەتی سکچونی خوێناوی دروست ئەبێت پێی ئەوترێ (کۆکسیدیا).

**چارەسەرکردن:**

*پێدانی دەرمانی دژە کۆکسیدیا بۆ ماوەی 2 ڕۆژ.

ڤیتامین K و  پێدانی ڤیتامینA

## نەخۆشی درمی کۆکسیدی یۆسیزCoccidiosis

نەخۆشیەکی درمیە توشی هەمووجۆرە ئاژەڵیک وباڵندەش ئەبێت ئەبێتە هۆی سکچونی خوێناوی توند بەتایبەت لە تەمەنە بچووکەکان .......

**هۆکارەکەی :**

مشەخۆرێکی خوێناوی وخوێنمژی پێ ئەوترێ کۆکسیدیا وە چەندجۆرێکی هەیە:-

1-کۆکسیدیا ئیمریا زوورنی توشی مانگا و گامێش ئەبێت.

2-کۆکسیدیتا بۆڤیس توشی مانگاو مەرو بزن ئەبێت.

3-کۆکسیدیا ئیمریا ئارلوینجی توشی مەر و هەندێجار کەروێشک ئەبێت .

4-کۆکسیدیا ئانیریا لیوکارتی توشی ڕەشەولاخ ئەبێت.

**ڕێگای بڵاوبونەوەی کۆکسیدیا :**

1-لەرێگەی خواردنی پیس بە میکرۆب یان مشەخۆر توشیان ئەبێ.

2-خواردنەوەی ئاوی پیسبوو نەشیاو بۆخواردنەوە.

**نیشانەکانی نەخۆشی کۆکسیدیۆسیز:**

1-زۆر بەکاربردنی ئاو لەلایەن ئاژەڵەکەوە.

2-سوربونەوەی ناوچاو دەمارگیری تاڕادەیەک.

3-سستی ولاوازی ئاژەڵ.

4-بونی سکچونێکی زۆری خوێناوی .

5-بەدی کردنی گەرا لەپاشەڕۆی ئاژەڵەکە.

6- هەوکردن و برینداربوونی ڕیخۆڵەی باڵندەکە.

7- سکچونی خوێناوی، کە ئەتوانین نەخۆشیەکەی پێ بناسینەوە.

8- گرژبونی پەڕی باڵندەو کزبونی باڵندەکە، زۆرجاریش دەبێتە هۆی سنگەتیژە.

9- کەم خوێنی، واتە سپیبونی باڵندەکە.

10- هەندێك جار ئەبێتە هۆی بچوکبونی سەری باڵندەکە.

**چارەسەر پێدانی دەرمانی کۆکسیدیا :**

Anty Coccidiosis

## نەخۆشی سینگە تیژە یان سینگە وشکە



زۆرێک لەنەخۆشیە وەرزیەکان توشی باڵندە ئەبن و بەوهۆیەوە باڵندە کێشی دائەبەزێ ولاواز ئەبێ سینگی وشک ئەبێتەوە دیارترینیشیان نەخۆشیە کەڕوویەکانە یاخود ئەم زیندەوەرە تاک خانانەی هێرش ئەکەنە سەر ڕیخۆڵەی باڵندە هۆکاری سەرەکین بۆ نەخۆشی سینگە تیژە--سینگە وشکە.

بەڵام لەگەڵ توش بونی ئەم تاک خانانە بۆی هەیە نەخۆشیەکی لاوەکی وەک ئیرشیشای کۆڵۆن Escherichia Colien هێرش ئەکاتە سەر بەرگری باڵندەکە و بەرگری باڵندەکە تێک بشکێنێت.

هەندێ لە دکتۆران پێیان وایە کەلەگەڵ توشبونی باڵندە بە زیندەوەرە تاک خانەکان باڵندە توشی جۆرێک لە مشەخۆری دەرەکیش ئەبێ وەک مشەخۆری خوێن Red Miltesکە فاکتەرێکە بۆ قرتاندنی پەرو باڵی باڵندە ولاواز کردنی باڵندە لەڕووی جەستەییەوە.

زیندەوەرە تاک خانەکان لەڕەگەزی Eimeria سەربەجۆر کۆکسیدیان لەبەشی سپۆرۆزا Sporoza-ئیمرا چەندین جۆری هەیە کە هەریەکەیان بەپێی شوێنی توش بون

لەسەرنەخۆشەکە نیشانەکانی جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتر لەسەر لەشی باڵندەی نەخۆشدا.

ئەو هۆکارانەی ئەبنەهۆی نەخۆشی (سینگە تیژە-سینگە وشکە):

1-ئیمیریا برۆنیتی Eimeria ,brunetti-توشی بەشی پشتەوەی ڕیخۆڵەباریکە ئەبێ لەباڵندە نیشانەکانی (سکچونی سپی ئاوی )تێیدا بەدی ئەکرێ.

2-ئیمریا تینیلا Eimeria,Tenella-توشی ڕیخۆڵەکویرە ئەبێ کە نیشانەکانی لەسەر باڵندەدا لەحالەتی توندە(بەمردن کۆتایی دییت.

3-ئیمریا نیکاترکس Eimeria,Necatrix-توشی ناوەراستی رریخۆڵەبارکە ئەبێت نیشانەکانی لەباڵندەی نەخۆش (کەمی ئارەزوی خۆراک ،ڕیقنەی خویناوی).

4-ئیمیریا ئەسەرڤۆلینا Eimeria,Acervulna-توشی بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵەباریکە ئەبێ نیشانەکانی (سینگ وشک بونەوە و کەم خۆراکی کزی ولاوازی باڵند).

5-ئیمیریا ماکسیماEimeria-، Maximaتوشی بەشی ناوەراستی کۆتایی ڕخۆلەبارکە ئەبێ نیشانەکانی لەباڵندە (ڕیقنەی خویناوی یان قاوەیی و ڕیقنەکردن بەبێ هەرس کردن)واتە وەک خۆی خۆراکی خوراو لەپاشەرۆ دێتە دەرەوە.

6-ئیمریا پریکۆکس Eimeria Praecox-توشی سێ یەکی بەشی سەرەوەی ڕیخۆلە باریکەئەبێ نیشانکانی لەباڵندە (هینانەوەی خۆراکی خوراو لەدەم -ڕشانەوە و لەڕولاواز بونی باڵندە و نەبوی ئارەزوی خۆراک و لەرزینی باڵندە و مردنی بەشێوەی خێرا).

دیارترن نیشانەکانی سینگە تیژە :-برتین لە سکچونی ڕەنگ سپی ئاوی ڕەنگ سەوز ڕەنگ قاوەیی ڕەنگ سوری خوێناوی لەحالەتی توش بونی ڕیخۆڵە کوێرە کەبە مردن کۆتایی دێت بەهۆی ئیمرایایی تینیلا لەسەرەوە باسمان کرد.

لەگەڵ هەرس نەکردنی خۆراک لەپاشەرۆ ئەبینرێت و هێنانەوەی خۆراکی خوراو لەدەم.

سینگ وشک بون سینگ دەرچون ڕەق وشک بونەوە لاوازی گشتی نەمانی کێشی باڵندەکە.

**چارەسەر بۆ نەخۆشی سینگە تیژە:**

1-پێدانی گیراوەی ئیمرپۆڵ لەرێگەی ئاوی خواردنەوە بۆماوەی 5--7 ڕۆژ.

2-بەکارهینانی دەرمانی موتسین ومادیۆرامایسن .لەرێگەی ئاوی خواردنەوە.

3-بەکارهینانی حەبی لینکۆ سبکتین لینکۆمایسین مادیۆرامایسین.

پارێزگار کردن لەتوش بونی باڵندە بەنەخۆشی سینگە تیژە:-

پێدانی ڤیتامین A لەرێگەی ئاوی خواردن یان تێکەڵ بکرێت لەگەڵ خۆراکی باڵندە بۆماوەی 10 ڕۆژ پێی بدرێت.

پێدانی ڤیتامین K لەحالەتی توش بون چونکە ڤیتامین k ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە مەیین یان مەیاندنی خوێن لەریخۆلەیی باڵندە و خێرا چارەسەر ئەکات.

پێدانی ڤیتامین B لەرێگەی ئاوی خواردنەوە کە فاکتەرێکە بۆ لەناوبردنی زیندەوەرە تاک خانەکان کەهێرشیان کردۆتە سەر ریخۆلەیی باڵندە .

## ئێسکەنەرمە لەباڵندە دا

## Rickets



ئێسکەنەرمە گەشەکردنی نائاساییی پێک هاتەی ئێسکە لە باڵندەدا لەکاتی پێ گەیشتندا.

**هۆکارەکانی ئێسکەنەرمە :**

1-کەمی یەکێک لەم توخمانە ڤیتامین یان کەمی کالسیۆم فۆسفۆر مەنگەنزیۆم بیوتین ترشی فولیک لەلەشدا.

2-نەبونی هاوسەنگی نێوان رێژەی کالسیۆم وفۆسفۆر.

**نیشانەکانی نەخۆشی نادرمی ئێسکەنەرمە**

1-کەم بونەوەی تێکرای گەشەی باڵندە.

2-گەورەبونی جومگەی ئەژنۆو نزیک بونەوەی لە یەکتر.

3-گەورەبونی کۆتاییەکانی پەراسوی باڵندە بە بربرەی پشتەوە نوسانی.

4-نەرم بونی دەنوک وئێسقانی لەشی .

5-کەمی ڤیتامین دی.

**چارەسەر:**

ڕێک خستنی خۆراکی بەشێوەیەکی گونجاو پر ڤیتامین وپرۆتین وکالسیۆم بێت .

## سەرمابردن




سەرمابردن زیاتر توشی جوجەڵە تازە هەڵهاتوەکان ئەبێت بەتایبەت لەوەرزە ساردەکاندا.

**هۆکاری سەرمابردنی جوجەلە:**

1-بەرکەوتنی هەوای سارد بەجووجەلەکان لەشوێنی بەخێوکردن یاخود گوێزرانەوەی لە کاتی کریندا.

2-کۆنترۆڵ نەکردنی پلەی گەرمی :

**نیشانەکانی نەخۆشی سەرمابردن:**

1-کەمی چالاکی وکەمی جوڵەی جوجەڵەکان .

2-گرانی جیقنەکردن و گیرانی کونی کۆم .

**چارەسەرکردنی سەرمابردن :**

1-پێدانی شەکراو بەجوجەڵەکان بەشێوەیەکی خەست .

2-پێدانی دژە زیندەگی (مضاد حيوى ).

3-پێدانی فیورا زلیندۆن لەگەڵ خۆراک یان ئاو تێکەل بکرێت بۆماوەی 3—5رۆژ

# هەڵوەرینی پەڕ لە باڵندەدا



1 - هەڵە لە جۆری خۆراکەکانیان یەکێکە لەو هۆکارانەی ئەبێتە هۆی هەڵوەرینی پەڕەکانیان ئەمەش بەهۆی هەڵبژاردنی جۆرە خۆراکێک یاخود دووبارە کردنەوەی یەک جۆر خۆراک کە بڕی تەواو و پێویستی بەها خۆراکییەکانی تێدا نییە کە پێویستن بۆ گەشەی لەشی باڵندەکان و هەروەها دروست بوون وجوان بوونی پەڕەکان .

2– نەخۆشییەکان جێگرنەبوونی باری تەندروستی : - نەخۆشییەکان ئەبنە هۆی تێکچونی شێوە و ڕەنگ وە هەڵوەرینی پەڕەکان ئەمەش لە ئەنجامی نەمانی شەهییە کەم خۆریو بێهێزی نەمانی تاقەت بۆ خوێندن و چالاکی و جوڵە و هەندێک کات سکچون ، تەنگەنەفەسی و پژمە و چاوئاوکردن. کە ئەمەش بەهۆی ڤایرۆس، بەکتریا، ، کەڕوو ، مشەخۆرەکان

3 - گۆڕینی جۆری خواردنەکە :: گۆڕینی خۆراکەکە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر یاخود لەماوەیەکی کورتدا چەند جۆرێ خۆراک تاقیبکەیتەوە . چونکە خۆراک پەیوەندیکەی ڕاستەوخۆی بەسەر گەشەی پەرو جوانیەکەیەوە هەیە .

4 - کاریگەریی ژینگەیی ::گۆرانکارییە ژینگەییەکان کار لە سەر پەڕ و گەشەی باڵندەکان دروست دەکەن . بەرزو و نزمیکەش و هەوای سارد و گەرم و ڕادەی شێ.

ئەبێت ئەوەشمان لە بیربێت کە باڵندەکان وەرزی تولەک کردن( هەڵوەرینی پەڕی کۆن و دەرکردنی پەری تازە ) یان هەیە ئەمەش سورێکی سروشتی ژیانی خۆیانە ، وەک هەر ئاژەڵێکی تر.

5 - کەمی ڤیتامین و کانزاکان - ::ڤیتامین و کانزاکان بە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی لەشی باڵندەکان دا دەنرێت و ڕۆڵی هەیە لە دروست بون و گەشی تەواو و تەندروستی لەشی باڵندەکان . بۆیە کەمی ئەم مادده سود بەخشانە ئەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی لەشی باڵندەکان و هەڵوەرین و ناشرین بونی پەڕەکان .

6 - بونی سترێس و ترس :: کاریگەریەکی تەواو و گرنگی هەیە لە سەر گەشە و باری تەندروستی باڵندەکان ، بەهەمان شێوە کاریگەر لەسەر گەشەی پەر و جوانی و شێوازی وەستانی پەڕەکان بەجێئەهێڵێت .

7 - مشەخۆری دەرەکی (کێچ و گەنە و ئەسپێ ...هتد) :- بەهۆی ئەوەی ئەم مشەخۆرانە لەسەر خوێنی باڵندەکان خۆیان ئەژێنن ئەمەش ئەبێتە هۆی لاوازبون و دواکەوتنی گەشەی باڵندەکان هەروەها وتێکچون و ناشرین بونی پەڕەکان و هەڵوەرینیان.

## پربون وتەقینی چیکڵدانۆچکەی باڵندە



ئەم دیاردەیە زۆرجار ڕوئەدات بەهۆی زۆر پێدانی خواردن بە بەچکەی باڵندەی ماڵی یاخود بەرهەمی گۆشت یاخود بەرهەمی هێلکە وەک هەمووولایەک ئەزانین مریشکی هێلکە بۆ هێلکەکردن پێویستی بە بڕێکی زۆر خۆراک هەیە بۆ هێلکە کردنی ئەمەش بەهۆی خواردنی تەپەدۆر و لاستیک یاخود خۆراکی ژەهراووی یان خۆراکێکی قورس کە باڵندە نەتوانێت بەئاسانی هەزمی بکات بۆیە توشی ئەم حاڵەتە ئەبێت ئەبێتە هۆی تەقینی چیکڵدانی.

**هۆکاری تەقین چیکڵدان:**

1-خواردنی بڕێکی زۆر خواردن بەپەلە و بەخێرایی.

2-قوت دانی خواردنی ناتەندروست یاخود تەپەدۆر یاخود کا یان وردەدار.

3-زۆری ڕێژەی ڕیشاڵی لە خۆراکدا .

**نیشانەکانی نەخۆشی چیکلدان تەقین:**

1-بەرزبونی پلەی گەرمی لەشی باڵندە بۆسەروی 41پلە.

2-گەورەبونی چیکڵدان و درێژبون لاکێشەبونی چیکڵدان.

3-تەقین و دڕانی چیکڵدان سووربونەوەی دەمووچاو و حالەتی ناسروشتی و دەرپەراندنی چاو .

**چارەسەری چیکڵدان تەقین لەباڵندە دا:**

1-ناردنی ئاو بۆچیکڵدان لەرێگەی سۆندەی بارێک لە دەمەوە و هەوڵدان بە سەرنخون کردنی باڵندە و هێنانەوەی خۆراکەکە.

2-کردنەوەی چیکڵدان بەچەقۆ و دەرهێنانی خواردنەکەو دورینەوەی و شۆرینی برین بە سبغەی یۆد یان مادەی پاکژ کەرەوە .

## شەلەلی قەڵەز

(شلل البطاريات)



ئەم حالەتە ئەوکاتە ڕوئەدات کە باڵندە بڕێکی زۆرکەم  لەکالسیۆمی ئێسقان وەرەگرێت ئەمەش بەهۆی زۆری بەرهەمی هێلکە لەمریشک لەکەلەشێریش بەهەمان شێوە کەم بونی کالسیۆمی ئێسقانە لەلەشدا نزیکەی %64توێکلی هێلکە لەکاربۆناتی کالسیۆم پێکدێت زیاتر توشی ئەم باڵندانە ئەبێ شوێنیان بچوکە ،وەکو قەفەز بەتایبەت کاتی توشیان ئەبێت لەسەرەتایی بەرهەمی هێلکەیان بێت .

### هۆکارەکانی شەلەلی:

1-ناڕێکی لە گۆڕینی خۆراکدا لەلایەن باڵندەوە کەمی ڕێژەی کالسیۆم کە ئەیدرێتێ

2-هەندێك جار هۆکاری بۆماوەییە لەمریشکەکەدا .

### نیشانەکانی نەخۆشی شەلەلی:

1-هەڵنیشتنی باڵندە لەسەر زەوی و نەتوانین وەستان لەسەر قاچەکانی کەوتنی باڵندە بەلایەک واتە ئیفلیج بونی باڵندە.

2-لەکاتی توێکاری هەست بە نەرم بون و ئیفلیج بون و پوکاتەوەی ئێسکەکانی ئەکرێت بەهۆی کەم وەرگرتنی کالسیۆمی ئێسقان.

**چارەسەری شەلەلی قەفەز:**

1-زیادکردنی کالسیۆمی ئێسقان بۆ باڵندەکە لەرێگەی ئاوی خواردنەوەی .

2-کۆنترۆڵ کردنی رێژەی بیوتین وکۆلین و فۆسفۆر لەخۆراکی باڵندە دا.

3-پێدانی سلفاتی مەنگەنسیۆم لە رێگەی ئاوی خواردنەوەدا.

4-گواستنەوەی مریشککەکان لە شوێنی تەسک بۆ فراوان تاکو چارەسەر وەرەگرن .

## نەخۆشی هێلکە گیربون

## Egg bound



لەسەرەتای هێلکەکردن باڵندەکان بەگشتی بەتایبەت مریشک هەندێك جار توشی ئەم حالەتە ئەبێت هێلکە گیر ئەبێ نایەتە دەرەوە .

**هۆکارەکانی:**

1-گەورەیی قەبارەی هێلکە بەتایبەت هێلکەی دوو زەردێنە.

2-هەوکردن یان ئیفلیج بونی ماسولکەکانی هێلکەدان یان وەرگەڕانی کەناڵی هێلکە.

3-کەمی دەردراو لینجاوەکانی کۆم لەکەنالی هێلکە دا.

**نیشانەکانی نەخۆشی نادرمی هێلکە گیربون:**

1-هەستکردن بەبێزاری ودڵتەنگی و گۆشەگیری.

2-هەندێ جار کونی کۆمی بەرەو ژور ئەبێتەوە ئینجا هێلکە دێتە دەرەوە.

3-دانیشتنی باڵندە یان مریشک لەشێوەی مرۆڤ بەهۆی زەخت کردن و نەهاتنە دەری هێلکە .

**چارەسەری هێلکە گیربون:**

1-چەورکردنی کۆمی باڵندە بەفازەلین یان زەیتی زەیتون یان هەر ڕۆنیک بێت.

2-پاڵنان بەبەشی خوارەوەی سکی باڵندە ئینجا لەمریشک هەوڵ بدرێت بە پەنجەی بجوک هێلکەکە راکێشرێت.

3-لەکاتی ناچاریدا هێلکەکەی بشکێنریت باڵندە فریێ ئەداتە دەرەوە و شۆرینی هێلکەدان بە ئایۆدین یان خویاو یان گیراوەیەکی سوک بێت .

# هێلکەی توێکل تەنک



نەخۆشی نادرمی باڵندەیی نەگوێزەرەوەیی بەرهەم هێنانی هێلکەی توێکڵ تەنک لەباڵندەکاندا.

مریشکی بەرهەمی هێلکە هەندێ جار توشی ئەم حالەتە ئەبێت بەتایبەت کاتێک لەبەرزترین ئاستی هێلکە کردنی بێت واتە سالی یەکەمی بەرهەمی هێلکەی بێت زیاتر لەجۆرەکانی (هیمبشایر) مریشکە سوور یاخود (لیکهۆرن) مەسلەحە یاخود مریشکی (هۆیارد) یان (لوهمان) ڕوودەدات ئەم جۆرە هێلکەیە پێکهاتەی زەردینەو سپیێنکەی تێدایە بەلام تۆێکلی تەنکە لەبری توێکڵ تویژاڵێکی تەنک دەوری زەردێنەو سپیێنکەی داوە .

## هۆکارەکانی بەرهەم هێنان یاخود هێلکەکردنی توێکڵ تەنک:-

1-تێکچونی ماوەی نێوان دوو هێلکە کردن یەک لەدوای یەک بەگشتی نزیکەی 23کاتژمێری پێویستە هەر یەک

2-بەرزونزمی پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ لەهەوادا دەبێتەهۆی ئەوەی کالسیۆم لەخوێن چرنەبێت ئەمەش کالسیۆم کەم دەبێتەوە لە توێکلی هێلکەدا.

3-کەمی ڤیتامین تێکچونی ڕێژەی نێوان کالسیۆم وفۆسفۆڕ لەخۆراکی باڵندە دا.

4-توشبون بەهەندی نەخۆشی وەک کۆکسیدیا و مشەخۆری ناوەکی ئەبنە هۆی ئەوەی ڕیخۆڵە بێهێزبن لە هەڵمژینی کالسیۆم .

## چارەسەری هێلکەی تۆیکل تەنک :-

پێدانی بری پێویست زیاتر لە 3-5%کالسیۆم و فۆسفۆڕ لەگەڵ خۆراکی بەباڵندە لەحالەتی توش بون دا.

## جیقەی پی

## Bumble footناسراو بە مێخەک –تەبەق



جیقە یان دۆمەلی قاچ یاخود تەبەق یان مێخەک قاچ نەخۆشیە توشی هەموو باڵندەیەک ئەبێت بە تایبەت کێش قورس و قەبارە گەورەکان وەک براهما شامی و قازی سۆنا و مریشکی لیکهۆرن ئەویش بەهۆی برینداربونی ژێر پای باڵندە بەهۆی تەل یان شوشە یان بزمار یان بەخێوکردنی باڵندە لەسەر چیمەنتۆ و سەبە ئەبێتە هۆی تەنک بونی پێست و برینداربون و دواتر ڕەق بونی برینەکە و ئاوسان و کیم وجەراحەت ئەکات لەدواتر ناتوانێ قاچ دانێت لەعەرز ئەگەر هەر چارەسەر نەکرا بە تەئکید زیانی زۆر بەباڵندە ئەگات چونکە میکرۆب ئەگوازیتەوە تەواوی لەشی دوا جار بۆی هەیە باڵندە بکوژێت.

### هۆکارەکەی جیقەی قاچ:-

ستافیلۆکۆکس ئۆریس/ستافیلۆکۆکس ئەلباس

### نیشانەکانی جیقەی قاچ :

1-بونی برین لەژێر پای باڵندە و وئاوسان .

2-شەلینی باڵندە وئازاری زۆر ناتوانێ قاچ دانانێ لەسەر ئەرز.

**چارەسەری جیقەی پێ :-**

1-کردنەوەی برینەکەو پاککردنەوەی لە تەل وردە شوشە کیم و جەراحەت .

-2پاکژکردنەوەی شوینی برین بە کرێمی یۆد دژە میکرۆبە .

3-چەورکردنی برین بە ئۆریۆمایسین-گریس زەرد-زەیتی زەیتون-فازەلین.

بەستن و پێچانی قاچ بە پەرۆ یان جلد بۆچەندین ڕۆژ تاکو بەتەواوی چاک ئەبێ بەخێوکردن لەشوێنێک گڵ -خۆڵ -لم بێت بۆ نەرمی ژێرقاجی باڵندە .

## نـــــــەخۆشی دیاردەی چەوربونی جگەرو گورچیلەیی

## Fatty liver and kidney syndrome



ئەم نەخۆشیە لەباڵندە هەنێدێك جار ڕوو ئەدات بەهۆی تێكچون  نائاسایی بونی كرداری گۆڕینی خۆراک بۆ گۆشت لەهەموو جۆرە مریشک و باڵندەیەک بەتایبەت ئەم باڵندانەی بەرهەمی هێلکەیان بەرزبێت ئەمەش ئەبێتە هۆی نیشتنی چەوریەکی زۆر لەجگەری باڵندەکە...

### نـــــیشانەکانی نەخۆشی چەوربونی جگەرو گورچیلە:-

1-کەم خواردن کەوتنی باڵندە لەسەر سینگ مل درێژکردن.

2-کەمبونی بەرهەمی هێلکە لەمریشکی هێلکەیدا.

3-گەورەبونی جگەر پارچەپارچەبونی وگۆرانی رەنگی جگەر بۆ زەردباو.

4-کەمی چالاکی باڵندە بەشێوەیەکی گشتی .

**چارەسەری چەوربونی جگەرو گورچیلەی باڵندە:**

1-پێدانی بیوتین .

هەروەها پیدانی ڤیتامین B12لەگەڵ خۆراک بەباڵندە لەگەڵ پێیدانی ڤیتامین D3 بە باڵندە.

## لێکترازانی ژێ

## Slipped Tendeon



لێکترازانی ژێ نەخۆشیەکی نادرمیە واتە نەگوێزەرەوەیە واتە هۆکارەکانی نەقسی کالسیۆم و سلفاتی مەنگەنسیۆمە لە لەش بەزۆری توشی ئەو باڵندانە ئەبێت کە کێشیان زۆرە مەرج نیە زۆرجار توشی باڵندەی کێش سوکیش ئەبێیت ئەبێتە هۆی نارێکی رۆشتن پەندمانی ئەژنۆ و لیک جیابونەوەی قوفڵی قاج یاخود پەنجەکانی قاج .

### نەخۆشیەکانی لەقاچ کەوتن چوار جۆرن :

- نەخۆشی ڤایرۆسیMarek D.N.A .
- نەخۆشی شەلەلی قەفەزCage paralsis .
- لێکترازانی ژێSlipped Tendeon .
- نقرسی هەناو جومگە Infectious synovitisin chickens .

### هۆکارەکانی نەخۆشی لێکترازانی ژێ:-

1-کەمی سلفاتی مەنگەنیز لەلەشی باڵندە .

2-ناهاوسەنگی رێژەی کۆلین و بیوتین لەخۆراکی باڵندە لەلەشدا.

لەلەشی باڵندەدا. کەمی ڤیتامین.A

**نیشانەکانی نەخۆشی نادرمی لێکترازانی ژێ:-**

1-سستی گەشەکردنی جوجەلەکان .

2-وەرگەران و لاخواری ئێسکی قاجی باڵندە لە بەشی پەنجە کانو ئەژنۆو قوفڵەکان زیاتر.

3-لەشوێنی لێکترازانەکە بونی کەمێک خوێن یاخود سوربوون یاخود شین هەڵگەڕان وخوێن تیزان لەبەشی ناوەوە لەقاجی باڵندەکان.

4-کەوتنی باڵندە بە لاتەنیشت یاخود کەوتنی بەسینگ و نەجولانی باڵندە بەهۆی لێکترازان بونی ئێسکی قاج و ئەژنۆی بەستەکی .

**چارەسەری نەخۆشی نادرمی لێکترازانی ژێ:**

1-پێدانی سلفاتی مەنگەنیز لەگەڵ ئاوی خواردنەوە .

2-پێدانی کالسیۆم لەگەڵ ئاوی خواردنەوە یان لەگەڵ خۆراکدا.

3-پێدانی کۆلین و بیوتین یان بەشێوەی حەب یاخود بەشێوەی تێکەلە لەگەڵ خۆراکدا.

4-بەستنی قاچی بە لەفاف یاخود پەڕۆی نەرم خستنی لۆکە یان پەمۆ بەشێوەیەکی کەمیک توند بێت تاکوو بەچاکی یەک بگرێتەوە .

5-یاخود خستنی باڵندە بۆشوێنێک نەجولێت شوێنێکی تەسک وتەنگ تاکو چاک ئەبێتەوە .

## دەردە بزن



نەخۆشیکی ڤایرۆسیە توند و کوشندەیە پەیوەندی هەیە بە دەردەگا توشی بزن ئەبێت .

هۆکارەکەی لەجۆری Paramyxoviridea

### نیشانەکانی نەخۆشیەکە دەردەبزن:

1-بێ هیزی و کەم خۆراکی بزنەکە.

2-هەوکردنی پەردە ناوپۆشەکانی دەمولوتی ئاژەڵەکە.

3-بەیکەوەنوسان وداخرانی چاو یان پێلوی چاو .

4-سکچونی توندی خوێناوی ئاژەڵەکە.

لەکاتی توێکاری کردنی بونی برین لەکەنالی هەرس لەمەعیدەیدا لەدەم تاکو کونی کۆم برینە.

### ڕێگای بڵاوبونەوەی دەردەکاوێژکەرە بجوکەکان :-

1-بەریەک کەوتنی ڕاستەوخۆی ئاژەڵەکان.

2-لەرێگەی لیک پاشەرۆ ولینجاوەکانی دەمو لوت.

**چارەسەرو پاراستن :**

چارەسەری نیە یان ڕێنمایی دکتۆر باشترین بژاردەیە.

پاراستن لەتوش بون :-کوتانی ئاژەڵاەکەیە بەکوتاوی دژە لە دردەکاویژکەرە بچوکەکان یان دەردەگای زیندوو لەتەمەنی --6--مانگی وهەمو ساڵێک دوبارە بکرێتەوە بەپێی ڕێنمایی دکتۆر.

## سکچوی ڤایرۆسی مانگا



نەخۆشیەکی ڤایرۆسی و درمی توشی هەموو کاوێژکەرەکان ئەبێت مانگا--مەر--بزن—نەخۆشیەکی کوشندەنیە جیائەبیتەوە بەبونی هەوکردن و داخورانێکی تووند لەناودەم و ڕیخۆڵە لەگەڵ سکچون.

ڤایرۆسەکە سەر بەخێزانیTogaviridea

لە توخمی.Pestvirius

### ڕێگای بڵاوبونەوەی سکچونی ڤایرۆسی مانگا:

1-تیکەڵاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەخۆشەکان .

2-پیسبونی ئالیک بەپاشەڕۆ و میزو دەردراوەکانی دەمو لووتی ئاژەڵی نەخۆش.

3-لەرێگەی وێلاش وکۆرپەلەوە.

## نیشانەکانی نەخۆشی سکچوی ڤایرۆسی مانگا:-

1-بێهێزیو لەرو لاوازبونی ئاژەڵەکەو بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەشی.

2-لەمانگا کەمبونی بەرهەمی شیر.

3-زۆر ئاو خواردنەوەو تاونوبوون .

4-هەڵوەرینی خووری لە مەر یان کەروێشک.

5-وشک بونەوەی لەش و سکچونی تووند.

## پاراستنی پێشکاتە ورێگری کردن لەتوش بوون :-

کوتانی ئاژەڵەکە پێش بەکەڵ هاتن و پیتاندن چونکە لەکاتی توشبون ئەبێتە هۆی لەبارچوون وئەستوربونی گرێیە لیمفاویەکان بۆیە ئەگوترێت بەرلە (3--6)هەفتە لەپیتاندن وکەڵدان....

# لیکی سەگ




بەگوێرەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان،دەرکەوتووە سەگ هەڵگری و گوێزەرەوەی چەندان جۆری بەکتریایە،بەنموونە نەخۆشی هاری سەگ،،داء الكلب،،کەبەهۆی گەستن لەسەگێکی توشبووەوەدەگوازرێتەوە،ساڵانە هۆکاری مردنی (60000)کەسە،

---

## هەندێک لەو بەکتریایانەی کەلەلیکی سەگدا هەن:

بەئاسانی لەسەگەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، لەنیشانەکانی ئەونەخۆشیە، ڕشانەوە بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی وچەندین نیشانەی تر. :ئەم بەکتریایە هەوکردنی پێست وگرێ لمفییەکان و چەندین هەوکردنی تردروست دەکات لەمرۆڤدا.

دیار ترین جۆری بەکتریای نەخۆشخەرە بۆ مرۆڤ کەلە ناو پۆشی دەمی سەگی تەندروستیشدا هەیە، لەڕێگەی گەستن یان بەرکەوتنی لیکی زۆرەوە دەگوازرێتەوە بۆمرۆڤ، کەسەکە توشی هەوکردنی ناوخوێن دەبێت.

...........

ئەم هەموو ترسناکی و نەخۆشیە یە وای کردوە ئیسلام دروکەوتنەوە لەسەگ بەزەرور هەژمار بکات، بەجۆرێک تاحەدی گڵاو،.

## تای سێ ڕۆژە

Bovine ephemeral fever

( three day thickness )



نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە توشی گا و گامێش (مانگای شیردەر و نەوەنی پەڕین ) دەبێت ، بەشێوەیەکی ئاسایی ئاژەڵەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک نەخۆش دەکەوێت پاشان چاک دەبێتەوە ، ئەم نەخۆشییە لە کوردستان هەیە و بە (تای سێ ڕۆژە) ناسراوە ، ساڵانە سەرهەڵئەداتەوە لەبەهار و هاوین دا، لەو نەخۆشیانەیە کە بەهۆی مێشولە و مەگەزی ترەوە بڵاو دەبێتەوە .

**نیشانەکانی :**

1- بەرزبوونەوەی کتوپڕی پلەی گەرمی لەش (تا ، یاو) دەگاتە (41 - 42) پلە ، دوای (36) کاتژمێر یان زیاتر پلەی گەرمی دەگەڕێتەوە باری ئاسایی واتە (38) پلەی سەدی.

2- دابەزینی کتوپڕ و خێرای (کەم بونەوەی) بەرهەمهێنانی شیر لەمانگادا.

3- مانگای ئاوس لە قۆناخی پێشکەوتوودا بەردەخات (دواقۆناغی ئاوسی ) ، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشەوە سەرەڕای کاریگەری ڤایرۆسەکە.

4- ئاڵف و ئاو ناخوات  و توانای جوڵەی نامێنێت.

هەروەها  توشی  قەبزی دەبێت.

5- هاتنە خوارەوەی لیک  بەدەم دا ، ئاوی لوت دێتە خوارەوە بەشێوەی درێژ بۆ خوارەوە ، هەندێ جاریش (فرمێسک) ئاو بەچاویدا دێتە خوار.

6- ئاژەڵی نەخۆش ، توشی لەرزین دەبێت و گیانی توند و ڕەق دەبێت و توانای جوڵەی کەم دەبێتەوە و لەڕۆژی دووەمەوە شەل دەرئەکەوێت ، جومگەکانی قاچی دەئاوسێن ، هەندێ جار کاکیلەشی دەئاوسێ، دەوروبەری چاوی دەئاوسێ ،هەندێ لە ئاژەڵەکان  بەتایبەت ئەوانەی قەبارەیان گەورەیە  دەکەون و توانای هەڵسانەوەیان نیە ، توشی  کەمی کالسیۆم دەبن.

7- لە دوای سێ ڕۆژەوە ، ئاژەڵەکە  هەڵدەستێتەوە  دەست دەکات بەخواردن  واتە باش دەبێتەوە ، هەرچەند  تا دوای چەند ڕۆژێکی تر(2-3) بێ هێزو لاواز وشەل دیارە.

8- زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشییەکە لەماوەیەکی کورت  چاک دەبنەوە ، سەرباری هەندێ حاڵەتی جیاواز کە لەماوەی (24) کاتژمێر دا چاک دەبنەوە و هەندێکیش بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک درێژە دەکێشێت ، گوێرەکەی خوار تەمەن (12) مانگ  زۆر بەهێواشی دەیگرێت.

9- بەرهەمی شیر لەمانگادا  دێتە خوارەوە بۆ زیاترلە(50%) نیوە ، بەتایبەت ئەو مانگایانەی کە بەرهەمی شیریان زۆرە ، دوای چاک بوونەوە ، سێ هەفتە دەخایەنێ  تا بەرهەمی شیر دەگەڕێتەوە باری ئاسایی.

10- گا (نەوەن) و مانگای قەڵەو کاریگەری نەخۆشیەکەیان  زیاتر لەسەر دەرئەکەوێ و درەنگیش دەگەرێنەوە باری ئاسایی هەندێ گای نێر توشی نەزۆکی دەبن ، کە ماوەی (3-6 )  مانگ  دەخایەنێ  ئینجا  باش  دەبنەوە،  بەهۆی  بەرزبونەوەی  پلەی گەرمییەوە،  نەزۆکی هەمیشەیی ڕونادات ، بەڵام ئەگەریشی هەیە.

11- هەندێ جار ئاژەڵی توش بوو توشی شەلەل دەبێت بەهۆی کاریگەری ڤایرۆسەکە لەسەر دڕکە مۆخ.

12- مردار بوونەوەی هەندێ ئاژەڵ کە بەتوندی تووشی نەخۆشییەکە بوون لە 1٪ تێپەرناکات.

## هۆکاری نەخۆشییەکە:

ڤایرۆسی Ephemero virus هۆکاری ئەم نەخۆشیەیە .

لە خێزانی رابدۆ یە ئەم ڤایرۆسە هەستیارە PH ژێر 5 و سەروی 10 واتە بەرگە ناگرێ و دەمرێ.

تائیستا هیچ بەڵگەیەک نیە کە مرۆڤ توشی ئەم ڤایرۆسە یان نەخۆشییە ببێت.

## چۆنیەتی بڵاو بوونەوەی نەخۆشییەکە:

نەخۆشییەکە بەهۆی جۆرەها مێشوولە و مەگەز و مێروی بگەزە وە دەگوازرێتەوە ، لەئاژەڵی نەخۆشەوە بۆ ساغەکان ، کاتێ دەنیشێ بە لیک و چڵم ویان خوێن دەمژێ ...هتد هەروەها وەک هەموو نەخۆشیەکانی تر لەرێگای بەریەک کەوتن و تێکەڵاوبوونی ئاژەڵی ساغ لەگەڵ نەخۆشدا ، کەش وهەوا کاریگەری هەیە بۆ سەرهەڵدان و بڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکە بەتایبەت ئەو وەرزانەی کە مێشولە و مێروەکان زۆرن (بەهارو هاوین) ، بۆیە ڕودانی نەخۆشیەکەش کاتێکی دیاری کراوی نییە. لەرێگای تاقیگەوە مانگا توش دەبێ ، واتە خوێنی مانگایەکی نەخۆش بکرێتە ناو مانگایەکی ساغەوە.

## مێژووی ڕودانی نەخۆشیەکە Epidemiology:

پێش ساڵی 1975 لە باکورو باشوری ڕۆژئاوای وڵاتی ئوستراڵیا چەندین جار تۆمار کراوە وەک نەخۆشییەکی وەبایی و بومی، کە بەشیوەیەکی بەربڵاو مانگای توشی نەخۆشی کردوە لەماوەی نیوان (10-15) ساڵدا چەندین جار کەوتنەوەی نەخۆشیەکە ڕووی داوە و نەیان زانیوە چ نەخۆشییەکە.

ئێستا ئەم نەخۆشییە لەئوستراليا هەروەها لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا بوونی هەیە.

کاتی ڕوودانی نەخۆشیەکە لە هەرێمی کوردستان تا ئیستا لەسەرەتای بەهاردا واتە لەمانگی ئازارو نیسان ، هەروەها دواتر تا دەگاتە مانگەکانی هاوین ،

بۆیە دەتوانین بڵێن کاتی ڕودانی نەخۆشییەکە جیاوازە و لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا بۆی هەیە سەرهەڵبدا ، بەتایبەت لە دوای باران بارین و گەرما ، واتە هەتا مانگی دە (بەهار ، هاوین ، پایزیش) لەم وەرزانەدا مێش و مەگەزو مێرووەکان چالاکن لە کوردستان.

ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچە خولگەی کەمەرەیی و نیمچە کەمەرەیی هەیە .

## دەست نیشان کردنی نەخۆشیەکەDiagnosis :

بۆ دەست نیشان و ناسینی نەخۆشییەکە لەکاتێک دا کە مانگای نەخۆش ڤاکسین نەکرابێ و یەکەمجاریش بێ توشی نەخۆشییەکە بوبێت ، پشت دەبەستین بە نیشانەکانی نەخۆشییەکە ، بەڵام لەکاتێک دا کەپێشتر کوتان و بەرگری کرابێ بۆ ئاژەڵەکان ، ئەوا لەم کاتەدا سەرباری نیشانەکان پێویستمان بە یارمەتی تاقیگە هەیە ، ئەویش دەبێت دوو جار خوێن وەربگرین لەئاژەڵی نەخۆش ، یەکەم جار لە سەرەتای دەست پێ کردنی نەخۆشیەکەوە و دواتر دوای سێ هەفتە لە باش بوونەوەی

نەخۆشیەکە ، لەم کاتەدا وەڵامدانەوەی ئەنتی بۆدی بۆ نەخۆشی سێ ڕۆژە لە ئەزمونی دوەم جاردا زۆر بەرزترە لەیەکەم و بەوشێوەیە بۆمان دەرئەکەوێت کە ئاژەڵەکە توشی نەخۆشی سێ ڕۆژە بووە.

**بۆ ناسینەوەی ڤایرۆسەکە ئەم ئەزمونانە بەکار دێنین لە تاقیگەدا**
Immunofluorescence and Immunostaining ڤایرۆسی

ئەم نەخۆشییە لە ناو خوێنی مانگای چاکەوەبوو دا نامێنێت ، پاش توش بوونی بەنەخۆشییەکە.

ELISA و PCR بەکار دەهێنین بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشییەکە.

## چارەسەر Treatment:

چارەسەری دەرمانی بۆ گایەک ، (گاگەل) ێک یان گاوداریيەکی بێ بەرهەم ( واتە بەرهەمی شیرو زاوزێان نەبێ ) پێوست نییە ، بەڵام چارەسەر و کۆمەکی دەرمانی زۆر پێوستە بۆ (مانگای شیردەرو گای پەڕین) ، لەم کاتەدا سەرباری چارەسەری دەرمانی دەبێت ئاوی پاک خواردنی تەواو بدرێ بە ئاژەڵەکان ، وە نابێ لە بەرخۆر و شوێنی گەرم دا دابنرێن ، دەبێت ببرێنە شوێنێکی پاکو فێنک.

هەر ئاژەڵێک کە پاڵ دەکەوێت و ناتوانێت هەڵسێتەوە بەهۆی نەخۆشیەکەوە بەتایبەت مانگای شیر و گای پەڕین پێوست دەکات ڕۆژانە چەندین جار ئەمدیو و ئەودیوی بکەین و هەڵی گێڕینەوە تاکو سوڕی خوێن ئازاد بێت و کاریگەری نەبێت لەسەر ماسولکەکان کە دەکەوێت بەسەری دا ،هاوکات دەرمانی پێوست بکرێت ، بەتایبەت لەم کاتەدا کالسیوم زۆر پێوستە بدرێ بەو ئاژەڵانەی کە پاڵ دەکەون و

توانای هەستانەوەیان نیە هاوکات دەرمانی دژە ژیان زۆر پێوستە تا ڕێگری بکرێ لە توشبونی بەنەخۆشی تری لاوەکی.

هەروەها بەکار هێنانی دەرمانی دژە هەوکردنی نامیکرۆبی

Anti-inflammatory drugs

زۆر پێوستە بۆ یارمەتی دانی ئاژەڵی کەوتوو تا هەستێتەوە.

نەخۆشی سێ ڕۆژە کاریگەری دەبێت لەسەر کرداری قوت دانی خواردن ، بۆیە نابێت لەکاتی چارەسەردا ، بەزۆر و بەپەلە دەرمان دەرخواردی ئاژەڵی توش بوو بدەین ، نەوەک بپەڕێتە بۆری هەوای ئاژەڵەکەوە و ببێتە هۆی خنکان یان هەوکردنی سییەکان.

## نەخۆشی_دەردەگا

Rinder pest



نەخۆشیەکی ڤایرۆسی توندی کوشندەیە و زۆر درمییە توشی کاوێژکارەکان دەبێت .

هۆکارەکەی Etiology

ڤایرۆسە بەخێزانی بارامیکسۆفێریدی Paramy xoviridae

لەتوخمی ڤایرۆسی مۆربیلایە Morbilli Virus

**ڕێگای بڵاوبونەوەی:**

Routes of Transmission

**ڕێگای_ناڕاستەوخۆ:**

١.دەردراوەکان_ پاشەڕۆ _ لینجە ڕژێنەکان

**ڕێگای_ڕاستەخۆ:**

بەرکەوتنی ڕاستەخۆ لەنێوان ئاژەڵەکان .

**نیشانەی_نەخۆشیەکە**Clinical Signs:

1.نیشانەکان لەسەر ئاژەڵەکە دەردەکەوێ دوای 3 بۆ 9 ڕۆژ لەتوش هاتن .

2.نیشانەکان بەتوندی دەردەکەون لەسەر ئەو ئاژەڵانەی یەکەم جار تووش دەبن .

3.بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەناکاو دەگاتە 40س لەگەڵ  سوور هەڵگەڕانی پەردە لینجەکان و کەوانە بوونی پشت و گوێ بیستنی جیرە جیری ددانەکان دەبێ .

4.ڕژاندنی دەردراو لەلوت و هاتنەخوارەوەی فرمێسک .

5.دەرکەوتنی برینی بچوک لەسەر ناوپوشەکانی دەم و زمان و کۆئەندامی زاوزێ .

6.سکچوون و دابەزینی پلەی گەرما .

7.تێکەڵابونی سکچوونەکە بەخوێن و مادەی لینجی ناو پۆشی ڕیخۆڵەکان .

8.لەباچونی ئاژەڵە ئاوسەکان .

9.مردنی ئاژەڵەکە لەماوەی 10 ڕۆژ لە پاش توشبوون و ڕێژەی مردن دەگاتە 90 بۆ 100% .

**پاراستن:**

لەنەخۆشیەکەProphylaxis

کوتینی ئاژەڵەکە دژ بەم نەخۆشیە لەتەمەنی 3 مانگی لەساڵی یەکەم و دووبارە کردنەوەی  مانگ .

## ئەنفەلەوەنزای بەراز و ئەنفەلەونزای باڵندە




چۆن خۆمان بپارێزین لە ئەنفلەوەنزای بەراز؟

هۆکارەکەی ڤایرۆسی دەبێتەوە H1N1 ئەوە بۆ جاری سێیەمە لە هەموو جیهان بڵاو ئەم جارەش تا ئێستا لە "عیراق و فەڵەستین و ئوردن" بڵاوبۆتەوە و 26 کەس بەهۆیەوە مردووون..

**نیشانەکانی چین و چارەسەر چییە؟**

**نیشانەکانی:**

وەکو ئەنفلەوەنزایەکی ئاسایی بریتین لە

"لەش داهێزران و بێتاقەتی ،تایە کە زۆر جار لەرزیشی لەگەلدایە،ژانە سەر و هەندێک جاریش هێڵنج و سکچوون".

تووشبوونی ئەم نەخۆشیە ئاسانەو و بڵاوبوونەوەشی خێرایە..

## ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:

لە ڕێی هەناسە بڵاودەبێتەوە وەکو پژمین و کۆکە.

گرنگترین نیشانەکانی بریتین لە هەوکردنی سیەکان و لەناوبردنی خانەکانی سیەکان و دواجاریش کۆبونەوەی شلەیەکی زۆر لە بەشی خوارەوەی سیەکان کە هەناسەدان زەحمەت دەکات و نەخۆش تووشی تەنگەنەفەسیەکی زۆر دەکات..

## ڕێگاکانی خۆ پاراستن:

ڕێگاکانی خۆ پاراستن لێی پاک و خاوێنیە بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەتی ئەو کەلوپەلانەی کە ڕۆژانە بەکاردێن وەکوو دیشەکانی خواردەمەنی و دەستشۆردن و بەکارهێنای ماسک و دوورکەوتنەوە لە توشبوان .

## چارەسەر:

چارەسەری ئەم پەتایە ئەگەر زوو دەستنیشان بکرێ ئاسانە ،سەرەتا بەچارەسەرکردنی نیشانەکەنەوە دەستپێدەکات و پاشانیش دەرمانی دژەهەوکردن. دەرمانی تایبەتی " ئەم پەتایەشبریتیە لە" Tamiflu

## نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە چیە؟

نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە بە ناوی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای

H7و H5ی تاکو ئێستا دیاری کراوە.جۆریNو 10جۆری  Hیە وە ئەمە 16 جۆریA زۆرترین جۆرەکانی مەترسی داری ڤایرۆسەکەیە.

## *سەرچاوەی ڤایرۆس:

1-ئاوی لوت وچاوی باڵندەی نەخۆش

2-پیسای باڵندەی نەخۆش.

3-لاشەی باڵندەی نەخۆش.

4-هێلکەی باڵندەی نەخۆش.

***لەناوبردنی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزا:**

1-بەرزکردنی پلەی گەرمی 60پلە بۆ ماوەی 30 خولەک.

2-سابون و تایت.

3-ڤێرکۆن،سپیرتۆ،یۆد،بیرۆکساید.

*نیشانەکانی ئەنفلەوەنزا لە مریشک و قاز و شامە(پەلەوەر):

1-سگ چوون(ئیسهال).

2-کزبوون.

3-ناتەواوی هەناسەکێشان.

4-ئاوهاتن لە دەم و چاو.

5-کەم مەیلی بۆ خواردن.

6-ئەستور بوونی سەرو چاو.

7-بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی.

***ڕێنماییەکانی خۆ پاراستن لە ئەنفلەوەنزای باڵندە:**

1-سەربڕینی پەلەوەر لە جێگای تایبەت وسوتانی پاشماوەی.

2-کولاندنی هێلکە وگۆشت بەتەواوی.

3-دوای مامەلەکردن لەگەل پەلەوەر شوشتنی دەست بە ئاو وسابون.

**⁕لەگەڵ پەلەوەری نەخۆش یان مردوو چی بکرێت؟**

1-ئاگاداکردنەوەی بنکەکانی ڤێتێرنەری بکەن.

2-فڕێنەدانی پەلەوەری مردوو لەناو چەم،زێ یان کەنالی ئاو.

3-نەخواردنی پەلەوەری نەخۆش.

4-نەفرۆشتنی پەلەوەری نەخۆش.

## ئەنفلۆنزای باڵندە و بەراز لە چەند جیاوازیەکدا



## نه خۆشي شێتی مانگا

Mad Caw Disease




ئه م نه خۆشیه به یه کێك له نه خۆشیه  سه رسورهێنه ره کان داده ندرێت له 63 نه خۆشیه ئاژەڵیەکان له لێکۆڵینه وه ی دروستی ئاژەڵی .

شێتی مانگا هەو کردني مۆخی ئیسفه نجی مانگا.....دەبێته هۆی کون کون بونی  ده ماغی مانگا له شێوه ی ئیسفه نجی کوشتنی ئاژەڵەکه ئه م جۆره نه خۆشیه توشی مەڕو بزن ئه بێت پێی ئەوترێ سکراپ  Scrapieجۆرێکیشی هه یه توشی مرۆڤ ده بێت پێی دەوترێ کریوز فیلات یه عقوبي .

Creuzfeldt-jacob disease

**هۆکاری نەخۆشی شێتی مانگا:**

1-مادەیەکی پرۆتینیه پێی ئەوترێ پیریۆن  .prionنه ڤایرۆسه نه به کتریایه له هەردوکیان بەهێزترە دەتوانێ بەرگەی پلەی گه رمی 100 پله بگرێت ماده ی پاککەرەوه کاری تێناکات تواناى مانه وه ی چەندین ساڵی هه یه له خاکدا.

**ڕێگای بڵاوبونەوەی نەخۆشی شێتی مانگا:**

1-لە ڕێگەی خواردنی ئالیك پرۆتینی ئاژەڵی تیابێت .

2- مەڕی توش بوو بە نە خۆشي سکرابیscrapie .

3-لەوەڕاندنی ئاژەل لە شوێنی توش بونی ئاژەل بەم نە خۆشیە .

**نیشانە کاني نە خۆشي شێتی مانگا :**

1-نارێکی لە ڕۆشتنی بە ڕێگا .

2-ئیفلیج بونی ئاژەل .

3-لاوازی زۆری ئاژەڵەکە .

4-مردنی ئاژەڵەکە .

ماوەی نەخۆشی لە مانگا 15—20ڕۆژە .

**پاراستن لە نەخۆشي شێتی مانگا :**

لە ناوبردنی ئە م ئاژەڵانەی کە توش بوون.

جیاکاری بکرێت لە بە خێوکردن لە کاتی توش بوون.

ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسیە توشی ئاژەڵان ئەبێ یەکێکە لەنەخۆشیە سەرسورهێنەرەکانی جیهان بەرێژەیەکی کەم ئاژەڵ توشی ئەبن لە سەد هەزار دانیک توشی ئەبێت چارەسەریشی بەڕاستی مەحاڵە.

ئەم نەخۆشیە واتە شێتی مانگا ئەبێتە هۆی کون کون بونی دەماغی مانگا کە دەماغی لەشێوەی ئیسفەنج لێ یەت دواجاریش ئەبێتە هۆی کوشتنی ئاژەڵە توش بوەکە .

ئەم نەخۆشیە بۆیەکەم جار لەبریتانیا تۆمارکراوە تاکو ئێسا زیاتر لە 180,000مانگا توشی ئەم حاڵەتە بونە .

بەڵام ئەم جۆرەی توشی مەرو بزن ئەبێ پێی ئەوترێ  Scrapieسیکراپ هەروەها جۆریکی تریش هەیە توشی مرۆڤ ئەبێ پیێ ئەوترێ

Creutzfeldt -jacob-disease

## چارەسەر نەخۆشیەکە نیە

پاراستن: لەناوبردنی خێرای توش بوەکان سوتانو ژێرخاک کردنیان.

بەکارهینانی مادەی داخکەر لەناوبردنیان بە تیشک لەسەر گۆشت .

# نەخۆشی حەمەی ماڵتا

## Brucellosis




تای ماڵتا بریتییە لە نەخۆشییەکی ترسناکی بەکتریایی کە دەبێتە هۆی تاو، ئازاری جومگە، بێ هێزی .

نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، بەزۆری لە ئەنجامی خواردن و خواردنەوەی شیر و پەنیر و بەرهەمە شیرییەکانی تر کە بەشێوەیەکی باش نەکولاَون. جگە لە رێگای خواردن و خواردنەوە، بەکتریایی تای ماڵتا، دەکرێت بگوازرێتەوە لە رێگای هەوا یان بە بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاژەلاَن.

هەرچەندە دەکرێت تای ماڵتا بەشێوەیەکی سەرکەوتوویی چارەسەربکرێت بە بەکارهێنانی دژەبەکتریایی تایبەت، بەلاَم دووبارە سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکە زۆر باوە.

خۆ بە دوورگرتن لە خواردن و خواردنەوەی بەرهەمە شیرییە باش نەکولاَوەکان و هەروەها هۆشیاربوون لە کاتی کارکردن لە کێلگە ئاژەڵییەکان یا تاقیگەکان، لە تووشبوون بە تای ماڵتا دەتپارێزێت.

## نیشانەکانی تایماڵتا:

لەوانەیە نیشانەکانی تای ماڵتا لە چەند رۆژێک بۆ چەند مانگێک بە دیار بکەون دوای تووشبوون بە بەکتریایی نەخۆشیی تای ماڵتا.

بە گشتی نیشانەکان بریتین لە؛

1-تا یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ 40 پلەی سلیزی یا زیاتر لە کاتی دوای نیوەڕۆیان "بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بریتییە لە نیشانەیەکی جیاکەرەوەی نەخۆشی تای ماڵتا.

2-لەرزین.

3-ئارەقەکردن.

4-بێ هێزی.

5-ئازار لە پشت و جومگەکان.

6-ژانە سەر.

-لەوانەیە نیشانەکانی نەخۆشی تای ماڵتا بۆ چەند هەفتەیەک یا چەند مانگێک نەمێنێن و دوایی دووبارە دەربکەونەوە. لە هەندێک کەس نەخۆشییەکە دەچێتە بارێکی درێژخایەنەوە "نیشانەکان بۆ چەندین ساڵ دەمێنێتەوە.

## کەی سەردانی پزیشک یان نەخۆشخانە بکرێت؟

دەستنیشان کردنی نەخۆشی تای ماڵتا ئاسان نییە، بە تایبەتی لە قوناغە زووەکانی نەخۆشییەکە. بەڵام پێویستە سەردانی پزیشک یا نەخۆشخانە بکرێت ئەگەر

1-هەرکاتێک هەر کەسێک تووشی بەرزبوونەوەیەکی خێرای پلەی گەرمی لەش بوو "تایەکی خێرا.

2-ئازار لە ماسولکە یا بێ هێزییەکی نائاسایی"

3- تایەکی بەردەوام هەبوو

**هۆکارە مەترسیدارەکان بۆ تووشبوون بە تایماڵتا:**

خواردن و خواردنەوەی بەرهەمی شیری و گۆشتی باش نەکولاوی ئاژەڵی تووشبوو

کارکردن لە کێڵگە ئاژەڵییەکان "قەساب و ئاژەڵدار..هتد

راوچی ئاژەڵان، دەکرێت لە رێگای خوێنی برینی ئاژەڵە تووشبووەکان بگوازرێتەوە یا لە ئەنجامی خواردن و خواردنەوەی بەرهەمەکانییان.

ئەو کەسانی کە لە تاقیگەکان کاردەکەن، لە رێگای هەوا یا بە رێکەوت لە رێگای خوێنەوە.

**ئاڵۆزییەکانی تای ماڵتا:**

- هەوکردنی بەشی ناوەوەی دڵ.
- هەوکردنی جومگەکان.
- هەوکردنی گونەکان.
- کەم خوێنی.
- لەبارچوونی منداڵ "لە ئافرەتی دووگیان.
- هەوکردنی جگەر.
- هەوکردنی پەردەی دەماغی.

**خۆپاراستن لە تای ماڵتا:**

1-خۆت بە دووربگرە لە خواردن و خواردنەوەی بەرهەمی شیری باش نەکولاو.

2-گۆشت بە تەواوی و بە باشی بکوڵێندرێت "پلەی گەرمی ناوەخنی بگاتە 63بۆ 74 پلەی سلیزی.

ئەو کەسانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵ دەکەن "کەسانی کێڵگە ئاژەڵییەکان و پزیشکانی ئاژەڵداری و قەساب..هتد" پێویستە لەسەریان دەستەوانەی لاستیکی-لاینۆنی لەدەست بکەن.

## دەردە پشیلە



ئەم نەخۆشیە ساڵی 1908 دۆزراوەتەوە ئەم نەخۆشیە هۆکاری توشبونەکەیی پشیلەیە بە هۆی پاراسایتی تۆکسۆپلاسماوە.

گرنگە ئافرەتان زانیاریان لەسەر ئەم نەخۆشییە هەبێت .

توشبون بە نەخۆشی دەردەپشیلە مەترسی دەگەیەنێت بە کۆرپەی ئافرەتانی دووگیان، دەبێت زۆر ئاگاداری بن نەخۆشیەکە لە ڕێگەی وێلاشەوە دەگوازریتەوە لە دایکەوە بۆ کۆرپەکەی.

**زیانەکانی بۆ کۆرپە :**

- دەبێتە هۆی هەو کردنی دەماخی کۆرپە.
- نەخۆش خستنی ناوەندە کۆئەندامی دەمار.
- نەخۆش خستنی دڵ و جگەر.
- زۆرجار دەبێتە هۆی لەبار چونی کۆرپە.
- بەگشتی ئەم نەخۆشیە بێ نیشانەیە.
- 

**گواستنەوەو توش بون بە نەخۆشیەکە:**

Transmitted disease

1-پیس بونی قاپ و دەفری ماڵان بەهۆی لیک و پیسای پشیلە .

2- توشبون بەهۆی باش نەکوڵانی گۆشتی ئاژەڵ وەک (مەڕو مانگاو بزن ) چونکە ئەم پاراسایتە بەهۆی پیسایەوە ژینەگە پیس دەکات و لەڕێگەی خواردنی گیای پیس بووەوە ئاژەڵەکانی دیکە توش دەکات و پاراسایتەکە لە لەشیان دەمێنێتەوە .

3- بەهۆی باش نەشردنی سەوزەو میوە.

4-ماچکردنی پشیلە لەو ماڵانەی بەخێوی دەکەن .

5- گواستنەوەی خوێنێ کەسی توشبوو بۆ کەسێکی دیکە .

دەتوانین بەهۆی تێستیtoxiplasmosis

لە مختبردا نەخۆشیەکە دیاری بکەین

**چارەسەر Treatment**

1- Anti - folates( pyrime thamine + suplfadiazine)

2- spiramycin for prophylatic during pregnanc



## نەخۆشی



rotavirus infectionنەخۆشیەکی ڤایرۆسیە بەهۆی ڤایرۆسێکەوە توشی توتک دەبێت بەزۆری لەخوار تەمەنی 12هەفتەیی ڤایرۆسەکە لە گروپی RNAیەو سەر بە خێزانی Reoviridaeە توشی زۆربەی ئاژەڵەکانی تر دەبێت بەڵام ئێمە لێرەدا باسی توتک دەکەین ، ڤایرۆسەکە لەسەر نوکی مەمیلەکانی ریخۆڵە گەشە دەکات ئەو مەمیلانە کە بەرپرسن لە مژینی خۆراکە مادە پێویستەکان کە بە ریخۆڵەدا تێ ئەپەڕن ، بۆیە کاتێک ئەو خانانە نەخۆش ئەکەون ناتوانن ئیشەکەی خۆیان بەجوانی جێ بە جێ بکەن و ئاژەڵەکە توشی سکچون ئەبێت لەو کاتەدا ئاژەڵەکە ناتوانێت خۆراکە مادەو وزەی پێویست وەر بگرێت و نەخۆش ئەکەوێت ...

**نیشانە دیارەکانی نەخۆشی:**

* سکچونی ئاوی.
* لینجی لەگەڵ پیساییەکەی.
* بەرزبونەوەی تا.
* دڵ تێکهەڵاتن و ڕشانەوە.
* نەمانی ئارەزوی خواردن.
* بێتاقەتی.

بەزۆری نیشانەکان تاوەکو 8_10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ئەو هۆکارانەی وا دەکەن ئەکەن توتک زیاتر توش بێت : نەخۆشیەکە توشی ڕیخۆڵەی ئاژەڵەکە دەبێت بۆیە بە بەرکەوتن بە خواردن و ئاوی پیس خێرا دەگوازرێتەوە ، هۆکارە ڕێ خۆشکەرەکان بۆ توش بون :

•کەمی بەرگری لە توتک.

•تێکەڵ بون لەگەڵ ڤایرۆسی تر.

•خراپی تەندروستی و پاکوخاوێنی.

•قەرەباڵخی.

•هەبونی بڕێکی زۆر لە ئاژەڵی بەرەڵا لە ناوچەکە بە تایبەت (سەگ ).

## دەست نیشانکردنی نەخۆشی :

دکتۆری تایبەتمەندی ڤێتێرنەری توانای دەست نیشانکردی نەخۆشیەکەی هەیە لەڕێگەی سەیر کردنی نیشانەکانی نەخۆشەکە کە تایبەتمەندترینیان هەوکردنی ڕیخۆڵەیە ، وە هەروەها لە ڕێگەی نیشانەکانی تر کە لە سەرەوە باسمان کردوە ،،، بەڵام هەمو کاتێک ناتوانیت لەڕێگەی ئەو نیشانانە نەخۆشیەکە دەستنیشان بکەی لەبەر ئەوە تێکەڵ ئەبێت لەگەڵ نەخۆشی بەهۆی corona virusو parvovirus کە هەردوکیان هەمان نیشانە دروست دەکەن ، بەڵام بە شێوەی گشتی Rotavirus کوشندەترە ..

دەست نیشانکردنی یەکلاکەرەوەو کۆتایی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی پیساییەوە ئەبێت لەژێر وردبین .

## ڕێگری نەخۆشی:

باشترین شت کە پێویستە بیکەیت پێویستە کوتانی توتکەکانت بکەی پێش ئەوەی نەخۆش بکەون بە پێکوتی تایبەت ..

*نەخۆشیەکە چارەسەری گونجاوی نیە بۆیە وا پێویستە پێش توش بوون بیکوتی

## چارەسەری نەخۆشی:

کێشەی هەرە باو لە کاتی ئەو جۆرە نەخۆشیە وشک بونەوەی نەخۆشەکەیە بەهۆی سکچونی بەردەوام ، بۆیە نەخۆشەکە پێویستی بە ئاو و خۆراکە مادەی زیاتر electrolyteئەبێت ، بەڵام ئەو کاتەی توتکەکە توانای خواردن و خواردنەوەی نیە پێویستە لە ڕێگەی دەمارەوە موخەزی پێ بدرێت .

زۆربەی جار هەوکردنی دوەمی secondary infectionsلەگەڵ rotavirusڕو

**نه خؤشي ده رده ريوى**



نەخۆشی دەردەڕێوی، مرۆڤ بەهۆی نزیکبوونەوە و دەستبردن لە ئاژەڵی بێلانە و بەتایبەتی پشیلە، تووشی دەبێت، هەندێکجار بەکارهێنانی گوێزانی پیس مرۆڤ توشی ئەم نەخۆشییە دەکات.

نەخۆشی دەردەڕێوی نەخۆشییەکە کار لە سیستەمی بەگری مرۆڤ دەکات و هەندێك جار لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە چارەسەر دەکرێت، ئەمەش بەهۆی کەمی ڕێژەی توشبوونەوە، بەڵام هەندێکجار چارەسەر ئاسان نییە و ئەستەمە.

ئەوەش ڕوونکراوەتەوە، چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە پێویستی بە یەك ساڵ هەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەری بەردەوام، لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا.

ماڵپەڕی (موضوع) ئاماژەی بە چەند چارەسەرێك کردووە، بۆ نەخۆشی دەردە ڕێوی، ئەوەش بۆ ڕێژەی نەخۆشیەکە دەگەڕێتەوە.

- هەنگوین

بەکارهێنانی هەنگوین یەکێکە لە چارەسەرەکان، دەدرێت لە ئەو جێگایانەی کە توشی وەرینی قژ بووە.

سیر و پیاز

هەریەك لە سیر و پیاز وورد دەکرێت و پاشان دەپاڵێورێت، ئاوەکەی بۆ ئەو جێگایانە بەکاردەهێنرێت کە توشی هەڵوەرینی قژ بووە.

# نەخۆشی ئیبۆلا



ڤایرۆسی ئیبۆلا لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان بڵاوبووەتەوەو مەترسی بۆ سەر ملیۆنان کەس دروست کردووە,.

ڤایرۆسێکی خوێنمژە و ئەو ڤایرۆسە بە شێوەی بۆماوەیی گوێزراوەیە (EVD) ئیبۆلا بۆ مرۆڤەکان بڵاو دەبێتەوە لە90% ی تووشبوانیشی دەکوژێت.

ئەو نەخۆشییە لە ڕێگەی ئاژەڵە دڕندەکانەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە پێشتر لە ئاژەڵە دڕندەکان ئالوودەی ئەو نەخۆشییە دەبن.

## ئیبۆلا چۆن بڵاودەبێتەوە؟

لە ڕێگەی تەواوی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ و خوێنبەرەکانەوە بڵاو دەبێتەوە, پێوستە مرۆڤ بزانێت تۆوی ڤایرۆسەکە لە لاشەی مرۆڤی توشبوودا گەشە دەکات. تا حەوت هەفتە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ و پێوستە تووشبوو لە ژێر چاودێری وردی پزیشکی پسپۆردا بێت.

پێوستیشە ئافرەتی دوو گیان خۆی بپارێزێت لەو ڤایرۆسە، کە ئەگەری هەیە منداڵ بەهۆی کەمی سیستەمی بەرگری لە لەشیەوە خێراتر تووشی ئەو ڤایرۆسە ببێت

## نیشانەکانی  ئیبۆلا چین؟

تووشبووی ئەو ڤایرۆسە دوو تا سێ هەفتە دواتر هەست بە تووشبوون بە نەخۆشییەکە دەکات ئەوە لایەنێکی خراپیەتی.

ڤایرۆسی ئیبۆلا دەتوانێت لە دەرەوەو ناوەوەی جەستەی مرۆڤ خوێنی مرۆڤ بمژێت

## نیشانەکانی ئیبۆلا؟

(مەلاریا و تاعون و هیپتایت ) نزیکن لە ئیبۆلا، ئەگەر پشکینن  بۆ ئەو جۆرە ڤایرۆسانەت بۆ کرا، هیچ کامیانت نەگرتبوو، ئەوە گومان دەکرێت تووشی ڤایرۆسی ئیبۆلا بوویبیت.

## دەرمانی ئیبۆلا هەیە؟

لە جیهاندا تا ئێستا هیچ دەرمانێکی تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبوانی ئیبۆلا دروست نەکراوە بۆ بنبڕ کردنی ئەو ڤایرۆسە لە لەشی مرۆڤ.

## نەخۆشی سەگەناز

Parvovirus




نەخۆشی سەگەناز Canine Distemper

ناوەکانی تری

تاعونی سەگ Hardpad Disease

نەخۆشییەکی زۆر درمە لە ئاژەڵە گۆشت خۆرەکانی سەر بە خێزانی(Canidae) وەک سەگ،ڕێوی،گورگ،کەمتیار...هتد

(Procyonidae) وەک ڕاکۆن...هتد (Viveridae) وەک ورچەپشیلە.

هۆکارەکەی ڤایرۆسییە کە زۆر توندەو بەرگری لەشی توشبوو کەمدەکات (Leukopenia)و تایەکی دوو قۆناغی دروست دەکات لە ئاژەڵ و کۆئەندامی هەناسە،هەرس،دەمار تێکدەدات.

☠هۆکاری نەخۆشخەر Etiology

MarbilivirusکەRNA ڤایرۆسە و ئەمانەش تایبەتمەندییەکانیەتی

سەر بەخێزانی Paramyxovirus

،ئەم ڤایرۆسە لەدەرەوەی لەش ناچالاکە و لەناولەشدا بەخێرایی چالاک دەبێت ، بەرگەی توێنەرە چەورییەکان ناگرێت و بە پاکژکەرەوەکان لەناودەچێت

( lipid solvent & disinfectant)، لەڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە لە ئاژەڵێکی نەخۆشەوە دەگوازرێتەوە ♻ بۆ ئاژەڵێکی تر لەڕێگەی هەواوە ، هەروەها لەڕێگەی میز و لیکەوە دەچێتەدەرەوەی لەشی ئاژەڵی توش بوو.

~چۆنیەتی دروست بوونی نەخۆشییەکە Pathogenesis

کاتێک ڤایرۆسەکە چووە لەشی ئاژەڵەکە لەڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە بە دەنکۆڵەی بچوکی هەوایی دواتر دەچێتە خانە لیمفاوییەکان (Lymphocytes) کە ئەم خانانە خانەی بەرگرین لەلەشدا و لێرەدا ڤایرۆسەکە دوهێند دەبێت دواتر خانەکە دەکوژێت، لەئەنجامی ئەوەدا بەرگری لەشی ئاژەڵەکە کەمدەکات ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی نەخۆشییەکە دوای 3-6 ڕۆژ پلەی گەرمی لەش بەرزدەبێتەوە، دواتر کە دەچێتە خوێنەوە (Viremia)دوای 2-3 هەفتە لەتوشبوون لەئەنجامی دابەزینی بەرگری دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ سەرهەڵدان و توشبوون بە گەلێک نەخۆشی تر و تەندروستی ئاژەڵەکە بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار دەچێت، دوای ئەوەی بە ئەندامەکانی لەشدا بڵاودەبێتەوە لەڕێگەی خانەکانەوە دەگاتە کۆئەندامی دەمار لەکاتی شێوەی توندی ڤایرۆسەکەدا ناوەندەکۆئەندامی دەمار

(Central Nervous System)لەئەنجامدا دەبێتەهۆی تێکشکاندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەمارەخانەکان تەنانەت هەندێجار خانەدەماری بینین

(optic nerve)تێکدەچێت و ئاژەڵەکە کوێردەبێ ،لەکۆتایدا بەرگری لەشی بەتەواوی دادەبەزێت و بەرە بەرە نەخۆشەکە بەرەو لەناوچوون دەچێت.

نیشانەکانی نەخۆشییەکە ✳Clinical sings

1 -بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەشی ئاژەڵەکە بەشێوەیەکی زۆر.(Fever)

2 -نیشانەکانی نەخۆشی کۆئەندامی هەناسە وەک کۆکە و پژمە و ...هتد

3-نەمانی ئارەزوی خواردن و خواردنەوە، کێشی کەمدەکات و چاوی دەردراوێکی زۆری دەبێت.

4 -توشبوون بە چەندین نەخۆشی تر چونکە بەرگری لەشی ئاژەڵەکە دابەزیوە (immunosuppressive)

5 -بونی کێشە لە کۆئەندامی هەرس وەک سکچون و ڕشانەوە..هتد

6 -لەبەچکەدا ددانەکانی بە نارێکی دروست دەبن، hyper keratosisلە پێگەیشتوودا بنی پێی و سەرلوتی ئەستوردەبن هەربۆیە پێی دەوترێ(Hardpad)

7 -کۆتا و گرنگترین نیشانە Nervous Signs ، نیشانەکانی تێکچونی ناوەندە دەمارە -مێشک- ئەوانیش ئەمانەن ،ناهاوسەنگی جوڵە و دەکەوێتە سەر زەوی ، ڕەقبوونی ناوچەی مل و کوێربوونی،فێی لێدێ و کەف لەدەمی دێتەدەرەوەو قاچەکانی بە ناخودی دەجوڵێنێت یان شەلەل دەبێت...(Paralysis)

بەگشتی ئەم نیشانانە لەوانەیە ببینرێت لەوانەش هەستی پێنەکرێت و ڕوونەدات ، هەروەها هەندێک سەرچاوەی زانستی دەڵێن ئەمە تەنیا شێوە توندەکەیەتی (Acute form)هەروەها شێوە درێژخانەکەشی (Chronic form)هەیە بەتایبەت لە حاڵەتی(ODE : Old Dogs Encephalitis)، هەندێک سەرچاوەش دەڵێن پشیلەش توش دەبێت.!

پشکنینەکانی دوای مردن Post-Mortem

لە بەچکەکاندا سایمۆسە ڕژێن دەپوکێتەوە، زیاد گەشەکردنی بن پێ و سەرلوتی ئاژەڵی تووش بوو، لەکاتی شانەزانی لەژێر وردبینیدا خانە لیمییەکان مردوونە، هەروەها

چەندین کێشە تر لە مێشکدا دەبینرێت وەک (gliosis, neural degeneration...etc).

دەست نیشانکردنی نەخۆشییەکە Diagnosis

لەرێگەی نیشانەکانەوە ، بەکارهێنانی خوێن و زەرداوی خوێن لە پشکنینە تاقیگەییەکان، شانەزانی لە ژێر وردبیندا ، هەروەها چەند ئامێرێکی پێشکەوتوو وەک PCR...

جیاکردنەوەی نەخۆشییەکەDifferential Diagnosis

پێویستە جیابکرێتەوە لەو نەخۆشییانە کە پلەی گەرمی بەرزدەکەنەوەو زۆر توندن وەک نەخۆشی پارڤۆ) پێویستە پزیشکەکان زیاتر ئاشنابن بەو نەخۆشییە و جیای بکەنەوە) هەوکردنی جگەر...هتد

هەروەها ژەهراوی بوون وەک ژەهراوی بوون بە قورقوشم ، چونکە هەردوکیان نیشانەی دەماری نیشاندەدەن.

چارەسەر و پاراستن Treatment & Prevention

ئەگەر دوربێت ئاژەڵێک توشبوو ، هیچ چارەسەرێکی دیاریکراو نیە بەڵام پزیشکی ڤێتێرنەری هەوڵی باشترین ئەدات بۆ مانەوەی ئاژەڵەکە ئەویش بە پێدانی 💊دژە بەکتریا (Antibacterial)بۆ ئەوەی نەخۆشی دووەمی دروست نەبێت،دژەتا و ئازارکوژ (Antipyretic)، پێدانی ئاو وزەبەخش بە رێگەی دەمار ، دەرمانی دژە هەوکردن (Anti-inflammatory )، گرنگترین شت پێدانی دەرمانی خاوکردنەوەی ماسولکە (Anticonvulsant)💉.

بێگومان پارێزگاری باشترە لە چارەسەر ، هەربۆیە بە رەهای پێویستە ئەو ئاژەڵانەی کە هەستیارن بکوترێن بە پێکوتی تایبەت (Vaccine) ئەویش بە پرۆگرام کە لەتەمەنی 6 هەفتەوە دەست پێدەکات.

## نەخۆشی تەبەق

Food and Mouth Disease



واتە نەخۆشییەکی زۆر درمی ڤایرۆسییە لە مانگا مەڕ،بزن، گامێش، بەراز و ئاژەڵە کێوییەکان دەبێت.

ئاسک و فیل و زەرافە ئەگەری توشبونیان هەیە بەڵام حوشتر بەرگری هەیە بۆ توشبوون.

نیشانەی سەرەکیەکان تایەکی بەرز تلۆق لە دەم وقەپۆز و چڵی گوان و قاچی ئاژەڵەکە.

**گواستنەوە:**

پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڤایرۆسەکە، بەتایبەت لە ڕێگەی دەم😛 و کۆئەندامی هەناسەدانەوە.

## چۆن نەخۆشییەکە پەرەدەسێنێت:

شوێنی سەرەکی بۆ توشبون و دووهێندەبونی ڤایرۆسەکە چینە چڵمینەی گەرووە پاشان لە رێی کۆئەندامی لیمفەوە ئەگاتە روکەشەخانەکانی دەم و قاچ و چڵی گوان، پاشان ڤایرۆسەکە دەچێتە خوێنەوە.

## نیشانەکانی:

لەمانگادا زۆر توندە و لە حەیوانی وردەدا بەهەڵە دەستنیشان دەکرێ ، لەمانگادا دەم و زمان و پوکی هەموی دەبێ بە برین و بەینی سمەکەی و دەماری تاجیش دەگرێتەوە ، هەندێجار سمەکەی پێ فڕێدەدات، لەگەڵ گوانیدا توش ئەبێ و شیر کەمەکاتەوە.

گوێرەکە و کار و بەرخ دەمرن پێش ئەوەی هیچ نیشانە پیشانبدا چونکە ڤایرۆسەکە خانەکانی ♡ دڵ تێکدەدات.

## نەخۆشی ثایلریا ئەنیۆلاتـــــا

Theileria Annulata



ئەم نەخۆشی ئاژەڵیە ناسراو بە (زەردوویی) نەخۆشیەکی درمییە هۆکارەکەی مشەخۆرەکانی خوێنن توشی مانگاو مەرو بزن و کەرویشکیش ئەبێت بەڵام تەمەن بچوکەکانی وەک گویرەکەو بەرخ وکارە بزن زیاتر بەرگری ئەکەن لەچاو گەورەکان...

هۆکاری زەردویی یاخود ثایلریائەنیولاتا مشەخۆریکە توشی مانگا وگامیش قەبارە گەورەکان ئەبیت .

Theileria Herciتوشی مەرو بزن وکەرویشک ئەبێت .

### رێگای بڵاوبونەوەی ثایلریا ئەنیولاتا یاخود زەردوویی:

ئەم نەخۆشیە چونکە مشەخۆرە خوێناویەکانە لە ئاژەڵی توشبووەوە ئەگوازرێتەوە بۆ ساغەکان بەهۆی جۆرێک لە گەنەی ڕەق سەر بەتوخمی (بۆفلیس هایلۆمایە).

بۆچی لەنێوانی مانگە کانی 4---5--6 ئەم نەخۆشیە زۆرە؟؟؟

چونکە گەنە و مشەخۆرە ناوەکیەکانی خوێن لەم وەرزە گەشەئەکەن بەهۆی لەباری کەشەکە نەبونی سەرماو سۆلەی توند لەدوای بەهارەوە بە نزیکەی مانگێك یان زیاتر پێ ئەگەن کاتی پێگەیشتن بۆدانانی گەرا وهێلکە پێویستیان بەخوێن هەیە .

نـــــــــيشانەکانی ثایلیریا ئەنیولاتا :-زەردوویی:

1-بەرزبونەوەی پلەی گەرمی بۆسەروی 41پلەی سەدی.

2-هەڵچون ودەمار گیربونی گیاندارەکە .

3-زیادبونی خێرایی لێدانی دڵ هەناسەی و لاوازی گشتی ئاژەڵەکە.

4-ئەستوربونی گرێیەلیمفاویەکانی بەتایبەت دەفەی شان وران.

5-کەم خوێنی و زەرد هەڵگەرانی پەردە ناوپۆشەکان.

6-کەمخۆراکی وکاوێژنەکردن.

7-ئاوبەندی سیەکان لەکاتی تەشریح وتوێکاری کردنی.

8-خوێناوی بونی میز گیاندار لەهەرە دیارترینەکانی نەخۆشی زەردویی ثایلریا.

## نەخۆشی شەکرە

Diabetesلای ئاژەڵان



ئەم نەخۆشیە بریتیە لە بێتوانایی پەنکریاس لەسەر دەردانی ئەنسۆلینی ـ بۆ مرۆڤ و بۆ ئاژەڵ ـ پێویست بۆ سوود وەرگرتن لە چەوری و پرۆتین و شەکری دەستکەوتوو لە ژەمەکان.

نەخۆشی شەکرە نەخۆشیەکە وەکو نەخۆشیەکانی دیکە تووشی ئاژەڵ دەبێت وەکو چۆن تووشی مرۆڤ دەبێت، و زۆرترینی تووشبوان بەم نەخۆشیە بریتیە لە ئاژەڵی دەستەمۆ (سەگ و پشیلە).

**دوو جۆر لەم نەخۆشیە هەیە:**

**جۆری یەکەم**: لە حاڵەتی دەرنەدانی پەنکریاس بۆ ئەنسۆلین یان دەردانی بڕێکی کەم کە وەکو پێویست نیە.

**جۆری دووەم**: کاتێک پەنکریاس بڕێکی کەم دەردەدات یان خانەکان دەست دەکەن بە بەرگری دژی ئەنسۆلین.

**هۆکارەکان:**

1ـ ڕێکنەخستنی خواردن و ڕێگەدان بە خواردنی زۆر.

2ـ خواردنی شیرنەمەنی لەلایەن ئاژەڵەکەوە لە کاتێکدا جەستەی ئامادە نیە بۆ ئەم خواردنانە.

3ـ ڕێگەدان بە ئاژەڵەکە کێشی زیادبکات و جوڵانەوە پەیڕەو نەکات و تەماشاکردنی وەکو پارچە کەلوپەلێک لەناو ماڵ.

4ـ ئەو دەرمانانەی بە هەڵە دەدرێت بە ئاژەڵەکە دەبێتە هۆی هەڵاوسانی پەنکریاس.

5ـ کەموکورپیەکی جینی لە کاری پەنکریاس.

**نیشانەکان:**

نیشنەکانی ئەم نەخۆشیە نیشانەی ناسراون لەناو بەخێوکارانی ئاژەڵ، و هەمان نیشانەکانی نەخۆشی شەکرەیە لە مرۆڤ و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یان کەمی ئەنسۆلین لەناو خوێن کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی شەکر لەناو خوێن ئەویش دەبێتە هۆی هەستکردنی ئاژەڵەکە بە تینوێتیەکی زۆر، ئەم داواکاریە زۆرە بۆ خواردنەوەی ئاو بۆ ئەوەیە ڕێژەی شەکر لەناو خوێن کەم بکات، هەروەها بۆ:

1ـ دابەزاندنی کێش.

2ـ نەبوونی ئارەزووی خواردن.

3ـ تووشبوون بە نەخۆشیەکانی پێست و نەخۆشیەکانی دەم.

4ـ شلەژان لە کارەکانی گورچیلە.

5ـ تووشبوون بە ئاوی سپی و لەوانەیە تووشبوون بە نابیناییش.

**دەستنیشانکردنی نەخۆشی:**

دوای گوێگرتن بۆ نیشانەکان و پشکنینێکی باش بۆ بارودۆخی ئاژەڵەکە، کاری یەکلاکەرەوە بریتیە لە شیکردنەوەی ڕێژەی شەکر لەناو خوێن و میز.

**چارەسەر:**

1ـ لەوانەیە ئاژەڵەکە پێویستی بە چەند ژەمێکی ئەنسۆلینی ئاژەڵ بێت.

2ـ ئامۆژگاریکردن بە ڕێکخستنی ژەمەکانی ڕۆژانەی کە کاربۆهێدراتی کەمی تێدایەو لەگەڵ ڕێژەیەکی باش لە پرۆتین.

3ـ زیادکردنی جمجوجۆڵ و چالاکی ئاژەڵەکە.

4ـ ئاژەڵە نەخۆشەکە جیادەکرێتەوە لە ئاژەڵەکانی دیکە، بۆ ڕێگرتن لە برینداربوونی ئاژەڵە نەخۆشەکە لە کاتی شەڕکردن لەگەڵ ئاژەڵەماڵیەکانی دیکە.

5ـ واپەسەندترە پشیلەکە یان سەگەکە ساڵی جارێک منداڵی ببێت.

6ـ شوشتن قەدەغەیە لە وەرزی زستان، تەنها لە کاتی پێویست نەبێت.

## نەخۆشی مافەتە



نەخۆشی مافەتە کوتوپڕە .. سەرەخولێ

●Enterotoximia ●

نەخۆشییەکی توند و کوشندەیە کە لە مەڕ و بزندا بەتایبەتی و هەروەها مانگا و کەرویشک.

هۆکارەکەی بەکتریای گرام پۆزەتیڤە بە شێوەیەکی سروشتی لە ڕیخۆڵەی ئاژەڵەکانە هەیە هەروەها لە خاکیش دا بوونی هەیە ، بەهۆی سپۆرەکانیەوە توانای مانەوەیان بۆ چەند ساڵێک هەیە.

ئەم نەخۆشییە زۆر کات ڕوودەدات لەئەنجامی زۆرخۆری لەلایەن ئاژەڵەکەوە (ئنتەلا) یاخود بەهۆی لەپرا گۆڕینی خواردنەکەی لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر. یان بونی بڕێکی زۆری بەکتریاکە لەو ژینگەییەی ئاژەڵەکانی لێیە.

ئەم هۆکارانەی سەرەوە ئەبێتە هۆی گۆڕانی ژینگەی ناو ڕیخۆڵە و ڕێگەخۆشکەرە بۆ گەشەی کونترۆڵنەکراوی بەکتریاکە و دروست بونی نەخۆشییەکە.

گەشەی خێرای بەکتریاکە ئەبێتە هۆی دەرکردنی بڕێکی زۆری ژەهری (Exotoxin)بۆناو خوێنی ئاژەڵەکە و هەڵمژینی لەلایەن خانەکانەوە . کە ئەبێتە هۆی هەڵئاوسانی ڕیخۆڵە وسوربونەوەی ڕیخۆڵە و کۆبونەوەی گازێکی زۆر تێیدا.

لەوەڕگا و خانی پیس بوو بە سەرچاوەی سەرەکی نەخۆشییەکە دادەنرێت، واتە کاتێک ئاژەڵ دەلەوەڕێ سپۆڕی بەکتریاکە هەڵدەگرێ پاشان دەچێتە کۆئەندامی هەرسی دواتر بە مولوولە خوێنەکاندا دەگاتە هەمو شانەکانی تر.

## نیشانەکانی و زیانەکانی:

زۆربەی جار لەناکاوەو ئاژەڵەکە دەبینی مردووەو بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک پیشان بدات.

هەندێجار،ئاژەڵەکە بێهز دەبێت لەگەڵ ئاوسانی سک و کاوێژ نەکردن و سکچون .

هەندێک هۆکار دیکە کە ڕێگە خۆشکەرەبۆ ڕوودانی :

1-بوونی بڕێکی زۆری کاربۆهیدرایت لە خۆراکی ئاژەڵەکە وکەمی بڕی

2- خواردنی بڕێکی زۆر شیری دایک لەلایەن بەرخ و کارەوە.

3-توشبنونی ئاژەڵەکە بە کرم ومشەخۆری ناو ڕیخۆڵە کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ڕێگەخۆشکەر بۆ گەشەی خێرای بەکتریاکە.

### دەستنیشانکردن:

بەهۆی ئەوەی مردنی لەناکاو بەم نەخۆشییە زۆرە دەست نیشانکردنی کەمێ گرانە بۆیە باش وایە توێکاری دوای مردن بکرێ بۆ ئەوانەی مردوون بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە نەخۆشی یەکە

### کۆنترۆڵ وپارێزگاری:

باشترین کار پێدانی پێکووتەVaccineبۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکە، کە پێویستە خاوەن ئاژەڵ گرنگی پێبدات!

دورکەوتنەوە لو لەوەڕگایەی کە پێشتر نەخۆشییەکە تێیدا ڕویداوە،هەرچەندە لەوانەیە بێ سودبێت بەڵام لە کاتی نەخۆشییەکەدا ئاژەڵە توش بووەکە جیابکرێتەوەو دژە زیندەکان= بدرێت بەوانی تر. لەگەڵ پاککردنەوەی لە وەڕگا و خانی ئاژەڵەکە بە مادەی تایبەت و هەندێ جار پاکردنەوە بە بەکارهێنانی گەرمی دەبێت.

## زەردووی و خوێن میزک




نەخۆشیەکە لە وەرزە جیاکانی ساڵدا توشی زۆربەی ئاژەڵەماڵیەکان ئەبێت لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە سەرجەم ئەو نەخۆشیانە ئەکەم کە هۆکارن بۆ دەرکەوتنی نیشانەی خوێن میزکە و زەردوویی لە ئاژەڵدا ، ئەوانیش ئەمانەن:-

### 1- leptospirosis :

ئەو نەخۆشیەیە کە ئێستا گومانێکی زۆرمان لە سەری هەیە و لە گەڵ نیشانەکانی نەخۆشیەکەش یەکدەگرێتەوە.

ئەم نەخۆشیە یەکێکە لە نەخۆشیە درمیە توندوتیژەکان کە توشی ئاژەڵی ماڵی ئەبێت ، وە نەخۆشیەکی مرۆژەڵیە (zoonosis) کە لە وەرزە ساردە تەڕەکاندا سەرهەڵئەدات و بڵاوئەبێتەوە وە توشی زۆربەی ئاژەڵەکان ئەبێت.ئەم نەخۆشیەی کە ئێستا لە زۆربەی گوندی ناوچە زۆر ساردەکانی کوردستاندا هەیە نیشانەکانی بەراویتەبوون و خوێن میزکەو زەردووی تێدایە کە ئەمەش وا دەکات گومانەکەمان ڕاست دەرچێت.

**هۆکاری نەخۆشیەکە:**

بەکتریایەکی لولپێچی یە ، سەر بە خێزانی spirochaets ە کە دوو جۆری سەرەکی هەیە

leptosira interogans parasitic

leptospira biflexa saprophatics

کە ئەمانیش ئەکرێن بە چەند جۆرێکی ترەوە کە ئەمانەش زۆربەیان لە سەرانسەری دنیادا بڵاون وە بەزۆریش توشی ڕەشەوڵاخ ئەبن ،بەڵام ئەوانەی کە توشی زۆربەی ئاژەڵەکانی وەک ( ڕەشەوڵاخ و مەڕ و ئەسپ سەگ و بەراز و ئاژەڵی کێوی ) ئەبن و ترسناکترن بۆ سەر سامانی ئاژەڵی ووڵات ئەمانەن

(L.cunirola,L.grippotyphosa,L.ictero-haemorogic , L.pomona and L. hardjo )

**ژینگەی سروشتی بەکتریا:**

بەکتریاکە لە ناو بۆریچکەی گورچیلەی شیردەرەکاندایە کە لە ڕێگەی میزەوە دەردەکرێتە دەرەوە ، کە بۆ ماوەی چەند مانگێک دەمێنێتەوە لە شوێنێکی ساردداا . هەندێ جۆریان ئەکەوێتە ناو کۆئەندامی زاوزێی ئاژەڵەکان ، یەکێک لە سەرەکیترین

گوێزەرەوەکانی نەخۆشیەکە لە ئاژەڵ و مرۆڤیشدا (جرج و سەگە ) کە لە ڕێگەی میزەکەیانەوە بڵاوئەبێتەوە، ئەمەش ئەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی

نەخۆشیەکە .( لە ڕێگەی میزەوە دەگوازرێتەوە)

**نیشانەکانی نەخۆشیەکە:**

1 .ماوەی توشبوونی تا دەرکەوتنی نیشانەکانی (3 - 7) ڕۆژ دەخایەنێت.

2 .بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئاژەڵەکە و کەم لەوەڕی.

3 .خوێنبەربوونی شێوە خاڵ لە لینجە پەردەدا.

4 .خوێن میزکە و زەردبوونی پێڵوی چاو و زەردوویی.

5 .خێرایی و توند لێدانی دڵ.

6 .بەرخستنی درمی بە بێ بوونی نیشانە.

7 .هەوکردنی پەردەی دەماغ ،ڕەقبوونی ماسولکەکانی و لار ڕۆیشتن.

8 .هەوکردنی چاو.

9 .زۆربەیان دوای دەرکەوتنی نیشانەکانی بە 2 -3 ڕۆژ مردار ئەبنەوە.

**چارەسەرکردن:**

بەکارهێنانی دەرمانی دژەزیندەکان و ڤیتامینات و دژە مشەخۆر.

بۆ ڕێگەگرتن لە نەخۆشیەکە پێویستە ئاژەڵی نەخۆش و ساغ لە یەکتر جیابکرێنەوە.

**. babesiosis: 2**

هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە گەنەیە بە تایبەتی لە

وەرزی زۆربوونی گەنەدا ئەم نەخۆشیە بڵاوئەبێتەوە کە دەکاتە وەرزی بەهار و هاوین ، تووشی زۆربەی ئاژەڵەماڵیەکان ئەبێت.

### 3. نەخۆشی ئاوی سور bacillary hemoglobinurea

نەخۆشیەکی زۆر توند تیژە ،بەشێوەیەکی سەرەکی تووشی ڕەشەوڵاخ ئەبێت کە هۆکارەکەی بەکتریای ناهەوایی کلۆستریدیایە.

### 4. ژەهراوییبوون بە مس :

ئەم نەخۆشیە بە دوو شێوە ڕوودەدات تیژ و درێژخایەن ،وە مەڕ زۆر هەستیارە بۆ ئەم نەخۆشیە کە هەندێ جار بە بێ بونی نیشانە مردارئەبێتەوە.کە هۆکارەکەی نارێکی پێوانەی دانەوێڵەیە کە ئەدرێت بە ئاژەڵ.

### 5. خوێن میزکەی دوای زایین :

ئەم جۆرەیان زیاتر ڕەشەوڵاخ توشی ئەبێت ، هۆکاری نەخۆشیەکە نەزانراوە ،بەڵام هۆکاری دووەمی هەیە وەک کەمی فۆسفۆڕ و کەمبوونەوەی ماددەی مس یان خواردنی هەندێ خواردنی وەک چەوەندەری شەکر وە کەمبوونەوەی ماددەی سیلینیۆم.

### 6. کەمی فۆسفۆڕ لە ئالیکدا یان ژەهراوییبوون :

کەمی ئەم ماددەیە ئەبێتە هۆکارێک بۆ ئێسکە نەرمە لە کاوێژکەرە پێگەیشتووەکاندا وە خوێنمیزکەی دوای زایین.

ژەهراوییبوون بە هۆی خواردی فۆسفۆڕی زەرد یان سپی ڕوودەدات بە تایبەتی لە کاتی لەوەڕاندنی لە شوێنێک کە جرجی تێدابێت.

### 7 : azoturia .

ئەم نەخۆشیە زیاتر تووشی ئەسپ ئەبێت بە

تایبەتی پاش هیلاکبوونی ماسولکەکان .. کەشەنگبوون و پووکانەوەی ماسولکەکان بە هۆی زۆری ئارەقکردنەوە.

**8 .ژەهراوییبوونی گورچیلە:**

کۆمەڵێک هۆکار ئەبێتە هۆی نەخۆشیەکە لەوانە ژەهراوییبوون بە قورقوشم ،مس ، سیلینیۆم، دژەزیندەکان، پێکهاتەکانی سەلفا ، زۆر بەکارهێنانی تێتراسایکلین بۆ ماوەیەکی درێژ یان خواردنی هەندێ خۆراکی وەک شێلم و کەلەرم وە خوێن میزکە ڕوودەدات بە هۆی ژەهراوییبوون بە فینولفثالین.

**. eperythirozoonosis:9**

هۆکاری نەخۆشیەکە ڕیکێتسیایە ، کە لە ڕێگەی خوێنەوە دەگوازرێتەوە بە هۆی مۆرانە و مێشولە هەروها کوتان یان خەساندنەوە.

**haematuria (10. میزی خوێناوی**

بەوە ئەناسرێتەوە کە خوێنبەربوون لەناو میزەڕۆدا هەبێت کە ڕەنگێکی قاوەیی یان پەڵەی سور دروست ئەبێت یان کڵۆی سور لە میزەکەدا دەرئەکەوێت.

**. theleriosis: 11**

لەناو خەڵکیدا بە زەردووی ووشک ناسراوە

نەخۆشیەکە بە هۆی کۆمەڵێک گەنەوە بڵاوئەبنەوە پاش 7 - 10 ڕۆژ لە قەپگرتنی گەنەکەوە. نەخۆشیەکە سەرەتایەکی توندوتیژی هەیە ،بەڵام بەهۆی هەڵە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەو درێژبوونەوەی ماوەی نەخۆشیەکە جگەر و سپڵ گەورەئەبێت لەگەڵ هەندێ ئەندامی تردا و دەرکەوتنی خوێنبەربوون و پاشان زەردوویی.

# نەخۆشی کرمی جگەر



لەکوردەواری پێی دەوترێ پەپولە یان مەیتولە

بە ئینگلیزی پێیدەوترێ Liver fluke یان fluke Disease

ناوەزانستیەکەیHepatic Fasciolosis

ئەم نەخۆشیە بەهۆی کرمێکەوە دروست دەبێت ناوی فاشیۆلایە و لە خێزانی کرمە پانەکانە( Fasciola hepatica and Fasciola gigantica)

شێوەیەکی وەک گەڵای داری هەیە و قەبارەی گەورەیە و بە چاو دەبینرێت کە بەقەدەر پەنجەگەورەی دەست دەبێت.

✳کرمی جگەر توشی زۆربەی ئاژەڵە ماڵی و کێوییەکان دەبێت بە تایبەتی مەڕ و مانگا هەروەها مرۆڤیش توش دەبێت هەر بۆیە بە یەکێک لە نەخۆشییە هاوبەشەکان دادەنرێت ( Zoonotic Disease)بە زاراوەی سەردەم دەردەمرۆژەڵییەکانە.!!

◈شوێنی ئامانجی کرمی فاشیۆلا بریتییە لە جگەر بە تایبەتی جۆگەلەی زراو ، کە دەبێتە هۆی هەوکردن (Cholangitis)گیرانی (Biliary obstruction)جۆگەلەی زراو چونکە لەوێدا گەشەدەکەن.

زۆر بە سادەی کرمە پێگەیشتووەکان لە ئاژەڵی توشبوو لە ڕێگەی پاشەڕۆوە هێلکەی پیتێنراو فرێدەداتە سەر زەوی و لەسەر گژوگیاو کەناری دەریاچەکان دەتروکێ و زیندەوەرێکی بچوک دروست دەبێت کە لە لوولپێچدا (snail)گەشە دەکات و لە هێلکە شەیتانۆکەکە دێتەدەرو(Metacercariae) بەگژوگیاوە دەلکێت کە توانای توشکردنی ئاژەڵ و مرۆڤی هەیە لەڕێگەی خواردنی سەوزە کە دەگاتە ڕیخۆڵە و لە جگەردا جێگیردەبێت و دەبێتەوە کرمی پێگەیشتو ،سوڕەکە دوبارە دەبێتەوە.♲

**نیشانەکانی نەخۆشییەکە:**

نیشانەکانی کرمی جگەر بەڕونی لە مەڕی توشبو دەردەکەوێت بەڵام چەند شێوەیەکی هەیە .

شێوەی توند Acute Form مرداربونەوەی کتوپڕی ئاژەڵی توشبوو، پشکنی دوای مرداربونەوە لە لایەن پزیشکی ڤێتێرنەری  بە هەڵدرینی لاشەکە دەردەکەوێت و ژمارەیەکی زۆر کرم دەبینرێت لە جگەر و جۆگەلەی زراو.

شێوەی ژێر توند Subacute Form کێشی مەڕی توشبوو کەمدەکات و نیشانەکانی کەمخوێنی پێوەدیارەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاواز دەبێت.

شێوەی درێژخایەن Chronic Form دیارترو باوترە ،کێشی ئاژەڵ زۆر کەمدەکات و لەڕو لاواز دەبێت ، ئاوبەند دروست دەبێت لەژێر قوڕگیداکە نیشانەیەکی زۆر گرنگە

هەندێجار ئاوبەند لەژێر سکێشی دروست ئەبێت هەروەها هەندێجار ئەبێتەهۆی زەردوی.

لەمرۆڤدا بە دوشێوە هەیە :

لەکاتی خواردنی جگەری کاڵ کرمە پێنەگەیشتوەکە خۆی دەنوسێنێت بە سورێنچکەوە.

یان لەکاتی خواردنی سەوزەی نەشۆراوە میتا سەرکاریا دەبێتە هۆ نەخۆشیەکە لە جگەردا بە هەمان سورِی پێشوو ، بە نەخۆشیەکە دەوترێت حەلەزۆن.

**خۆپاراستن:**

لەناوبردنی خانەخوێی ناوەندی کە لوولپێچە(هێلکە شەیتانۆکە) چ بە دەرمان بێت یان لە ڕێگەی قاز و مراوی کە لوولپێچەکە دەخۆن

لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە شوێنی پاک و خاوێن و دور لە زەلکاو.

پاککردنەوەی سەوزە پێش خواردنی لەلایەن مرۆڤەوە.

**چارەسەر:**

بەکارهێنانی دەرمانی دژەکرم بە تایبەتی ئەوانە کار لەسەر  کرمە پانەکان دەکەن وەک

Closantel,Rafoxanid,Albendazol and Oxyclozanid , ) Tricalbendazole)

## نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لەباڕۆکەی گۆشتدا

Avian Influenza



نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توند و تیژە بەخێرای بڵاو دەبێتەوە کاتێك کەتووشی باڕۆکە دەبێت لەناو کێڵگەکاندا.

پێویستە کێڵگەکان باڕۆکەی گۆشت کوتانی جوجک لەکاتی خۆیاندا بکەن بۆ ئەوەی زەرەری ئابوری بەخۆیان نەگەیەنن.

ڕێژەی مردارەوە بونی باڕۆکە لەکاتی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە بۆ سەرووی 90% ، ئەم نەخۆشیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بوونی هەیە.

نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە بەشێوازێکی زۆر بەهێز توشی باڕۆکە دەبێت و بۆریچکەکانی خوێن تێکدەدات.

ئەم نەخۆشیە چەندین جۆری هەیە کە مەترسیدارترین جۆریان H5 N1.

بە نەخۆشیەکی گوێزەرەوە بۆ مرۆڤ دادەنرێت Aviean Influenza نەخۆشی ئەگەری هەیە ببێتە هۆی تێکچونی تەندروستی مرۆڤ.

**ڕێگاکانی گواستنەوە و بڵاوبونەوەی ئەنفلۆنزای باڵندە :**

- لە ڕێی هەواوە بەتایبەت لەکاتی هاتنی ڕەشەبا.
- لەڕێگەی ئاو و ئالیکی پیس بوو .
- لەڕێگەی ئەو کارمەندانەی کە هات و چۆی کێڵگەکانی بەخێوکردنی باڕۆکە دەکەن .
- یان لە ڕێی باڵندەی کێوی یان باڵندەی ماڵی کەنزیک کێڵگەکانی بەخێوکردنی باڕۆکەوە دەبن .

پێویستە خاوەن کێڵگەکان و بەڕێوبەری کێڵگەکانی باڕۆکەی گۆشت لەگەڵ ئەوەی کوتان لەکاتی خۆیاندا دەکەن بۆ ڕێگری کردن لەسەرهەڵدانی نەخۆشی لەهەمان کاتدا دەبێت ئامادەکاری تەواویش بکەن بەرامبەر هەموو مەرجەکانی خاوێنی و ئەو کەل و پەلانەی کە ئیشی ڕۆژانەیان بۆ جێبەجێ دەبێت بۆ ئەوەی ڕێگری تەواو بکرێت لەسەرهەڵدانی نەخۆشیەکان.

**نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە:**

1-لەماوەیەکی زۆر کورت دا ڕێژەیەکی بەرچاوی مردارەوە بوو تۆمار دەکرێت هەروەها ڕێژەی مردارەوە بوون بەشێوازی زۆر کتوپڕە تووش بوون بەفیرکەی زۆر و شلبوونی فیرکە .

2-پەیدابوونی پژمین و قرخە قرخ.

3-دەرچونی ماددەی لینج لە کەلێنەکانی لووتی باڕۆکە و چاوی باڵندەکە ئاو دەکات.

4-هەڵئاوسانی گیرفانەکانی لووت وپۆپنە و سەری باڕۆکە.

5-مۆر بونی پۆپنەکان و سەر و لاقی باڵندەکە .

6-پەڕی باڵندە گرژ دەبێت .

8-گۆڕانی ڕەنگ لەو ناوچانەی پێست کە پەڕی پێوە نیە .

9-لەخواردن دەکەوێت و زۆر لاواز دەبێت .

ئەم نەخۆشیە لەکاتی سەرهەڵدانیدا هیچ چارەسەرێکی نیە

**خۆپارستن لە سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە :**

پێویستە جوجک کوتانی بۆ بکرێت بۆ بەرگری کردن لەسەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە .

# ئەو نەخۆشیانەی ئاژەڵ توشی کوێر بون دەکەن

## Causes of blindness



چاو شینکە.

سکچونی توندی مانگا.

سەرەخولێ.

مافەتە.

کەمی ڤیتامینA.

کەمی مەگنسیوم.

مار پێوەدان.

ژەهراوی بون بە جیوە و قورقوشم.

ژەهراوی بون بە سلینیۆم.

## نەخۆشی گوان ئێشەی مانگا
(Bovine Mastitis )



گوان ئێشە بریتییەلە هەوکردنی هەموو گوان(شیرە ڕژێن) یاخود یەکێک لە چڵەکانی گوان یا زیاتر.

یەکێکە لە هەرە گرنگترین نەخۆشییەکان، ئەم نەخۆشییە زۆر بەر بڵاوەو زیانێکی زۆر دەگەیەنێ لەڕوی ئابوورییەوە بە تایبەتی لە کێڵگە گەورەکانی مانگای شیر.

**هۆکارەکانی توشبوون بە نەخۆشییەکە:-**

1 -بەکتریا ، سەرەکیترین هۆکارە،چەندین جۆر بەکتریا دەبنە هۆی ئەم نەخۆشییە بۆ نمونە(staphylococcus

,streptococcus,coliforms,pseudomonas...etc)

2-ڤایرۆس وەک( pox..etc )

3 -کەڕووەکان و هەوێنەکان وەک ( aspergillosis,candida..etc.)

4-هۆکارە فیزیکییەکان( وەک زەبری دەرەکی و لێخشان و پیاکێشان بە گواندا)...

5 -ژێرپەنجە بەڵام زۆر کەمە.

فاکتەرە ترسناکەکانئەو هۆکارانەی ڕێگەخۆشکەرن بۆ نەخۆشییەکە یاخود نەخۆشییەکە خراپتر دەکەن:-

1-نەبوونی پاکوخاوێنی (poor hygiene) کە سەرەکیترین فاکتەرە، بۆنمونە پیس و پۆخڵی ئامێری شیر دۆشین یان دەستی کەسەکە،یان پیسی گەوڕەکەیان...

2 -کەش و هەواو ژینگەکەیان

3-لەکاتی زایین یاخود نەخۆشییەکانی دوای زایین.

4 -هۆکاری بۆماوەی.

**گواستنەوەی نەخۆشییەکە:**

لەرێگەی ئامێری شیر دۆشین یاخود دەستەوە،زۆر بەی جار لە ژینگەکەوەیە تەنانەت هەندێ بەکتریا بەو ناوەوە ناونراون,(environmental strept) هەروەها لە ڕێی ڕیخەکەیانەوە ئەگوازرێتەوە.

جۆرەکان ونیشانەکانی نەخۆشییەکە-:

**1 -گوان ئێشەی بینگەیی (clinical)**

لەم جۆرەیاندا گوانی توشبوو دەئاوسێت،گەرمڕادێ،ڕەقدەبێت،ئازاری هەیە،ئیش باش ناکا، ئەممەش چەند شێوەیەکی هەیە:

-شێوەی لەناکاو acute شیری خراپ دەبێ، هیچ ناخوات، تایەکی زۆر.

-شێوەی کۆن chronic شیری خراپ، مانگاکە ئاسای دەردەکەوێ.

-شێوەی گانگرین gangrenous گوان ڕەشدەبێت و لەکار دەکەوێ.

**2-گوان ئێشە ی ژێر بینگەی(subclinical)**

زۆر گرانە دیاری کردنی ،، مانگاکە ئاسای دەردەکەوێ و تەنانەت شیرەکەشی ئاساییە، کەمێک بڕی شیرەکەی کەمدەکات، لە 85 % ی گوان ئێشە ئەمجۆرەیانە.

**چۆنییەتی دیاریکردنی نەخۆشییەکە:**

بە پشکنینە فیزیکییەکان وەک( نیشانەکانی هەوکردن، گوان بەتاڵە لە شیر، گوان نارێکەوچڵەکانی هاوتانییە، ڕەقی گوان ،، گۆڕانی پێکهاتە و ڕەنگ و بۆنی شیرەکە

بە پشکنینە تاقیگەییەکان وەک ( باشترین و گونجاوترین تاقیکردنەوە California mastitis test،، چاندن culture ی شیرەکە ،هەروەها بە کارهێنانی مایکرۆسکۆب)

# نەخۆشی پزوو یاخود کرمی لووت

(Oestrus ovis)



نەخۆشییەکە کە بەهۆی مێشەوە ڕوودەدات

زیاتر توشی مەڕ دەبێت بەڵام سەگ و مرۆڤیش ئەگەری توشبوونیان هەیە کەواتە یەکێکە لە دەردە مرۆژەڵییەکان.(Zoonoses)

سوڕی ژیانی مشەخۆرەکە:

مێشی (Adult)پێگەیشتوو درێژی 1 سم دەبێ و ڕەنگی خۆڵەمێشییە، مێیەی مێشەکە (Larvae)کرمۆکە بەرهەم دێنێ و لە دەوروبەری لووتی ئاژەڵەکە بڵاوی ئەکەنەوە، ئەمانیش کۆچ دەکەن بەرەو بۆشای لووت و گرێکان، کاتێ پێدەگەن دەکەونە سەر زەوی و دەگۆڕێن بۆ(Pupae) قۆزاغە دوای ئەوە پێگەیشتوو ، سوڕەکە بەردەوام ئەبێ.

**نیشانەکانی نەخۆشییەکە:**

1 -دەردراوی لووت زیاد دەکات، هەندێکجار خوێن لە لووتییەوە دێت.

2 -هەناسە بڕکێ.

3-پژمین و سەر ڕاوەشاندن.

4-زۆر بەکەمی دەبێتە هۆی مردن و نیشانەی عصبي، ئەویش بەهۆی ئەو کرمۆکانەی کە توانای جێهێڵانی گیرفانەکانی لووتیان نیە یان بەرەو مێشک کۆچ دەکەن.

**چارەسەر :**

1 -قەڵاچۆکردنی مێش و مەگەز بە بەردەوامی لە کێڵگەکاندا.

2 -بەکارهێنانی دەرمانی دژە مشەخۆرەکان.

**تێ بی نی**

زۆربەی جار لەکاتی خواردنی سەروپێدا دەردەکەوێت کە ئاژەڵەکە کرمی لووتی هەبووە.

.

# بەشی سێیەم

# زانیاری گشتی ئاژەڵان

## کشتوکاڵ



یەکێکە لەسێ کۆڵەکەکەی ژییان

کشتوکاڵ یەکەمجارلەجیهادا لەکوێ کرا ؟

بۆیەکمجار کشتوکاڵ لەجیهانداکەی سەری هەڵداو کرا؟

یەکەم جۆری کشتوکاڵ چی بوو کرا ؟

هۆکاری دۆزینەوەی کشتوکاڵ چیبوو ؟

بەپێیی لێکۆلێینەوە شوێنەوارناسیەکان ناوچەی نیوە مانگی بەپیت یەکەم شوێنی دەست پێکردنی مرۆڤە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری . کەمێژووی بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەرێتەوە.

نیوەمانگی بەپیت زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و بەشێک لە زنجیرە چیاکانی ئەنادۆڵ و ناوچەی نێوان دووڕوبار و کەناراوەکانی دەرییای ناوەڕاست و میسر و هەندێک ناوچەی تر دەگرێتەوە . کەبۆیەکەمجار کشتوکاڵی لێکراوەو لێیەوە مرۆڤ لەقۆناغی ڕاو شکارەو فێری نیشتە جێبون و کشتوکاڵ کردن بوە . ئەم ناوە لەلایەن[ جیمز هنری بریستد ]شوێنەوارناسی زانکۆی شیگاکۆ بەکار هێنراوە .

لەسەردەمی میزولیت مرۆڤ خەریکی ڕاو شکارو کۆکردنەوەی گیاو میوەو ڕاوی ئاژەڵی کردوە .

لەدوای ئەو قۆناغەوە کەشوهەوا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو کەش و هەوا بەرەو گەرم بوون چووە بەمەش سەردەمی نیولیتیک دەست پێدەکات و لەم قۆناغەدا کەش و هەوا خۆش بووەو مرۆڤ زیادی کردووەو بەمەش سروشت خۆراکی هەمووی دابین نەکردوە و ئاژەڵ کەمبووەتەوە و بۆیە مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانەوە یەنە خوارەوە بۆ دەشتەکان و لەویٚ لەوەرزی بەهار و هاوین لە دەشتە کاندا خۆراک کۆدەکەنەوەو سەرەتا لە کوخە سەرە تایەکاندا دەژین دوای ئەوەی هەر لە دەشتە کان و کەنار ڕوبارەکاندا کشوکاڵ دەدۆزنەوە دەستدەکەن بە کشتوکاڵ کردن یەکەم جۆر کردویانەو گەنم و جۆو نیسک بوە و دەیچێنن پاشان زیاتر پێش کەوتنی تێدا دەکەن و وە ڕوبەری زیاتر دەچێنن بە گەنم ئەویش بە ئامێرێکی بەردین کە لەشوەی داس درووست کرابو کلکەکەی لەدار بوو دانەوێڵە کەیان پێدووریوەتەوەو پاشان هەندێکیان لێ عمار کردوە بۆ زستان .

بەم شێوەیە گوندە کشتوکاڵییە سادەکان درووست بون و ئیتر بە هۆی دەستپێکردنی کشتوکاڵ مرۆڤ لە قۆناغی کۆکردنەوەو ڕاوشکارەوە چوە قۆناغی نیشتە جێبون و کشتوکاڵ کردن . وە لێکۆڵەرەوان و شوێنەوارناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە یەکەم جار لە نیوەمانگی بەبیت کشتوکاڵ دۆزراوەتەوەو شارستانیەت لە نیوە مانگی بەپیتەوە دەست پێدەکات . کە مێژووی دۆزینەوەی کشتوکاڵیش بۆ (12)هەزارساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە .

## مەرج و پێداویستیەکانی دانانی کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە



1-سەرەتا زەوییەکی باش کە لە ڕووی ئاوو ئاوەڕۆ و با و گەرمیەوە گونجاو بێت.

2-دروستکردنی هۆڵەکان وابێت کە ڕووەو با نەبێت و سلۆپ(لێژایی) بەڕووی ئاوەڕۆکاندا هەبێت.

3-بەنزیکی2 کم دوربێت لە کێڵگەکانی دەوروبەری و نزیکی هۆڵێک بۆ هۆڵێکیش لە 500م کەمتر نەبێت.

4-گەر لە کێڵگەکاندا بەشێوەی تەواوکاری هەڵهێنەری ئۆتۆماتیکی هەبێت باشترە وە نزیک بێت لە شەقامی سەرەکیەوە بۆ ناو بازاڕی فرۆشتن.

5-ئەگەر لە قەفەزدا بەخێوکران بەپێی پێوەری جیهانی بێت ژمارەیان و ئاو و ئالیکیان ئۆتۆماتیکی بێت وە گەر لەسەر ڕاخەر بوو ئەستوریەکەی لە 5-8سم دابێت و ئاوو شوێنی خواردن بەپێی ژمارەیان دابنرێ هاوکات لەگەڵ پێوەری جیهانی.

6-گەر بۆ هێلکەی خواردن بوو پێویست ناکات کەڵەشێریان لەگەڵ بێت و هێلانە و شوێنی هێلکەکردنیان تەنیابەڕێی ئۆتۆماتیکی کۆ ئەکرێتەوە بەڵام بۆ هێلکەی هەڵهێنان زیاتر لە هێلانەکاندان و لەسەر ڕاخەر بۆیان دادەنرێت.

7-بەرنامەیەکی باشی ڕووناکی پەیرەوبکرێت جا بەردەوام بێت یان پچڕ-پچڕ.

8-ئالیکی باش بەپێی قۆناغ و جۆری بەرهەمی هێلکە بێت کە سەرمایەیەکی باشی پێویستە و ئالیک تێچووی 70-75%ی پرۆژەکانە

9-کارمەند و کارگێڕی باش و لانی کەم1-2 ئەندازیاری کشتوکاڵی و پزیشکێکی ڤێتەرنەری سەرپەرشتیاری بن.

**پێداویستیەکی تری کێڵگەی پەلەوەری بریتییە لە ڕاخەر.**

ڕاخەر : Litter بەو ماددەیە دەوترێت کە ڕادەخریت لەسەر زەوی لەناو هۆڵەکانی کێڵگەی پەلەوەری.

ئەو جۆرە پێکهاتەنی کە وەک ڕاخەر پێک دێت (فەرشەی کارتۆنی ، کای گەنم ، کەپەکی برنج ، وردکراوەی دار.)

**ڕاخەر بۆ چەند مەبەستێک بەکار دێت:**

هەڵمژینی شێی پاشەڕۆ ، ئەزیەت نەدانی لاقی باڵندە ،دابرینی پلەی گەرمی ئەرزەکە.

**تایبەتمەندیەکانی ڕاخەر:**

1 -توانای دابڕینی گەرمی باش بێت .

2-هەڵمژینی شێی بەرز بێت.

3 -خاوێن بێت.

4 -نەرم و ووشک بێت.

5 -نابێت زۆر وورد بیت.

*ئەگەر زۆر وورد بێت دەبێتە هۆی پەیدا بونی تەپوو تۆز ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی باڵندە.

**بە خراپی کوالێتی ڕاخەر دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک بۆ نمونە:**

1 -پەیدابوونی تەپووتۆز لەناو کێڵگەی پەلەوەری.

2 -پیس بوونی هەوا.

3 -پیسبوونی ئاوو خۆراک.

4 -دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە.

5 -خراپی کوالێتی ڕاخەر دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بەکتریاکان و مشەخۆر و کەڕووەکان.

6 -دەبێتە هۆی بۆگەن کردن و پەیدا بوونی گازی جۆراو جۆر و زیانبەخش و بۆن ناخۆش وەکو گازی ئامۆنیا.

7 -شەل بون و دروست بونی برین لە بنی پێ و سنگی باڕۆکە.

8 -پیس بوون و ناشرین بونی ڕوخساری باڕۆکە.

**پێداویستیەکی تری کێڵگەی پەلەوەری بریتییە لە: Temperatuer**

بۆ زانینی پلەی گەرمی ناو هۆڵەکانە.

لە ئاستی سنگی جوجکەدا دادەنرێت لە بەرزی 5 سم لەسەروی ڕاخەرەوە، نابێت بە دیوارە کۆنکرێتەکانەوە جووتبکرێت.

پێویستە لە هۆڵەکان ئامێری تایبەت بە ئاگا هێنانەوە دابنرێت.

پلەی گەرمی : Temperature جوجک لەدوای ئەوەی لە هێلکە دەردەچێت ناتوانێت پارێزگاری لە لەشی خۆی بکات، کاتێک جوجک پەرِی دێت ڕۆژ بە ڕۆژ پێویستە پلەی گەرمی بۆ دابەزێنیت بە هەر دوو ڕۆژ یەک پلە پێویستە دابەزێنرێت.

پێویستە پلەی گەرمی بگونجێنرێت لەگەڵ تەمەنی جوجک.

لە ڕۆژی یەکەم دا پلەی گەرمی پێویستە 35 پلە بێت ،بە دوو ڕۆژ یەک پلەی گەرمی دادەبەزێنی تاوەکو لەتەمەنی 35 ڕۆژە لە 20 پلەی سەدیەوە ، دابەزینی پلەی گەرمی ڕادەگیرێت چونکە باڕۆکە توانای خۆراگرتنی هەیە.

**نیشانەکانی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی ناو هۆڵ:**

1 -بارۆکەکان هەوڵ دەدان لەیەکتری دور بکەونەوە.

2 -بارۆکە دەنوکی زۆر لە ئاو هەڵدەکێشێت.

3 -بارۆکە هەوڵ دەدات بۆ شوێنی هاتنە ژورەوەی هەوا بڕوات.

4 -دڵکوتێ و باڵ فش دەکات و هەناسە دانی سەریع دەبێت.

5 -لەهەندێ حاڵەتی پلە گەرمی زۆر ، دەبێتە هۆی مرداربونی.

6 -هەست کردن بە تەنهای وکەمکردنەوەی حەزی خواردنی.

**نیشانەکانی دابەزینی پلەی گەرمی ناو هۆڵ :**

1 -بەفیرۆ چونی وزەیەکی زۆر کە دەبێتە هۆی دابەزینی توانای گۆڕینی خۆراک.

2 -نزمبونەوەی بەرگری لەش و تووشبون بە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی سی و هەرس.

3 -لە دەست دانی حەزی خواردن و ڕەق بونەوە و مردارەوە بونی.

## ئامێرەکانی فێنک کردنەوەی کێڵگەی پەلەوەری



بۆ ئەوەی بتوانین کێڵگەی پەلەوەری بگەیەنینە فێنک کردنەوەیەکی گونجاو لە وەرزی هاویندا و لەو کاتەنەی کە گەرمە ،

1- سیستەمی خانەیی یان پاد : ( Cell system or pad ) ئەم سیستەمە ئەمڕۆ لە زۆربەی کێڵگەکانی پەلەوەری بەکاردێت پێکدیت لەچەند هەواکێشێکی بەهێز لەبەرامبەریان دا چەند شوێنێکی هاتنەژورەوەی هەوا هەیە کە پەڕەی کارتۆنی سیلیلۆزی تێدایە. بۆ هەر 1000 جوجکێک پێویستی بە 2-3 مەتر لە خانەی کارتۆنی هەیە. پێویستە ئەم سیستەمە کۆگای تایبەت بە ئاوی هەبێت و داپۆشراو بێت.

2- المبردات الصحراية : ئەم جۆرەیان لە هەواکێشێکی بەتوانا و چەند پرژێنەرێکی ئاو پێک دێت ،کە هەوای خاوێن و شێدار بە ناو هۆڵەکاندا بڵاو دەکاتەوە ،ئەم جۆرانە زۆر سادەن وە لەهەمان کاتدا زۆر کەم بەکار دێت لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی زۆر بەرزبونەوەی ڕادەی شێ و تەڕبونی ڕاخەر سەرئەنجام دەبێتە هۆی بڵاو بونەوەی نەخۆشی.

3-موبەڕیدە : ئەم ئامێرە زۆر بەکەمی بەکاردێت لە ناو کێڵگەکانی پەلەوەریدا بەهۆی ئەوەی کێشەی میکانیکی زۆرە هەروەها نزمی کوالێتی ئامێرەکان بۆ چالاکی کردنیان ،هەروەها بەردەوام چاوێری کردنی ئامێرەکان وە بۆ ئەوەی بتوانی ناو هۆڵەکان بەو ئامێرە بگەیەنیە پلەی گونجاو لەوەرزی گەرمادا پێویستە ڕێژەیەکی زۆر لەو ئامێرانە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی هەوای شێدار بەرهەم بێهێنێت بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری

. ئەو ئامادە کارییانەی کە بۆ کێڵگەی پەلەوەری باڕۆکەی گۆشت Broiler کە پێویستە ئەنجام بدرێن-:

پێش ئەوەی جووجک داخیلی کێڵگەی پەلەوەری بکەیت دەبێت ئەو ئامادە کارییانە بکەیت- :

1-هەڵبژاردنی باشترین جۆری جووجک Type of chicks دەبێت باشترین جۆری جوجک داخیلی کێڵگەی پەلەوەری بکەیت لە رووی باشی کوالیتی و مەناحەی بەرز بێت و بە کەمترین خواردن زۆرترین کێش بدات.

2-خاوێنی Cleanness ئەو کەسەی کە بەرێوەی دەبات دەبێت بەخاوێنی کارەکانی بکات چونکە هەر هۆکارێکی پیسی کارمەندان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی تەندروستی.

3 -پاکژکردن Sterilization دەبێت خاوەنی کێلگە بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی هەبێت ،ئەبێت هەول بدات پاکژکردنی ناو هۆڵ و دەرەوەی هۆڵ و کەل و پەلەکان و هەروەها پاکژکردنی دەست و پێلاوی کارمەندان و کرێکارانی ناو کێڵگەی پەلەورەی بکرێت و هەروەها پاکژ کردنی هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی دێنە نزیک کێڵگەی پەلەوەری بکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە سەر هەڵنەدانی نەخۆشی.

4-ڕاخەر : litter

بەكارهێنانی فەرشی كارتۆنی و یان ووردە داری نوێ و ووشك لەكاتی گەرما بەهیچ شێوەیەك هەڵگێرو وەڵگێرنەكرێت.

5-گوونجاندنی پلەی گەرمی Temperature لەگەڵ داخیل بونی جوجک بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری پاشان بە پێی هەلسوکەوت لەگەڵ تەمەنی باڕۆکە.

6-شێ (Humidity) ناو کێڵگەی پەلەوەری دوای ئەوەی جووجک داخیلی قاحە دەبێت.

7-ئاڵوگۆڕی هەوا Ventilation ڕاگرتنی جەوی قاعە بۆ بێزار نەبونی جووجک.

8-ڕووناکی. light

9-ڕووبەری بەخێو کردن.

کێڵگەی پەلەوەری و لەسەرەتای هاتنی وەرزی بەهار کە هەندێ کات گەرمای زۆر بەدی دەکرێت ، ئةو کارانەی پێویستە بەهەند وەربگیرین لەناوهۆل لە کاتی گەرمادا:-

1-کاتێک باڵندە گەورە دەبێت پێویستە چرى باڵندە لەيەك مەتر چوارگۆشە دا 8تا10باڵندەبێت ، واتا دەبێت ڕێژەی باڵندەکان کەمتر بکرێتەوە بە بەراورد بە کاتی سەرما .

2-پێویستە ژمارەی چاڵاوی ئاوەکان بەڕێژەی 30%زیاد بکرێت.

3-خۆراکی هاوسەنگ وخەست بدرێتە باڵندەکان.

4-زیاتر ڤیتامینC وخوێیەکان پۆتاسیۆم تێکةڵی خۆراکی باڵندەبکرێت.

5-گرتنی باڵندة تەنیا بةشەو ئةنجام بدرێ چونکە نابێتە شێوان وتەپوتۆزو گەرمای زۆر.

ڕووبەری بەخێوکردنی بارۆکەی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەریدا:-

بۆ ئەوەی بتوانین بارۆکەیەکی تەندروست و وەزنی باش بەرهەم بهێنین لە ماوەی ئاسای خۆیدا کە ئاستی بەرهەمهێن باش بکات ، پێویستە ڕوبەری گونجاو و بڕی پێویست لە هەوای

پاک و پلەی گەرمی گونجاو و ڕێژەی شێ و خۆراک و ئاو دابین بکرێت لەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

لە تەمەنی بارۆکەدا ڕووبەری بەخێوکردن فەرق دەکات بۆ جوجک تا گەورەبونی ، پێویستە جوجک لەتەمەنی سەرەتایدا شوێنی گونجاوی هەبێت بۆ گەڕان و هات و چۆکردن بۆ ئەوەی گەشەی خێرا بێت.

ڕووبەری بەخێو کردن بە پێی ژمارەی جوجک بەم شێوەیە:

1 -هەفتەی یەکەم 90 - 60 جوجک لە 1 مەتردا.

2 -هەفتەی دووەم 50 - 30 جوجک لە 1 مەتردا.

3 -هەفتەی سێیەم 40 - 25 جوجک لە 1 مەتردا.

4 -لە هەفتەی چوارەم ڕوبەرەکەی هەڵدەگیرێت بە هۆی گەورە بونی بارۆکەکان کە واباشە 10 بارۆکە بۆ هەر 1 مەتر بێت.

زیانەکانی نەبونی ڕووبەری گونجاو بۆ بارۆکە:-

1 - هەستکردن بەتەنگانەی و بێزاربوون.

2- کەمکردنەوەی توانای جموجۆڵکردن.

3-لەدەست دانی حەزی خواردن و نەدانی کێشی گونجاو.

4 -کۆنترۆڵ نەکردنی ئاڵوگۆڕ کردنی هەوا.

5-کۆنترۆڵ نەکردنی گەرمای ناو هۆڵ لە وەرزی گەرمادا.

6 -دەست نەکەوتنی ئاو و خۆراکی پێویست.

7-دەبێتە هوی بیسبوونی باڵندەکە و پەڕو باڵ و پێستی.

**خۆراک**

Nutrition



..لە کێلگەی پەلەوەری تایبەت بە باڕۆکەی گۆشت :

Nutrition خۆراک بە هەموو ئەو مادانە دەوترێت , کەجوجک پێویستیەتی بۆ

گەشەکردنی و بەرزبونەوەی بەرگری و بەردەوام بونی لە ژیانی .

خۆراک بە گرنگترین بەشی بەڕێوە بردنی کێڵگەی پەلەوەری باڕۆکەی گۆشت دادەنرێت، لەبەرئەوەی زۆرترین مەسرەفی کێڵگەی پەلەوەریە ، پابەندە لەسەر خۆراک بڕی تێچوو بۆ هەر کێڵگەیەکی ستاندارد بەڕێژە دەگاتە 60%--70% .

بۆ ئەوەی جوجک توانای گۆڕینی خۆراکی زۆر باش بێت پێویستە مادە ئالیکیەکان و هەموو ئەو مادانی پێویستن لە ناو خۆراکدا بە باشی هاوسەنگ بکرێن و گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی جوجک بەباشی گەشەبکات وە دوور لە نەخۆشی.

به بەرزی و نزمی هەر یەکێک لەو مادە خۆراکیانەی ناو بڕی خۆراک دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک:

1-دروست بون و گەشەی خانەکان و شانەکان سست دەبێت.

2-توانای گۆڕینی خۆراکی کەم دەبێتەوە.

3-لەکاتی پێگەیشتنی بارۆکە ئەو وەزنەمان ناداتێ کە ئامانجمانە .

4- لاواز دەرکەوتنی جوجک .

هەموو ئەو ئەنجامانەش دەبێتە هۆی زیانی گەورەی ئابوری کێڵگە پەلەوەریەکە پێداویستیە خۆراکیەکانی بارۆکەی گۆشت وەکو ( پرۆتین ، ووزە ، چەوری ، ڤیتامینەکان ، کانزاکان ، ئاو) .

ئەو مادە ئالیکیانەی کەلەخۆراکی بارۆکەی گۆشتدا بەکاردێن وەکو ( گەنمەشامی ، گەنم ، تلپەی پاقلەی سۆیا ، ڕۆنەکان) ... هتد

تەواوکەرەکانی ترشەلۆکە ئەمینیەکان و ڤیتامین و کانزاکان.

سەرچاوەکانی کالسیۆم و فسفۆر.

خوێ.

ئەنزایمەکان .

پرۆبایۆتیک ، پریبایۆتیک.

دژە ئۆکسی بوون .

دەرمانەکان.

## مەرجەکانی قوربانی کردن



1- ئەوەی نیەتی قوربانی کردنی هەیە لەسەرەتای مانگی ذي الحجة وە هەتا ئەوکاتەی قوربانیەکەی دەکات نابێت هیچ موو و نینۆکی لەخۆی بکاتەوە ؛ وە ئەم کارە تایبەتە بەسەرۆک خێزان بۆ خێزان و منداڵەکانی دروستە موو و نینۆکیان بکەن.

2- نیەتی ئەم عیبادەتە لەدڵدایە و دەبێت مەبەست لەقوربانیەکە تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت ؛ تەنها لەکاتی سەربرینی ئاژەڵەکەدا دەڵێی ( بسم الله - الله أكبر - اللهم تقبل منى هذا منك ولك ).

3- ئەو ئاژەڵەی قوربانی پێ دەکرێت بریتیە لە ( وشتر - مانگا - مەر - بزن ) . وشتر دەبێت ( پێنج ) ساڵی تەواو کردبێت وە مانگا دەبێت ( دوو ) ساڵی تەواو کردبێت وە بزن دەبێت ( یەک ) ساڵی تەواو کردبێت وە مەر دەبێت ( شەش ) مانگی تەواو کردبێت.

4- ئەم ئاژەڵە نابێت ( شەل ) بێت وە نابێت ( کوێر ) بێت وە نابێت ( نەخۆش ) بێت وە نابێت ( پیرو لاواز ) بێت.

5- کاتی سەربرینی قوربانی لەدوای نوێژی جەژنەوە دەست پێ دەکات هەتا کاتی خۆرئاوابونی چوارەمین ڕۆژی جەژن ( بەشە و ڕۆژی ئەم چوار ڕۆژ و شەوە ) دروستە بەڵام بەڕۆژ باشترە.

6- تێبینی : مەڕێک یان بزنێک بۆ سەرۆک خێزان و ماڵ و منداڵەکەی دەبێت وە وشتر یان مانگا بۆ حەوت سەرۆک خێزان و مال و منداڵەکەیان دەبێت.

7- تێبینی دووەم : دروستە گۆشتی قوربانیەکە بکەی بەسێ بەش لەم سێ بەشە بەشێکی بۆخۆت و ماڵ و منداڵت هەڵی بگری و بیخۆی وە بەشێکی بکەی بەدیاری بۆ خزم و

دۆستەکانت کە ئەم دیاریە کەسانی دەوڵەمەندیش دەگرێتەوەو دروستە وە بەشی تریان بدەیت بە هەژاران.

8- تێبینی سییەم : دروست نیە هیچ لەقوربانیەکە بدرێت بە قەصاب بەرامبەر بە ئەجری سەربرینی ئاژەڵەکە بەڵکو دەبێت پارەی بەجیا پێ بدرێت بەڵام دروستە گۆشتی ئاژەڵەکە وەکو خێر یان دیاری پێی بدرێت.

9- تێبینی چوارەم : قوربانی بەتایبەت بۆ مردوو ناکرێت ئەگەر وەسەیتی نەکردبێت چونکە بەلگەی لەبارەوە نەهاتووە.

10- تێبینی پێنجەم : ئەو کەسەی بوەتە وەکیلی کەسێکی تر بۆ قوربانی کردن تەنها خاوەن قوربانیەکە نابێت موو نینۆکی لەخۆی بکاتەوە بەلام بۆ وەکیلەکە دروستە.

## بۆچی جوتیاران ئەم کونە گەورەیە لە سکی مانگا دەکەن؟!



لە ڕاستیدا ئەم کارە سەیرە لە کێڵگە ئەندامیەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا ئەنجام دەدرێت، کە جوتیارەکان هەڵدەستن بە هەڵکۆڵینی کونێکی گەورە لە جەستەی مانگاکان. لەوانەیە هەندێک لە ئێوە وێنەیەکی ئەم کارەتان پێشتر بینیبێت، بەڵام سەرتان سوڕمابێ ئاخۆ دەبێت ئەم کونانە بۆ چی بێت و سودیان چی بێت؟

ئەم کونە گەدەی مانگاکان بەکاردێت بۆ چاودێری وردی پزیشکی، وە ڕێژەی تەمەنی مانگاکان بە شێوەیکی گشتی بەرز دەکاتەوە و لە نەخۆش بوون دەیان پارێزێت.

ئەم کونە یارمەتی زانایان دەدات لە چاودێریکردن و پشکنینی پرۆسەی هەرسکردن لە جەستەی مانگادا، ئەم کونە ڕێگە دەدات بە گەیشتن بە هەناوی مانگا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆئەندامی هەرسی مانگا.

دروستکردنی ئەم کونە لە جەستەی مانگا لە ڕێگەی نەشتەرگەریەوە ئەنجام دەدرێت لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە وەک کانیۆلایەک وایە لە جەستەی مانگادا و خۆراکی هەرسکراوی گەدە کۆ دەکاتەوە دواتر زانایان لێ کۆڵینەوە لەم خۆراکە دەکەن و لەم ڕێگەیەوە باشترین جۆرەکانی ئالیکی ئاژەڵ دیاریدەکەن و بەرهەمەکان پەرە پێ دەدەن.

ئەوەی سەیرە ئەم کردارە بە هیچ جۆرێک زیان بە مانگاکان ناگەیەنێت و بەڵکوو سودیشیان پێ دەگەیەنێت و ناوەندی تەمەنیان درێژتر دەکاتەوە لە ناوەندی ئاسایی، هەرکاتێک مانگا نەخۆش کەوت لە ڕێگەی ئەم کونەوە ڕاستەوخۆ چارەسەری پزیشکی بۆ دەکرێت و دەرمانی پێویستی پێ دەدرێت.

# پەینی ئاژەڵی



**ڕێگاکانی پەیین کردن:**

پەینی ئۆرگانی(آلاسمدة العضوية)

Organic Material

ئەمانە سەرچاوەیەکی گرینگی توخمە خۆراکیەکانی ڕووەکن.بەتایبەت نایترۆجین بەپێ سەرچاوەکانیان دەکرێنەچەند بەشێک.

**پەینی ئاژەڵ(لەگەڵ باڵندە) :**

پاشەڕۆی ئاژەڵە(بەباڵندەشەوە) کە واباشترە کۆبکرێتەوە پاش ساڵێک بەکاربێت وەبۆئەوەی سوودی تەواوی لێوەربگرێت بکرێتە کۆمەڵ و بخرێتە ژێر خاک بەنایلۆن داپۆشرێت تاوەکو بەرێگەی ناهەوایی شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

**پەینی سەوز:**

پاشماوەی ڕووەک دەگێریتەوە یان تەواوی ڕووەک دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی پەین چاندراون ،باشترین ڕووەکیش خێزانی پاقلەییەکانە ،کە زوو شی دەبێتەوەو ڕێژەی (لگنین)یان کەمەو ،وە ڕەگەکانیان بەکتریای ڕایزۆبیۆمی لەسەرە کەنایترۆجینی هەوا لەخاک دا دەچەسپێنێت.

**پاشەرۆی ئادەمیزاد(مرۆڤ):**

یەکێکە لە سەرچاوە لەبن نەهاتووی مادە ئۆرگانیەکان ،چونکە مرۆڤ هەمەجۆر خۆراک دەخوات بەڵام هۆکارێکە بۆ پیس بوونی ژینگە.

ئەگەر راستەخۆ تێکەڵ بەخاک بکرێت ئەوازۆر ژەهرە توخم لەسەر خاک زیاد دەکات.

بەمەش رێگری لەگەشەی ڕووەک دەگرێت،بۆیە لەزۆربەی وولاتان بەهۆی گەرمییەوە پێش بەکارهێنانی بۆخاک چەند گۆرانکاری بەسەردا دەهێنن.

**ئاوی ئاورۆ و قەسابخانەکان:**

سەرچاوەکی باشی توخمەخۆراک ومادە ئۆرگانیەکانە. زۆرجار ئاودانی سەوزەو داری پێدەکرێت.بەڵام زیانی هەیە لە بەر ئەمانە:

1-دەبێتە هۆی کەڵەکەبووی تووخمە قورسەکان لەسەر ڕووی خاک.

2-برێکی زۆر لەسۆدیۆمی تێدایە،ئەمەش پێکهاتەی خاک دەگۆرێت و دەیکاتە خاکی خوێین.

1-سەروی خاک پیس دەکات،دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بۆ مرۆڤ.

---

**خەسڵەتەکانی پەیینی ئۆرگانی:**

1- سەرچاوەی زۆربەی توخمە خۆراکە (فۆسفۆر،کالسیۆم،پۆتاسیۆم)وە ئالوگۆری قەبارەی ئایۆنی لەخاکی قوردا زیاد دەکات.

2- خەسڵەتی فیزیایی خاک باش دەکات.وەک هەواگۆرکێ و وە رۆیشتنی ئاو.

3-بوونەوەری زیندووی تێدایە کە بۆ خاک و ڕووەک گرینگە.

5-دەبێتەهۆی گەرم بوونی خاک ،لەتونێلە کشتوکاڵیەکان سودی دەبێت.

6- یارمەتی زیندەوەری گەندەخۆر دەدات کەرێگری لەگەشەی نیماتۆدای مزرەمەنیەکان دەگرێت.وەک پاشماوەی داری زەیتون و کونجی زۆر گرینگن کە تێکەڵی ئەوباخانە بکرێن کە کراون بەداری مزرەمەنی.

---

## زیانەکانی پەیینی ئۆرگانی:

1-سەرچاوەیەکن بۆبڵاوبوونەوەی نەخۆشی بۆبژارلەخاکدا پاشماوەی ڕووەکی( کافور) وە قەسەڵی جۆ ڕێژەی سەوزبوونی تۆ کەم دەکاتەوە.

2- بەکاهێنانی پەیینی ئاژەل لەخاکی ووشکدا.(خاکەکە سوێر دەکات)

3- توخمی ژەهراوی وەک( توتیاومس ومەنگەنیز)لەگەڵ پاشەڕۆی ئادەمیزاد داخلی خاک دەبێت.کەزۆر خراپە بۆرووەک.

4- کاتێ پەیینی ئۆرگانی تازە(پاشەڕۆی مانگا وگامێش).لەکاتی رزینی پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە زیان بەڕەگ وقەدی ڕووەک دەگەیەنێت.ودەبێتە ژینگەی گەشەی مێرووی زیانبەخش.

---

## پەیینی کیمیایی (Ferilizer):

پەینی کانزایی دروستکراوە ،ئامادەکراوە بۆخاک یان بۆ بەشە سەوزەکەی ڕووەک (گەڵا).وەک یۆریاو یۆریای بەگۆگرد داپۆشراوووە گۆگرداتی ئامۆنیۆم ونتراتی ئامۆنیۆم ...هتد

## توخمە كانزاییە خۆراكیەكان




### سودەكانی كانزاكان لە خۆراكی باڕۆكەی گۆشتدا:

- ڕۆڵی هەیە لە یارمەتی دانی پێكهێنانی كۆئەندامی ئێسكە پەیكەر.
  گواستنەوەی هەستەكان ئەنجام دەدات.
- كردارەكانی هاوسەنگ كردنی ترش و تفتەكانی خوێن بە ئەنجام دەگەیەنێت.
- یارمەتی پتەوبونی ماسوولكەكان و شانەكان و خانەكانی لەش دەدات.
- پێكهێنانی دروست بونی پەڕی باڵندەو دەنووك دەدات.
- یارمەتی دەری پێكهاتنی هۆرمۆنەكان و ئەنزیمەكان و ڤیتامینەكان و خوێن دەدات.

**دوو كۆمەڵە** لە توخمە كانزا خۆراكیەكان هەن بۆ لەشی باڕۆكەی گۆشت:

هەندێك لە توخمە كانزایەكان گرنگن بۆ لەشی باڕۆكەی گۆشت پێویستە ئالیكی باڕۆكەی گۆشت بڕی گونجاوی پێویست لەو ماددانەیان تێدا بێت یان دەبێت زیاد بكرێت وەكو : كالسیۆم ، فسفۆڕ ، پۆتاسیۆم ، سۆدیۆم ، مەگنسیۆم ، كلۆر .... هتد

هەندێ لە توخمە کانزایەکانی تر هەن زۆر گرنگ نین لەبەر ئەوەی ماددە ئالیکەکان بڕی پێویست لەو ماددانەیان تێدایە کە بۆ دابین کردنی لەشی باڕۆکەی گۆشتە وەکو : کۆباڵت ، مس ، مەنگەنیز ، سلینیۆم ، سلیکۆن ، کرۆم ، فلۆر ...... هتد

گرنگی چەند ماددەیەکی کانزایی Mineral Macro لەلەشی باڕۆکەی گۆشتدا کە بەڕێژەیەکی پێویست باڕۆکە ئیشی پێیەتی بۆ دابین کردنی جموجۆڵی تەواوی کردارەکانی لەش کە پێویستە ئالیکی باڕۆکە ئەو ماددانەی بە ڕێژەیەکی گونجاو بونی هەبێت.

### Calcium و کالسیۆم Phosphorusفسفۆڕ:

Calciumو Phosphore لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا ڕۆڵی
بەشداری دەکەن لە زۆربەی پێکهاتەکانی لەش وەکو ئێسک و شانەکان و خانەکان و خوێن
کەمی ڕێژەی ئەو دوو ماددانە لەلەشی باڕۆکەی گۆشتدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند نەخۆشیەک.
دروستبوونی کێشە لە قاچەکانی وەک پێ سوران و گۆج بوون و ئێسکە نەرمە ، (لاواز بوون و سست بوونی جوجک) ، وە دەبێتە هۆی ڕێگری کردنی لە گەشە کردنی جوجک.

### Sodiumسۆدیۆم:

ڕۆڵی گرنگی هەیە لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا
بەشدارە لە کردارە گەیاندنەکانی فرمانە هەستەوەرەکان و جوڵەی ماسولکەکان ، ڕێکخستنی پێکهاتەکانی پێست و خوێن و کرکڕاگە و ئێسک دەکات.

**کەمی** ڕێژەی ئەو ماددەیە لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاریدەی کەم خواردن و لاواز بونی جوجک و گەشە نەکردنی.

### Potassium پۆتاسیۆم:

ڕۆڵی ئاستی پێویستی Potassium لەلەشی باڕۆکەی گۆشتدا : هاندەری دروستکردنی هۆرمۆنەکانە ، بەشدارە لەگۆڕینی چەوری بۆ ووزە.

**کلۆر Clorine:**

گرنگی زۆری هەیە لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا کە لە ئالیکەوە بۆ لەشی باڕۆکەی گۆشت دابیندەکرێت چونکە بەپێکهێنەری سەرەکی کۆئەندامی هەرس هەژمار دەکرێت بەتایبەت ترشی هایدرۆکلۆریک وە چەندین ترشەلۆکی تر

## پرۆتینProtin




لەخۆراکدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لەکۆمەڵێک مەوادی خۆراکی پێک دێن کە پێیان دەوترێن ترشەلۆکی ئەمینی ، کە بەپێکهێنەری سەرەکی هەموو خانە و شانە و ئەندام و هۆرمۆنەکانی لەشی بارۆکەی گۆشت دادەنرێت.

ترشەلۆکە ئەمینیەکان ژمارەیان 22 ترشەلۆکە ئەکرێن بەدوو کۆمەڵەوە

Essental Amino Acid-1

واتە ئەو ترشەڵۆکانە دەگرێتەوە کەلەشی مریشک توانای دروست کردنیان نیە ، پێویستە بەرێوبەری کێڵگەی پەلەوەری لەناو ئالیکدا پرۆتین تێکەڵی بکات بەرێژەی گوونجاو بۆ ئەوەی بارۆکە تووشی کێشە نەبێت و جموو جۆڵی باش بێت.

نمونەی ئەو ترشە لۆکانە وەکو

:Essential Amino Acid

arginine, glycine, histidine, leucine, isoleucine, lysine, methionine, cystine, phenylalanine, threonine, tryptophan and valine.

وە لە هە موی زۆرتر تاثیری ئەبێت وە بەتایبەتی لة خۆراك ئەم ترشانەیە ,arginine

lysine, methionine, cystine and tryptophan

2- Non Essential Amino Acid

ئەو ترشە لۆکانە دەگرێتەوە کەلەشی مریشک توانای دروست بوونیان هەیە لە ناو خۆراکدا توانای ئەوتۆیان نیە چونکە لەشی بارۆکە خۆی ئەتوانێت دروستی بکات.

نمونەی ئەو ترشەلۆکانە وەکو:

Non-Essential Amino Acids :

Tyrosine, Alanine, Asparagine, Aspartic Acid, Cysteine, Glutamic Acid, Glutamine, Glycine, Proline and Serine.

بەزیاد بوون یان کەمبوونەوەی رێژەی پرۆتین لە خۆراکدا دەبێتە هۆی سەر ئەنجامی چەند کێشەیەک لە ناو لەشی بارۆکەدا.

**کەم بوونەوەی** لەناکاوی پرۆتین لەناو خواردنی بارۆکەی گۆشت لەئاستی پێویست دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک لەناو لەشی بارۆکەدا:

1- دابەزینی توانای گۆرینی خۆراک.

2- وەستانی گەشە ، لاوازبوونی بارۆکە.

3- بە نەبونی پرۆتین لە خۆراکدا لە سەرەتای تەمەنی بارۆکەی گۆشتدا دەبێتە هۆی دەرنەکردنی پەڕ.

4- زیادبونی بارۆکەی مردوو لە ناو هۆڵدا.

5- دابەزینی بەرگری لەش.

**بەرز بوونەوەی** رێژەی پرۆتین لە ناو خۆراک دا لەئاستی پێویست دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک:

1- لاواز بوونی گەشەی بارۆکەی گۆشت.

2- کەم خواردنی ئالیک.

3- ئەرک کەوتنە سەر گوورچیلە و زیان پێکەوتنی.

4- بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاو بەند بوون.

**پێویستییەکانی باڕۆکەی گۆشت بۆ پرۆتین دەگۆڕدرێت بە پێی چەند هۆکارێک :**

1- جۆری جووجک.

2- تەمەنی باڕۆکەی گۆشت.

3- پلەی گەرمی دەوروبەری باڕۆکە.

4- ئاستی ووزەی خۆراک.

5- ڕەگەزی باڕۆکە.

## ماسی بەستوو بە بەراورد بە ماسی تازە و ناسینەوەیان



وەک ئەزانین ماسی بەزیندەوەرێکی ئاوی خوێن سارد ئەوترێ کە بەرپشووەکەوانە هەناسەدەدات و باڵەکانی هەیە و لە برپڕەدارەکانە. خواردنی ماسی لەئێستادا زۆر گرنگی پێدەدرێت بەهۆی بوونی پرۆتینێکی باش و چەورییەکی چاک

وەك ئۆمیگا-3 وسودی زۆری بۆ دڵ ، لەبەر ئەوە هاوڵاتیان بە بەستوویی یان لەقوتوو نراو یان بە تازەی بێت ئارەزوو بە خواردنی ماسی دەکەن .

### باشیەکانی ماسی بەستوو:

1- کاریگەری لەسەر ژینگە کەمترە چونکە ماسی تازە بەبەلەم و باخیرە بۆ وشکانی ئەگوازرێتەوە و تێچووی لەسەر ژینگە زۆرترە.

2- ڕاوچی و خاوەن ماسی ئاسوودەترن ماسیەکانیان زوو تێک ناچێ

3- ئەوەندە بەکاردێنی کە دەیخۆیت لە گشت کاتەکانی ساڵ دا دەست دەکەوێت.

4- بۆماوەیەکی زۆر هەڵئەگیرێت و نرخی کەمترە.

## خراپیەکانی ماسی بەستوو:

1-چونکە زۆر هەڵئەگیرێ ماوەی  بۆ خراپبوون زۆرترە.

2- لەکاتی کردنەوە و توانەوەی بەهای خۆراکی دا ئەبەزێت و زۆرێک لە ڤیتامینە تواوەکانی ناو ئاو و کانزای لێ ئەڕوات.

3- ماسی بەستوو زیاتر لەکێڵگە ئاویەکان بەخێو ئەکرێن کە ترشی ئەرکیدۆنیکیان زۆر ئەبێ کەخۆی بەرەنگاری لە ناوچوونی خانە ئەکات ، بەڵام کە زۆربوو ڕێژەی نەخۆشی زەهایمەر زیاددەکات.

## تایبەتمەندێتی ماسی زیندوو:

1-بەهای خۆراکی بەرز و تێر بە کانزاکان و ئۆمێگا -3 کە وەک ئەزانین سودەکانی یەک جار زۆرە..

2- دڵنیابوون لە سەرچاوەکەی کە زیاتر ئەبێ لە دەریا و ڕووبارەکان و هەندێ جار زەریاکانەوە بێ..

3-دوای زیاتر لە 2 ڕۆژ بە ماسی تازە دانانرێ وەک زۆر لە گۆشتەکانی دیکە.

4- بە کەڵکی زۆرێک لە تەمەنەکان دێت وبۆ کەسانی نەخۆشیش باشە دیارە ماسی بەستووش هەمان سوودی هەیە بەس بەهۆی کەمی بەهای خۆراکی ئەم سودەی کەمترە.

## خاڵی لاوازی ماسی زیندوو لە گرانی نرخی و زوو تێکچوونیایە

### چۆن ماسی تازە بناسینەوە:

1-چاوی ڕوون و کەمێک دەرپەڕیوو بێت و نەچوبێ بە ناوەویا.

2- پەڕەکانی و ڕیشوەکە وانەکەی توند و باشبن پولەکەکانی بریقەداربن و ڕەنگ بردوو نەبوبن..

3- لەکاتی پەستان خستنە سەری زوو بێتەوە دۆخی خۆی.

4- بۆنی خراپی نەبێ کە زیاتر وەک ئامۆنیا وایە.

**دۆلی**



لەدوای چەندان تەجروبەی سەرنەکەوتوو یان لەقۆناغەکانی ئەخێرا شکستیان هێنا دیارترینیان تەجرووبەکانی گۆردۆن لەسالانی 70 کان بەڵام بەکەڵک وەرگرتن لەو تەجروبانە وچاککردنی هەڵەکانیان زانای بەریتانی یان ویڵمێت بەهاوەڵی چەند تەکنیک کارێکی پەیمانگای رۆسلین لە رۆسفێڵد کەلە سکۆتلەندایە ولەساڵی 1996 توانیان تاقیکردنەوەیەکی سەرکەووتوو بە ئەنجام بگەیەنن ئەویش ناوکی خانەیەکی گوانی مەڕی دۆرسێت یان لە خانەیەکی(کەناوکی دەرهاتبوو) هێلکەی مەڕی بلاکفەیسی سکۆتلەندیا چاند(کەخانەکە لەخاڵی پشوو یا وەستان دا بوو) پاشان بە ئیلیکترۆفۆرس وبەوزەیەکی کەم وایان لەخانەکەکرد دەست بکات بەدابەش بوون و جیاواز بوون و دواتریش وەرگرتنی شکڵی تەواوەتی کە ئەمانە لە ناوپۆشی منالانی مەڕی بلاکفەیسەکەیا کرا دواتر دوای 148 رۆژ بەرخی دۆلی لەدایک بوو بەڵام لە بلاک فەیس نەچوو کە خانە کەی لێوەرگیراوە بەڵکوو لە دۆرسێت ئەچوو کە ناوکەکەی بەخشیبوو.

لێرەیا زۆر پرسیار یەتە رێمان کە ئایا ئەم تەجروبانە دژی دینی ئیسلامن یان نا : راستە 16 ساڵ لەمەوپێش کە تێگەیشتن لە دینی بەرزوو جوانی ئیسلام کەمبوو وایان زانیوە دژیەتی بەڵام ئەوکاتیش کەسانی زیرەکی وا هەبووە کە ئەمەیان لێکداوەتەوە بەڵام وەک ئێستا نا چونکە خۆی شتەکە ئاشکرایە کە لەدوو خانەوە دروست بوون کەهەردووکیان خوای گەورە دروستی کردوون و لە خۆوە نەبوون وە لە زانستی بۆ ماوەش بیردۆزێک هەیە کە راستی و بێگەردی ئاینی ئیسلامیش ئەسەلمێنێ ئەویش ئەوەیە کەئەڵێ : هەموو خانەیەک لەخانەیەکی مقبلی(خانەیەکی پێشیەوە)درووست بووە.

هەڵقوڵاوەکانی ئەم تەجرووبەیە:

داهێنانەکانی تر وەک کۆپی کردنی چەنەها مانگا و گا و بزن و مەڕ و کەروێشک کە زۆر وڵاتی بێ ویژدان سەرەڕای گرانی نرخی بەڵام بەکاری ئەهێنن و ئەیفرۆشن لەگۆشتەکەی ئەخوا لەوانەیە ئێوە بڵێن خۆ وەک مەڕی لەدایکبووی سروشتیە بەڵام ئەبێ ئەوە بزانن کەچەن مادەیەکی کیمیایی و بازدەر و هێزی کارەبای بەکار یەت کە ئەمە زیانی زۆرە بۆ لەشی ئادەمیزاد.

بەڵام سەرکەووتوی ئەم سیستمانەش بەرێژەی لە 80% بوو لەبەر جیاوازی ژینگەی و بۆماوەی و نەخۆشیەکان و وە کاریگەری 1% ترشەناوکیەکانی سایتۆپلازم"



## چەند هەڵسوکەوتێکی سەیروسەمەرەی ئاژەڵان




جیهانی ئاژەڵان زۆر سەیر و سەمەرەیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە تا شارەزای هەندێک لە هەڵسوکەوتەکانیان بیت، لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر هەندێک لەو رەفتارە سەیر و سەمەرانەی ئاژەڵان:

### گاڵتە و رابواردنی قەلەرەش

قەلەرەش یەکێکە لەو ئاژەڵانەی ئارەزووی گاڵتە کردن دەکەن و هەندێک جار بە کۆمەڵ گاڵتە بە ئاژەڵانی دیکە دەکەن بەتایبەتی لەو کاتانەی ئاژەڵەکان نووستوون، نموونەی کارەکانیشیان، کاتێک دەبینن چێلێک خەوتووە ئەوا دەچنە گژی و دەنوک لە بەشی جیاوازی جەستەی دەدەن بۆ ئەوەی خەوەکەی لێ تێکدەن.

هەروەها هەندێک جار هێرش دەکەنە سەر کەروێشک بەمەبەستی ترساندنی.

هەروەها هەندێک جار کۆمەڵێک قەلەرەش بەیەکەوە کۆدەبنەوە دەنگێکی بەرز دەردەکەن و وەک ئاماژەیەک بۆ رووداوی کارەساتێک، کاتێکیش ئاژەڵەکان لە ترسان رادەکەن ئەوا قەلەرەشەکان گاڵتەیان پێدەکەن.

### هاوسەرگیری لای پەنگوین (بەتریق)

کاتێک باڵندەی پەنگوین دەیەوێت هاوسەرگیری بکات ئەوا دەگەرَێت تا بەردێکی دەگمەن دەدۆزێتەوە و ئینجا پێشکەشی مێینەکەی دەکات، ئەگەر مێینەی پەنگوینەکە بەردەکەی هەڵگرتەوە ئەوا بە هاوسەرگیریەکە رازییە، ئەگەر رۆیشتیش ئەوا نێرەکە دەبێت بەدوای مێینەیەکی دیکە بگەرێت و بەردەکەی خۆی ببات و بڕوات.

## بەرگری لەلای مراوی :

کاتێک مراوی دەبینێت بێچووەکانی تووشی هەڕەشە بوونە، ئەوا مانۆڕێکی سەربازی دەکات و خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو رزگار کردنی بێچووەکانی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج راکێشە کاتێک ئەم دایکە نامێنێت ئەوا مراوییەکی دیکە بێچووەکانی بە خێو دەکات وەک ئەوەی بێچووی خۆی بن.

## دەنگی دۆلفین :

دۆلفین دەنگێکی بەرزی هەیە و هەروەها دۆلفین ئارەزوو دەکات لاسایی دەنگی دیکە بکاتەوە، بەتایبەتی دەنگی پاپۆڕ و ژێر دەریاییەکان، هەندێک جاریش لەکاتی جەنگەکان کەشتیوانەکان تووشی ترسێکی گەورە دەهاتن چونکە وایان مەزەندە دەکرد کەشتی دوژمن نزیکبووتەوە لێیان، چونکە دۆلفین دەنگێکی وا دەردەکا کە هاوشێوەی دەنگی ژێر دەریایی سەربازی بێت.

## بەزەیی گورگ :

هەرچەندە گورگ بەوە بەناوبانگە کە درندەیە بەڵام هەرگیز گورگی پێگەیشتوو گاز لە بێچووەکانی نادات، هەرچەندە بێچووەکانی لاساریش بکەن، بەڵام ئەگەر ئەم بێچووانە گەورە بن و کاری نارێک بکەن ئەوا لەلایەن مێگەلی گورگ سزا دەدرێن.

## مێینەی فیل :

مێینە فیل ئاژەڵێکی زۆر نەرم لەسەر خۆیە، بەڵام کاتێک بێچووەکانی تووشی مەترسی دەبێت ئەوا هار دەبێت و بەهەموو هێزییەوە بەرگری لە بێچووەکەی دەکات و هەموو شتێک دەکات لەپێناو پاراستنی و ئامادەشە گیانی خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو رزگارکردنی بێچوەکەی

## زیرەکترین ئاژەڵەکانی سەر زەوی




لەم جیهانەی ئێستا تێیدا دەژین بە ملیۆنەها ئاژەڵ و زیندەوەری جیاواز هەیە و لەدوای مرۆڤ زۆرینەی هەرە زۆری ئاژەڵەکان خاوەن مێشکن، لەنێو هەمووان مرۆڤ لە هەموو زیندەوەرانی دیکە زیرەکترە چونکە خاوەن عەقڵە و توانای فێربونی زیاترە.

لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاژەڵانەی کە زیرەکن و خاوەن خەسڵەتی تایبەتن لەوانەش.

**.مەیمونی شامپانزی:**

شامپانزی بە زیرەکترین ئاژەڵی جیهان دادەندرێت و لە پلەی یەکەم دێت لەنێو هەموو ئاژەڵەکان، ئەم جۆرە مەیموونە پێیان دەگوترێت هاوشێوەی مرۆڤ و لە نزیک ئەشکەوتەکان دەژین و قەبارەیان گەورەیە و

درێژیان لەنێوان (130 –160) سم دەبێت و کێشیان نزیکەی 60 کگم دەبێت.

لە 98% جیناتی شامپانزی هاوشێوەی مرۆڤە لەبەر ئەمە رێژەی زیرەکی نزیکە لە زیرەکی مرۆڤ وتوانا هەیە شتی نوێ فێربێت، شامپانزی توانای هەیە زمانی ئاماژە (اشارە) بەکار بهێنێ بۆ ئەو شتەی دەیەوێت و توانای لاسایی کردنەوەی هەیە و هەستی بینینی زۆر بەهێزە.

جگە لەمانەش شامپانزی ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیە و بە خێرایی لاسایی مرۆڤ دەکات و پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ بەخێوکەرەکەی دروست دەکات.

**.دۆلفین:**

ماسی دۆلفین بە پلەی دووەم لە زیرەکی لەنێو ئاژەڵان، دۆلفین ئاژەڵێکی ئاوییە و بە هەنگ دەچێت بەڵام قەبارەی بچووکترە درێژییەکەی لەنێوان (1 – 3) مەتر دەبێت و ئارەزوو دەکات لە ئاوە گەرمەکان بژیت و لە دەریا و زەریاکان دەبیندرێت و خواردنی سەرەکی بریتیە لە ماسی بچووک.

زانایان پێیانوایە دۆلفینەکان زۆر زیرەکن و توانایان هەیە لاسایی دەنگی مرۆڤ بکەنەوە و بە خێرایی فێر دەبن و توانای هەیە رێنمایی وەربگرێت لە راهێنەرەکانی و دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ دروست بکات، هەروەها سوود لەهەڵەکانی خۆی وەردەگرێت و جارێکی دیکە دووبارەیان ناکاتەوە.

لەماوەی جەنگەکان ماسی دۆلفین لە نێو سوپا بەکار هاتووە و کاری سەربازی پێکراوە بەتایبەتی سوپای ئەڵمانیا و رووسیا و ئیسرائیل.

ئەرکی ئەم دۆلفینانە بریتی بوو لە دۆزینەوەی مینە دەریاییەکان لە قولایی 100 م و کارەکانیان بە شێوەیەکی باش ئەنجام دەدا.

**فیل :**

فیل بە پلەی سێیەم دێت لە رووی زیرەکی لە نێو ئاژەڵان، فیل لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان هەیە بەتایبەتی لە ئەفریقیا و هیندستان، هەرچەندە فیل چەند جۆری جیاوازی هەیە بەڵام زۆربەیان زیرەکن، لەهەندێک ولات فیل بە هێما دانایی دادەندرێت، فیل توانایەکی سەیری بۆ پەیوەندی کردنی لەنێوان خۆیان و هەروەها هەست و سۆزێکی سەیریان لەنێوان خۆیان هەیە و زاکیرەیەکی زۆر بەهێزی هەیە.

فیل دەتوانێت پاش چەند ساڵێک ئەو کەسە بناسێتەوە کە بەخێوی کردوە یان یارمەتی داوە.

مرۆڤ توانییوویەتی فیل ماڵی بکات و هەروەها کاری گواستنەوەی پێدەکات و کاتێ هەندێک وڵات لە شەڕ بەکاریان هێناوە و هەروەها ئێستا لە یاری سێرک بەکاردێت و فیل ئازاری کەس نادات ئەگەر ئازار نەدرێت.

فیل بەشێوەی کۆمەڵ دەژین و زۆر کۆمەڵایەتین و هاوخەمی بۆ یەکتری دەردەبڕن لەکاتی ناخۆشییەکان و بەیەکەوە یاری دەکەن و توانایان هەیە خۆیان لە ئاوێنە بناسنەوە.

**ئەختەبووت :**

ئەختەبووت یەکێکە لە ئاژەڵە زیرەکەکان و مێشک و چاوەکانی لەنێو ئاژەڵە نا بڕبڕەییەکان لەهەموویان باشترە، ئەختەبووت توانای هەیە تەرکیز بخاتە سەر نیشانەیەکی دیاریکراو و توانای هەیە گۆرانکاری بکات لەگەڵ گۆڕانی ڕووناکی.

ئەختەبووت دوای ئەوەی زانیاریەکان بە مێشکی وەردەگرێت لەرێگەی چاوەکانی دواتر لەگەڵ هەستی دەست لێدان(لەمس) تێکەڵی دەکات بۆ ئەوەی بڕیاری زیرەکانە بدات.

بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کە ئەختەبووت توانای هەیە بە رێگەی جیاواز بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

## زانیاری سەیری و سەمەرە دەربارەی ئاژەڵان




- مەیمونی مانگابای ئەفریقی کە سەری سوورە بە برۆیەکانی قسە لەگەڵ هاورەگەزەکانی خۆی دەکات، قسەکردنەکانیشیان بە هێما و کۆدە.

- باڵندەی هۆتزین کە لە باشووری ئەمەریکا دەژی، سەری وەک سەری گوێدرێژێکی بچووکە.

- زمانی بۆق مەودایەکی زۆر لەدەمی دەردەچێت، ئەمەش یارمەتی دەدات لە راوکردنی زیندەوەران.

- بەرزی زەرافە لە پاسێکی دوو قات زیاترە، لەگەڵ ئەوەی ملی زۆر درێژە بەڵام پەتکی دەنگی نییە (واتا زەڕافە لەگەڵ ئەوەی خاوەن ملێکی درێژە بەڵام دەنگی نایەت و زۆر نزمە و مرۆڤ گوێ بیستی نابێت) و ژمارەی بڕبڕەکانی ملی تەنها حەفت بڕبڕەیە، ئەمەش وەک بڕبڕەی ملی مرۆڤە.

- دەنووکی باڵندەی کیوی زۆر هەستیارە بەشێوەیەک دەتوانێت بە دەنووکی کرم لە ژێر زەوی دەربێنێت.

- چۆلەکەی (تەنان) لەتوانایدا هەیە بۆ دواوە و تەنیشتەکان و پێشەوە بفڕێت و دەتوانێت بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بفڕێت بێ ئەوەی جولە بکات.

- مامز ساڵانە قۆچی بۆ شین دەبێت، وە هەروەها چێلی کیوی قۆچی نییە.

- جۆرە بۆقێک هەیە کە قەبارەکەی لە ئینج زیاتر نییە.

- لوولە دەمی (خەرتوم) فیل 40 هەزار ماسولکەی تێدایە، بەڵام هیچ ئێسکێکی تێدا نییە.
- هەرچەندە قەبارەکەی زۆر گەورەیە و خەڵکێکی زۆر لێی دەترسن، بەڵام غۆریلا ئاژەڵێکی گیاییە و زیانی بۆ کەس نییە و تەنها گیا و لقە دار دەخوات.

- ماسی (سەیڵ فیش) خێراترین جۆری ماسیە کە 110 کم لە کاتژمێرێکدا مەلە دەکات.

- باڵندەی فرگات دەتوانێت بۆ ماوەی 56 ڕۆژ بە ئاسمانە وە بفڕێ لە بەرزی 4000م.
- مێروولە هیچ کاتێک ناخەوێت.

- ئەستێرەی دەریا مێشکی نیە.
- بەراز بەهۆی جەستەی ناتوانێت تەماشای ئاسمان بکات.

- مێروولەی بۆڵدانگ لە کەناراوەکانی ئوستوڕالیا ئەژین، ئەم جۆرەی مێرولەیە دەمی ژەهراویە ئەگەر گاز لە مرۆڤێکی ئاسایی بگرێت ئەوا لە ماوەی 15 خولەک گیان لەدەست دەدات.

- ئەگەر فیل بەپێوە بمرێت ئەوا بۆ ماوەی 2 بۆ 3کاتژمێر هەر بە پێوە دەمێنێتەوە لەکاتێکدا مروشە

- ئەگەر دووپشک چواردەوری بە ئاگر بگیرێت، هەڵدەستێ بە پێوەدانی خۆی پاشان دەمرێت.

❖ ئەوە سەیرە کە ژمارەی بڕبڕەی ملی مرۆڤ یەکسانە بەهەمان ژمارەی بڕبڕەی ملی زەرافە.

❖ هەڵۆ دەتوانێت 100 ساڵ بژی، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر ئەوان نامرن، بەڵکو خۆی دەکوژێت بەهۆی نەخۆشیەوە.

❖ ئەسپ دەتوانێ بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ بەبێ خۆراک بژی.

❖ دەنگی قاز تاکە دەنگە کە سەدای نییە لەسەر گۆی زەوی، تا ئێستاش زانایان نەیتوانیووە هیچ تەفسیرێکی زانستی بۆ ئەم حاڵەتە نییە..

❖ قەبارەی چاوی نەعامە لە قەبارەی مێشکی گەورەترە..

❖ هەموو ورچەکانی جەمسەری باکوور دەستی چەپەیان بەکار دەهێنن..

❖ زەرافەی گەورە و بالغ توانای هەیە لوشکەی بەهێز لە شێر بدات و لەخۆی دووربخاتەوە..

❖ ئاژەڵی پەنگوین (بەتریق ) ناتوانێت بگەڕێتەوە دواوە، تەنها لەوکاتە نەبێت کە هەموو جەستەی دەسوڕێنێت..

❖ ووشتر ئەو کەسە لە بیر ناکات کە زوڵمی لێکردووە.

❖ دۆلفین زیرەکترین ئاژەڵی شیردەرە..

❖ مێش لەماوەی یەک چرکەدا،32 جار باڵەکانی لێکدەدات.

❖ فیل لە دووری نیو کیلۆمەتر بۆنی مرۆڤ دەکات..

❖ هەڵۆ بە مردنی ئاسایی نامرێت، بەڵکو بەهۆی نەخۆشی خۆیان دەکوژن.

❖ بچووکترین باڵندە لە جیهان پێی دەگوترێت " مێشوولە باڵندە

❖ سیسرکە 9 ڕۆژ بەبێ سەر دەژی، پێش ئەوەی بمرێت لە برسا.

❖ تیمساح ناتوانێ زمانی بێنێتە دەرەوە.

❖ ئارەزووی جووت بونی بەراز 30 خولەك دەخایەنێت.

❖ هێلکە شەیتانۆکە دەتوانێ بۆماوەی3 ڕۆژ بخەوێت, لە ژیانی ئاساییدا و بە گشتی توانای ئەوەی هەیە بۆ ماوەی 3 ساڵ بخەوێت.




فیل لە ماوی ٢٤
کاتژمێر دا تەنها ٤-٥
کاتژمێر دەخەوێت.!


زۆرترین ماوەی
فڕینی مریشک ١٣
چرکە بووە.!


پشیلە ٦٦%ی ژیانی بە
خەوتن بەسەر دەبات.!


تیمساح دەتوانێ بۆ
ماوەی یەك ساڵی تەواو
بە بێ خواردن بژی.!


ئایا دەزانی ورچ
٤٢ ددانی هەیە.!


زەڕافە و جورج دەتوانن
زیاتر لە وشتر(حوشتر)
بەبێ ئاو بژین.!

## خێراترین ئاژەڵی ووشکانی




لەوانەیە نەتوانی بەووردی خێراترین ئاژەڵەکانی سەرزەوی دیاری بکەین، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو ئاژەڵانەی لەسەر زەوی دەژین و لەگەڵ ئەوانەی لەنێو ئاو دەژین و یاخود ئەوانەی لە هەردوو شوێن دەژین، لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاژەڵانەی لەسەر ووشکانی دەژین

خێراترین ئەو ئاژەڵانەی لەسەر زەوی دەژین بریتین لە

### پڵنگ:

پڵنگی راوچی لە پلەی یەکەمی خێراترین ئاژەڵی ووشکانی دێت و توانای هەیە بە خێرایی زیاتر لە (64) میل لە کاتژمێرێک ببڕێت و خێراییەکەی لە یەک چرکە دەگاتە (29م)، بەلام تێبینی ئەوە دەکرێت کە پڵنگ ئەو خێراییەی تەنها لە مەودا کورتە و ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاری لەو خێراییە بکات.

کێشی پڵنگ لە نێوان (40 - 65) کگم دەبێت و درێژییەکەی لە نێوان 115 سم تا 135 سم دەبێت و کلکی نزیکەی 84 سم دەبێت، بەڵام بەگشتی نێرینەکانیان گەورەترن.

### وورچی ئەمەریکی(Pronghorn Antelop) :

خێراییەکەی دەگاتە 60 میل لە یەک کاتژمێر .

**گای شین(Blue Wildebeest) :**

خێراییەکەی دەگاتە 50 میل لەیەک کاتژمێر.

**شێر :**

خێراییەکەی دەگاتە 50 میل لە یەک کاتژمێر .

**مامزی تۆمسۆن :**

خێراییەکەی دەگاتە 50 میل لە یەک کاتژمێر.

**کەروێشکی قاوەیی :**

خێراییەکەی دەگاتە 48 میل لە یەک کاتژمێر.

## خێراترین ئاژەڵی ئاوی




**ماسی ئیستۆفۆرس(Istiophours):**

ماسی ئیستۆفۆرس بە خێراترین ئاژەڵی نێو ئاو دادەندرێت و خێراییەکەی دەگاتە زیاتر لە 68 میل (110کم) لە یەک کاتژمێر و چەندین رەنگی جیاوازی هەیە.

هەڵکەوتی جەستەی ماسی ئیستۆفۆرس یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆی بۆ ئەوەی بەخێرایی جووڵە بکات لە نێو ئاو بکات و درێژی ماسی ئیستۆفۆرس زیاترە لە 3م و کێشی دەگاتە 90 کگم .

**ماسی شمشێر (swordfish) :**

خێراییەکەی دەگاتە 60 میل لە یەک کاتژمێر .

**ماسی مرلین :**

خێراییەکەی دەگاتە 50 میل لە یەک کاتژمێر .

**ماسی واهو :**

خێراییەکەی دەگاتە 48 میل لە یەک کاتژمێر .

**ماسی تونە :**

خێراییەکەی دەگاتە 46 میل لە یەک کاتژمێر.

خێراییەکەی دەگاتە 40 میل لە یەک کاتژمێر **ماسی بۆنیتو.**

## خێراترین باڵندەی جیهان




**هەڵۆی گەرۆک (شاهین) (Falco Pergrinus) :**

ئەم جۆرە هەڵۆیە بە خێراترین باڵندە داندەنرێت لە ئاسمان و خێراییەکەی لە یەک کاتژمێر دەگاتە  نێوان (40 - 60) میل بەڵام کاتێک بە هەموو هێزی خۆی دەفرێت خێراییەکەی دەگاتە 220 میل (350 کم) لە یەک کاتژمێر.

هەڵۆی شاهین یەکێکە لە راوچییە بەهێزەکان و لەسەرجەم کیشوەرەکانی جیهان هەیە و زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان دەژییت و هەندێکیشان لەسەر دارەکان دەژین و هەندێک جار هێلانەش لە سەر تاوەرە بەرزەکان دروست دەکەن.

درێژی هەڵۆی شاهین لەنێوان  33-45 سم دەبێت و رەنگی نزیکە لە قاوەیی و خوارەوەی زیاتر سپییە و زیاتر لە زەرد نزیک دەبێتەوە و پەرەکانی خوار قاچی رەشە.

## تەمەنی ئاژەڵان بە شێوەیەکی گشتی



| SOME PET ANIMALS & ITS AVEREGE AGE | | |
|---|---|---|
| SR.NO | NAME OF ANIMAL | AGE (In Years) |
| 1 | OX | 20-22 |
| 2 | COW | 22 |
| 3 | SHEEP | 15 |
| 4 | GOAT | 15 |
| 5 | CHICKEN | 15 |
| 6 | DOG | 20 |
| 7 | CAMEL | 50-70 |
| 8 | CAT | 20-25 |
| 9 | ELEPHANT | 70-90 |
| 10 | DEAR | 35 |
| 11 | PIEGON | 26 |
| 12 | DONKEY | 45 |
| 13 | HORSE | 40 |
| 14 | BAFFELLOES | 35-40 |
| 15 | PARROT | 25-30 |
| 16 | RABET | 9-10 |

ماوەی سک پری

(animal Gstation period)

# Length of Pregnancy in some Mammals

| Animal | Gestation Period (days) | Animal | Gestation Period (days) |
|---|---|---|---|
| Camel | 406 | Hyena | 110 |
| Cat | 62 | Kangaroo | 40 |
| Cow | 280 | Lion | 108 |
| Chimpanzee | 237 | Mink | 50 |
| Dog | 62 | Monkey, rhesus | 164 |
| Dolphin | 276 | Mouse | 21 |
| Elephant, African | 640 | Opposum | 13 |
| Ferret | 42 | Orangutan | 245-275 |
| Fox | 52 | Pig | 113 |
| Giraffe | 395-425 | Rabbit | 32 |
| Goat | 151 | Rat | 21 |
| Guinea pig | 68 | Reindeer | 215-245 |
| Hamster | 16 | Seal, northern fur | 350 |
| Hedgehog | 35-40 | Sheep | 148 |
| Horse | 337 | Skunk | 62 |
| Human | 266 | Squirrel, grey | 44 |

## ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی ئاژەڵان

| Chromosomes in diploid cell | Species name |
|---|---|
| 54 | مەڕ |
| 60 | بزن |
| 60 | مانگا |
| 78 | مریشك |
| 80 | مراوی |
| 62 | زەڕافە |
| 56 | فیل |
| 78 | سەگ |
| 38 | بەراز |
| 38 | شێر |
| 44 | کەروێشك |
| 74 | حوشتر |
| 44 | شەمشەمە کوێرە |
| 38 | شێر |
| 26 | بۆق |
| 40 | مشك |
| 38 | پشیلە |
| 42 | مەیمون |
| 62 | کەر |
| 64 | ئەسپ |
| 44 | دۆلفین |
| 78 | گورگ |

## پرسیارو وەڵام: دەربارەی ئاژەڵان



1- هەستی بۆنکردن لای مار لە کوێیە ؟

وەڵام : لە زمانی.

2- کامە ئاژەڵ کاتێک دەخەوێت یەک چاوی کراوەیە ؟

وەڵام : دەرفیل (جۆرە ماسییەکە لە بنەماڵەی دۆلفینە)

3- ئەختەبووت چەند دڵی هەیە ؟

وەڵام : سێ دڵ .

4- ژمارەی بڕبڕە پشتەکانی ملی زەرافە چەندە ؟

وەڵام :7 بڕبڕەیە و درێژی هەریەکەیان نزیکەی 22سم .

5- کامیان گەورەترە ، خانەی زیندووی لەشی فیل یا لەشی مێشک

وەڵام : خانەی هەردووکیان یەکسانە .

6- هەنگ چەند چاوی هەیە ؟ وەڵام : پێنج چاو.

7- کامە ئاژەڵ ئەگەر بۆ ماوەی یەک خولەک دەمت کردەوە ئەوا دەمرێت ؟

وەڵام : بۆق و چونکە بۆق ئەگەر دەمی کرابێتەوە هەناسە نادات .

8- ئەگەر سەری مار مان لێکردەوە لەجەستەی ، ئایا بۆ چەند کاتژمێر دڵی کار دەکات

وەڵام: 24کاژمێر .

9- کرمی 44 پێ چەند قاچی هەیە ..؟

وەڵام : 40 قاچ و دوو قۆچی هەستەوەر و دوو کلک .

10- مێش لە دووری چەند گوێی لە دەنگەکان دەبێت ؟

وەڵام : مێش گوێی لە هیچ نابێت.

11- کامە ئاژەڵە کە کەوتە ناو ئاوی ، خۆی دەکوژێت ؟ وەڵام : بەراز ، چونکە مەلەوانی نازانێت.

12- مشک چەند بڕبڕەی ملی هەیە ؟

وەڵام : حەفت بڕبڕەی ملی هەیە.

13- بۆچی ماسی کاتێک دەخەوێت ، چاوەکانی داناخات ؟

وەڵام : چونکە ماسی پێڵوی چاوی نییە.

14- مێروولە و هەنگ چەند قاچیان هەیە ؟ وەڵام : هەریەکەیان شەش قاچیان هەیە.

15- ئەختەبووت چەند پەلی هەیە ؟ وەڵام : هەشت پەل.

16- ماوەی سک پڕی مشک چەند ڕۆژ دەخایەنێت ؟ وەڵام : 21ڕۆژ.

17- چ ئاژەڵێک هەیە لەیەک کات دوو خێزانی هەیە ؟

وەڵام : شێر.

## په پولەی گوشت چی یە Meat Butterfly ؟!!!



کورپەلەی بەرهەمهاتوو لە لێدانی بەران و بزن پێی دەڵێن پە پولەی گوشت

لە مانگی ئابی ساڵی 2014 تویژەرانی ڕۆژئاوا بە تەواوەتی ئەوەویان سەلماند کە دەتوانرێت بەرانی مەڕ لە بزن بدرێت و کۆرپەلە دروست بێت و ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی 57 کورۆمۆسوم دەبێت و ئەگەر لە گەڵ مەڕدا بۆ نەوەی دووەم لێک بدرێت ئەوا نەوەیان دەبێت بەڵام ئەگەر لە نێری بزن بدرێت ئەوە نەوەیان نابێت......ڕوخساری گۆرپەلەکە تێکەڵی مەڕ و بزنە بەشێوەیەک جەستەی بە خوری داپۆشراوە بەڵام قاچەکانی بە بزن ئەچێت.....ئەو گورپەلە ناویان ناوە پەپولەی گوشت!

# چۆن بزانین باڵندەکەمان تەندروستە؟



1- باڵندەی تەندروست هەمیشە چوست و چالاکە بەردەوام ئەمسەرو ئەوسەر دەکە لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی سروشتی خۆی دەر ئەکات وەک ( خوێندن، گارەگار، قوقە، قیرِندن)..هتد
2- سەیر پەرِەکەی بکە ، پێویستە بریقەدارو نەرم بێت، هیچ کێشەیەکی نەبێت و نەشکابێ دەبێت رِێک و پێک بێت.

3- ئێستا نۆرەی پشکنینە فیزیکیەکانە، چاوەکانی روون 👀و بریقەداربێت نەئاوسابێت و دەردراوی لوت و چاوی نەبێت، لیکی نەبێت و ناودەمی پاک بێت.
4- بیخە سەردەستت و دەست لە سنگی بکە(هەرچەندە حەزیان لەگرتن نیە) بزانە زەعیف بووە(سنگی وشک بووە) نزیکی بکەرەوە لە گوێت و بزانە ویزە ویز ناکات و هەناسەی باشە.

5- بزانە خۆ خوراندنی هەیە ، کە ئەوە نیشانەیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بزانین مشەخۆری سەر پێستی هەیە وەک(گەنە،ئەسپێ..هتد) بەزۆری لە ژێر باڵی هەیە چونکە گەرمە.
6- سەیری دواوەی بکە بزانە پاکەو جیقنەی پیِوە نەنوساوە، بزانە جیقنەکەی شل نیە یان رەنگی نەگۆڕاوە.
7- بەردەوام ئاگات لەقەفەزەکەی یاخود شوێنەکەی بێت، قەفەزی پاک نیشانەی باڵندەی تەندروستە

## تەندروستی باڕۆکەی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەریدا



پێویستە لەکێڵگەی بەخێوکردنی باڕۆکەی گۆشت هەموو ئامادەکاریەک بکرێت بۆ ئەوەی بتوانیت بەرهەمەکەت بپارێزی لە نەخۆشی ، لەهەموو هەنگاوێکدا بۆ کێڵگەی پەلەوەری دەبێت بتوانیت ژینگەی ڕەخساو دابین بکرێت بۆ ئەوەی بەکەمترین تێچوو زۆرترین بەرهەمت هەبێت.

دەبێت بەبەردەوامی چاودێری باڕۆکەی گۆشت بکرێت بۆ ئەوەی هیچ گرفتێک لە ڕێی توانای گۆڕینی خۆراک و گەشەدا پەیدا نەبێت.

زۆرترین کێشەو گیروگرفت لەکێڵگەی تایبەت بە بەخێوکردنی باڕۆکەی گۆشت بریتیە لە نەخۆشی.

***چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەخۆشی.**

*دەست نیشانکردنی نەخۆشی.

*ڕێگرتن لەبڵاوبونەوەی نەخۆشی.

*چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشی.

دیاریکردن لە سەرهەڵدانی نەخۆشیەکان پێویستە بە زۆرترین چاودێری لەلایەن کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگەی پەلەوەری ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات  لەهەندێ نەخۆشی کە زۆر بەپەلە گەشە دەکەن و دەگوازرێنەوە  لەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

یان لەو نەخۆشیانەی کە توشی دانە دانەی باڕۆکەکان دەبن واتە لە ناو کێڵگەی پەلەوەریدا ناگوازرێتەوە.

ناساندنی سەرەتای سەرهەڵدانی نەخۆشیەکان لە کێڵگەی پەلەوەریدا: -

-زیاد نەکردنی وەزنی باڕۆکە ، لاوازبون ، کەمبونەوەی جم و جۆڵی ، بێ کەیفی باڕۆکە.

-گۆڕانی ڕەنگی پێست و پۆپنەکان و هەروەها پەرچ بونی پەڕەکانی.

کەم خواردنی ئالیک.

كةم خواردنى ئاو، دوو روژ ثيش كةم خواردنى ئاليك دياريدةدات

لەهەندێ حاڵەتەکانی نەخۆشی دەبێتە هۆی پژمە و ئاو هاتن لەلوتی باڕۆکە و پەیدابونی پەردە لەسەر ڕووی چاوی و پەیدا بونی کۆکە.....

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی تەندروستی لە بەخێوکردنی باڕۆکەی گۆشت:-

**هۆکارە خۆراکیەکان :**

دابین نەکردنی یان زیاد بوونی مادده خۆراکیەکان وەکو پێویست لە ئالیکدا دەبێتە هۆی بەدخۆراکی ، سەرهەڵدانی نەخۆشی ، دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرگری لەشی باڕۆکە.

پێویستە مادده خۆراکیەکانی ناو ئالیکی باڕۆکە زۆر گونجاو بێت بۆ لەشی باڕۆکە.

هەروەها زۆر بەکار هێنانی مادده خۆراکیەکان لە ئالیکدا دەبێتە هۆی پەیدا بونی نەخۆشی لەلەشی باڕۆکەدا.

**"هۆکارە ژینگەییەکان:**

بەدابین نەکردنی پێداویستیەکانی بەخێو کردن و توش بون بەتەنگانەیی دەبێتە هۆی دابەزینی بەرگری لەش و مردارەوە بونی باڕۆکەکان.

پێویستە شوێنی بەخێوکردن و گەرمی و ساردی و شێ و پێکهاتەکانی ئاڵوگۆڕکردنی هەوا گونجاو بێت بۆ ئەوەی کێڵگە پەلەوەریەکەت توشی کێشەی تەندروستی نەبێت.

**"هۆکارە بایۆلۆجیەکان:**

هۆکارە بایۆلۆجیەکان وەک

ڤایرۆسەکانVirus

کەڕووەکانFungal

مایکۆپلازماکانAvian mycoplasmosis

بەکتریاییەکان ....... Bacterias

## گەشەو پێکهاتەی هێلکە لەمێینەکانی باڵندە



هێلکەدان پێش پێگەیشتنی لەسەر شێوەی تۆپەڵەیەکی پێچاوپێچیە رەنگێکی زۆر کاڵی هەیە کەمریشک نزیک ئەبێ لەقۆناغی پێگەیشتنی سیکسی هیلکەدان دەستەکات بەرژاندنی هۆرمۆنی مێینە (ئیستریۆجین)کە ئەم هۆرمۆنە خەستی چەوری لەخوێن بەرزئەکاتەوە وە بوارئەدات بە نیشتنی مەوادی زەردێنە لەتورەگەی پێگەیشتوی هێلکەدان بۆپێک هێنانی هێلکە.

چینی زەردێنە ی زەرد لەبەربونی برێکی زۆر لەبۆیە کارۆتینیود ەپیگی ئەوتریَ Xanthophyi لە خۆراکی باڵندە.

لەسەرخەپلەی میکرۆبی کە مادەیکی سپی لینجە لەناوەندی هێلکە بونی هەیە لەکاتێ هەلهێنان یەکەم شوێنە کەدەستدەکات بەدروستبونی کۆرپەلە ئەمیش ناوکیەتی بەڵام پاش زیادبونی لەقەبارەکەی لەئەنجامی نیشتنی زەردێنە خەپلەی میکرۆبی ئەگوازرێتەوە بۆلیواری سەرەوەی هیلکە لەژێرپەردەی پاراستن بۆیە لەکاتی هیلکەدانانەوە پیویستە بەنوکەباریک یان تیژەکەی سەربەرەوخوار هیڵکە دانریتەوە.

هێلکە لەهێلکەدانی مریشک چۆن گەشە دەکات؟؟؟

هەموو هێلکەیک لەهێلکەدان لەماوەی دە ڕۆژ لەدوای پیا پسین نێرینە یان کەڵەشێر

دەستدەکات بەدروست بوون ئامادە دەبێت بەتەواوەتی دەستدەکات بەجیابونەوە لە هێلکەدان وەقەبارەکەشی لەحەوت ڕۆژی دوای پیافسین تەواو گەورە ئەبێ بۆ دوو ئەوەندە تێبینی ئەکرێ بە زۆربونی ژمارەیکی زۆر هێڵکۆکە بەڵام لە پسدان جیانابنەوە تەنها گەورەکەیان نەبێت لەدیوارێک دایە کە مولولەی خوێنی تیا نیە پێی ئەوترێ ستیکما Stigma پاش جیابونەوەی هێلکەی گەورە لەهێلکەدان ئەچێتە بەشێکی تر پێی ئەوترێ ڕەحەتی تاوەکو تەواوی پێکهاتەکانی بەسپینکە و توێکل دروستدەبێت ئینجا ئەچێتە کەناڵی هێلکە.

## چۆنیەتی بەرهەم هێنانی هێلکەی دوو زەردێنە؟؟

بێگومان هەمومان ئەزانین مریشک لەتەمەنی زوو بەرهەمی بەرزە بۆیە لەهەفتەی یەکەمی لەبەرهەم هێنان هێلکەی نارێکە بەڵام هەفتەی دووەم و سێهەم لەماوەی هێلکەکردنی دا ڕێک وپێک ئەبێتەوە تاوەکو مریشک ئەگاتە لووتکەی هێلکەکردن نزیک لەهەشت هەفتەیی دا لە تیرەی لوهمان نیوهامبشیر مریشکە سوور لیکهۆرن قەبارەی هێلکە لەهەفتەکانی سەرەتادا بچووکە وردە وردە گەورەتر ئەبێ تاکو ئەبێتە دەهەفتە لە تەمەنیدا پاشان هێلکەی بچوک لەقەبارە نامینێ تاکو تەمەنی ئەبێتە 5--4 مانگی.

لەهەفتەکانی سەرەتایی دا تێبینی ئەکرێت ژمارەیک هێلکەی قەبارە گەورە بکات لەتەمەنی چوار بۆ پێنج مانگی دوای بەهێلکە هاتنی مریشک هۆی ئەم دووزەردێنەیەش ئەگەڕێتەوە بۆ چالاکی زیاتر لە پزدان ناردن و لێک جیابوونەوەی زەردێنە لەپسدان ناردن بۆ ڕەحەتی لەسەرەتادا ڕەحەتی ئەم هێلکانە ئەگرێتەخۆی تاکو تەواو پێکهاتەیان دروست دەبێت وە زۆرینەی جار هێلکە قەبارەی گەورەیە کێشی 60گرام ە بۆیە لەکاتی دانانەوەی هێلکەی مریشک خۆماڵی ئەوترێ 55--50 گرامبێ نەوەک دوزەردێنە بێت چونکە دوو زەردێنە نەزۆکە هیچی لێ بەرهەم نایەت.

## هۆکاری بینینی پەڵەی خوێن یان پەڵەی گۆشت لەناو هێلکە چییە؟؟

هەندێجار ئەبیینین پەڵەی خوێن لەناو هێلکە هەیە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ تەقینی تورەگەی زەردێنە لە ناو هێلکۆکەی تەواو پێگەیشتو لەهێلکەدان لەناو درز ستیکما لەهەمان کات تەقینی هەندێ مولولەی خوێنە لەنزیک ستگما ئەوکات دڵۆپ خوێن دێتە دەرەوە لەگەڵ

زەردێنە بەکەناڵی هێلکە دا ئەڕوات بەڵام ئەگەر زیاتر لەجارێک ئەم حاڵەتە دوبارەبۆوە ئەوا هۆکاری بۆماوەییە یاخود بونی نەخۆشی نیوکاسل جۆری

(هجزولاسوتایە )توشی زاماڵ هێلکەدانی دایک مریشک بوە هەندێک جاریش بەهۆی خۆراکی خراپ یاخود گەورەیی تەمەن مریشک توشی ئەم حاڵەتە ئەبێت ئەمەش تیرەکانی مریشک توک قاوەیی زیاتر توشی ئەم حاڵەتە ئەبن لەتیرەکانی مریشک توک سپی.

## بونی پەڵەی گۆشت لەناوهێلکە هۆی چیە؟؟؟

ئەمەش هەندێك جار بەدی دەکرێت لەئەنجامی جیابونەوەی تورەگەی زەردینە لەگەڵ پارچەیک ریشاڵی کەناڵی هێلکە بەهۆی گەورەیی قەبارەی زەردێنە لەکاتی ڕۆشتنی زەردێنە بە کەناڵی هێلکە لەقۆناغەکانی پێکهاتن بەتێپەربونی کات ڕەنگی ریشاڵیەکە تاریک ئەبێ تاکوبەتەواوی ڕەنگی پەڵەی گۆشت وەردەگرێت.

## بەرزبونی تێکرای گەرمی لەهەڵێنان ئەبێتە هۆی چی؟؟

دابەش بونێکی خێرا کە کاریگەری هەیە لەسەر جوجەڵە و توشی شێواندنی جەستەیی ئەکات گەرمی بەرز زیاتر لە 37.8 پلەی گەرمی لەهەڵێنگا دا ئەبێتە هۆی زوو تروکاندن و بچوکی قەبارەی لەداهاتودا.

نزم بونی پلەی گەرمی کەمترلە 37.5--38 چیە؟؟

نزم بونی پلەی گەرمی لەکاتی دانانەوە تێکرای گەشەی جوجەڵە دوائەخات ئەبێتەهۆی شێوانی جوجەڵە لەدوای تروکانیدا جوجەڵە ئەمرێت.

کەمی ڕێژەی شێ لەهەڵێنان ئەبێتە هۆی چی؟؟

کەمی ڕێژەی شێ لەهەڵێنان ئەبێتە هۆی ڕاکێشانی شلەی جوجەڵە کاری دروست بونی تێک ئەچێت لەدروست بونی ئاسایی خۆیی لەئەندامەکانی لەشی بەنارێکی بە نەقس دروستدەبێت لەئەنجامیشا جوجەڵە بەتوێکلی هێلکەوە ئەنوسێن بەهۆی کەمبونی ڕێژەی شێن پێویست کەوا باوە ڕێژەی شێ 55--65 بێت بەڵام لەکۆتا ڕۆژ پێویستە 80--85بێت.

## مریشك هێلكەی خۆی دەخوات



:

ئەم هۆكارە كاتێك سەر هەڵدەدات كە مریشك هەست بكات لەشی پێویستی بە پرۆتینە یان كالسیۆم .

زیاتر لە مریشكی هێلكەكەر ئەم دیاردەیە ڕوودەدات.

ئەو شوێنەی مریشكی لێ بەخێودەكرێت پێویستە ڕۆژانە پاكبكرێتەوە ، هیچ كاتێك توێكڵی هێلكە مەدە بە مریشك چوونكە دەبێتە هۆی ئەوەی كە خوو بەخواردنی هێلكەكانی خۆی بگرێت.

هەوڵدە خشتەیەكی خۆراك پێدان دروست بكەیت كە هەفتانە ئەو خۆراكانەی پێبدە كە دەوڵەمەندن بە ماددە كانزایی و پرۆتین و تووخمەكانی وەكو كالسیۆم و فسفۆڕ .

ئەگەر مریشكێك فێری خواردنی هێلك بێت ئەوا مریشكەكانی تریش هەمان شت فێردەبن بۆیە واباشە كولانەی تایبەت دروست بكەیت كە شوێنی هێلكەكردنی مریشكەكان جیاواز بێت هەتا خووی خراپ لە یەكتر فێرنەبن.

## هۆکارەکانی کارئەکەنە سەر ڕێژەی هەڵێنانی هێلکە



1- تەندروستی گشتی زۆرینەی نەخۆشیەکان کاریگەریان ئەبێ لەسەر کۆئەندامی زاوزی باڵندە لە نێرینە بەرهەم هێنان و ڕێژەی تۆ و سپێرم کەم ئەبێتەوە لە مێینەش بەرهەمی هێلکە کەم ئەبێتەوە ئەمانەش هۆکارن بۆدابەزینی ڕێژەی هەڵێنان یاخود ئەم جوجەڵانەی ئەمرن بەر لە هەڵێنان بەهۆی نەخۆشیکی ناوەکی یان مشەخۆری ناوەکی یان دەرەکی بەهۆی قەلەباڵغیکی زۆر باڵندە دروستەبێ.

2- تەمەنی ڕەوەی مریشک و کەلەشێر هەر چەن تەمەنی مریشک کەڵەشیر هەڵکشێ بۆ سەروو ڕێژەی پیتێن وهەڵێنان کەم ئەبێتەوە بۆیە پیویستە کاتێ تەمەنی کەلەشێر زۆر بوو لابریت کەلەشێری تەمەن بچوک دانریت بۆ مریشکیش بەهەمان شێوە مریشکی تەمەن ساڵیک ڕێژەی هەڵێنانی هێلکەی ئەگاتە93%--98 بەپێچەوانەی مریشکی تەمەن سێ ساڵ و چوارساڵی کە ڕێژەی هەڵێنانی 78%--80یە.

3-وەرزی دانانەوەی هێلکە دانەنی هێلکە لەوەرزی گەرما ڕێژەی پیتێن کەم ئەکاتەوە بۆیە زۆرینەی دانانەوەی هێلکە لەوەرزە فێنکەکانی ساڵ ئەنجام بدرێت باشە بەهەمان شێوە لەوەرزە ساردەکانیش ڕێژەی هەڵێنان کەم ئەبێتەوە شوێنی هەڵگرتنی هێلکە پێویستە پلەی گەرمی 12---18 پلە کەمتر نەبێ.

4-ڕوناکی به هەبونی ڕوناکی لەشوێنی بەخێوکردنی مریشک پیتێن بەرزئەبێتەوە لەکاتی دانانی هێلکە لەهەڵێنگا لەزستانیشا پێویستە کاتەکانی ڕوناکی زیاتر نەبێ لە 18 سەعات وکەمتریش نەبێ لە 12 سەعات بەمەش ڕێژەی هەڵێنان بەرزئەبێ.

**چەن هۆیەک هەن کرداری پیتاندن نزم ئەکەنەوە ئەمانەن:**

1- فراوانی شوێنی کەڵەشێر وائەکات بەئاسانی بەمریشک بفسێ ئەمە باشە بەڵام نەبونی شوێنی فراوان کەڵەشێر کەم فسین ئەکات ئەمەش پیتێن دائەبەزێت.

2- زاڵ بونی هەندێ کەڵەشێر بەسەر بچوکەکان کە بچوکەکان ناوێرن بفسن ئەمەش شوینەکە واتە بەخیوکار پانزە بۆ بیست مریشک پیویستی بە دوو کەڵەشێر هەیە نەک یەک دانە بەمەش ڕێژەی پیتێن دائەبەزیت.

3- دورکەوتنەوەی هەندێ مریشک لەکەلەشێر بەهۆی دڕی و توند و تیژی کەڵەشێرەکە بەهۆی ڕنە یان نینۆک درێژێ ئازاری مریشک ئەدات بەوهۆیەوە مریشک دورئەبێ لەکەڵەشێر

.

4- کەمی کەلەشێر وا زانراوە هەر هەشت بۆ دە مریشک بۆیەک کەڵەشێر بەزیادبونی ژمارەی مریشک بۆ بیست دانە یان بستو پێنج بۆیەک کەڵەشێر مریشک هێلکە ئەکات بەڵام ڕێژەی هەڵێانی نزم ئەبێتەوە بۆ خواروی 60%.

5- پێدانی خۆراک تەندروست بۆبەرزکردنەوەی ڕێژەی هەڵێنان.

پیتاندنی هێلکە کاریگەری ئەبێ بەپیشکەش کردنی خوراکی باش بەمریشک وەک کەمی ڤیتامینA,B کاریگەری زۆر گەورەی هەیە لەسەر ڕێژەی هەڵێنان.

**کاریگەری کەمی ڤیتامینەکان لەسەر ڕیژەی هەڵـــــــــینان چیە؟؟**

1-ڤیتامین A ئەم ڤیتامینە زۆر گرینگە بۆگەشەی لەش بەشێوازی سروشتی  زۆرترین بری ڤیتامین  Aلەزەردێنە داهەیە وە برێکی کەمیش لەسپێنکە دا هەیە بۆیە کەمی ڤیتامین A ئەبێتە هۆی مردنی جوجەڵە لە ڕۆژانی یەکەمی ناو هێلکە دا.

2-ڤیتامین D ئەم ڤیتامینە زۆر گرینگە بۆ گەیشتن بەرێژەیەکی سروشتی  هەڵێنان ئەمەش ئەتوانرێ پێی بدرێت یاخود لەرێگەی ئاوی خواردنەوە یاخود لەرێگەی تیشکی خۆر بەدایک یاخود گلۆپی زەرد کەمی ڤیتامین D ئەبێتە هۆی پوکانەوەی ئێسک پەیکەری کرکراگەیی لەشی جوجەڵە وە مردنی جوجەڵە لە رۆژانی (18--20) لەناو هێلکە دا.

3-ڤیتامینEئەم ڤیامینە زۆر گرینکە بۆ لەش و رێژەی هەڵێنان بەرزئەکاتەوە پێویستە لەخۆراکی دایک زیادبکرێت چونکە زۆر گرینگە بۆ سەرەتای  بۆ گەشەی کۆرپەلە کەمی ئەم ڤیتامینە E ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵەی خوێناوی وتێکچونی کۆئەندامی سوڕان لەسەرەتای قۆناغی گەشەی کۆرپەڵە دروست ئەبێت کەمی ئەم ڤیتامینە ئەبێتە هۆی مردنی کۆرپەڵە لە ماوەی هەفتەی یەکەم لە دانانەوە ناگاتە رۆژی نۆیەم کەواتە زۆرینەی جار جوجک لەناو هێلکە بمرێت لە رۆژانی سێهەم هۆیەکەی کەمی ڤیتامین E بوە لەخۆراکی دایکی جوجک.

4-مردنی جوجەڵە لە ماوەی (9--12) ڕۆژی ئەگەرێتەوە بۆ بونی ئاوسان ئەستوربون بەهۆی کەمی ڤیتامین B2 بووە لەخۆراکی دایک دا.

5-مردنی کۆرپەڵە ناو هێلکە لەنێوان تەمەنەکانی (18--21)رۆژی بەهۆی پوکانەوەیی بێت یان بەهۆی کەمی رێژەی کالسیۆمە لەخۆراکی دایکی جوجک دا.

# هەلهێنەری هێلکە

## (Hatchary)



لەکاتی دانانی هێلکە لە هەلهێنەر پێویستە ڕەچاوی هەنێ خاڵی گرنگ بکرێت:

1-پلەی گەرمی ئەو ژوورەی هەلهێنەرەکەی تێدایە پێویستە 25°بێت.

2-پلەی گەرمی ئامێری هەلهێنەرەکە 37°بۆ 37.5°بێت.

3-ڕێژەی شێیی ئامێرەکە 50بۆ60 بێت.

4-کێشی هێلکەکان ستاندارت بێت.

5-تەمەنی هێلکەکە ،ئەگەر لەهەفتە یەک زیاتر بێت ڕێژەی هەڵ هاتنی کەمتر دەبێت

6-شێوازی دانانی هێلکەکە پێویستە تیژی هیلکەکە بۆ خوارەوە بێت.

7-ئەو هێلکەی بە کاری ئەهێنن پێوستە دوور بێت لە پاشماوەی پێسای یاخود هەر پیسایەکی تر نابێت بە ئاو یاخود شردن پاک بکرێتەوە.

8-شێوەی هێلکەکان وەکو یەک بیت نابێت هێلکەی بچوک و درێژکۆڵە یاخود توێکڵی زبرو نارێکو پێک بەکار بهێنرێت .

ماوەی هەلهاتنی هێلکە لەپەلەوەرە کاندا

تاوس_29 ڕۆژ مراوی_28ڕۆژ قاز - 32 ڕۆژ قەل_ 28 ڕۆژ مریشک_21 ڕۆژ

سویسک_18 ڕۆژ نەعامە-42ڕۆژ پۆر_23 ڕۆژ کەو_23 ڕۆژ

## هێلکەی پیتێندراو




زۆر جار بەخێوکەران و هەوادارانی پەلەوەر و باڵندە دووچاری کێشەی هێلکەی نەپیتێنداو دەبنەوە و ڕەنجی چەند مانگێکیان بەخەسارە دەروات بۆئەوەی لەم کێشەیە دووردکەونەو و زیانمان زۆتر نەبێ واباشە ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەین .

1ـ هەڵبژاردنی نێرینەیەکی باش و تەندرووست و بێ کەم و کوری لە لەش و لار .

2ـ دابین کردنی شوێنی رێک و فاراوان بەگوێرەی پەلەوەر و باڵندەکە .

3ـ باڵانسی رێکی لە نێوان نێرینەو و مێیەکاندا .

4ـ ئاگادار بوون لە درێژی نینۆکەکانی پێی نێرینە کە مێینەکان ئەزیەت دەدەن لە کاتی جوت بوون بۆیە مێیەکان لەوکاتەدا سپیرمەکە بەتەوای وەرناگرن.

5ـ دابین کردنی روناکی کە کەمتر نەبێ لە دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا .

6ـ زانینی کاتی پیتاندن یان جووت کردن . پیتاندن و جووت بوون کاتێک سەرکەوتوو دەبێ سەد لە سەد کە ڕێرەوی هێلکەدان بەتاڵ بێ و هیچ رێگرێک نەبێ لە پێش گەیشتنی سپێرم . ئەویش وا باشە کاتێک نێرینە جووت بکرێت لەگەڵ مێینە کە مێینە هێلکەی ڕۆژانەی خۆی کردبێ بۆ نموونە مریشک ڕۆژانە سەرلە سبەینێ هێلکەی خۆی دەکات بۆیە وا پێویستە لە دوای هێلکە کردن کەلەشێری لەگەڵ جووت بکرێ بۆئەوەی بەتەواوی پیتاندن ڕووبدات چونکە لەدوای هێلکە کردن هێلکەدان و کۆئەندامی زاوزێ بەتەوای و خاوێنی خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی سپێری نوێ .

7- گونجاوی لەش و لاری نێرینەو مێینەکان لەگەڵ یەکتر لە رووی قیافە و حجم و کێش و تەمەن .

8- پێدانی خواردنی تەندرووست و باش بۆ زیاتر بەهێزکردنی کۆئەندامی زاوزێ .

9- وا باشترە لە باڵندەکان کە وەرزی جووت بونیان تا ڕادەیەک دیارە پێش جووت بوون نێرینەکان ڤیتامینی E ی بدرێتێ و مێینەکانیش ڤیتاميناتی هێلکەی بدرێتی واباشترە دژە هەوکردنێکی لەگەڵ بێت. .

10- پێدانی ڤیتامینیA D3 Eبە هەردوو ڕەگەز بەتایبەتی مێینەکان پێش هێلکە کردن چونکە پارێزگاری لە کۆئەندامی زاوزێ دەکات .

11- شەرکردن لە نێوان نێرینەکان لە پەلەوەر وباڵندەدا لە کاتی جووت بوون هۆکارێکن بۆ کەم بونی سپێرم و لاوازبوونی توانای پیتاندن .

12- شوێنی تاریک و تەسک هۆکارن بۆ لاوازبوونی پیتاندن.

13- سترێس و زۆر چونە ناو پەلەوەر و باڵندە هۆکارن بۆ لاواز بوونی پیتاندن .

14- خواردنی نا هاوسەنگ و کەم و بێ تەندرووست هۆکارن بۆ ناپیتاندن .

15- کۆبونەوەی چەوری و پیسایی لە کەناڵی دەرەچەی پەلەوەر و ،باڵندە کاریگەری لەسەر لاوازی پیتاندن دەبی.

# چۆنیەتی هەڵگرتنی هێلکە بۆ دانانەوە لە هەڵهێنەر



وەک لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە زۆرجار هێلکە وا نارەخسێ کە یەکسەر ئەو هێلکەیەی کە پەلەوەر دەیکات بیبەیتە هەڵهێنەر یان بیخەیتە ژێر پەلەوەرێکی کوریک بوو بۆیە دەبێ هەڵیگری و چاوەروانی کاتی گونجاو بکەی بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەم ڕێنماییانە

ـ پلەی گەرما لەکاتی هەڵگرتنی هێلکە ... پێویستە هێلکە لە پلەی گەرمی نێوان 12 - 18

ـ ماوەی پاراستنی هێلکە....

ماوەی مانەوەی هێلکە کاریگەری راستەوخۆی دەبێ لەسەر ڕێژەی هەڵهێنان وەک ئەم ڕێژەی لە خوارەوە بۆتان ڕوون کراوەتەوە:

هەفتەی یەکەم ڕێژەی هەلێنان دەگاتە (82 ـ 88٪).

هەفتەی دووەم ڕێژەی هەڵهێنان دەگاتە (70 ـ 80٪) .

هەفتەی سێ یەم ڕێژەی هەڵهێنان دەگاتە (55 ـ70٪).

هەفتەی چوارەم ڕێژەی هەڵهێنان دەگاتە (25 ـ 50٪) .

هەفتەی پێنجەم ڕێژەی هەڵهێنان دەگاتە (0 ـ 20٪) .

ـ هەڵگێر و وەرگێڕانی هێلکە لە کاتی هەڵگرتن.... : .

ئەگەر تەمەنی هێلکەکە لە هەفتەیەک کەمتربوو ئەوا پێویست بەهەلگێر و وەرگێر ناکات . بەڵام تەمەنی هەڵگرتنی هێلکە لە هەفتە زیاتر بوو دەبێ وەربگێڕدرێ.

هەژاندن لە کاتی گواستنەوە :

هەژاندنی بەهێز لە کاتی گواستنەوەی هێلکە کریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ڕێژەی تررووکاندن چونکە دەبێتە هۆی دابرین یان گواستنەوەی بۆشایی هەوای وە جوڵاندنی.

# سوودەکانی بەخێوکردنی پەلەور لەناو  باخ




لێرەدا مەبەستمان پەلەوری قاز ،مراوی، مریشک ،قەل...هتد

1_بەچەند شێوازێک قەلاچۆی بەشێکی زۆری مێروە زیان بەخشەکان دەکەن ،لەوانە  مڵە، کلۆ ، کرم، پەپولە، قالۆنچەی حەفار،هەروەها گەراو قۆزاخەکانیان...هتد.

2_ بۆ کەمکردنەوەی گژو گیای ناپێویست بەسوودە بەتایبەت ئەگەر تێبینی ڕێژەی قازت کردبێت  بەپێی ڕوبەری زۆری و کەمی باخەکەت.

3_ ئەومیوانەی بەهۆی کرمەوە... ئەرزن و ئەکەونە سە ئەرز ئەرکی کۆکردنەوەت نامێنیت ، ئەبن بەخۆراک بۆ پەلەورەکان وقەلاچۆی ئەوکرم و گەرایەنەش دەکرێت کە تێیدایە.

4_ خەرجیەکی باشی دەرمانی قەلاچۆی گژو گیاو حەشەراتەکانت بۆ کەم دەبێتەوە بەتایبەت کە ڕەچاوی ڕێژەی پەلەوریەکانت کردبێت بەبەراورد بە ڕوبەری باخەکەت.

5_چقنەکانیان سوودبەخشە بۆ باخ.

6_هەندێک سودی ئابووریت لەپەلەورەکان دەست دەکەوێت، جگە لەهێلکەو گۆشتی خۆماڵی.

## پێکهاتەی شیر  سودەکانی شیر



پێکهاتەکەی دەگۆڕێ بەگۆڕانی سەر چاوە کەی لەجۆری ئاژەڵ وخۆراك و وڵات و وەرزیساڵ.

لەهەر 100گرامێك لەشیری

ئەمانەهەیە

**مانگا      چێڵ**

شەکر4.3گرام

چەوری3.5گرام.

مادەی زولاڵی

3.4گرام.

ئاسن0.1گرام.

کالیسیۆم1.25گرام.

سۆدیۆم25ملیگرام.

ڤیتامین A25ملیگرام.

ڤییامینB0.5ملیگرام.

ڤیتامین B2ملیگرام.

ڤیتامینD25ملیگرام.

**شیری مەڕ:**

1-ئاو835گرام لە1لیتر.

2-شەکر91گرام لە1لیتر.

3-زولاڵ50گرام لە1لیتر.

4-کانزای پۆتاسیۆم10گرام لە1لیتر.

5-کانزای سۆدیۆم10گرام لە1لیتر.

6-کانزای ئاسن10گرام لە1لیتر.

کەمترین چەوری لەشیری حوشتردایە

بزن ومانگا مام ناوەندیە,

شیری مەرچەوری لەهەمویان

زیاترە.

باشترین کات بۆخواردنەوەی شیر

**شیری حوشتر:**

1-ئاو870گرام لە1 لیتر.

2-شەکر52گرام لە1لیتر.

3-چەوری30گرام لە1لتر.

4-زولاڵ 41گرام لە1لیتر

5-کانزای سۆدیۆم7گرام

لە1لیتر.

6-کانزای پۆتاسیۆم7گرام

لە1لیتر.

7-کانزای ئاسن7گرام

لە1لیتر

## سودەکانی شیر:

1- لەبەربونی کالیسیۆم وفۆسفۆر بۆ توندکردنی ئێسقانەکان باشە.

2- لەبەربونی فۆسفۆروڤیتامینەکان بۆبەرزکردنەوەی چالاکی دەماغ و زیادکردنی هۆشیاری وزیرەکی باشە.

3- بۆزیادکردنی چالاکی جنسی باشە پاش ئەوەی کرداری بەیەکگەییشتن تەواوبو.

4- بۆچالاکی جگەر باشەچونکەکانزای زۆری تیایە.

5- بۆ جوانکردنی پێست و ڕۆشن کردنی وگەڕانەوەی سپی پێست باشە.

6- شیر بۆخەو وخاوبونەوەی ماسولکە باشە و بۆنەخۆشیەکانی دەرونی باشە.

7- بۆ بەهێزکردنی چاو باشە چونکە بەرگری خانەکان زیاد دەکات.

8- غەرغەرەکردن بەشیر بۆچارەسەری ئیلتیهابی قوڕگ باشە.

9- شیری بزن بۆ ئیلتیهابی سیپەلاك باشە.

10- شیری مایین بۆبەرگری لە سیل باشە.

11- ئارەزوی خواردن زیاد دەکات.

12- بۆ ڕەوانی باشە بەتایبەتی شیری مایین و حوشترو مانگا بە تایبەیتترشیری مایین.

13-شیری حوشتر بۆ مایەسیری باشە.

14-بۆ تەسەموم ژەهراوی بوون باشە.

15-بۆنەخۆشیەکانی پێست باشە.

**هەندێ ئاگاداری:**

1-واچاکەدوای شیرخوادنەوەنەخەویت ویەك کاتژمێری چاوەروان بکەیت تاوەکو شیرەکەلەگەدە بەتەواوی دەچێتەریخۆڵە بۆهەرس کردن.

2-باش نیەئەوانەی ددانیان ڕەش وکلۆر بوەچونکەڕەش بون وکلۆربون زیادەکات.

3-بۆنەخۆشی کۆلۆن وغازات باش نیە.

4-بۆئەوانەی نەخۆشی پەککەوتنی دڵیان هەیە باش نیەچونکەسۆدیۆمی زۆرتیایە

5-بۆئەوانەی نەخۆشی بەردی گور چیلە یان هەیەباش نیەچونکەزیادی دەکات.

سودەکانی شیر:

1کوپ شیر _ بەقەد یەک هێلکە پرۆتینی تێدایە.

1کوپ شیر _ بەقەد 16کوپ سپێناغ کالیسۆمی تێدایە.

شیر باشترین خواردنەوەیە بۆ پتەوبونی ئێسک.

ئەگەر شیری کەم چەوری بێ باشترە.

بڕێکی زۆر ڤیتامین و کالسیۆمی تێدایە، کە سوودی بۆ ئێسک و ماسولکەکان هەیە و لە پوکانەوە دەیپارێزێت.

یارمەتی جەستە دەدات، کاتێک تووشی برینێک دەبێت زوو سارێژبێتەوە.

بەرگری لەش بەهێزدەکات، دەیپارێزێت لە تووشبوون بەو نەخۆشیانەی لەرێگای میکرۆبەوە دەگوازرێتەوە.

کرداری هەرس چالاک دەکات و دەیپارێزێت لە تووشبوون بە وەرەم و خانەی شێرپەنجە، یان هەوکردن.

رێژەی ترشی گەدە دەپارێزێت و ناهێڵێت تووشی قورحە و سوتاندنەوە ببێت.

بڕێکی زۆر ڤیتامین و کانزای تێدایە، کە یارمەتی شێدارکردنی پێست دەدات،

بۆئەوانەی کەم خۆینن دەتوانن شەوانە گلاسێک شیر بکولێنن کەساردبووەوە 3یان 7دە نک خورمای لەناو شیرەکەبکە تابەیانی سەری داپۆشە بەیانی پێش نان خواردن شیرو خورماکە بخۆ بۆماوەی مانگێک بەردەوام بە،

بۆکاتی سەرمابون یان یان قورگ ئێشەو هەوکردنی لەوزەتێنەکان یان دەنگ نوسان

گلاسێک شیر بکولێنە یەک کەوچک زیتی زیتونی تێ بکە وبەیانیان وشەوان بیخۆ یارمەتی زوو چاک بونەوە دەدات ،

رەنگی پێست دەکاتەوە ودەیگەشێنێتەوە

دەتوانرێ شیرِ لەگەل ئاوی برنج تێکەل بکرێ ولەدەم وچاوتان بدەن بۆماوەی15-20خ،

ئەگەر هەستاریت بەشتیک هەبێ وپێستت سور ببێتەوە دەتوانرێ شیرلەشوێنەکەبدەی و دەمێک مساجی پێ بکەی،

**"چەند سوودێکی خواردنی شیری لە شەودا بریتین لە:**

1.یارمەتی خەوتن دەدات و شڵەژاوی کەمدەکاتەوە، هەروەها ئارامت دەکاتەوە.

2.خواردنەوەی کوپێک شیر لە شەودا کێش کەمدەکاتەوە.

3.یارمەتی کرداری هەرسکردن دەدات.

4.ئەگەری تووشبوون بە جەڵدەی دڵ کەمدەکاتەوە.

5.خواردنەوەی کوپێک شیر بەبێ شەکر ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە کەمدەکاتەوە.

6 .بەهۆی بوونی کالسیۆم لە شیردا یارمەتی بەهێزبوونی ماسولکەکان دەدات.

7 .دەبێتەهۆی بەهێزبوونی ددانەکان.

8 .خواردنەوەی شیر لە شەودا پێست لە چرچبوون دەپارێزێت.

## ڤیتامینەکان لەلەشی بارۆکە




کۆمەڵێک پێکهاتەی ئەندامین کە زۆر پێویستن بۆ ژیان ، بەشێکی زۆر کەمی خۆراک پێک دەهێنن ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان هەیە لەرێکخستنی کرداره بایۆلۆجیە جۆراو جۆرەکانی لەش ، بەشێوییەک نەبونی یەکێک یان زیاتر بەبڕی گونجاو لە خۆراکی بارۆکەدا دەبێتە هۆی شلەژان لەکردارە بایۆلۆجیەکاندا و ڕاوەستانی گەشەو و نزمبونەوەی بەرگری لەش و سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی بەد خۆراکی ، بۆیە دەبێت ڤیتامینەکان بەبڕی پێویست لە خۆراکی بارۆکەدا دابین بکرێت.

ڤیتامینەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:-

1 -ڤیتامینە تواوەکان لە چەوری دا ، بریتین لە K, D , A ، E

2 -ڤیتامینە تواوەکان لە ئاودا ، بریتین لە ( C , B12 , B2 , B6)، (بنتاسۆنیک ئەسید ، بایۆتین ، فۆلیک ئەسید ، نیکوتینیک ئەسید ، کۆلین )

گرنگی هەندێ ڤیتامینەکان لە نزمبوونەوە و بەرزبونەوەی ئاستی ڕێژەی خۆرەکیدا. . .

## ڤیتامینA

ڕۆڵی Vitamin A لەلەشی بارۆکەی گۆشتدا:

بەشداری دەکات لە گەشە و دروست بوونی خانە و شانەکان و بە پلە یەک کاریگەری هەیە لەسەر بینین ڕەنگەکان و توانای بینین ڕۆشنای و توانای بەرگری لەش بەرامبەر نەخۆشیەکان....

**بەرزبوونەوەی ئەم ڤیتامینە لە خۆراکی باڕۆکەدا دەبێتە هۆی:**

1- ژەهراوی بوون و کێشەکانی تەندروستی باڕۆکە وەکو کەم خواردن دابەزینی بەرگری و ئەستوربونی جومگەکان .

**کەمی ئەم ڤیتامینە لەخۆراکی باڕۆکەدا:**

دەبێتە هۆی دابەزینی توانای گۆڕینی خۆراک و وەستانی گەشە و لاوز بوونی باڕۆکە و چۆنیەتی نیشاندانی شێوازی نارێکی دەرەوەی باڵندە و پەیدابوونی ئاو لە چاو و لووت ، هەروەها کوێر بونی باڕۆکە....

گەنمەشامی ، وێنجەی ووشککراوە ، لەڕۆنی ماسیدا ، لەزەردێنەی هێلکەدا کەسودی زۆرە بۆ جوجک سەرچاوەی ڤیتامین A.

هەروەها ئەو ڤیتامینە بەشێوازی پاودەر دەست دەکەوێت لەسەیدەلیەکانی ڤێتەرنەری.

## ڤیتامینD3

ڕۆڵی Vitamin D3 لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا : ڕێکخستنەکانی گەشەی ئاسایی دەکات ، هاندەری گەشەی ئێسکە . ئەم ڤیتامینە پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە بە هەڵمژینی کالسیۆم و فسفۆڕ لە خۆراکەوە بۆ خوێن و ئێسک..

**بەرز بونەوەی** ڕێژەی ئەم ڤیتامینە لە خۆراکی باڕۆکەدا دەبێتە هۆی کۆبونەوەی کالسیۆم لەبۆڕیچکەکانی گورچیلە و خوێنبەردا..

**کەمبونی ڕێژەی** ئەم ڤیتامینە لە خۆراکی باڕۆکەدا دەبێتە هۆی نارێک ڕۆیشتنی باڵندە و ئێسکە نەرمە.. و پێ درێژ کردن و

سەرچاوەی ڤیتامینd3 :ڕۆنەکان و هاڕاوەی ماسی و بەشێوازی پاودەریش دەست ئەکەوێت.

## ڤیتامینK

ڕۆڵی Vitamin K لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا بەشدارە لە کردارەکانی خوێن مەیاندندا

**بەرزبونەوەی ڕێژەی** ئەم ڤیتامینە لە خۆراکی باڕۆکەدا دەبێتە هۆی : ژەهراوی بوون و سەرهەڵدانی چەندین کێشەی تەندروستی لە خوێندا وەک کەم خوێنی و شیبونەوەی خڕۆکە سورەکان.

**کەمبوونی ڕێژەی** ئەم ڤیتامینە لە خۆراکی باڕۆکەی گۆشتدا دەبێتە هۆی : کەم خوێنی و پەیدا بوونی پەڵەی خوێن  لە ژێر پێستی سنگ و ڕان و باڵەکان.

.

سەرچاوەی ئەم ڤیتامینە بەشێوازی پاودەر و هەروەها بە شێوازی شروبی هەیە.

## ڤیتامین E

ڤیتامین E لە لەشی باڕۆکەی گۆشتدا : بەهێز بونی توانای بەرگری لەش دەکات ڕۆڵی ڤیتامین بۆڕیچکەکانی گورچیلە و سییەکان و جگەر و دیوارە خانەی خڕۆکە سورەکان بەهێز دەکات ، پارێزکاری چەوری دەکات لە ئۆکسی بوون.

بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی بارۆکەی گۆشتدا : دەبێتە هۆی ڕاوەستانی گەشە و دابەزینی توانای بەرگری لەش و گەورە بوونی دڵ و سپڵ.

کەمبونی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لەخۆراکی بارۆکەی گۆشتدا : نەرم بونی مێشک و هەڵگەڕانەوەی سەر بۆ دواوە و مل گێڕ بوون و ناشیرن بونی ڕەنگی گۆشتی و هەروەها دەبێتە هۆی پووکاناوەی ماسولکەکانی لەش و دڵ و پەنکریاس.

سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە : بەشێوازی پاودر هەیە .

## ڤیتامین_K




1- زیاتر ڤیتامین k1 بۆ سارێژکردنەوەی برین پێویستە ئەوانەی ئەو جۆرە ڤیتامینەیان کەمە، ئەوا برینەکانیان درەنگتر چاك دەبێتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە زۆریی ئەو ڤیتامینە لە لەشدا دەبێتە هۆی رێگریکردن لە جۆرێك شێرپەنجە کە بە شێرپەنجەی لیمفوما ناسراوە.

2- ڤیتامین K2 لە چالاککرنی ڤیتامین دی و کالیسیۆم لە لەشدا زۆر کاریگەرە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ئاسانی ئەو دوو ڤیتامینە بە خانەکانی لەش بگەن.

### سودەکانی ڤیتامینK:

1 .بەسودە بۆ تەندروستی دڵ.

2 .دژی شێرپەنجەیە.

3 .بەسودە بۆ مەینی خوێن.

4 .یارمەتی فرمانەکانی مێشک دەدات.

5 .بەسودە بۆ پاراستنی ددان و پوک.

6 .رێگری دەکات لە پوکانەوەی ئیسکەکان.

7 .شەکری خوێن رێکدەخات.

8. ڕێگرە لە خوێنبەربون لە منداڵی تازە لەدایکبوو.

9. بەسودە بۆ ئازاری سوری مانگانە.

10. بەسودە بۆ نەمانی هێلنج و رشانەوە لە ماوەی سکپڕی.

## نیشانەکانی کەم بوونی ڤیتامینK:

1. کەم مژینی چەوری.
2. نەخۆشی درێژخایەنی جگەر.
3. خوێنبەربوون.
4. سکچوون.
5. سوربونەوەی پێست.
6. خوێنبەربوونی پوک.
7. ئازاری سوری مانگانە.

## سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامینK:

ئەڤۆکادۆ ، کێوی ، ترێی سەوز ، سێوی سەوز ، هەرمێ ، کاڵەک.

خەیار ، لیمۆ ، برۆکۆلی ، کالی ، کەلەرم ، شێلمی سەوز ، سپێناخ ، قەرنابیت.

## ڕێژەی ئاسایی ڤیتامینK •

بۆ ئافرەت (65 مایکرۆگرام)

بۆ پیاو (80 مایکرۆگرام)

## سودەکانی ڤیتامینD




نیشانەکانی کەم بوونی

ڤیتامینD

1 .بەرزبوونی پەستانی خوێن.

2 .لاواز بوونی ماسولکەکان .

3 .لاواز بوونی ئیسکەکان و زووشکانیان.

4 .کەم خەوی.

5 .خەمباری.

سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامینD

1 .تیشکی خۆر.

2 .شیر ، کەرە ، ماستە ، پەنیر ، زەردینەی هێلکە.

3 .ماسی ، گۆشت ، جگەری گا.

4 .دانەوێڵە.

5 .شەربەتی پرتەقاڵ.

6 .کارگ قارچک.

7 .تۆوی گوڵەبەرۆژە.

1 .کەم کردنەوەی ئازاری درێژ خایەنی ماسولکە.

2 .بەسودە بۆ نەخۆشیەکانی دڵ

3 .بەسودە بۆ کەم کردنەوەی خەمۆکی.

4 .بەسودە بۆ شەکرە.

5 .کۆنترۆڵی کالیسیۆم ، فۆسفات لاناو خوێن.

6 .کەم کردنەوەی ئەگەری توشبوون بە شیرپەنجە.

7 .بەسودە بۆ ئیسکەکان و رێگرە لە پووکانەوەی ئیسک.

# Vitamin C




نیشانەکانی کەم بوونی ڤیتامین C

1 .شەکەتی.

2.لاواز بوونی ماسولکەکان.

3 .ئازاری جومگە و ماسولکە.

4 .سوربونەوەی قاچ.

5 .خوێنبەر بوونی پوک.

6 .درەنگ چاک بوونەوەی برین.

7 . کەمی ڤیتامین C بۆ ماوەیەکی زۆر دەبیتە هۆی نەخۆشی ئەسکەریوت.

سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامینC

1 .سێو ، توو ، کاڵەک ، شوتی ، گەزۆ ، پرتەقاڵ ، کێوی .مۆز.....هتد

2 .برۆکۆلی ، کەلەم ، قەرنابیت ، لیمۆ ، کالی ، سپێناخ ، بیبەر بەتایبەت بیبەری سور ، بەتاتە ، تەماتە .....هتد

سودەکانی ڤیتامین C *

1 .دژە ئۆکسانە.

2 . یارمەتی دووبارە دروستبوونووەی شانەکانی لەش دەدات.

3 .بەسودە بۆ نەخۆشیەکانی دڵ.

4 .یارمەتی مژینی ئاسن دەدات.

5 .ئاستی کۆلیسترۆل ( ترایگلیسراید )کەم دەکاتەوە.

6 .رێگرە لە نەخۆشی ئەسکەریوت.

7 .دەتپارێزیت لە هەندێک جۆری شێرپەنجە.

## ڤیتامینی D3




ڤیتامینی D3 نواندنی گروپێک لە ڤیتامینات دەکات کە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر ڕوونەدانی ئێسکە نەرمە هەرلەبەر ئەوەشە ناونراوە دژە نەرمبوون . وە ڕەقبوونی تۆێکلّی هێلکە و بەهێزی دەندووک و پێیەکان.

ـ گرنگی ڤیتامین D3 پەیوەندیەکی گرینگی هەیە بۆ هەڵمژینی کالسیوم و فسفۆر لە ڕیخۆڵە .

### نیشانەکانی کەمی ئەم ڤیتامینە لە جوجکە:

ـ تاقەتی ڕۆیشتنی نابێ ، یان ڕۆشتنێکی ڕێکی نابێ.

ـ تووشی ئێسکە نەرمەو لێک جوودابوونەوەی پێیەکان دەبێ.

ـ ئەمەش لە تەمەنی نێوان دووهەفتە بو پێنج هەفتە بەدیار دەکەوێ.

### نیشانەکانی کەمی ئەم ڤیتامینە لە مریشکی گەورەو و هێلکەکەر :ـ

ـ لەدوای تەمەنی دوو مانگی یان سێ مانگی بەدیار دەکەوێت.

ـ هێلکەی توێکڵ نەرم دەکات و زۆر جار توێکڵەکش دەشکێ ،

ـ لەدوای هێلکە کردن زۆر جار ئێسکی سینگی یان دەندوکی نەرم دەبێت.

ـ کاریگەری لەسەر ڕێژەی هەڵهێنان هەیە چونکە کۆرپەلە پشت بەم ڤیتامینە دەبەستێت بۆ درووست بونی کرکراگە بۆیە مردن ڕوودەدات لە ڕۆژانی (18 – 20).

## ڤیتامین B1( Thiamin)




### سودەکانی ڤیتامینB1:

1. یارمەتی چالاک بوونی کۆئەندامی دەمار و مێشک دەدات.

2. بەسودە بۆ ماسولکەکان.

بەسودە بۆ دڵ ، گەدە ، ریخۆڵەکان.

3. ڕێگری دەکات لە نەخۆشیەکانی دڵ ، دەمار ، سیستەمی هەرس.

4. بەسودە بۆ تەندروستی چاو ، پێست ، قژ ، جگەر.

5. یارمەتی گۆرینی (کاربۆهیدرات ، چەوری ، پرۆتین ) دەدات بۆ گلوکۆز و وزە.

### نیشانەکانی کەم بوونی ڤیتامینB1:

1. کەم بوونی کێشی لەش.

2. خەمۆکی و کێشەی دەرونی.

3 .لەبیر کردنی شتەکان بە زوویی ، گێژی.

4 .لاوازبونی ماسولکەکان.

5 .گەورەبوونی دڵ.

**سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامین B1:**

1 .هەموو دانەوێڵەکان ، خەمیرە ، برنجی سپی،کۆمەڵەی پاقلە فاسۆلیا ، نۆک ، لۆبیا.

2 ، قەرنابیت ، پەتاتە ، نۆک.

3 .پرتەقاڵ ، گوێز.

4 .شیر.

ڕێژەی ئاسایی ڤیتامین B1:

لەپیاوان(2/1میلیگرام)

لەئافرەتان(1/1میلیگرام)

# ڤیتامین B12 (Cobalamin)




نیشانەکانی کەم بوونی (
ڤیتامین B12)

1 .خەمۆکی.

2 .گێژی.

3 .شەکەتی.

4 .کەمخوێنی.

5 .کێشە لە یادەوەری.

6 .قەبزی.

7.نەمانی ئارەزوی خواردن.

8 .کەم بوونی کێشی

( سودەکانی ڤیتامینB12)

1 .بەسودە بۆ پێست و قژ.

2 .بەسودە بۆ نەخۆشیەکانی دڵ.

3 .بەسودە بۆ دروستکردنی خرۆکە سورەکانی خوێن و رێگرە لەکەمخوێنی.

4 .بەسودە بۆ فرمانەکانی مێشک و کۆئەندامی دەمار.

5 .بەسودە بۆ ئافرەتی دووگیان.

6 .رێگرە لە شێرپەنجە.

7 .یارمەتی دروست بوون و رێکخستنی (DNA) دەدات.

8 . یارمەتی مژینی ڤیتامین B9 دەدات.

9 .بەسودە بۆ هەرس.

سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامین (B12

1 .ماسی ، گۆشتی بالندە ، گۆشتی سور

2 . هێلکە ، شیر ، پەنیر ، ماست.

## ڤیتامین B7




### سودەکانی ڤیتامین B7

1 .بەسودە بۆ تەندروستی پێست ، قژ ، نینۆک.

2 .بەسودە بۆ پاراستنی ئاستی شەکر لە ناو خوێن.

3 .یارمەتی گەشە و تەندروستی ماسولکە و شانەکانی لەش دەدات.

4 .بەسودە بۆ کەم بوونی کێشی لەش.

5 .بەسودە بۆ دڵ.

6 .یارمەتی فرمانەکانی سایرۆید و ئەدرینالین دەدات.

### نیشانەکانی کەم بوونی ڤیتامین B7

1 .هەڵوەرینی قژ.

2 .ئازاری ماسولکە.

3 .بێتاقەتی.

4 .نەمانی ئارەزوی خواردن.

5 .خەمۆکی.

6 .هەوکردنی پێست.

7 .زوو شکانی نینۆک.

8 .هەوکردنی پێستی دیوی ناوەوەی پێڵوی چاو

### سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڤیتامین B7

1 .گوێز ، گوێزی هیندی.

2.مۆز ، تودرک.

3 .قەرنابیت ، پیاز ، تەماتە ، گێزەر ، کاهو.

# ڤیتامینE




سەرچاوە خۆراکیەکانی:

▪زەیتی زەیتون

▪زەیتی گوڵەبەڕۆژە

▪سەوزە گەڵاپانەکان

▪گوێز و بادەم و بستە

ئەڤۆگادۆ

سپێناخ

ماسی

گوڵەبەڕۆژە و باوی

ڕۆنی باوی

ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە

سودەکانی:

▪پاراستنی پێست

▪لە تیشکە زیانبەخشەکان

▪پاراستنی خڕۆکە سورەکانی خوێن

▪دژە هەوکردنە

▪یارمەتی سارێژبونی برین دەدات

▪لێوی وشک شێدار دەکات

## کۆلیسترۆڵ

cholistrol




کۆلیسترۆڵ ئەو پێکهاتە گرنگەی جەستەیە کە لە چەوری نزیکە و بە ڕێژەی 90% لەناو جگەر و ڕیخۆڵەدا دروست دەبێت و بە ڕێژەی 10% لە خواردنی ڕۆژانەمان دروست دەبێت .

کۆلیسترۆڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرهەم هینانی (ترشەڵۆکی زراو و ڤیتامین Dو هۆرمۆنەکانی cortisol w testosteron w oestrogen )

بە گشتی باس لە دوو جۆر لە کۆلیسترۆڵ دەکرێت

1- LDL (low density lipoprotien)

واتە جۆری خراپی کۆلیسترۆڵ

2- HDL (high density lipoprotien)

واتە جۆری باشی کۆلیسترۆڵ.

جۆری LDL کۆلیسترۆڵ بۆ خانەو شانەکانی لەش بەرهەم دینێت و بۆیە بەرزبوونەوەی ئەم جۆرەیان زیان بەخشە.

جۆری HDL کۆلیسترۆڵی زیادەی لەش لەڕێگەی ترشەڵۆکی زراو بەرەو ڕیخۆڵەکان بەڕێدەکات و دواتر دەکرێتە دەرەوەی لەش.

**کاریگەری بەرزی و نزمی کۆلیسترۆڵ لەسەر لەش :**

بە پێی ئەو توێژینەوەیەی زانایان کردویانە لەسەر ڕێژەی کۆلیسترۆڵ دەرکەوتووە کە بەرزی جۆری LDL دەبێتە هۆی تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک هەروەها دەبێتە هۆی گیرانی بۆڕی لولەکانی خوێن .وە دەبێت لە ڕێگەی شیکاریەوە ڕێژەی کۆلیسترۆڵ بزانرێت کە نابێت لە 200 mg/dlلادات و دەبێت ڕێژەی HDL بەرز بکەینەوە و ڕێژەی LDL کەم بکرێتەوە بۆ ئاستیmg/dl .1300

چۆنیەتی کەم کردنەوەی چەوریLDL :

پێویستە دووربکەوینەوە لەو خۆراکانەی کە پرۆتین و چەوریان زۆرە وەک (زەردێنەی هێلکە و گۆشتی سوور و کەرە و پەنیر)وە جگە لە خۆراک هەندێک نەخۆشی تر هەن کە کاریگەریان لەسەر بەرزبوونەوەی جۆری LDL هەیە ئەوانیش نەخۆشیەکانی جگەر و ڕیخۆڵە و غوددە و گورچیلە و شەکرە و خواردنەوە کحولیەکان و جگەرە کێشان و ...هتد.

چەند ڕێگایەک بۆ بەرزبوونەوەی جۆر HDL :

1-وەرزشکردنی ڕۆژانە.

2-زۆر خواردنی سەوزە و میوەی فرێش.

3-کەم بەکارهێنانی ڕۆنی ئاژەڵ.

4-کەم خواردنی گۆشتی سوور و زەردێنەی هێلکە.

5-نەخواردنەوەی کحول و نەکێشانی جگەرە.

6-هەروەها بەکارهێنانی دەرمانstainەکان لەژێر چاودێری پزیشک..

## خشتەی خۆراکـــی و پلەی گەرمی بۆ جوجک تا مریشک و کەڵەشێر



1- کاتێک جوجک لە هێلکە هاتە دەرەوە بەشێوەیەکی زانستی خۆی خۆراکی کۆکراوە لەناو گەدەی هەیە دەتوانیت تاسبەی ڕۆژی داهاتوو هیچی نەدەیتێ دوایش وە دەبێت شەکراو و شیریان بدەیتێ سودەکانی چیە ؟؟؟ وادەکات ئێسکیان زوو ڕەق بێت و وە زووش پابگرن.

2- لە ڕۆژەکانی تر دەبێت پرپۆڵە و هێلکەی کوڵاو ئەگەر هەبوو پاقلەی کوڵاو یان نۆکی کوڵاو یان بدەیتێ تا تەمەنیان دەبێتە 15 بۆ 20 شەوی بڕۆش یان ساوەر یان مەدەنێ ڕەقە و خراپە ئەگەرنا بیخوسێنن بۆیان.

3- لەدوایتەمەنی 15 بۆ 20 شەوی دەتوانیت گەنمی خوسێنراو و گەنمە شامی هاڕاو خوسێنراو و پرپۆڵەو سەوزەو نانی خوسێنراو وە هێلکەی کوڵاو بیان درێتێ دوو ڕۆژ جارێک هێلکە بخۆن بەگشتی لەم کاتەی تەمەنیان شتی چەور نابێت بخۆن چونکە دەبێتە گۆشت و تەپلی دەکات ودەتوانی عەلەفی ڕەقەم 0 (سفر ) بیدەیتێ ئەگەر بۆ گۆشتت ویست وە بۆ وەزن و هەیکەلیش عەلەفی ڕەقەم 1ی بدرێتێ تا تەمەنی 3 مانگ.

4- لەدوای تەمەنی 3 مانگ دەتوانی هێلکە گەنم و پرپۆڵە بەشێوەیەکی کەم ئێسک و گۆشت یان برنج بەڵام شورابێتەوە با چەور نەبێت لەگەڵ سەوزە بەهەموو جۆرەکانی پیاز سیر وە دەتوانی لەم کاتەی تەمەنی عەلەف لەجۆری {بۆن سیر} بدەیتێ دژی نەخۆشی.

5- لەدوای تەمەنی 3 مانگ تا دەبێتە مریشک و کەڵەشێریش دەتوانی هەموو خۆراکێکیان بدەیتێ بەڵام برنج بەرێژەیەکی کەم دەشتوانی عەلەف لە رەقەم 2 بدرێتێ بەڵام زۆر زۆرکەم چونکە ئەو جۆرە عەلەفە مادەیەکی تێدایە وای لێدەکات لە پا بکەوێت و قەڵەو بێت.

6- ئەگەر دەتەوێت مریشکەکەت تۆزێ زوتر کرڕ بکەوێت ئەوە جۆی بدەیە تەئسیری خۆی هەیە.

7- بۆ مریشک و کەڵەشێری پیر بەتەمەن باشترە بەهیچ جۆرێک عەلەف لە هیچ جۆرەکانی نەدرێتێ دراش پێیان با لەجۆری عەلەفی {بۆن سیر }بێت.

رێژەی پلەی گەرمی جوجکەی یەک رۆژە تاکو تەمەنی 25 رۆژە :

حەفتەی یەکەم دەبی رێژەی گەرمی 35 پلە بێت.

حەفتەی دووەم دەبێ رێژەی گەرمی 33 پلە بێت .

حەفتەی سێ یەم دەبێ رێژەی گەرمی 31 پلە بێت .

هەفتەی چوارەم دەبێ رێژەی گەرمی 29 پلە بێت

لەپاش ئەم چوار هەفتەیە جوجکە گەورە دەبێ و دەگاتە نزیکەی مانگێک و لە خەم دەردەچێ و توانای بەرگری ئاو هەوای سروشتی دەکات .

چۆن بزانین شوێنی جوجکەکان گەرمن یان ساردە ئەگەر هاتوو جوجکەکان لە ژێر روناکی و گەرم کەرەوەکە بوون واتا پلەی گەرمیت ناتەواوەو کەمە دەبی زیادکری . بەڵام ئەگەر هاتوو جوکەکان دابەش بووبوون لە شوێنی حەوانەوەیان کەواتا کێشەت نیە لە گەرمی و کەش و بارەکەیان تەواو و تەندروستە.


عەلەف ڕ.1 جوجک


عەلەف ڕ . 2 مریشک
FB.Aram Karkuki


علف ڕ. 0 چەور
جوجک . و . باڕ


علف بۆن سیر
کۆتر . و جوجک . باڕ
مـــریـــشک


جـــــۆ
تایبەت بۆمریشک
بۆ کرڕ کەوتن


گەنم
باڕ .و.کەلەشێر.مریشک
FB.Aram Karkuki


تێکەڵەی ئەم سێ دانەوێڵە بۆ مریشک


گەنمەشامی لەت{هاڕاو}
جوجک و باڕ
گەنمە شامی ساغ
مریشک و کەڵەشێر
FB.Aram Karkuki
گەنمەشامی هاڕاوی ورد
جوجکی هەراش
گەنمەشامی تۆز
جوجکی بچوک
شەکراوی شیر
بۆ جوجکی تەمەن ٧ ڕۆژ
پڕپۆڵە
بۆ جوجک
FB.Aram Karkuki
هێلکە
بۆ جوجک .باڕ. مریشک.کەڵەشێر
جوێ
جوجک. باڕ تا .....
سەوزە
بۆ هەموو تەمەنێک
زەیت
چەوری

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی مریشک پێش سەربرین



1- دان پێدان یان عەلەف پێدان :-پێش سەربرینی مریشک پێویستە بەماوەی 7تاکۆ 10 ڕۆژ خۆراکی قەڵەوکردن بەمریشک ئەدرێت جۆرە خۆراکێک بێت کە ڕێژەی پرۆتینی کەم بێت چەوری بەرزبێ ڕێژەی گەنمەشامی بەرزبێت بەمەش ڕەنگی پێستی مریشک زەردو جوان ئەبێ .

بەڵام هەنێ دەواجن هەڵەستن ڕێژەی هۆرمۆن ورەنگ زیادئەکەن تاکو ڕەنگی پێست زەرد زەرد بێ ئەمەش جۆرێکە لەغەش کردن چونکە سەرنجی کڕیار بۆلای خۆی ڕائەکێشێت.

2- برسیکردن:-مریشک پێش سەربرین پێویستە 8--12سەعات برسی بکرێت ئەم ماوەیەش بۆبەتاڵ بونی چیکڵدانی مریشکەکەیە بەڵام ئەبێ بەردەوام ئاویان پێ بدرێت...

**پرسیار بۆئەبێ؟ خواردن بەباڵندە نەدرێت پێش سەربرین؟؟؟؟**

وەڵام/لانەبردنی خۆراک لەبەردەم مریشکەکان ئەبێتە هۆی درانی چیکڵدان  پچرانی ڕیخۆلەی مریشک وتەقین ورژانی خۆڕاکی خوراو پیس بونی گۆشتەکەی لەکاتی دەرهێنانی ئەو پێکهاتە

خۆراکیە لە ڕیخۆڵەی سەربڕاوەکە ئەمەش ئەبێتە هۆی پیسبونی گۆشتەکەو توشبونی بەنەخۆشی بەکتریایی  سالمۆنیلای پلورم لەکاتی ئامادەکردندا.

لەگەڵ توشبونی بەنەخۆشی پیسبونی گۆشتەکەی ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی گۆشتەکەی بۆ سوریکی تێر مەیلەو قاوەیی ئەمەش سودی گۆشتەکەی کەم ئەبێتەوە هەندێ جاریش بۆنی گۆشتەکەی تیژ ئەبێ بەهۆی تێکچونی پێکهاتە عەلەفیەکان کەئەدرێ بەباڵندە.

بەپێچەوانەوە برسی کردنوزۆر ئاوپێدان بەمریشک لەکاتی سەربرین ئەبێتە هۆی خوین لێ هاتنیکی زۆر ئەمەش ڕەنگی پێستی زیاتر کاڵ ئەبێتەوە بەرەو پەمەیی و سپی ئەمەش تامی گۆشتەکە خۆشترئەبێ.

**نیشانەکانی دیاری کردنی تەمەنی مریشک:**

1-مریشک وکەڵەشێرە گەورەکان زیاتر بریندارئەبن پێستیان دەڕوشێت.

2-سەرپشتیان پان وقاچەکانیان لێک دور ئەبن.

3-پۆپینەیان گەورەو شۆرئەبێتەوە ڕەنگی پۆپینەیان سووریکی تاریکە.

4-ڕەنگی پێستیان زەردێکی تاریک بەرەو قاوەیی بونە.

5-گۆشتەکەشیان ڕەنگی تاریکە بەبەراورد لەگەڵ مریشکی تەمەن بچوک.

6-مریشکی تەمەن گەورە هەناسەدانیان خێرایە جولەیان کەمترە.

7-لەکاتی سەربرین خوێنی کەمتر لێ دێت خوێن تیزانی ئەندامەکانی ناوەوەی لێ بەدی ئەکرێ بەتایبەت لەناوچەی ڕان وسینگ.

## پێداویستیەکانی بەخێوکردنی جوجکە و زوو گەشەکردنیان



1ـ دروست کردنی داینگە (حضانة)

2ـ دابین کردنی گەرمی پێوەر.

3ـ دابین کردنی شێ پێوەر.

4ـ ڕووناکی تایبەت بە بەخێوکردنی جوجەڵە .

5ـ مەنهەڵی ئاو  و داندەری تایبەت بە جووجکە .

6ـ ووردە دار یان فەرشەیەکی تایبەت و نەرم  .

7ـ عەلەفێکی باوەڕ پێکراو  و تەندروست .

8ـ جێگای گۆنجاو بۆ دانانی داینگەکە (حضانة)

❖ چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ بەخێوکردنی جوجکە و هێنانی جوکە و ئامادەکردنی داینگە (حضانة)

1ـ سەرەتا دەبێ داینگەکە جوان خاوێن بکرێتەوەو دژە ڤایرۆسی تایبەت هەیە لێیبدرێ لە دژی نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ و انفلۆنزا .

2ـ ڕێککردنی پلەی گەرمی و شێ ی ناو داینگەکە (حضانة)

3 -ئامادەکردنی ڕوناکی و گەرمی نێو داینگەگە (حضانة)

4- دڵنیابوون لە ژێرپێی جوجکەکان لە رووی نەرمی و ووشکی و ڕێکوپێکی .

5ـ دڵنیابوون لە خاوێن و نەبوونی پند و ئەسپێ و قرێنەڕەکان و مێروە زیان بەخشەکان .

6ـ دانانی ئاو و خواردن نیوسەعات پێش دانانی جوجکە لەناو داینگە بۆی هەمان ڕێژەی گەرمی و شێ وەرگرێ کاتێ جوجکە دەیخوات .

## چۆن جوجکەکانت زوو گەشە بکەن ؟

1- ڕۆژێك نا ڕۆژێك هێلکەی خۆمانە بکوڵێنە لەگەڵ عەلەف تێکەڵی بکە جوان وورد بێت و تێکەڵ بێت.

تێبینی هێلکەی دەواجنیان پێمەدەن چونکە دەبێتە هۆی گۆزەرەوەی نەخۆشی.

2- هەوڵبدە رووناکیان هەبێت تا نیوەی شەو بەوەش زیاتر دەخۆن و گەشەیان خێراتر دەبێت.

3- شوێنەکەیان بچووك نەبێت و هێندەش گەورەو فراوان نەبێت بۆ ئەوەی زیاتر چاویان لەسەر خۆراك بێت

4- بەهیچ شێوەیەك خۆراك و ئاویان لێ نەبڕێت.

5- پێویستە گرینگی بەخاوێنی بدەیت لەڕووی شوێنەکەیان و خۆراك و ئاو.

6- زۆر پێویستە پلەی گەرمی جێگیر بێت.

لە سەرەتای دەرچوونی لەهێلکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە 37 پلە کەمتر نەبێت

هەفتەی دووەم دوو بۆسێ پلە لە 37 پلەکە کەم بکەوە.

هەفتە لەدوای هەفتە بەم شێوەیە بەردەوام بە تا دەگەیتە کەش و هەوای ئاسایی.

## هۆیەکانی مردنی جوجەڵە یاخود کۆرپەلە لە دوو قۆناغ دا



زۆر جار وایە هێلکە لەژێر مێینەی دایک دایە تەڵقیح رویداوە هیچ گرفتی زانستی و پیتاندنی تیادا ڕووی نەداوە بەڵام لەکۆتا ڕۆژەکانی هەڵێنان ئەبینین جوجەڵە یاخود کۆرپەڵە ئەمرێت لەناو هێلکە ئەپرسین ئاخۆ هۆکار چی بێ؟؟ بۆچی بمرێت..

لوتکەی یەکەمی مردنی کۆرپەڵە چیە؟ کەی ڕوودەدات؟

مردنی کۆرپەڵە یاخود جوجەڵە لەچوار ڕۆژی یەکەمی تەمەنیدایە لەدانانەوەی هیلکە لەهەڵینگادا  ئەمەش بەهۆی خێرایی گەشەکردنی سروشتیانەی هێلکە بـۆ دروست بون و بوونە جوجەڵە ئەمەش تایبەت تر لە ڕۆژی ســــێهەمی دانانەوە.

ماوەی دووەم لەمردنی کۆرپەڵە لەناوهێلکە چیە؟ کەی ڕوودەدات؟؟

لەڕۆژانی کۆتایی هەڵێنان ڕوودەدات مردنی کۆرپەڵە لەم ماوەیەدا ئەگاتە دووهێندەی مردنی کۆرپەڵە لە ماوەی یەکەم واتە لەسێ ڕۆژی ئەوەلی دا  ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاریە فسیۆلۆجیە کانی( گواستنەوەی خۆراک لەسپێنکەوە بــــــۆ زەردێنە گۆڕانی بۆ  هەناسەدان وسیەکان )، لەهەڵێنان یەکەم ڕادەی شێ دووەم پلەی گەرمی پێویست

ئەگەر تۆی بەخێوکا توانییت بەبێ کەموکوری ئەم دوو بابەتە ڕێک بخەیت ئەوا هەڵێنانێکی بێ گرفتت ئەبێ..

ڕادەی شێ وەک زانراوە پێویستە لەسەرەتاکانی هەڵێنان 55--65 پلە بێ بەڵام لەکۆتاییەکانی هەڵێنان زیاد بکرێ بۆ 80---85 پلە بەمەش ڕادەی شێی تەواو دەستەبەر ئەبێ بۆ کۆرپەڵە مردنی ماوەی دووەم ڕوونادات بەهۆکاری شێ دروست ئەبێ..

زۆرێک لە کۆمپانیاکانی دروستکردای هەڵێنگا هەلە لەم ڕادەی شێ یە ئەکەن کەمتر لە شێوازی زانستی خۆی ئەینوسن ئەمەش ڕێژەی هەڵێنان دائەبەزێنێت.

بەهۆی گواستنەوەی خۆراکە لەسپێنکە بۆ زەردێنە و گۆڕانی بۆ هەناسەدان یاخود هەر تێکچونێک یان لاوازیەک  لەگەشەی کۆرپەڵەیە لەئەنجامی کەمی یەکێ لەپێک هاتە خۆراکیەکان ئەمەش بەئاشکرا لەسەری بەدی ئەکرێت لەکاتی تروکانی دا ئەمەش پێویستە خۆراکی دایک جووجەڵە ڕێک وهاوسەنگ بکرێت لەنێوان ڤیتامین و پرۆتینات .

دوو باری ناوازە هەن کە جوجەڵە تیاییدا ئەمریت ئەمانەن:

دروست بونی کەم ئەندامی لەش ڕۆڵی چەند هۆکارێکە لەدەرکەوتنی ڕێژەیەک جوجەڵەی ناتەواو یان ناتەدروست بونی ناوازەییە کە لەلەشی جوجەڵە ئەبێتە هۆی مردنی کۆرپەڵە لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیدا.

ئەمەش وەک دەرکەوتنی پەیکەری کرکراگەیی کورتی پەلەکانی هۆکاری تێکچونی ڕێژەی شێ وکەمی هەندێ ڤیتامینات وەک ڤیتامین B12 ڕایبۆ فلافین  هەروەها ناوازەیی لە پێکهاتنی سەرو چاو ئەمانەش بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی هەلێنگایە لە پلەی ئاسایی خۆی بەرزتر..

## ڕێگاکانی دەست نیشانکردنی ئاوسی (دووگیانی،سکپڕی)
((Cyesiognosis))



لەسەدەکانی کۆن و لەسەدەی مۆدێرنیشدا چەندین شێواز و ڕێگەی جیاواز دۆزراوەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئاوسی لە گیانداراندا.

ئەمەش سودی زۆری هەیە بۆ نمونە خاوەن کێڵگەکان دەیانەوێت زوبەزو ئاژەڵەکانیان زاوزێ بکەن ، هەروەها لەڕوی ئابوریشەوە ئاژەڵی ئاوس نرخی زیاترە، ئەگەر کێشەی نەزۆکیشی هەبێت هەرزوو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەدەن بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا کۆئەندامی زاوزێی بکەوێتەوەکار.

ئەگەر باسی ئاژەڵەماڵییەکانی تر بکەین خاوەنەکانیان هیچ کە دڵخۆش ئەبن بەڵام هەندێجار کە دەزانن توانای بە خێوکردنی ژمارەیەکی زیاتریان نیە ئەوا بڕیاری کۆتای هێنان بە ئاوسییەکە دەدەن،
لەگەڵ ئەوشدا سودی هەیە بۆ جیاکردنەوەی (Pseudopregnancy) کە ئاوسی هەڵخەڵەتێنەرە و لەڕاستیدا بەچکەی نەبووە تەنها نیشانانەکانی ئاوسی دەرخستووە.

🥇یەکەمین
ڕێگەی بینین یاخود تێبینی کردن و بەدواداچوون

ئەم ڕێگایە زۆر دروست نیە و زۆرجار هەڵەی تیادەکرێ چونکە تەنها ئەم نیشانانە تایبەت نین بە ئاوسییەوە بەڵکو ئەگەری هەیە نەخۆشی بێت یاخود هۆکاری تری هەبێت، بە هەرحاڵ خاوەن ئاژەڵ دەیبینێت و دەیگەیەنێت بە پزیشکی ڤێتێرنەری.

لەم ڕێگەیەدا تەنها سەرنج دەخرێتە سەر نیشانەکان یاخود ئەو هەڵسوکەوتانەی ئاژەڵەکە دەری دەبڕێت
کە گرنگ ترینیان ئەمانەن

سوڕی مانگانەی دەوەستێت واتە چیتر ئەو نیشانەی ئامادەی بۆ جوت بون نیشان نادات(لە مانگادا پێی دەوترێ نایەتە کەڵ) لای ڕاستیشی زیاتر دەئاوسێت.

Cocking of the tail

واتە بەرزکردنەوەی کلک ئەمەیان تایبەتە بە حوشترەوە ئەگەر ئاوس بێت لەدوای دووهەفتەوە کاتێ نێرە لێی نزیک بکەوێتەوە ئەوا ئەم نیشانانە پیشان ئەدات.

مەڕ و بزنیش هەندێجار بۆ خۆیان لە مێگەلەکە جیادەبنەوە بێجگە لەوەی کە قەبارەی ورگیان زیاد دەبێت و بەران و تەگەکانیش چیتر نا پەڕن لەسەریان.

لەگەڵ ئەوشدا هەموو گیاندارەکان بە گشتی ئەم نیشانانە دەردەخەن کێشیان زیاد دەکات و وادەردەکەوێت کە قەڵەو بوون، شێوەو قەبارەی مەمک و گوانیان دەگۆڕێت و گەورە دەبێت لە کوردەواریدا پێی دەوترێ گوانی کردووە، لە مانگادا بەرەبەر شیری کەمدەکات
کەروێشکیش کە دەیبینێت توکی کەمی کردووە ، کە ئەمەش نیشانانەی ئەوەیە هێلانەی کردووە بۆ بێچووەکانی.

هەروەها گۆڕانی خورەوشت و سایکۆلۆجی بەسەر گیاندارەکەدا دێت بەوەی کە کپ و مات دەبێت هەروەها لەهەرئاژەڵەو گۆڕانێکی تایبەت ڕوودەدات

بۆ نمونە لە سەگدا هەڵدەستێت بە دروستکردنی کولانە و کەمتریش خواردن دەخوات

، پشیلە دەنگێکی زۆر تایبەت دەردەکات پێی دەوتری(مرخە مرخpurr ) لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر دەخەوێت

ڕێگاکانی دووەمین و سێیەمین کەبریتین لە

(Clinical and Laboratory methods)

واتە پشکنینی کلینیکی و تاقیگەیی لەڕێگای پزیشکی ڤێتێرنەری پسپۆڕەوە ئەنجامدەدرێت کە زۆر وردتر و ڕاستترە.

لە گیاندارە ماڵییەکاندا ڕێگاکانی دەست نیشانکردنی ئاوسی (دووگیانی،سکپڕی)

((Cyesiognosis))

، سۆنار ، تیشکی ئێکس و ئەو پشکنینانەی کە بەدەستی پزیشکی ڤێتێرنەری ئەنجامدەدرێت

**دووەمین**

ڕێگەی کلینیکی یاخود نۆرینگەیی و پشکنین بە ئامێر

ئەم ڕێگایە زۆر دروستترە و کەمتر هەڵەی تیادەکرێ چونکە لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەرییەوە ئەنجامدەدرێت بەڵام پێویستە ئەو پزیشکە پسپۆڕی هەبێت .

گرنگترین کار لێرەدا دەکرێت بریتییە لە پشکنینی کۆ ئەندامی زاوزێ، بەچکەدانی ئاژەڵەکە ئەمیش چ بە (Uterus) هێلکەدان و (Ovaries)بەتایبەت هۆی دەستەوە بێت یاخود بەکارنە هێنانی ئامێر ، ئێستاش یەک بەیەک باسیان دەکەین.

Recto-genitalia examination or Palpation per Rectum

پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ ی ئاژەڵەکە
بەهۆی دەستی پزیشکی ڤێتێرنەری شارەزاوە دەبێت کە لەرێگەی کۆمی ئاژەڵەکەوە دەبرێتەژورەوەوە دەست لە هێلکەدان و بەچکەدان دەدرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئاوسە یاخود نا جگەلەوەش ئەتوانرێت دەست بدرێت لە کۆرپەو بەشەکانی تریش لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەکنیکە بۆ زۆر شتی تریش بەکاردێت ، ئەتوانین بڵێین کۆنترین رێگایە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەکاردێت و ئەنجامەکەشی راست دەردەچێ ئەگەر پزیشکەکە ئەزمونی هەبێت بۆ خاوەن ئاژەڵیش هەرزانە و خێرایە هەروەها دەتوانرێت لەسەرەتای ئاوسییشەوە بەکاربهێنرێت، ئەم رێگایە زیاتر لە .ئاژەڵەگەورەکان بەکاردێ وەک ، گامێش، مانگا، ماین

Vaginal examination

ملی زێ (cervix) پشکنینی زێی ئاژەڵەکە ئەمیش بە هۆی بینینی دیواری ناوەوەی و هەروەها دەستدان لە مولولە خوێنی تایبەت کە ناسراوە بە

(caudal uterine artery)

ئەمەش ئەگەری راست دەرچوونی ٪80 یە ، هەندێجار یش لە رێگەی زێی ئاژەڵەکە دەست دەبرێتە ژوورەوە بەڵام مەترسیدارە و ئەگەری بەراویتەبون زۆرە، بێجگەلەوەش چەند ئامێرێکی تری یاریدەدەر هەیە وەک

(speculum Endoscopy )

.ئەنجامدەدرێت و چۆت کە بۆ مانگا و پەز  ,

Abdominal Ballotement
ئەمەیان تەکنیکی دەست لێدان و پشکنینی سک و ورگی ئاژەڵەکەیە هەستەکانی دەست چڕدەکرێتەوە لەسەر ناوچەی نزیک گوان پاشان هەڵبڕینی بەرەو سەرەوە هەروەها شێوازێکی تریش هەیە کە پەنجەش دەخرێتە کۆمی ئاژەڵەکەوە یاخود تولێکی شوشەییە بۆ بەرزکردنەوەی بەچکەدان بەڵام واباشترە برسی بێت، زیاتر مانگی ئاوسیی 7دوای4 مانگی ئاوسی دەکرێت ئەمە لە مەڕو بزندا، لەمانگادا دوای وە لەسەگدا لە دوای 30 رۆژی دەتوانرێت هەست بە شێوە تۆپێکی تێنس بکرێت، ئەم شێوازە پێویستی بە هیچ ئامێرێک نیە تەنها پێویستی بە جیاکردنەوەیە و

شارەزابیت، ڕێژەی ڕاست دەرچوونی ٪ 70 یە.

Radiography

بەکارهێنانی تیشکی ئێکس ، یەکێکە لەڕێگا سەرکەوتووەکان بەوەی ئێسکە پەیکەرەی بێچووەکە دەردەخات لە وێنەی تیشکەکە هەروەها دەتوانرێت بزانرێت چەند بەچکەی تێدایە ، ڕێژەی ڕاست دەرچوونی زۆرە بەتایبەت بۆ ئاژەڵەماڵییەکان لەدوای شەش هەفتەی سکپڕی یاخوود مەڕ و بزن لەدوای 12 هەفتەی سکپڕی بەڵام شارەزایان ئاماژە بەوەدەکەن ئەم ڕێگایە مەترسیدارە بۆ بەچکەکان و دایکانەکە ئەگەر لەسەرەتای ئاوسسیدابێت.

Ultrasonography

ئامێری سۆنار ، باشترین و وردترین و ڕاسترین ڕێگەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئاوسی بەو مەرجەی دکتۆرەکە شارەزابێت! ، بەخۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەی دواییدا لەکوردستان کۆمەڵێ دکتۆری پسپۆڕ ئەم پشکنینە ئەنجامدەدەن، بەکورتی منیش باسێکی لێوەدەکەم، سۆنار لە بواری پزیشکی ڤێتێرنەریدا دوو جۆرە (Transrectal) کە سەری ئامێرەکەیەو هەستەوەرەکەیتی لە ڕێگەی کۆمی (Probe) واتە ئاژەڵەکەوە دەبرێتە ژوورەوە ئەمە زیاتر لە چێڵ و ماین و ئاژەڵە گەورەکانی تر واتە (Transcutaneous or Trans-abdominal ) ، جۆری دووەم بەکاردێت لەسەر سکی ئاژەڵەکە دادەنرێت پاشەئەوەی توکەکانی ئەوناوچەیە هەڵگیرا ، ئەمەشیان لە ئاژەڵە بچوکەکان بەکاردێ وەک دەڵ و پشیلە و پەز و بزن و هەموو ئاژەڵەکانی تر بەتایبەت ئاژەڵە کێوییەکان.

Echocardiography

ئەمەیان پێی دەوترێ دۆپلەر یاخود سۆنەری ملەوەن ، کە پشکنین بۆ دڵی بەچکەکە دەکرێت و تێیدا سکۆڵە و گوێچکەلە هەروەها خوێنبەرو خوێنهێنەرەکان تێیدا دەبینرێت شێوازێکی زۆر باشە بەڵام ئامێرەکە گرانە، وە جۆرێکی تری بریتیە لە (VER) کەمتر بە کاردێ چونکە هەڵەی تێدادەکرێ.

Laparoscopy / Endoscopy

ئەمەشیان بریتیە لە هەڵدڕینی سک یاخود ناردنەژوورەوەی کامێرا(نازوور) بۆ پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆی ئاوسسیەوە ڕویداوە،
ئەمەشیان زۆر بەکارناهێنرێت چونکە هەم مەترسیدارە هەمیش پێویستی بە شوێن و ئامێری تایبەتە

ڕێگای سێیەم لە
سێیەمین
ڕێگەی تاقیگەیی، یاخود پشکنین بە کەرەستەی بچووک

ئەم ڕێگایە بەتەواوی دروستترە و کەمتر هەڵەی تیادەکرێ چونکە لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەرییەوە ئەنجامدەدرێت بەڵام پێویستە ئەو پزیشکە پسپۆڕی هەبێت.

گرنگترین کار لێرەدا دەکرێت بریتییە لە پشکنینی ڕێژەی هۆرمۆنەکانی لەشی ئاژەڵەکە ، ئەوانیش هەریەکەو جۆرێکن و ڕێگەیەکی جیاواز هەیە بۆ پشکنینی ئەمیش بە وەرگرتنی نمونەی جیاواز لە شلە و دەردراوەکانی لەشی ئاژەڵەکە ئەمە بە گشتی بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئاوسی.

✓ Estrone sulfate

ئەمەیان جۆرێکی هۆرمۆنی ئیسترۆجینە کە کۆرپەوپزدان دروستی دەکات و لە میز و شیر و خوێنی دایکانەکە دیاری دەکرێت لەدوای 72-105 ڕۆژی ئاوسی دەردەکەوێت،
لە کاتی میسرییە کۆنەکانیشیدا ، بۆ فەحسی ئاوسی میزی ئافرەتییان بەکارهێناوە بەجیا کردوویانە بەسەر گەنم و جۆ ئەگەر هەریەکیان گەشەی کرد ئەوا ئەو ئافرەتە دووگیانە جۆ واتە کوڕە ،گەنم واتە کچە، ئەگەر هیچیان گەشە نەکات ئەوا دووگیان نیە، لەساڵی 1963 تاقیان کردوە بینیان لەسەدا 70 ڕاستە!،
هەمان تاقیکردنەوە بۆ مانگا ئەنجامدراوە بەوەی گەنم و جۆ کەیان تیا خوساندووە بەمەشیان وتووە (Punyakoti test) کەواتە گەشەکردنی گەنم و جۆ کە پەیوەندی بە

بوونی ئیسترۆجینەوە هەبووە لە ناو میز و پاشەڕۆکەدا ئەمە بۆ گیاندارکێوییەکان ڕێگەیەکی باشە،
بەڵام وەک دەزانن ئێستا سەردەمی پێشکەوتنە بۆیە ئاسانکاری کراوە و ئامێر و کەرەستەی بچووک بەرهەمهاتووە کەدەتوانرێت خاوەن ئاژەڵ خۆی بەکاری بهێنێت ،
پێیدەوترێ(Commercial kits for pregnancy detection)کیت بەگشتی ئەمانە بە یەکگرتنی نێوان دژەتەن و دژەزیندە دیاریدەکرێت، هەروەها بۆ ماین و گوێدرێژیش دەبێت .

♦☑ Progesterone estimation

ئەم هۆرمۆنە (پرۆجیسترۆن) بە هۆرمۆنی دووگیانی ناسراوە چونکە ڕێژەکەی زۆرە لە کاتی گەشەکردنی کۆرپە، کەواتە زۆر بە کورتی ئەگەر پرۆجیسترۆن بەرزبوو لەدوای 24 ڕۆژ دوای جوت بوون ئەوا ئاژەڵەکە ئاوسە ، ئەگەریش کەم بوو ئەوا ئاوس نیە،
بۆ ئەم مەبەستە نمونە لە شیر یان خوێنی ئاژەڵەکە وەردەگیرێت و فەحسی بۆ دەکرێ چ بەڕێگای Radioimmunoassay (RIA) یان Enzyme linked immunoabsorbent assay (ELISA)
هەرچەند ڕێگایەکی باشە بەڵام زۆر بەکارنایەت چونکە گرانە و زۆریش ڕاست نیە ئەمیش بەهۆی ئەوەی لە چەند حاڵەتێکی تر پرۆجیسترۆن بەرزە ، بەهەرحاڵ ئەم ڕێگایە بۆ ماین و مانگاو مەڕ و بزن و گامێش و مالۆس بەکاردێ بەڵام بۆ دەڵ نابێت.

Chemical tests

پشکنینە کیمیاییەکان جۆریان زۆرەو زیاتر مێژووین و لەوانەیە ئێستا زۆر بەکارنەیەت،
هەندێک لە تاقیکردنەوەکان ئیسترۆجینی ناو میز دەپێوێن هەندێکی تریان دەنکۆڵەکانی تر بە کورتی ئەمە تێستەکانە:-

⁕Cuboni test

بۆ ماین دەکرێت بە بەکارهێنانی ترشی هایدرۆکلۆریک و بەنزین.

⁕vaginal cornification

دیسان بۆ ماین دەکرێ دوای ئەوەی میز یان ئاوگی خوێن وەردەگیرێت و دەکرێتە لەشی مشک یان 🐁جرجێک کە نەزۆککرابێت.

⁕phenolsulphonic acid test

⁕mucin test

⁕Barium chloride test

ئەمایان بۆ کاوێژکەرە گەورەکان دەبێت، ئەم دوو تاقیکردنەوەی کۆتایش لەسەر شیر دەکرێت،
⁕copper sulfate test. ،milk alchohol coagulation test⁕

وە دوو تاقیکردنەوەی تر هەیە بە ناوی زاناکانەوە نوسراوە ئەوانیش (Costa's test، Kosjakovs⁕ test)⁕بەڵام ئێستا بەکارنایەن.

♦✔Assay of gonadotrophins

تەنها ئاژەڵ کە ئەو هۆرمۆنە دەردەدات و دەتوانرێت وەک دیاریکەر دابنرێت بریتیە لە ولاخەبەرز ناوی هۆرمۆنەکە equine chorionic gonadtrophin (eCG) ، لەڕۆژ

40-120 ی ئاوسییەوە دەردەکەوێت و دەبێتە بنچینەی چەند تێستێکی زیندەیی و کیڵگەیی، ئەوانیش ئەمانەن:-

⁕Biological test

چەند تاقیکردنەوە یەکی زیندەیی ئەنجامدەدرێت بۆ دیاریکردنی (eCG) کە ئەمانە دەگرێتەوە ⁕Aschiem Zondek Test کە لەسەر مشکی پێنەگەیشتوو تاقیدەکرێتەوە.
⁕Friedman test (rabbit test)
کەروێشک بەکاردێ

⁕Frog or toad test.
بۆق بەکاردێ بەڵام زۆر ئاڵۆزە

❋On farm tests

ئەمەیان زۆر ئاسانە چەند دڵۆپێک خوێن دەخرێتەسەر کیتەکەو ڕەنگ دروست دەکات.

Other methods✔♦

ئەوەی کەماوە چەند ڕێگایەکی تازەیەو چەند ڕێگەیەکی جیاوازە بە لێدانی هۆڕمۆن و هەروەها پشکنینی هۆڕمۆنەکانی تر جیا لەوەی باسمانکرد

Milk ejection by low dose prostaglandin

پزیشکی ڤێتێرنەری شارەزا دەرزی هۆرمۆنی (پرۆستاگلاندین) لە ئاژەڵەکە دەدات و شیر دێتەخوارێ🍼.

Pregnancy associated glycoproteins (PAG)

🐑ئەمەیان جۆرە پرۆتینێکی تایبەتە کە لە کاوێژکەرەکاندا هەیە و تەنها لەکاتی ئاوسیدا دروست دەبێت، ئەوانیش دوو دانەن.A - B

Early pregnancy factor

🐄ئەمەش جۆرە دەنکۆڵە پرۆتینێکی زۆر تایبەتە لە هەموو شیردەرەکاندا کە 24-48 کاتژمێر دوای پیتاندن دروست دەبێت، ئێستا وەک و کیت لە بازاڕەکانی ئەمریکا دەفرۆشرێت.

Relaxin assay

هۆرمۆنی ڕیلاکسین لە پشیلەو دەڵی ئاوسدا دوای 20-30 ڕۆژی دەردەکەوێت، ئەمیش کیتی تایبەتی هەیەو لە ڕێگەی (ELISA) فەحسی دەکرێت.

# سەرچاوەکان

https://www.wikipedia.org

http://kshtwkall.blogspot.com/?m=1

http://des.kurdzone.net

https://deskgram.net/kshtwkal?next_id=1413370411776771081_1727091210

http://ferheng.info

https://www.facebook.com/all.vet.med.clinic

https://m.facebook.com/%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%AF%DB%95%DB%8C-%D8%AC%D9%88%D8%A7%D9%86%DB%8C-Nice-Bird-1919568721390600/?_rdr

https://m.facebook.com/veterinarystudent/?_rdr

https://m.facebook.com/1941651219427818